# چیرۆکە کاریگەرەکان

## بۆ کوڕان و کچانی لاو


ئەو چیرۆکانەی کە پێویستە هەموو کوڕ و کچێکی لاو بیخوێننەوە



Scanned with CamScanner

ئەم کتێبە لەلایەن خاتو "گەشبین" کراوە بە pdf و
پێشکەش بە چەناڵی kteb_khana2 کراوە، بەناوی چەناڵی
کتێبخانەوە ئێمە سوپاسی دەکەین و بەهیوایین هەر بەم
شێوەیە لە خزمەت کۆمەڵگاو چینی هەژاراندا بێت

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران



# چیرۆکە کاریگەرەکان

Scanned with CamScanner

# چیرۆکە کاریگەرەکان

بریتییە لە دوو کتێب:

- چیرۆکە کاریگەرەکان بۆ کوڕانی لاو
- چیرۆکە کاریگەرەکان بۆ کچانی لاو

وەرگێڕانی: حسێن مەحمود هەڵەبجەیی.

ڕێنوس: هیوا عبدالرحمن

Scanned with CamScanner

ADIBAN

لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

کتێبخانە

پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

Scanned with CamScanner

**ناوی کتێب:** چیرۆکە کاریگەرەکان بۆ کوڕان و کچانی لاو.

**نوسینی:** ئەحمەد سالم بادویلان.

**وەرگێڕانی:** حسێن مەحمود هەڵەبجەیی.

**ڕێنوس:** هیوا عبدالرحمن.

**دیزاین:** کۆمپانیای کتێب.

**نۆبەتی چاپ:** چاپی شەشەم.

**تیراژ:** 2000 دانەی لێ چاپکراوە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (1837) ساڵی (1671) پێدراوە.

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.

Scanned with CamScanner




**پێشەکی:**

الحَمْدُ لله رَبِ العَالِمِين، وأَفْضَلُ الصَّلاةِ وَ السَّلامُ عَلى نَبِينا مُحَمَّد و عَلى آلِهِ وَ صَحْبِهِ أَجْمَعِين، وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإحْسانٍ إلى يَوْمِ الدِين.

پاشان: مەبەست لە باسکردنی چیرۆکەکان دوورخستنەوەی لاوانە و سوودوەرگرتنە، سوودوەرگرتنیش بە پەندوەرگرتنە، ئەگەرنا ئەوە ئەو سوودە نەهاتووەتە دی.

ئێمە لەم کتێبەدا (قصص مؤثرة للشباب) ئەو ڕێبازەمان گرتووەتەبەر، کە چۆن کەسێک بەرووبوومی گەییووی لێدەکاتەوە و دەیکاتە ناو سەبەتەیەکی جوانەوە، ئەوکاتە لەڕووی ڕێکخستن و شێوازەوە ڕووالەتمان هێناوەتەدی و لەڕووی بیرۆکەیشەوە هەواڵێکی دروست.

Scanned with CamScanner

هەموو ئەم چیرۆکانە بریتی نین لە خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەرێکی بەتوانا و دروستکراوی ئەدیبێکی داهێنەر نین، بەڵکو ڕووداوگەلێکن لەم جیهانەماندا ڕوویانداوە و پاڵەوانەکانیش کەسانی ڕاستەقینەن و لەسەر ئەم هەسارە بچووکەمان دەژین، ئەم چیرۆکانە ئەو ڕاستەقینە نەمرەت نیشان دەدەن، کە خوای گەورە لە سەرووی تۆوەیە و قەدەری ئەو چاوەڕوانی تۆیە، هەر دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بێت و بگەڕێیتەوە بۆ لای خوا و دەربازبوون نییە.

برای لاو، ئەم کۆمەڵە پەندە بە وردی هەڵبژێردراوە، تا زۆرترین توێژەکان و شێوازەکان بگرێتەوە، بۆ بەدیهێنانی مەبەستی خوازراو، ئەگەر لاوێک لە چیرۆکێکدا ئەوەی بەدی نەکرد، ئەوا لە چیرۆکێکی تردا بەدی دەکات.

ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: بۆچی بە تەنها لاوان؟ کەس لە ئێمە ناتوانێت نکوڵی لە گرنگی لاوان بکات، بەڵکو ناتوانین خۆمان بێئاگا بکەین لە فەرمایشتی خوای گەورە سەبارەت بە هاوەڵانی ئەشکەوت:

﴿نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِالْحَقِّ ۚ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى﴾

واتە: (بەڕاستی ئەوان کۆمەڵێک لاو بوون باوەڕیان هێنابوو بە پەروەردگاریان و ئێمەش زیاتر ڕێنمونیمان کردن). کەواتە ڕۆڵی لاوان لەم جیهانەدا ڕۆڵێکی گەورەیە، ئەوان ئایندەیەکی

Scanned with CamScanner

نزیکی ئەم نەتەوەیەن، بەرپرسیاریەتی گەیاندنی ئایین بە بەندەکانی خوا لەسەر ئەوانە، بە کردەوە و جێبەجێکردن، نەک بە وتە و دروشمەکان، هیچ کەسێک ناتوانێت کە بێئاگا بێت لە مەینەتییەکانی لاوان لەم سەردەمەماندا، لەبەر ئەوە پێویستە چارەسەر پێشکەش بکرێت، بۆ لابردنی مەینەتییەکانیان و دامەزراوکردنیان و هاندانیان بۆ وەستان لەبەردەم ئاوێنەدا، تا بەهای خۆیان و ڕاستەقینەیی پێگەیان بزانن و لەم ژیانەدا بە گیانێکی ئیسلامییانەوە بەرەو ڕووی بەرپرسیاریەتییان ببنەوە و بە هەموو ئەو شتانەی کە لە ئیسلامدا هەیە لە ڕەحمەت و بەزەیی و داوێنپاکی و ڕەوشت و کاری جوان.

بۆیە ئێمە ئەم ڕێبازەمان گرتەبەر، لە خوا داواکارین پێش خوێنەرانی بەڕێز خۆمان پەندی لێ وەربگرین و سوودی خوازراوی هەبێت بۆ خۆمان و ئێوە و هەموو موسوڵمانان.

﴿وَصَلّى اللهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾

دانەر

کتێبی یەکەم

# چیرۆکە کاریگەرەکان

## بۆ کورانی لاو



Scanned with CamScanner

## پاداشتی چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکدا

شـــوێنی گۆڕی، منیش هەســتم بە مژدەی خێر و بێر دەکرد، زانیــم و هەســتم کــرد کە بەڕاســتی بەهەشــت هاتــووە بۆ ماڵمــان، نابێت ئەو فرســەتە لەدەســت بدەم، گەشــتە ماڵمان وەک چــۆن بووکێــک دەگاتــە ماڵــی خــۆی، هــەر کــە بنە و بارگەی دانا لە ماڵمان، هەموومان بەم دەســت و بەو دەســت خزمەتمان دەکرد و شــەونخونیمان دەکێشــا بۆ پشــوودانی، دایکــم ڕۆژنامەکانــی بۆ خوێنــدەوە تا ئــاگاداری هەواڵەکان بێــت، چونکــە زۆر حەزی لێی بوو، منیــش خواردنم پێدەدا و ســووربووم لەســـەر پێدانی دەرمانەکانی.



Scanned with CamScanner

ڕۆژەکان و مانگـەکان تێپەڕیـن و نەنکـم تووشـی جەڵتەی دڵ بوو، خرایە نەخۆشـخانەوە و دیمەنێکی سـەیرم بینی، کە زۆر کـەم لـە نێو کـوڕان و کچانـی ئەمڕۆدا هەیـە، ئەویش کاتێـک کـە دەمامکەکـە نـرا بـە ڕوویـەوە بـۆ وەرگرتنـی ئۆکسـجین، پەنجەی شـایەتوومانی بەرزکردبوویەوە و یادی خـوای گەورەی دەکـرد، دوای تێپەڕبوونـی چەند ڕۆژێک لە نەخۆشـخانە هاتـەدەر، نزیکـەی زیاد لە سـی سـاڵ دەبێت نەنکـم بـەردەوام ڕۆژە سـپییەکان (أيـام البيـض)ی هەموو مانگەکانی دەگرت و مانگی شەعبان و ڕەمەزان و شەوالیشی بـە تـەواوی دەگرت و بـەڕۆژوو دەبـوو، ڕێکەوتـی ڕۆژی عاشـورا بوو، نەنکم بـەڕۆژوو بوو، بەپێچەوانـەی فەرمانی پزیشـک کـە ڕێنمایـی کردبـوو پابەنـد بێـت بـە کاتەکانـی دەرمانخواردنـەوە و هەر دواکەوتنێـک ڕوودات کاریگەریی دەبێـت لەسـەر دڵـی.. منیـش دوای نوێژی خەوتنان سـەرم لێـدا و ویسـتم بڕێک پارەی بدەمێ، بـە بۆنەی دەرچوونم لە زانکـۆ، ئەویـش پێکەنی و ئـەم دوعایەی بـۆ کردم:

(الله يوفقك، الله يحفظك، الله يخليك)

واتـە (خـوای گـەورە ڕابـەردارت بکات، خـوای گـەورە بتپارێزێت، خوای گـەورە یارمەتیـدەرت بێت).

بـە بیـرم هێنایەوە کە نابێـت بەڕۆژوو بێـت، بەپێی ڕێنمایی پزیشـک، ئەویـش دڵنیایکردم کە باشـە... چووم تـا بخەوم، لەوکاتـەدا کـە خەریـک بوو بانگـی بەیانی بدرێـت، گوێم لە تەقـەی دەرگای ژوورەکەمەوە بـوو، بینیم خزمەتکارەکەمانە

و هەواڵی پێدام کە نەنکم کەوتووەتە سەر زەویەکە و منیش بەپەلە ڕامکرد بۆ ژوورەکەی، بینینم بەسەر زەویەکەدا ڕاکشاوە و ڕوخساریشی ڕووە و قیبلەیە و دەستی ڕاستیشی خستووەتە سەر دەستی چەپی، وەک ئەوەی لە نوێژدا بێت و دەرمانەکانیشی نەخواردبوو. دەستم خستە سەری و بینیم کە ماڵئاوایی لە دنیا کردووە و ڕۆحی پاکی بەرزەفڕبووە بۆ لای پەروەردگار و بەڕۆژووش بوو.

دوای وەفاتکردنی بە سێ مانگ، کاتی ئەوە هاتبوو پێداویستییەکانم پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە بکەم بۆ دامەزراندنم لە قوتابخانەیەکی نزیک ماڵمان، سەرۆکی بەشەکە داوای لە سکرتێرەکەی کرد کە دۆسیەی داواکارییەکان بهێنێت، چونکە بڕوای بە (واسیتە) نەبوو، هەموو کەس لای ئەو یەکسان بوون، بینی هەموو قوتابخانەکان پێویستیان بە مامۆستا هەیە، تەنها ئەو قوتابخانەیە نەبێت کە مەبەستی من بوو، چونکە ئەو قوتابخانەیە پێویستی بە مامۆستا نەبوو، بۆیە منیش زۆر دڵتەنگ بووم بەوە و وتی: دڵتەنگ مەبە، ڕۆژی شەممە سەرم لێبدەرەوە، بەڵکو شتێک ڕووبدات، منیش وتم:

إن شاء الله.

دوو ڕۆژ تێپەڕی وەک دوو مانگ وابوو، منیش چاوەڕوانی ڕۆژی شەممەم دەکرد، ڕۆژی هەینی شەوەکەی خەوتم، لە خەومدا بینینم نەنکم ڕەحمەتی خوای لێبێت سەردانم دەکات و هەواڵم دەپرسێت و لۆمەم دەکات، چونکە ماوەیەکە

نەیبینیبـووم، پێم وت: سـەرقاڵیی دنیا ڕێـی لێگرتووم، وتی:

(روح الله يوفقك، الله يحفظك، الله يخليك)

هەمـان ئـەو دوعایـە کە بـۆی کـردم پێش وەفاتکردنی بە پێنج سـەعات.. لـە خەوەکەم هەسـتام و زۆر دڵخۆش بووم بـەو خـەوە، بەپەلـە چوومە لای سـەرۆکی بەشـەکە و لێم پرسـی چـی بووە؟ وتـی هیچ ڕووی نـەداوە، بـەڵام با چاو بخشـێنمەوە بـە فایلـی داواکارییەکاندا، سـکرتێرەکەی بانگ کـرد کـە فایلەکانـی بۆ بهێنێـت، هەر کـە کردیەوە شـتێکی سـەیری بینـی... بینی هەموو ئەو قوتابخانانەی مامۆسـتایان دەوێت ئێسـتا مامۆسـتایان ناوێـت و ئەو قوتابخانەیەیشـی داخرابوو، ئێسـتا پێویسـتی بە مامۆسـتایە، بۆیە زۆر تووڕە بـوو لـە سـکرتێرەکەی و تاوانبـاری کرد بـە کەمتەرخەمی و هەڵەکـردن، بۆیـە کچەکە لە نوسـینگەکە هاتـە دەرەوە و سوپاسـی خوای دەکرد لەسـەر ئەو ڕۆژییە کـە دەرگایەکی داخـراوی لێکردەوە:

(إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ)



Scanned with CamScanner

## چاکە لەگەڵ دایک و باوکدا

ئێوارەیەکیان دایکەکە لەگەڵ منداڵەکانیدا دانیشت و یارمەتی دەدان لە پێداچوونەوەی وانەکانیاندا و ئەو منداڵەی کە تەمەنی چوار ساڵ بوو دەفتەری وێنەکێشانەکەی دا بەدەستیەوە، تاوەکو ئەم سەرقاڵ نەکات و بتوانێت وانە بەوانیتر بڵێتەوە.

لە پڕ بیری کەوتەوە کە خواردنی ئێوارەی ئامادە نەکردووە بۆ باوکە بەساڵاچووی مێردەکەی، کە لەگەڵیاندا دەژیا لە ژوورێکدا و لە گۆشەیەکی ماڵەکەیاندا، چەندەی لەتوانادا هەبووایە هەڵدەستا بە خزمەتکردنی، مێردەکەشی



Scanned with CamScanner

ڕازی بـوو لـە خزمەتکردنی ئەو بـۆ باوکـی، چونکە باوکی بەهۆی ناسـاغییەوە لە ژوورەکـەی نەدەهاتە دەرەوە، بەپەلە خواردنـی بـۆ بـرد و لێـی پرسـی: ئایا پێویسـتی بـە هیچ شـتێکی تر نییە و پاشـان ڕۆیشـتە دەرەوە. کاتێ گەڕایەوە بـۆ لای منداڵەکانـی، هەسـتی کرد کـە منداڵـە بچووکەکەی خەریکی وێنەکێشـانی بازنە و چوارگۆشە و دانانی ئاماژەیە، لێـی پرسـی: ئازیزم ئـەوە وێنەی چی دەکێشـیت؟

منداڵەکـەش بەوپـەڕی بەرائەتـەوە وەڵامـی دایـەوە: مـن وێنەی ئەو ماڵە دەکێشـم کە کاتێـک گەورە دەبم و ژندەهێنم و تێیـدا دەژیم. وەڵامدانەوەکەی دڵخۆشـی کـرد.. وتی: ئەی لە کـوێ دەخەویـت؟ منداڵەکەش چەندین چوارگۆشـەی پێ نیشـاندا و دەیووت: ئەمە ژووری نووسـتن و ئەویان مەتبەخ و ئـەوی تریـان ژووری میوانـە.. بۆیـە دەسـتی کـرد بـە ژماردنـی هەمـوو ئەوانەی کە دەیزانی لە ماڵەکەدان، پاشـان چوارگۆشـەیەکی لە دەرەوەی چوارچێوەکە کێشـابوو.

دایکیشـی سەرسـام بـوو، پێـی وت: بۆچی ئـەو ژوورە لە دەرەوەی ماڵەکەدایـە و جیایـە لـە هەمـوو ژوورەکانی تر؟ لـە وەڵامـدا منداڵەکە وتی: ئـەوە ژووری تۆیە، تـۆ دەخەمە ئـەوێ و لەوێـدا بژیـت، وەک چـۆن باپیرە گـەورەم لەوێدا دەژی.

دایکـی بـە بیسـتنی قسـەی منداڵەکـەی تووشـی شـۆک بـوو!! بۆیـە لـە خـۆی دەپرسـی: ئایا دەبێـت من بـە تەنها لـەو چۆڵەوانییـەدا لـە دەرەوەی ماڵەوەدا بم، بـە بێ ئەوەی

لەزەت ببینم لە قسەکردن لەگەڵ کوڕەکەم و منداڵەکانیدا و دڵخۆش ببم بە قسەکانیان و شادییان و یارییان، کاتێ کە لە جووڵە دەکەوم؟ ئەو کاتە قسە لەگەڵ کێدا بکەم؟ ئایا هەموو تەمەنم لەنێو ئەم چوار دیوارەدا بەسەربەرم، بەبێ ئەوەی گوێم لە دەنگی ئەندامانی خێزانەکەم بێت؟.

بەپەلە کارگوزارەکانم بانک کرد و بەخێرایی ژووری تایبەت بە میوانمان گواستەوە کە ڕازاوەترین ژوورە و دیارترینیان بوو، کەلوپەلی مامم (باوکی مێردەکەم) ئامادەکرد و کەلوپەلی تایبەتی ژووری میوانیشم گواستەوە بۆ ئەو ژوورەی دوور بوو لە خانووەکە.

کاتێ مێردەکەی لە دەرەوە گەڕایەوە سەرسام بوو بەو کارە، چونکە چاوەڕوان نەکراو بوو.. لە خێزانەکەی پرسی: چی وای لێکردێت ئەو گۆڕانکارییە بکەیت؟

بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە وەڵامی دایەوە: من جوانترینی ژوورەکان هەڵدەبژێرم من و تۆ تیایدا بژین، ئەگەر خوای گەورە تەمەنی پێداین و لە جموجوڵ کەوتین، با میوانەکان لەو ژوورەی دەرەوە بن.

مێردەکەشی لە مەبەستەکەی تێگەیشت و ستاییشی ئەو کارەی کرد کە بەرامبەر بە باوکی ئەنجامی دابوو، کە ئەویش بە ڕوخساری پڕ لە خەندەوە تەماشای دەکردن و منداڵەکەش تەنها ئەوەی بۆ مایەوە وێنەکەی کوژاندەوە و خەندە گرتی.

## بچوکترین خوێندکار کە ماستەری بەدەستهێنا بوو لە ئەمەریکا، ڕۆیشت تا خۆی بکوژێت، بەڵام بوو بە بانگخواز!!

خوێنـدکاری ئەمریکـی (جیـف) ڕۆیشـت بـۆ لای ڕاگـری زانکـۆ کـە بانگـی کردبـوو تـا پیرۆزبایـی بەدەسـتهێنانی ماسـتەرنامەکەی لێبـکات کـە بـە پلـەی نایـاب و یەکـەم بەدەسـتی هێنابـوو، هەروەهـا پیرۆزباییەکـە بەهـۆی ئەوەشـەوە بـوو کـە بچووکتریـن خوێنـدکار بوو لـە وڵاتە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا کـە ماسـتەری لەو پسـپۆڕییەدا بەدەسـتهێنابوو، ئەمـەش دەسـتکەوتێکی نـاوازە بـوو بـە

نیســبەت زانکۆکــەوە، کە شــانازی بە خوێنــدکار (جیف)ەوە بکات، چونکە دەســتکەوتێکی مێژوویی بەدەســتهێنابوو دوای یەکتربینینەکە جیف ژووری ســەرۆکی زانکۆی بەجێهێشــت، کــە غەم و پــەژارە بەروخســاریەوە دیاربــوو، بەپێچەوانەی قوتابیانــی تــرەوە لــە ئــاوا بۆنەیەکــدا، ئەوانــەی بــە زاری ئەمریکــی هاوار دەکەن (یاهووو) لەســەر شــێوازی کاوبۆی، یــان بەخێوکەرانــی مانــگا لــە ئەمەریکا یــان هــاوار دەکەن (ئۆلرایت).

بەڕێوەبەرەکە سەرســام بوو، بەڵام لێی نەپرسی و پرسیاری نەکــرد کە چی لــە ناخی (جیف)دایە، لــە مەوعیدی دیاریکراو بــۆ ئاهەنگــی دەرچــوون جیــف بەوپــەڕی کەشــخەییەوە بــە جلــی تایبەتــی خــۆی بــۆ بۆنــەکان ئامادەبــوو و ڕۆبی دەرچوونــی لەبەرکردبــوو،کڵاوی دەرچوونیشــی لەســەر کردبــوو، چووە شــوێنی خۆی دانیشــت کە تایبــەت کرابوو بــۆی، گوێــی لــە ناوی خۆیــەوە بوو لــە ڕێــی بڵندگۆکانەوە بەرزدەبوویــەوە، کــە پڕیبوو لە ســتاییش و سوپاســکردن، کــە لەلایــەن هەمووانــەوە ئاراســتەی دەکــرا، بەهــۆی ئەو دەســتکەوتە ناوازەیــەوە، پاشــان چــووە ســەر ســەکۆ تایبەتەکــە تــا بڕوانامەکە وەربگرێــت، لەنێو ئاپــۆڕای چەپڵە و هوتافــی خێزانەکــەی و هاوڕێکانــی و ئامادەبووانەوە لەو جــۆرە بۆنانەدا، کاتــێ جیف بڕوانامەکەی وەرگرت دەســتی کــرد بە گریــان و ســەرۆکی زانکــۆش بە ســوعبەتەوە پێی وت: (تۆ بەهۆی ئەوپەڕی شــادمانیتەوە بۆ ئەو دەســتکەوتە مەزنــە دەگریت؟).



Scanned with CamScanner

جیفیش وەڵامی دایەوە: (نەخێر، بەڵکو بەهۆی ئەوپەڕی نابەختەوەریمەوە دەگریم). سەرۆکی زانکۆش سەرسام بوو، بۆیە لێی پرسی: (بۆچی کوڕی خۆم، پێویستە ئەمڕۆ تۆ زۆر دڵخۆش و شادومان بیت، بەتایبەتی لەم ساتەوەختەدا). جیف وتی: (من وام گومان دەبرد بەم دەستکەوتە شادومان دەبم، بەڵام وا هەست دەکەم من هیچم نەکردووە لەپێناوی بەختەوەرکردنی خۆمدا و من ئێستا هەست بە نابەختەوەرییەکی زۆر دەکەم، نە بڕوانامە و نە پلەی زانستی و نە ئاهەنگەکە من بەختەوەر ناکەن).

پاشان جیف بڕوانامەکەی وەرگرت و بەخێرایی جێگاکەی بەجێهێشت، لەنێو سەرسامی هەمووان‌دا ئاهەنگەکەی تەواو نەکرد و نەمایەوە، تاوەکو هاوڕێکانی و خزم و کەسە نزیکەکانی پیرۆزبایی لێبکەن.

جیف چوویەوەماڵەوە و بڕوانامەکەشی بەدەستەوە بوو، ئەمدەست و ئەو دەستی پێدەکرد، پاشان کەوتە قسەکردن لەگەڵیدا: باشە من چی بە تۆ بکەم؟ تۆ پلەیەکی مێژوویی لە زانکۆکەدا بە مندا و لە ئایندەشدا پۆستێکی بەرز چاوەڕوانی من دەکات و خەڵکی و میدیاکان چاویان لەسەرم دەبێت بەهۆی ئەو دەستکەوتەی بەدەستمهێناوە، بەڵام ئەو بەختەوەرییەی کە من دەیخوازم پێت نەبەخشیم، من دەمەوێت لە ناخی خۆمدا بەختەوەربم، هەموو شتێ لەم دنیایەدا بڕوانامە و پۆست و سەروەت و سامان و ناوبانگ نییە.

شتێکی تر هەیە کە پێویستە وامان لێبکات کە بەختەوەربین... بێزاربـووم لــە ئافرەتـان و عـارەق و ســەماکردن، شــتێکم دەوێـت دەروونــم و دڵم بەختــەوەر بـکات... خوایە گیان من چیبکەم؟

ڕۆژگار تێدەپــەڕی و(جیف)یـش زیاتـر نائاسـوودەتر بوو، بۆیــە بڕیاریـدا سـنوورێک و کۆتاییــەک بـۆ ژیانــی دابنێت، بۆیــە بەردەوام هەر بیـری دەکردەوە، هەتا بـۆی دەرکەوت باشـترین ڕێگایـەک کــە کۆتایـی بــە ژیانــی خـۆی بهێنێت بریتییــە لــەوەی کــە لەســەر ئــەو پـردە بەناوبانگــە خـۆی فڕێداتــە خـوارەوە کــە ئەمریکییــەکان ناوێکیـان لێنابوو، کە لــە جیهانـدا ناوبانگـی دەرکردبـوو، ئەویـش بریتـی بوو لە (قۆڵـدن قیت) یان دەروازی زێرین، کە شـکۆدار دیارە، وەک مامۆسـتایەکی شارسـتانی ئەمریکـی و زۆر جـار تەمومـژ دایپۆشـیوە، ئــەو پـردە دادەنرێـت بــە گرنگترین ئـادگاری ئەمریکـی لــە تەکنیکی و زانسـتیدا.

جیـف کەوتــە ڕێ و هەنـگاوی دەنـا بــەرەو پـردی زێرین و پێـش ئــەوەی بگاتــە ئــەوێ لــەو کەسـانەی کــە خـوای گــەورە هەڵبیژاردبـوون تـا هەسـتن بــە کۆمەڵێـک ئەرکـی بانگەوازکـردن بۆ لای خوای گەورە کە لاوانێکی موسـوڵمان بـوون، ڕۆیشـتبوون بـۆ ئەمەریـکا بـۆ خوێنـدن، شـوێنی نیشـتەجێ بوونیان لە نزیـک دەروازەی پردەکــەوە بوو، کە لــە ژوورێکـدا و لەژێـر کەنیســەکەدا بوون.

ڕابمێنن بەهۆی هەژاری و نەدارییانەوە شـوێنێکیان دەسـت

نەکەوتبوو تیایدا نیشتەجێ ببن، تەنها ئەو ژوورە نەبێت لەژێر ئەو کەنیسەیەدا، هەروەها خەمی هەمیشەییان بانگەوازکردن بوو بۆ لای خوای گەورە و میهرەبان، خەمی ئەوەیان بوو خەڵکی بانگ بکەن بۆ شوێنکەوتنی ئایینی خوای گەورە، خەمیان ئەوە بوو مرۆڤایەتی ڕزگار بکەن لە تاریکییەکانەوە بەرەو ڕووناکی، خەمیان ئەوە بووبانگەواز بکەن و بە دانایی و ئامۆژگاری چاک و ببنە نموونەیەکی جوان و شیرینی موسوڵمانانی ڕاستەقینە، ئەوان دەیانخوێند و بانگەوازیشیان دەکرد بۆ لای خوای گەورە و لەژێر ئەو کەنیسەیەشدا نیشتەجێ بوون، ئەوێیان دەستکەوتبوو، لەوانەیە خێری تیا بێت بۆیان ئەو ڕۆژە چووبوونە دەرەوە، تا بەناو خەڵکیدا بگەڕێن و بانگیان بکەن بۆ موسوڵمان بوون... پۆشاکی ئیسلامیانەیان لەبەردابوو، ڕوخساریان ڕووناکی ئیمانی لێ دەدرەوشایەوە... تەوێڵیان ڕووناکی هەڵگرتبوو بەهۆی ئاسەواری کڕنووش بردنیانەوە.. لە کاتی پیاسەکردنی ئەو ڕۆژەیاندا و لە نزیک دەروازەی زێرینەوە، کوڕێکی ئەمەریکی خەفەتباریان بینی، ئەو کوڕەش (جیف)ی خوێندکار بوو، کە بەسەرسامییەوە تەماشای لاوەکانی دەکرد، چونکە لەژیانیدا کەسی بەو جل و پۆشاکەوە و بەو سەروسیمایە و بەو نوور و ڕووناکییەوە و بەو سەرنج ڕاکێشانەیانەوە کە سەرنجی ئەمیان ڕاکێشابوو نەبینیبوو.. بۆیە نزیکبوویەوە لێیان تا قسەیان لەگەڵدا بکات و پێی وتن: (ئایا دەتوانم پرسیارێکتان لێبکەم؟)، یەکێکیان وتی: (بەڵێ فەرموو)، جیف وتی: (ئێوە

کێن و بۆچی ئەم پۆشاکەتان لەبەردایە؟)، یەکێکیان لە وەڵامدا وتی: (ئێمە موسوڵمانین، خوای گەورە محمد (درودی خوای لەسەر بێت)ی بە پەیامبەر بۆ ناردووین تا ئێمە و خەڵکی تر دەربهێنێت لەناو تاریکاییەوە بەرەو ڕووناکی و بەختەوەری و خۆشی بێنێت بۆ مرۆڤەکان لە دنیا و قیامەتدا).

کاتێ جیف گوێی لە وشەی (بەختەوەری)ەوە بوو، هاواری کرد وتی: (بەختەوەری؟!) من بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێم، ئایا لای ئێوەی موسوڵمان دەستم دەکەوێت؟!) ئەوانیش وەڵامیان دایەوە وتیان: (ئایینی ئێمە کە ئیسلامە ئایینی بەختەوەرییە، ئایینێکە هەمووی خێر و چاکەیە، لەگەڵماندابە، بەڵکو خوای گەورە ڕێنمایت بکات و تام و چێژی بەختەوەری بکەیت)، ئەویش پێی وتن: (من لەگەڵتاندا دێم و تابزانم ئایا ئەو بەختەوەرییەی من دەیخوازم کە بەختەوەری ڕاستەقینەیە لای ئێوەیە... من پێش کەمێک دەموویست خۆم بکوژم، خەریک بوو لەم سەر پردە خۆم بخەمە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانم بهێنم، چونکە بەختەوەری شک نابەم، نە لە ماڵ و سامان و نە لە ڕابواردن و ئارەزووبازیدا و نە لە بڕوانامەدا کە بەدەستم هێناوە)، ئەوانیش پێیان وت: (وەرە لەگەڵماندا تا فێری ئایینەکەمانت بکەین، بەڵکو خوای گەورە ئیمان و لەزەتی خواپەرستی بخاتە دڵتەوە و ئاشنا ببیت بە بەختەوەری و لەزەتەکەی، چونکە خوای گەورە توانای بەسەر هەموو شتەکاندا هەیە).



Scanned with CamScanner

جیف لەگەڵ لاوە موسوڵمانەکاندا، لاوانی بانگخواز، بۆ لای خوا ڕۆیشت و گەیشتە ئەو ژوورەی کە ئەوانی تێدا بوو، کە وەک نوێژگەیەکی لێکرابوو بۆ خۆیان و بۆ کەسێک کە بیەوێت خواپەرستی بکات تیایدا، بۆیە باسی ئیسلامیان کرد بۆ جیف و مەبەست و ئامانج و بنەما و جوانی مەزنی ئیسلامیان بۆ ڕوونکردەوە.

ئەویش وتی: (بەڕاستی ئایینێکی جوانە، بەخوا لێرە ناجووڵێم هەتا نەیەمە ناو ئایینەکەتانەوە)، بۆیە جیف موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و ئەو برا بانگخوازانەش بە تەواوی تەعالیمەکانی ئیسلامیان فێرکرد، جیف دەستی کرد بە ئەنجامدانی فەرز و ئەرکەکانی ئیسلام و پۆشاکی ئیسلامیانەی پۆشی و ڕێگای ڕاستی خۆی دۆزیەوە و بۆی دەرکەوت ئەو بەختەوەرییەی کە بەدوایدا دەگەڕێت لە ئیسلامدا هەیە و لە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەیدایە.. بەڵکو جیف بەختەوەر بوو، چونکە بوو بوو بە بانگخواز بۆ ڕێگای خوا لە ئەمەریکا، ناوی خۆیشی گۆڕیی بۆ (جەعفەر) و وەکو دەزانین لە کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ کە پێغەمبەر بەڵێنی دابوو بە کوڕی مامی (جەعفەری کوری ئەبوتالیب) کە دووباڵی هەیە و لەبەهەشتدا پێی دەفڕێت، هەروەها جەعفەری ئەمەریکی لە خۆشی و بەختەوەریدا و بەهۆی هۆگربوونی بە ئایینی ئیسلامەوە بە دوو باڵ دەفڕی.. بۆیە دەروونی و گیانی و ماڵ و سامانی و هەوڵ و تێکۆشانی وەقف کردبوو لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئایین لەئەمریکادا.

ئەوەتا ئاشـنا بووین بە بەسـەرهاتی جەعفەر، ئەو کەسـەی کـە بەختـەوەری خـۆی لـە ئایینـی خـوا و پابەندبـوون بە تەعالیمی خوا و پابەندبوون بە سوننەتی پێغەمبەردا بینییەوە، ئیتـر بۆچی زۆرێک لە موسـوڵمانان هێشـتا لـەو بڕوایەدان کـە بەختەوەری خۆیـان نابیننەوە، تەنها لە لاسـایکردنەوەی جولەکـە و مەسـیحییەکاندا نەبێت، لە خواردن و پۆشـاک و خواردنەوە و سـواری و مەنزڵـگا و تێکەڵیدا؟!!

بەخـوا بەختیـاری و ئەوپـەڕی بەختیـاری لەوەدایـە کـە ئادەمیـزاد بـاوەڕی بـە خـوا و بـە فریشـتەکانی و بـە پێغەمبەرەکانـی و بە ڕۆژی دوایی و بـە قەزاوقەدەر هەبێت.

بەختیـاری و ئەوپـەڕی بەختیـاری لەوەدایـە کـە خـوا و پێغەمبەرەکـەی خۆشەویسـتتر بێت لە لای لـە منداڵەکانی و لـە دایـک و بـاوک و مـاڵ و سـامان و لە خودی خۆیشـی، بەختیـاری و ئەوپـەڕی بەختیـاری لەوەدایـە کـە ئادەمیزاد بانگخـواز بێت بـۆ لای خوا، خۆی بەخت بکات لەپێناوی خوا، بـۆ دەربازکردنـی خەڵکی لە تاریکاییەکانـەوە بۆ ڕووناکی و ڕێنموونییـان بـکات بەرەو ڕێگای ڕاسـت و دروسـت.

بەختیـاری و ئەوپـەڕی بەختیـاری لـە موناجاتـی خـوای گەورەدایـە لـە سـێیەکی شـەودا، بەختیـاری و ئەوپـەڕی بەختیاری لەوەدا بەدەسـتدێت کە دەسـت بەسـەر بێباوکاندا بهێنێـت و سـیلەی ڕەحـم بەجێبهێنێـت و چاک بێـت لەگەڵ دراوسـێکاندا و دەم بـە خەندە بێت بەرامبەر بە ڕوخسـاری براکەت و خێر و چاکە بکەیت بە دەسـتی ڕاسـت و دەسـتی

چەپـت پێـی نەزانێت، ئەمــە بەختەوەری دنیایــە، ئەی دەبێت بەختــەوەری ڕۆژی دوایی چـۆن بێت.

جیـف موسـوڵمان بـوو، چونکـە ئـەو برایانــەی بینـی کە پابەنـدن بـە ئایینەکەیانــەوە و بانگەواز دەکـەن بۆ لای خوا، لـە خاکێکدا کە موسـوڵمانانی تێدا نییە، بەخـوا ئەگەر نیاز و نیەتمان یەکلایی بکەینەوە و دڵسـۆز بین تیایدا و تێبکۆشـین بۆ گەیشـتنی ئەم ئایینە، ئەوە دەگەیشـت بـە هەموو جیهان، بەڵام ئەرکـی بانگەوازکردنمـان فەرامۆش کردووە.

وازهێنـان لـە بانگـەواز بـۆ لای خوا لـە مەترسـیدارترینی کارەکانـە کە ئەنجامەکەی زەلیلی و سەرشـۆڕیی و دووریيە لـە خوای گـەورە، کوا:

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ (آل عمران/ ١١٠).

واتـە: (ئێـوە باشـترینی نەتـەوەن نێردرابن بـۆ خەڵك، فەرمـان بە چاکە دەکـەن و ڕێگریـی لـە خراپـە دەکـەن و باوەڕتان بە خـوا هێناوە)..

کوا:

وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ (فصلت/ ٣٣).

واتـە: (کـێ وتـەی چاکتـر و بەجێتره لـەو کەسـەی بانگـەواز دەکات بـۆ لای خـوا و کاری چاکـە دەکات و دەڵێـت: بێگومـان مـن لە پێری موسوڵمانانم).

کوا: ((بَلِغُوا عَنِي وَلَو آيَة))



Scanned with CamScanner

واتە: (پەیامەکانی من بگەیێنن با بە ئایەتێکیش بێت).

سبەینێ چی بڵێین بە پەروەردگارمان کاتێ پرسیارمان لێدەکات سەبارەت بە کەمتەرخەمیمان لە بانگەوازکردن بۆ لای خوا؟ بڵێین: ماڵ و سامان و کەس و کارمان سەرقاڵی کردین! بڵێین: يارييەكانمان سەرقاڵيكردن! بڵێین: جگەرەکێشان و نێرگەلە سەرقاڵیکردین! بڵێین: یانەکانمان و ژنەکانمان و گەشتەکانمان بۆ خۆشی و ڕابواردن سەرقاڵیکردین!! چی بڵێین لەکاتێکدا ئازیزانم جیهان چاوەڕێی ئێمەیە، بەتایبەتی لەم کاتە ناسکەدا کە جیهانی پیادا تێپەڕ دەبێت.

خوای گەورە من و ئێوەش بگێڕێت لەوانەی شوێن تەعالیمی خوای گەورە دەکەون و خۆشیان دەوێت و شوێن سوننەت و ڕێبازی محمد ﷺ دەکەون و ئەوانەی هەڵدەستن بە ئەرکی بانگەواز بۆ لای خوای گەورە و گەیاندنی پەیامەکەی بە هەموو خەڵکی.. بەڕاستی خوای گەورە بیسەر و وەڵامدەرەوەیە:

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ (آل عمران/ ١١٠)

واتە: (ئێوە باشترین نەتەوە بوون بۆ خەڵکی هێنرابنە دی، فەرمان دەدەن بە چاکە و ڕێگیری دەکەن لە خراپە و باوەڕدێنن بە خوا).



Scanned with CamScanner

## قوتابیەک لەناو جانتای خوێندندا برەو بە مادده هۆشبەرەکان دەدات:

ڕێـگای مـادده بێهۆشـکەرەکانی گرتەبـەر، تاوەکو خەونە گەورەکـەی خۆی بێنێتە دی، کە ئەویـش کڕینی ئۆتۆمبێلێکی وەرزشـی گەورە بوو.

ئەمامەتییەکـە لەوێـوە دەسـتی پێکـرد کـە زانیارییـەکان گەیشـتە دەسـتی ئەفسـەری لێکۆڵینـەوەکان، کە بـاس لەوە دەکات یەکـێ لە قوتابیەکانە هەڵدەسـتێت بە برەودانی مادده بێهۆشـکەرەکان لەنـاو حەرەمـی قوتابخانەدا.



Scanned with CamScanner

ئەفسەرەکە تیمەکەی خۆی ڕاگەیاند چاودێری ماڵی ئەو قوتابیە بکەن، هەروەها چاودێری جموجووڵەکانی و ئەو کەسانەشی هاتوچۆی دەکەن و دەڕۆنە ئەو ماڵەوە، کە دەکەوێتە یەکێ لە کەنارەکانی شاری کوێتەوە. لە ئەنجامی چاودێریکردنەکەدا، بۆیان دەرکەوت کە تەنها یەک لاو شک دەبەن کە تەمەنی لە حەڤدە ساڵ تێپەڕ نابێت و هاتوچۆی ماڵەکەی خۆی دەکات و لەکاتی هاتوچۆکردنەکەدا چەند شتێکی سەیری بە دەستەوەیە، پیاوانی لێکۆڵینەوەکان نزیکەی دوو هەفتە چاودێری ماڵەکەیان دەکرد، تا دڵنیابوون لە دروستی چاودێریکردنەکەیان، پاشان مۆڵەتیان لە (النیابة العامة) وەرگرت کە ئەو ماڵە بپشکنن کە لاوەکە نیشتەجێیە تیایدا.. لە کاتی دیاریکراودا پێنج لە پیاوانی لێکۆڵینەوەکان چوونە ناو ماڵی گومانلێکراوەکەوە، چەند پیاوێکی تریش تەوقی ماڵەکەیاندا و ئەفسەری لێکۆڵینەوەکان چووە ماڵەکەوە. دایکی گومانلێکراوەکەی بینی لەگەڵ چەند خوشکێکی بچووکی، لێی پرسین: کوا براکەتان؟ لەوکاتەدا خوشکەکانی ڕۆیشتن بەرەو ژوورەکەی و بانگیان کرد، ئەفسەری لێکۆڵینەوەکان گوێی لە خوشکەکانیەوە بوو دەیانوت: پیاوێکی نامۆ (غریب) لە دەرەوەیە و نایناسین، ئیشی بە تۆیە، لاوەکە هات کە حەڤدە ساڵی تێ نەپەڕاندبوو، نیشانەی شڵەژان و ترس لە ڕوخساریدا دیاربوو.... لە ئەفسەرەکەی پرسی ئەوە چییە؟ تۆ کێیت؟

ئەفسەری لێکۆڵینەوەکانیش پێیوت: پێش ئەوەی لێم بپرسیت

کـە من کێم؟ باڵی ڕاسـتت بەرز بکەرەوە، پاشـان پێت دەڵێم من کێـم؟ لاوەکەش باڵی ڕاسـتی بەرزکردەوە و ئەفسـەری لێکۆڵینەوەکانیـش نیشـانە و ئاسـەواری دەرزی (هیرۆین)ی لەسـەر باڵـی لاوەکە بینی، لێـرەدا ئەفسـەری لێکۆڵینەوەکان لـە لاوەکـەی پرسـی: ئێسـتا دڵنیابوویـت کە من کێـم؟ ئیتر لەوکاتـەدا تاوانبارەکـە هـاواری دەکـرد لـە ئەفسـەرەکە و دەپاڕایـەوە کـە ئـەو مەسـەلەیە لای دایک و خوشـکەکانی بـاس نـەکات و بەڕاسـتی ئەو بێتاوانـە، لێرەدا ئەفسـەرەکە فەرمانیـدا بـە تیمەکە کە ژووری تاوانبارەکە بپشـکنن، لەناو دۆلابـی ژوورەکەیـدا چەندین لەفافی بێهۆشـکەر بە ماددەی هیرۆینیـان بینی، لەگـەڵ ترازوویەکی بچـووک و کەوچکێک و چەندیـن لەفافـی تـر لـە مـاددەی حەشـیش، ئەفسـەری لێکۆڵینـەوەکان لە تاوانبارەکەی پرسـی: کـە چۆن ئەو ماددە بێهۆشـکەرانەی دەسـتکەوتووە؟... تاوانبارەکـە وتـی: مـن هەڵدەسـتم بە برەودان بەو ماددە بێهۆشـکەرانە بۆ پیاوێکی تر لە بەرامبەر سـوودێکی ماددیـدا، هاوکات لەگەڵ کوتانێکی خۆڕایـی ئـەو مـاددە بێهۆشـکەرانە بـۆ خـۆم.. ئەفسـەری لێکۆڵینـەوەکان پرسـیاری لێکـرد: کـە چ کارێـک دەکات؟ هەروەهـا ئەو کڕیارانەی کـە ئەم ماددەی بێهۆشـکەرانەیان دەداتـێ... تاوانبارەکـە وتی: لە پۆلی سـێی ناوەندیدام و ئەم ماددە بێهۆشـکەرانە دەفرۆشـم بـە هاوڕێکانم لـە قوتابخانە و بـە هەندێ کەسـی تریش کە نایانناسـم... لاوە تاوانبارەکە دانـی نـا بـەوەدا کە ئـاگاداری ئـەوە نییـە کە ئـەم کارەی زۆر مەترسـیدارە و چارەنووسـی خراپـی لێدەکەوێتـەوە و



Scanned with CamScanner

تاکە خەمیشی ئەوەیە پارەیەکی باشی دەستبکەوێت، تا ئۆتۆمبێلێکی وەرزشی پێ بکڕێت، تا لەنێو هاوڕێکانی قوتابخانەیدا کەشخەیی و شانازی پێوە بکات.... ئەفسەری لێکۆڵینەوەکان داوای لێکرد کە ماڵی تاوانباری دووەمی نیشان بدات، کە برەو بە مادە بێهۆشکەرەکانی دەدات و مەوعیدێکی بۆ دابنێت بۆ وەرگرتنی کاڵاکەی لە یەکێ لە بنکەکانی کۆمەڵی هەرەوەزی لە ناوچەکەدا.. هەر کە گەیشتە ئەوێ و کاڵاکە بسپێرێت بە لاوە تاونبارەکە، پیاوانی لێکۆڵینەوەکان دەستگیریان کرد و کەلەپچەیان کردە دەستی، ئەو و لاوەکەیان سواری ئۆتۆمبێلەکە کرد.

بەرەو ڕووی بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان و لاوە تاوانبارەکە بوویەوە، تاوانباری دووەم کە بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان بوو دانی نا بە هەموو قسەکانی تاونباری یەکەمدا، بەڵێ بەڕاستی ئەو ئەم لاوەی بەکارهێنابوو وەک ئامرازێک و هۆکارێک بۆ برەودان بە مادده بێهۆشکەرەکان، وەک چۆن زۆربەی بازرگانەکان لاوان بەکاردەهێنن بۆ برەودان بە مادده بێهۆشکەرەکان، چونکە وەکو پیاوە گەورەکان جێگای شک و گومان نین.... ڕێککەوتووە لەگەڵ لاوەکە بۆ برەودان بە مادده بێهۆشکەرەکان لە بەرامبەر بڕێک پارەدا و لەگەڵ دەرزیەکی هیرۆین بەخۆڕایی... لێکۆڵەرەوەکە دوو تۆمەتی ئاڕاستەی تاوانباری یەکەم کرد، ئەویش بەدەستخستنی ماددەی بێهۆشکەر بە مەبەستی بازرگانی و بەکارهێنانی لە بارودۆخێکدا کە پێچەوانەی یاسایە، دەستی تۆمەتی دووەمیشی ئاڕاستەی تاوانباری



Scanned with CamScanner

دووەم کـرد، ئەویـش بەدەستخسـتنی مـاددەی بێهۆشـکەر بـە مەبەسـتی بازرگانـی و بەکارهێنـان، هەروەهـا تاوانـی قاچاخچێتی کە ئەو ماددانەی باسـکران بەدەستی خستبوون، بەبـێ ئـەوەی مۆڵەتـی گومرگی پێ بێت و یاسـایی بێت... لە سـەر ئەو بنەمایـە دادگا فەرمانیدا بە بەندکردنـی تاوانباری یەکـەم بـۆ ماوەی پێنج سـاڵ و غرامەش بە بـڕی دە هەزار دینـار و بەندکردنی تاوانباری دووەم بۆ ماوەی پازدە سـاڵ و ئەویـش بـە غرامەکردنی دە هـەزار دینار.

ئـەم ڕووداوە دڵتەزێنـەی کـە بۆمـان باسـکردن بە سـەر لاوێکـدا هاتووە کـە حەڤدە سـاڵی تێنەپەڕانـدووە و قوتابیە لـە پۆلی سـێیەمی ناوەندیـدا و موعتاد بووە بـە هیرۆینەوە، ئەویش بە کوتانی باڵی و لە هەمان کاتیشـدا بازرگانی دەکات بە ماددە بێهۆشـکەرەکانەوە و هەڵدەسـتێت بە دابەشکردنی بەسـەر هەنـدێ لـە هاوڕێکانیدا لـە قوتابخانـە، مەینەتییەکە لـەوەدا نییـە کـە ئـەم ڕووداوە بـووە هـۆی وێرانکردنـی ئاینـدەی خێزانێک، بەڵ کو مەینەتییە ڕاسـتەقینەکە لەوەدایە کـە خێزانێک لەناو ئەو ڕووداوەدا دروسـت بـوو، خێزانێکی هەڵوەشـاوە، کـە شـوێنی ئەمـن و ئاسایشـی تێدانییـە... جێـگای سـەقامگیربوونی تێدانییـە... باوکـی تێـدا نییـە کـە بەڕاسـتی ڕۆڵی پاسـەوانی دەرگای خێـزان دەبینێت... ڕۆڵی پێشـەنگ و نموونەیەکـی بـەرز دەبینێـت بـۆ منداڵـەکان... لێـرەدا دەپرسـین: ئـەو خێزانـە چـۆن دەژین؟... ئایـا باوک دڵنیانییـە لـە کوڕەکەی لـەماڵەوە بێـت یان لـە قوتابخانە؟ ئایـا بـاوک هاوڕێـی کوڕەکانـی ناناسـێت؟ ئایا ئاسـەواری

دەرزی هیرۆین لەســەر باڵی کوڕەکــەی نابینێت؟ ئایا هەموو ڕۆژێ لەگــەڵ ژن و منداڵەکانیدا دادەنیشــێت، تاوەکو پێکەوە نانــی بەیانــی و نیــوەڕۆ و ئێوارە بخــۆن.... ئەگــەر گریمان ڕۆڵــی بــاوک لەنــاو خێزاندا دیــار نەبوو... ئــەی ڕۆڵی دایک لــە کوێیــە؟ کــوا چاودێــری و سەرپەرشــتی و ســۆز بــۆ منداڵەکانــی؟ بەڕاســتی ئەمە مەینەتییەکی قــورس و گران و ڕاســتەقینەیە کــە کوڕێکی هــەرزەکاری تەمەن حەڤدە ســاڵ ببێتــە قوربانــی.... بەڕاســتی ئەمــە بەرپرســیارێتی باوکێکی دیــار نەبــوو و دایکێکــی کەمتەرخەمە.



Scanned with CamScanner

# کۆتایی بێهودەیی

نازانــم بۆچـــی هەر کاتێک ئــەم چیرۆکــە دەخوێنمەوە کارم تێـدەکات، کــە هێشــتا ماوەیەکــی زۆرە لەناو پـــەڕە ڕەش و بڵاوەکاندا پاراســتوومەوە.

ئــەم چیرۆکــە ماوەیەکــە ڕوویــداوە کە نزیک نییــە، مانای ڕاســتەقینە دەدات بەدەســتەوە کە خاوەنەکــەی دەگێڕێتەوە و بــاس لــە کۆتاییەکی ڕاســتەقینە دەکات، بــۆ چیرۆکێک کە ســەیر نییە ئــەوە کۆتاییەکــەی بێت.

بەڵــی بەڕاســتی وتەگەلێکی کاریگەرن، لــە هەموو لایەکەوە

خـەم و پەژارەیـی دەورەی داوە، چەنـدە پڕیەتـی لـە خەم و ناخۆشـی و بـەڕادەی ئـەوەش پەنـد و ئامۆژگارییـە بـۆ کۆمەڵێـک کـە هێشـتا پابەنـد و هۆگـرن بـە داوێنپاکـی ڕاسـتەقینەوە نـەک ڕووپـۆش.

چیرۆکەکـەی دەگێڕێتـەوە و دەڵێت: (پێش دوو سـاڵ من لە ماڵێکـدا نیشـتەجێ بووم کە لە تەنیشـتیەوە دراوسـێیەکمان هەبـوو، کـە کچێـک بـوو دوای ئـەوەی پەیوەنـدی کەوتـە نێوانمانـەوە و منیش بەڵێنی هاوسـەرگیریم پێدا، لە ئەنجامدا ئەویـش ڕازی بـوو.. منیش بە جارێک دڵم ڕاکێشـا و لەیەک ڕۆژدا شـەرەفیم لەکـەدار کرد، چەند ڕۆژێکـی نەخایاند بۆم دەرکـەوت کە سـکی بووە، بۆیە دەسـتەمۆ بـوو بۆم، منیش بیـرم دەکردەوە.. ئایـا بەوەفابم بەرامبەری، یـان ئەو کێوی سـۆزدارییەی بپچڕێنم؟

پـاش ماوەیـەک لـەو ماڵـەدا نەما، منیـش هیچـم نەدەزانی دەربارەی، سـاڵانێکی زۆر تێپەڕین بەسـەر ئـەو ڕووداوەدا، ڕۆژێکیان لەگەڵ پۆسـتەیەکدا نوسـراوێکم بۆهات کە ئەمەی تیـدا نووسـرا بـوو: (ئەگـەر نووسـینەکەم بـە مەبەسـتی ئـەوە بێـت کـە پەیمانێ تـازە بکەمـەوە یان خۆشەویسـتی کـۆن، ئـەوە یەک دێـرم پـێ نەدەنووسـی، چونکـە پێموایە پەیمانێـک وەک ئـەو پەیمانـە ناپاکـەی تۆ و سـۆزێک وەک ئەو سـۆزە درۆزنەی تۆ، شـایەنی ئەوە نییـە یادی بکەمەوە و بێتـە بۆنەیـەک لام، یـان ئەسـەفی بـۆ بخـوازم و داوای تازەکردنـەوەی بکەم، تـۆ دەتزانی کاتێک کە دەسـتبەرداری



Scanned with CamScanner

مـن بوویـت لە نـاو سـکمدا ئاگرێک هەیـە و بڵێسـەدارە و کورپەیـەک پەلەقاژەیەتـی و هیچ گوێت بەوە نـەدا و ڕاتکرد لـە من، تا ئـەو نارەحەتییە نەگریتە ئەسـتۆی خۆت کە خۆت سـازێنەری بوویـت و ئـەو ئەرکە نەخەیتە سـەر شـانت کە فرمێسـکێک بسـڕیت کە خـۆت ناردووتە، ئایـا دوای هەموو ئەمانـە دەتوانـم وێنای ئەوە بکـەم کە تۆ پیاوێکی شـەریف و بەرێزیت؟!

نەخێـر... بەڵکـو ناتوانـم وێنـای ئـەوە بکـەم کـە تـۆ ئادەمیزادیـت! چونکـە هەرچـی سـیفەتی وەحشـیگەری هەیـە لـە خۆتـدا کۆتکردووەتـەوە و هەمـوو ئەمانـە تەنها لەبـەر ئـەوەی تـۆ منـت کرد بـە ڕێگایـەک بـۆ ڕازیکردنی دەروونـت، بۆیـە تەقـەت دا لـە دەرگای مـن و بـە ڕێـگای منـدا هاتیـت، ئەگەر ئـەوە نەبوایە لـە دەرگای منـت نەدەدا و منـت نەدەبینـی، ناپاکیـت لەگەڵدا کـردم.. چونکـە بەڵێنت پێدام بە هاوسـەرگیری و پەیمانەکەت شـکاند، ڕازینەبوویت ئافرەتێکـی داوێنپیـس بهێنیـت، لەکاتێکـدا ئەم تاوانـە و ئەم داوێنپیسـییە بەهـۆی تۆوە بـووە، ئەگەر تـۆ نەبوویتایە من نەدەبوومـە تاوانبـار و داوێنپیـس، هەوڵەکانـت وایان لە من کـرد بـڕوات پێبکـەم و لەبەردەمتـدا وەک منداڵێکی بچووک لەبەردەسـتی زۆردارێکـی گـەورەدا چـۆک دابدەم.

داوێنپاکـی منـت دزی، بۆیە زەلیل و دڵشـکاو بـووم، ژیان لـە سـەرم قورس بـوو و هـەر لەزەتێـک بـۆ ئافرەتێک کە نەتوانێـت ببێتـە ژنـی پیاوێک یـان بێتە دایکـی منداڵێک هیچ

تامێکی نییە، بەڵکو نەتوانێت لە کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بژی تەنها بە سەرشۆڕی و چاوشۆڕی نەبێت لە ترس و تانە و تەشەری خەڵکی.

ئارامیت لێ زەوتکردم، چونکە دوای ئەو ڕووداوە ناچاربووم لەو کۆشکەدا ڕابکەم کە لە سایەی نازی دایک و باوکمدا بووم، ئەو هەموو ڕۆزییە بەرفراوانەم بەجێهێشت و ئەو ژیانە خۆشە، بەرەو ماڵێکی بچووک لە گەڕەکێکی دوور کە کەس نەیزانێت و کەس نەدات لە دەرگام، تا ژیانی پڕ لە کوێرەوەری تێدا بەرمەسەر.

دایکم و باوکم کوشت، بیستم کە هەردووکیان وەفاتیان کردووە، دڵنیام کە مردنەکەیان بەهۆی خەفەتی من و بێئومێدبوون بووە لە بینینی من، تۆ منت کوشت.. چونکە ئەو ژیانە تاڵەی لە پێکی تۆدا خواردمەوە و ئەو خەمە درێژە کە چارەسەرمکرد بەهۆی تووە لە جەستە و دەروونمدا گەیشتە ئەوپەڕی و کەوتوومەتە ناو جێگای مردنەوە، وەک مریشکێکی پەڕوباڵ سووتاو کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەپووکێتەوە.

تۆ درۆزن و فێڵبازبوویت و دزێکی بکوژیت، بڕواناکەم کە خوای گەورە دەستبەردارت بێت و هەقی منت لێنەکاتەوە.

من ئەم پەیامەم بۆ نەنووسیویت تا پەیمانێک تازە بکەمەوە یان سۆزێک بنوێنم، چونکە تۆ زۆر لەوە سووکتریت. من ئێستا بەرەو گۆڕ هەنگاو دەنێم و لە حاڵەتێکدام کە خواحافیزی لە هەموو ژیانم دەکەم، بە خێر و شەڕیەوە



Scanned with CamScanner

و بە خۆشی و ناخۆشییەوە، هیچ ئومێدێکم بە سۆزداری نەماوە و هیچ بوارێک بۆ پەیمانبەستن نەماوە.

من ئەم پەیامەم بۆ نووسیت چونکە ڕاسپاردەیەکم پێیە بۆت، ئەویش ئەو کچەی خۆتە، ئەگەر ئەویان لە دڵتدا جێگای نەماوە و ڕۆیشتووە ئەوە بەزەیی باوکایەتی بۆ تۆ جێهێشتووە، وەرە و پێشوازی لێبکە و وەریگرە بۆ خۆت، تا تووشی نارەحەتی نەبێت، وەک چۆن دایکی تووش بوو). أ هـ...

بەڕاستی وتەگەلێکی غەمباربوون و کاریگەرییان زیاترە کاتێک کەسەکە خۆی بەسەرهاتەکە باس بکات و شاردراوەکانی ویژدانی خۆی دەربخات، لەبەر ئەوە زۆر لەوە ڕاستگۆترە کە کەسێک بە پێنووسەکەی گوزارشی لێبکات.

ئەم چیرۆکە و هاوشێوەکانی زادەی ئەو یەکالابوونەیە کە تێیدا دەژین، بەرهەمەکەشی دەرهاویشتنی ئەو جۆرە کێشانەیە کە چارەسەرکردنی کاتێکی درێژی دەوێت.

پیاو هێرش دەکاتە سەر ئافرەت و هەموو شتێ ئامادە دەکات بۆ ئەو هێرشە، لە پەیمانی درۆ و قسەی بریقەدار و سیحری و سەرنجڕاکێش، هەتا فریوی دەدات و لەکەداری دەکات و بەهادارترین شتی لێ دەستێنێتەوە، پاشان دەستی پیسی خۆی پێدا دەسڕێت و جیادەبێتەوە و دەڵێت ئیتر هەرگیز یەکتر نابیننەوە.

ئەو ئافرەتە لە سوچێکی ماڵەکەیدا بە خەفەتبارییەوە



Scanned with CamScanner

دانیشتووە و فرمێسک بە ڕوخساریدا دێتە خوارەوە و سەری شۆڕکردووەتەوە بۆ سەر شانی، نازانێت بۆ کوێ دەڕوات و چی دەکات و چۆن دەژی؟

داوای ژیان دەکات لە ڕێگای هاوسەرگیرییەوە و کەس شک نابات تا شووی پێ بکات، چونکە پیاوەکان پێی دەڵێن: داوێنپیس

ئەی بەڕێزان.. پێویستە دڵی ئافرەت بۆ هیچ کەسێک نەکرێتەوە پێش ئەوەی بۆ مێردەکەی خۆی بکاتەوە، تاوەکو بتوانێت لەگەڵیدا بژی و هیچ یادگارییەکی کۆن لەگەڵدا هەڵنەگرێت و وێنە و ڕەنگەکانی ناو مێشکی نەشێوێنێت.

زۆر کەم ئافرەت دەتوانێت بە ئەوینداری دەست پێبکات و پاشان دوای ئەوە ژیانێکی خۆش بەرێتەسەر.

ئەو ئافرەتەی کە ڕقتان لێ دەبێتەوە و سەرزەنشتی دەکەن، گوێ نادەنێ کە چی دەکات بە خۆی و بە ویژدانی؟ بێگومان سبەی دایکی منداڵەکانی ئێوەیە و پایەی ماڵەکانتانە، مەنزڵگای شەرەف و ناموس و پیاوەتی ئێوەیە، تەماشاکەن سبەینێ چۆنن لەگەڵیدا. خۆتان و منداڵەکانتانە چۆن دەبن لەسەر دەستی ئەو.

چۆن ژنی چاک دەبیننەوە بۆ ئایندەی ژیانتان؟ لەکاتێکدا ئێوە ئەمڕۆ کچەکانتان لەکەدار کردووە و منداڵەکانتان لە چ کەش و هەوایەکدا دەژین و بۆنی پاکی ژیان هەڵدەمژن، لەکاتێکدا ئێوە هەموو و دەوروبەرەکەتان پیس و ژەهراوی



Scanned with CamScanner

کردووە.

لەمڕۆ بەدواوە بانگەشەی ئەوە مەکەن کە ناتوانن هاوسەری باش و بەشەرەفتان دەست بکەوێت کە ناموستان بپارێزێت و پارێزەری بەختەوەری خۆتان و منداڵەکانتان بێت، ئەوە تاوانی خۆتانە و بەری ئەو کارەیە کە خۆتان بە دەستی خۆتان چاندووتانە.

ئەگەر ئێوە ڕابردووی ئەوانتان بپاراستایە، ئەوانیش ئێستا و ئایندەی ئێوەیان دەپاراست، بەڵام ئێوە ئەوانتان لە خشتە برد و بەهۆی حەز و ئارەزووەکانتانەوە ئەوانتان لەناوبرد.



Scanned with CamScanner

## ئەی بانگخواز...
## ئایا لەمە پەند و ئامۆژگاری تر هەیە

لـە یەکێـک لـە شـارەکانی شانشـینی سـعودیە ئافرەتێـک لەگـەڵ مێـرد و منداڵەکانیـدا لە یەکێ لـە گەڕەکەکاندا دەژیا، مزگەوتەکـە لکابـوو بە ماڵەکەیانەوە، بەڵام تووشـی بووبوو بـە مێردێکی سەرخۆشـەوە.

ڕۆژێـک یـان دوان تێنەدەپـەڕی، دەبووایە لـە ژن و کوڕ و کچەکانـی خۆی بدایە و دەریبکردنایەتە سـەر شـەقامەکە و زۆرێـک لـە خەڵکی گەڕەکەکـە بەزەییان بـە ژنەکە و کوڕ و

کچەکانـدا دەهاتـەوە، دەچوون بـۆ مزگەوت بـۆ نوێژکردن و پاشـان دەگەڕانـەوە بـۆ ماڵەکانـی خۆیـان و بـە تەنهـا وشـەیەکیش سـەبووری و یارمەتییان نەدەدا، زۆربەی جار ئـەو ئافرەتـە هەژارەیـان دەبینـی کـە لەگـەڵ کـوڕ و کچە بچکۆلەکەیـدا لـە پاڵ دەرگاکـەدا وەسـتابوون و چاوەڕوانی مێـردە سەرخۆشـەکەی دەکـرد تـا دەرگای بـۆ بکاتەوە و بیانباتـەوە ژوورەوە، دوای ئـەوەی هەموویانی دەرکردبوو، ئەگـەر دڵنیابووایـە کـە خەوتـووە کوڕێکی خـۆی دەنارده سـەر دیوارەکـە تـا بـڕوات و دەرگاکەیـان بـۆ بکاتـەوە و بڕواتـەوە ماڵـەوە و دەرگا لەسـەر مێردە سەرخۆشـەکەی دابخات.

هەتـا مەسـتی و سەرخۆشـییەکەی بـەری دەدات، ژنەکـە دەسـتی دەکـرد بە نوێژکـردن و بە گریـان و دەپاڕایەوە لە خـوای گـەورە کـە ڕێنمایی مێردەکـەی بـکات و لێی خۆش بێت.

هیـچ کەس لە هامۆشـکەرانی مزگـەوت نەیاندەتوانی قسـە لەگـەڵ ئـەو پیاوە سەرخۆشـەدا بکەن و ئامـۆژگاری بکەن، تەنانـەت ئیمامـی مزگەوتیش، تەنهـا لەبەر خاتـری ئەو ژنە مەینەتبـارە و منداڵەکانـی، چونکە پیاوێکی سـەرخۆش بوو، نکوڵـی لە هیـچ خراپەیـەک نەدەکـرد و هیچ چاکەیەکیشـی نەدەزانـی، هـەر وەکو پێشـینان دەڵێـن: (دیبلۆمـی هێنابوو لـە بەندیخانـەدا)، یان خۆشـەبووبوو تیایـدا، چونکە هەر کە بەردەبـوو لـە بەندیخانە دیسـانەوە بەنـد دەکرایەوە.



Scanned with CamScanner

ئـەو ژنـە دامـاوە لە سـێیەکی کۆتایـی شـەودا دوعای بۆ مێردە سەرخۆشـەکەی دەکرد و لە خـوا دەپاڕایەوە بە ناوە پیرۆزەکانـی و بـە خۆشەویسـتترینی کردارەکانـی تا خوای گـەورە ڕێنمایـی مێردەکـەی بکات بـەرەو ئیمـان، زۆربەی ڕۆژەکان دوعـای بـۆ دەکـرد، بـەڵام خـۆی و منداڵەکانـی بـەو دەردەوە دەتلانـەوە و بێجگـە لە خوا کـەس نەبوو لەو ناڕەحەتییـەدا بەزەیـی پێیانـدا بێتـەوە، نـە برا و نـە باوک و نـە دایـک سـۆزیان نەبوو بـۆی، لـەلای دراوسـێکانی و کـەس و کاریشـی بێزراو بوو، بەهۆی هەڵسـوکەوتی خراپی مێردەکەیەوە.

جارێکیـان ژنەکـە کاتێـک سـەردانی هاوڕێیەکـی دەکات لە گەڕەکێکی تری تەنیشـتیان و باسـی خـەم و خەفەتی خۆی بـۆ هاوڕێکـەی کرد و بۆی باسـکرد چەندە ئـازار دەچێژێت و کاتێـک کـە مێردەکەی سـەرخۆش دەبێت چـی دەکات بە خـۆی و کوڕ و کچەکانی... ئافرەتەکـەی هاوڕێی بە دڵ و بە گیان سـۆزی خۆی دەربڕی و وتی: (دڵنیابە و هێمن بەرەوە، مـن بـە مێردەکەم دەڵێـم تا سـەردانی بـکات و ئامۆژگاری بـکات.. مێردەکـەی گەنجێکـی ساڵحـی دانا بـوو، حەزی بە خێـر و خۆشـی دەکرد بۆ هەمـوو کەسـێک، قورئانی لەبەر دەکـرد و فەرمانی بـە چاکە دەکرد و قەدەغـەی خراپەکاری دەکـرد، ڕازی بـوو بـە مەرجـێ کە پێـی نەڵێ کە ئـەو ئەو داواکارییـەی کـردووە تـا مێردەکە سەرخۆشـەکەی تووڕە نەبێـت و لێی نـەدات و جارێکی تر دەری نەکاتەوە بۆ سـەر شـەقام، بۆیـە ژنەکەی تـر ڕازی بوو کە ئـەم کارە بە نهێنی



Scanned with CamScanner

بێت لەنێوانیاندا.

مێردی هاوڕێکەی دوای نوێژی عیشا ڕاستەوخۆ چووە لای مێردەکـەی و تەقەی دا لە دەرگا و کابرا بە سەرخۆشـییەوە دەرگای لێکـردەوە و بینـی مرۆڤێکـی پۆشــتە و پەرداخە و ڕیشـێکی ڕەشـی درێـژی پێوەیـە و ڕوخسـاری پڕیەتی لە نـوور و جوانـی و تەمەنـی نەگەشـتووەتە بیسـت و پێنـج سـاڵ، پیـاوە سەرخۆشـەکەش تەمەنـی چل سـاڵ بـوو، لە ڕوخسـاریدا نیشـانەی تووڕەیی و دوور لــە خوایی دەبینرا، تەماشـیکرد و پێیـوت: تـۆ کێیت و چیـت دەوێت؟

ئەویـش پێیـوت: من فڵانی کـوڕی فڵانم، تۆم خۆشـدەوێت و لەبەر خـوا هاتووم سـەردانت دەکەم.

پیاوەکـە قسـەکانی تـەواو نەکـرد ئـەم تفێکـی کـردە ڕوخسـاری و لۆمـە و سەرزەنشـتی کـرد و بـە زمانێکـی سـادە و زۆرناخۆش پێیـوت: نەفرەتی خوات لێبێت، سـەگی پیـس ئەمـە کاتی ئەوەیـە تا سـەردانی خەڵکـی بکەیت، بڕۆ لاچـۆ، بەڵکـو خوا تۆ و ئەو برایەشـت نەپارێزێت کە باسـی دەکەیت.

بۆنـی عارەقـی لێدەهـات، تەنانـەت وای هەسـت دەکرد کە هەمـوو گەڕەکەکـە ئەو بۆنە ناخۆشـەی لێوە دێـت، تفەکەی سـەر ڕوخسـاری سـڕی و پێیوت: خـوا پاداشـتت بداتەوە، پـێ دەچێت هەڵـەم کردبێت و لەکاتێکی گونجـاودا نەهاتم بۆ لات، بـەڵام پشـت بـە خوای گـەورە جارێکی تـر دێمەوە بۆ سەردانت.

پیـاوە سەرخۆشـەکە وەڵامی دایەوە: مـن نامەوێت جارێکی تر ڕوخسـارت ببینم، ئەگەر بێیتەوە سـەرت دەشـکێنم، بۆیە دەرگاکەی داخسـت بە ڕوخساری ئەو لاوە ساڵحەدا، لاوەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و وتی: سـوپاس بۆ ئەو خوایەی کە وای لێکـردم لە پێناوی خـوا و لە پێناوی ئاینەکەیـدا تفم تێبکرێت و سەرزەنشـت بکرێـم، وا هەسـت دەکـەم دنیـا هەمـووی بـە ڕوومـدا دەکرێتـەوە ئەگـەر ئـەو خێزانە لـەو تیاچوونە ڕزگار بکـەم، بۆیـە دەسـتی کـرد بـە دوعاکـردن بـۆی، لە سـاتەکانی دوعاکـردن و لەکاتـی وەڵامدانـەوەدا و داوای لە خـوای گـەورە کرد کە یارمەتـی بدات بـۆ ڕزگارکردنی ئەو خێزانـە لـە مەینەتییەکانـی بـۆ هەتاهەتایی. خـەم و پەژارە دڵی گوشـی بـوو، هەموو خەمێکی ئەوە بـوو ڕۆژێک بێت و ئـەو پیاوە سەرخۆشـە ببینێـت ڕێنمایی کراوە.

بۆیـە هەوڵیـدا چەنـد جارێک و لـە چەند کاتێکـی جیاوازدا، سـەردانی بـکات، بـەڵام وەکـو جـاری یەکـەم دەسـت نرا بـە ڕوویـەوە، تـا جارێکیـان بڕیاریـدا کە لـە پـاڵ ماڵیاندا نەجووڵێت تا قسـە نـەکات لەگەڵیدا.. ڕۆژێکیـان تەقەی دا لە دەرگا، پیاوە سەرخۆشـەکە هات بە دەمیەوە و دەسـتی کرد بـە غەڵبەغەڵـب و وتی: ئایا من چەند جـارێ تۆم دەرنەکرد؟ بۆچـی هەر دێیتـەوە لە کاتێکـدا مـن دەرم کردیت؟!!!.

پێیـوت: ئەمـە ڕاسـتە، بـەڵام لەبـەر خـوای گـەورە تـۆم خۆشـدەوێت و دەمەوێت بۆ چەند سـاتێک دانیشـم لەگەڵتدا و خـوای گەورە لەسـەر زاری پێغەمبەرەکەیەوە فەرمویەتی:



Scanned with CamScanner

(ئـەوەی لەبـەر خـوای گـەورە سـەردانی برایەکـی بـکات بانگخـوازێ لـە ئاسـمانەوە بانگـی دەکات تـۆ پیرۆزیـت و ڕۆیشتنەکەشـت پیـرۆزە و جێگایەکـت لەبەهشـتدا بۆ خۆت دیاریکـردووە).

پیـاوە سەرخۆشـەکە لەبـەردەم زۆرلێکردنـی ئـەو لاوەدا تەریقبوویـەوە، هەرچەنـدە ئـەم خراپیـش بـوو لەگەڵیـدا، بۆیـە پێیـوت: بەڵام من ئێسـتا عـارەق دەخۆمـەوە و تۆش لـە ڕوخسـاردا دیارە کـە چاکەخوازی و لە خوداترسـیت و ناتوانـم ڕێـگات بدەم کـە سـەرمێزەکەی من ببینیـت کە بە مەشـروبات ڕازاوەتـەوە.. بەهـۆی ڕێزمـەوە بـۆ تۆ.

لاوەکـە وتـی: بمبـەرە ئـەو شـوێنەی کـە عارەقـی تێـدا دەخۆیتـەوە و با پێکەوە قسـە بکەین و تـۆش عارەقی خۆت بخـۆرەوە، مـن نەهاتـووم تا ڕێـگای عـارەق خواردنەوەت لێبگـرم، بەڵکـو تەنیا هاتـووم سـەردانت بکەم.

سەرخۆشـەکە وتی: ئەگەر کارەکە بەوشـێوەیەبێت، فەرموو وەرە ژوورەوە، بـۆ یەکـەم جار لاوەکە ڕۆیشـتە ماڵیانەوە، دوای ئەوەی دەرکی بە دوو شـت کرد لە پێشوازی نەکردنی و دەرکردنیـدا و دڵنیابـوو کە خوای گـەورە کارێکی دەوێت لەم پیاوەدا.

بردیـە ئـەو ژوورەی کـە عارەقی تێدا دەخواردەوە، باسـی مەزنی خوای گەورەی بۆ کرد و باسـی ئەو ناز و نیعمەتەی خوای گەورە کە لە بەهەشـتدا ديناوە بـۆ باوەڕداران و ئەو ئاگـر و سـزایەی داناوە بـۆ بێباوەڕان لـە ڕۆژی دواییدا و

باسـی تەوبەی بۆکـرد و خوای گەورە بەنـدە تۆبەکارەکانی خۆشـدەوێت ئەگـەر داوای ڕێنمایـی بکەن.. پاشـان باسـی خێر و پاداشـتی سـەردانی بۆ کرد و خـوای گەورە دڵخۆش دەبێت بـە تەوبـەی بەنـدەی تەوبـەکار و ئەگـەر بەنـدەی صالـح داوا لـە خـوای گـەورە بـکات خـوای گـەورە یەک جـار دەفەرموێـت: (لَبَّيْكَ عَبْـدِي) و ئەگەر بەنـدەی تاوانبار و سـەرپێچیکەر بپاڕێتـەوە لـە خوای گەورە، خـوای گەورە دەفەرموێت: (لَبَّيْـكَ لَبَّيْـكَ لَبَّيْكَ عَبْدِي) سـێ جار.

تەماشـایکرد ڕوخسـاری پیاوە سەرخۆشەکە دەگەشێتەوە کـە بـە هەمـوو ئەندامەکانی گوێـی گرتبوو و هیچ باسـێکی حـەرام بوونـی عەرەقی بۆ نەکرد، لە کاتێکیشـدا کە دەیزانی لـە گوناهە گەورەکانە، پـاش ئەوە هاتەدەر بـێ ئەوەی یەک وشـە باسـی عارەقی بۆ بکات.

بۆیـە داوای مۆڵەتـی لێکـرد و خواحافیزی لێکـرد و داوای لێکـرد ڕێگای بـدات جارناجارێک سـەردانی بـکات، ئەویش ڕەزامەنـدی نوواند.

پـاش چەنـد ڕۆژێـک هاتـەوە بـۆ لای، بینی سـەرخۆش و مەسـتە، تەنهـا بـە تەقـەدان لـە دەرگاکـە پێشـوازی لێکرد و بـردی بـۆ ئەو شـوێنەی کـە عارەقـی تێدا دەخـواردەوە، لاوەکـە باسـی بەهەشـتی بـۆ کـرد و ئـەو پاداشـتەی کـە دانـراوە بـۆ تەوبـەکاران و پەشـیمانەکان.

تەماشـای کـرد پیاوە سەرخۆشـەکە لە کاتی قسـەکردنی ئەمـدا خەریکـە عـارەق خواردنەکەی کەم دەکاتـەوە و وای



Scanned with CamScanner

هەست دەکرد کە خەریکە نزیک دەبێتەوە لێی، بۆیە دەستی کرد بە شکاندنی پەرداخەکان لە دڵیدا و وردە وردە بەردەوام نەبوونی لە خواردنەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو قسانەی ئاراستەی دەکرێت وەریدەگرێت، بۆیە لاوەکە لە گیرفانیدا بۆنێکی گرانبەهای دەرهێنا و پێشکەشی کرد و بەخێرایی هاتە دەرەوە و دڵخۆش بوو بەو دەستکەوتەی لەم سەردانەیدا دەستی کەوتبوو، هەستی بە پێشکەوتنێکی باش دەکرد.

دوای چەند ڕۆژێکی تر گەڕایەوە بۆ لای پیاوەکە، بینی بە تەواوی لە حاڵەتێکی زۆر جیاوازدایە، هەرچەندە سەرخۆش بوو کاتێک لاوەکە باسی بەهەشت و ڕۆژییەکانی بۆ دەکرد پیاوە سەرخۆشەکە وەکو منداڵێکی بچووک دەستی کرد بە گریان و وتی: هەرگیز خوای گەورە لە من خۆش نابێت، هەرگیز خوای گەورە لە من خۆش نابێت، چونکە من ڕقم لە پیاوچاکان و پیاوانی ئایینی و ڕقم لە ڕاستە ڕێگا و ڕقم لە هەموو کەسێکە و ڕقم لە خۆمە و من ئاژەڵێکی سەرخۆشم و خوای گەورە ئاوڕم لێناداتەوە و تەوبەی من قبوڵ ناکات با تەوبەش بکەم. ئەگەر خوای گەورە منی خۆش بویستایە وای لێنەدەکردم عارەق بخۆمەوە و منی بەم شێوەیە لێنەدەکرد، بەم خراپەکاری و تاوانبارییەوە کە سالانێکی درێژە بەم شێوەیە دەژیم.

لاوە صاڵحەکە لە ئامێزی گرت و پێیوت: بێگومان تەوبەکەت وەردەگیرێت، چونکە تۆبەکار لە گوناە وەک ئەو

کەســە وایە کــە گوناهی نەکردبێت، بەڕاســتی دەرگای تەوبە کراوەیــە، کەس لەنێوانی تۆ و خوای گەورەدا نییە، بەڕاســتی هەرچــی بەختەوەری هەیە لــەم ئاینەدایە و کەســی گەڕاوە بــۆ لای خــوا زۆر جوانتــرە ئەگەر بــە دڵێکی پاکــەوە داوای ڕێنمایــی لە خوای گــەورە بــکات، تەنها ئەوەندەی لەســەرە کــە بــە دڵســۆزییەوە داوای ڕێنمایی لە خوای گــەورە بکات، خــوای گەورەش لێت وەردەگرێت و بەهــای ئەو تەوبەکردنە لای خــوای گــەورە زۆر مەزنــە.. لاوەکە پێی وت: کە ئێســتا نیــازی وایــە گەشــتێک بــکات لەگــەڵ کۆمەڵــێ هاوڕێیدا بۆ مەککــەی پیرۆز.. پێشــنیاری بۆ کــرد لەگەڵیاندا بێــت، پیاوە سەرخۆشــەکەش بە دڵێکی شــکاوەوە وتی: من سەرخۆشــم و بــرا ئاینیەکانــت لێــم قبوڵناکەن مــن هاوڕێیەتییان بکەم.

گەنجەکــە وتــی: هەقت نەبێت ئــەوان وەکو مــن وان، تۆیان خۆشــدەوێت و ئاســاییە بە لایانەوە ئەگەر بەو شــێوەیەش هاوڕێیەتیــان بکەیــت، کاری ئێمە ئەوەیــە بڕۆین بۆ مەککەی پیــرۆز بــۆ عومــرە، کــە تەواویــش بوویــن لــە بەجێهێنانی عومــرە جارێکــی تــر دەگەڕێینــەوە بۆ شــاری خۆمــان، لە میانــی گەشــتەکەماندا دڵخۆش دەبین کە تــۆ لەگەڵماندا بیت.

سەرخۆشــەکە وتــی: ئایــا ڕێــگام پێــدەدەن کــە پێکەکــەم لەگــەڵ خۆمــدا بهێنــم، چونکــە مــن بۆ یــەک ســات ناتوانم دەســتبەرداری ببــم.

لاوە صاڵحەکــە بەوپــەڕی دڵخۆشــییەوە وتــی: ئەگەر زۆر ناچاریــت بیهێنــە لەگەڵ خۆت، تێڕوانینی ئــەو لاوە زۆر زۆر

دووربینانــە بــوو، هەرچەنــدە هەڵگرتنی شووشــەی عارەق لە ئۆتۆمبێلەکەیدا زۆر مەرســیدارە و پاشــان سەرخۆشــێک لەگــەڵ خۆیــدا هەڵگرێــت و لە هەمان کاتیشــدا ســەرخۆش بێــت، ڕێــگای مەککــە پڕیەتی لــە دەوریــەی پۆلیــس، بەڵام بڕیــاری موجازەفەکردنــی دابــوو لەپێنــاو ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتــە و منداڵەکانــی.. ئــەوەی هــەوڵ بدات بــۆ ئامانجێکی گــەورە شــتە بچووکەکان ئاســان دەبێــت لایەوە.

لاوەکە پێیوت: ئێســتا هەســتە و غوسڵ دەربکە و دەستنوێژ بگرە و ئیحرام بپۆشــە.. خۆی ڕۆیشت بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی و پۆشــاکی تایبەتــی ئیحرامــی خۆی پێدا تــا دوایی بۆ خۆی بکڕێت و پاشــان بردیەوە هەتا بــەردەم ماڵی خۆیان.. کاتێک کــە ســەرســمی دەدا و بە ژنەکــەی وت: من لەگــەڵ کۆمەڵێ بــرادەری ئیمانــدار دەڕۆم بــۆ مەککــە بۆ عومــرە، ژنەکەی لەخۆشــیدا خەریک بوو باڵەفڕ دەبــوو.. جانتاکەی ئامادەکرد و ڕۆیشــت بــۆ گەرمــاو تــا خــۆی بشــوات و بە پۆشــاکی ئیحرامەوە هاتە دەرەوە.. هەرچەندە هێشــتا هەر ســەرخۆش بــوو، لاوە صاڵحــە پاڵەوانەکــە پەلــەی لێدەکــرد نەوەکــو پەشــیمان بێتەوە لە قســەکانی و نەڕوات لەگەڵیاندا و بڕوای نەدەکــرد ئــەم فرســەتە مەزنە دێتە پێشــەوە بــۆی، تا چەند ڕۆژێ دووری بخاتــەوە لــە مەســتبوون و هاوڕێــی خراپ، چونکــە ئەگەر هۆشــی بێتــەوە لەوانەیــە نــەڕوات لەگەڵیاندا و شــەیتان لە چەندیــن دەرگاوە بڕواتە ناخیــەوە و نەهێڵێت هاوڕێیەتیــان بــکات.. کاتــێ بردیــە دەرەوە و نــاردی بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکــەی و بەخێرایــی ڕۆیشــت هەتــا گەیشــتە لای



Scanned with CamScanner

هاوڕێ صاڵحەکانی کە ئایینداری و تەقوا لە ڕوخساریاندا دیاربوو و بیبات بۆ ماڵەکانیان و ببێتە هاوڕێیان لەم گەشتە مێژووییەدا.

ئۆتۆمبێلەکە بەرەو مەککە کەوتە ڕێ، لاوە ساڵحەکە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوری و لە پاڵ پیاوە سەرخۆشەکەدا و دوو هاوڕێکەشی لە دواوە دانیشتبوون کە چووبوون بۆ لایان و لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوون... بەدرێژایی ڕێگاکە سوورەتە کورتەکانیان دەخوێند، لەگەڵ هەندێ لە فەرموودە صەحیحەکانی بوخاری، هەموویان سەبارەت بە تەوبەکردن و هاندان و ترساندن بوون کە لەوەی لە لایەن خواوەیە لە خێری نەبڕاوە و فەزڵی کارەکان.

پیاوە سەرخۆشەکە نەیدەزانی سورەتی فاتیحە بخوێنێت و تێکەڵی دەکرد و بە ناتەواوی دەیخوێند، کاتێ سەرەی ئەم دەهات.. پێش ئەوەی ئەم بخوێنێت سێ جار ئەوان دەیانخوێندەوە هەتا ئەو هەڵانەی بۆ ڕاست بکەنەوە کە تێیدەکەوێت، بە بێ ئەوەی پێی بڵێن تۆ هەڵەتکرد، چونکە ناگونجێت کەسێک لە سوورەتی فاتیحەدا هەڵە بکات بەو شێوەیە.. هەتا چەندین جار سوورەتە کورتەکانیان دەخوێندەوە و چەندین جار فەرموودە جیاوازەکانیان سەبارەت بە فەزڵی کردەوەکان دەخوێندەوە، ئەویش گوێی دەگرت و نقەی لێوە نەدەهات.. پێش ئەوەی بگەنە شاری مەککە، هەرسێ هاوڕێکە بڕیاریاندا کە نەچنە ناو مەککەوە تا بە تەواوی هاوڕێکەیان مەستیی نامێنێت و

سەرخۆشـــییەکەی بـــەری دەدات، بۆیـــە بڕیاریانـــدا لە یەکێ لـــە جێگاکانـــی حەوانەوەی ســـەر ڕێگاکە لابـــدەن، بە بەڵگەی ئـــەوەی کـــە ماندووبـــوون و دەیانەوێـــت بخـــەون، هەتـــا بەیانـــی، پاشـــان دەســـت بکەنەوە بـــە گەشـــتەکەیان، ئەمیش زۆری لێدەکـــردن کە دەتوانێـــت ئۆتۆمبێلەکەیان لێبخوڕێت و ئەوانیـــش بـــا بۆ خۆیـــان بخـــەون، چونکە ئـــەو هەرگیز خەو نەی دەبـــردەوە.

ئەوانیـــش وتیـــان خـــوا پاداشـــتی خێـــرت بداتـــەوە، ئێمـــە دەمانەوێـــت لـــە هاوڕێیەتی تۆ لـــەزەت وەربگرین و زۆرترین کات لەگـــەڵ یەکتـــردا بەرینەســـەر، بۆیە ئەویـــش ڕازی بوو، ڕۆیشـــتن بۆ جێگایەکـــی حەوانەوە کە لەســـەر ڕێگاکەدا بوو، بۆیـــە جێـــگای هـــاوڕێ سەرخۆشـــەکەیان لەنێـــوان خۆیانـــدا داخســـت، تاوەکـــو ئەمـــان ببینێـــت کـــە چـــی دەکـــەن، ئەوان دەســـتیان کـــرد بـــە باســـکردنی ئادابەکانـــی خەوتـــن و چۆن بخـــەون و بە پێی ســـوننەتەکانی پێغەمبـــەر ﷺ بێت، ئەمیش تەماشـــای دەکردن و لاســـایی دەکردنەوە، چەنـــد خولەکێکی نەخایاند پیاوە سەرخۆشـــەکە کەوتە نـــاو خەوێکی قووڵەوە.

ســـیانەکە پێـــش بانگـــی بەیانـــی خەبەریـــان بوویـــەوە و لەو کۆتایی نیوەشـــەوەدا دەســـتیانکرد بە نوێژ و دوعا و پاڕانەوە بـــۆ هاوڕێکەیان کە بەهۆی کاریگـــەری کحولەوە لە خەوێکی قوڵـــدا بـــوو.... ســـوجدەیان دەبـــرد و دەگریـــان تـــا خـــوای گـــەورە بـــە جوانتریـــن شـــێوە ڕێنمایـــی بـــکات و بگەڕێتەوە ســـەر ئایینەکـــەی، کاتێ ئـــەم خەوتبـــوو، خەبـــەری بوویەوە



Scanned with CamScanner

ئەوانــی بینــی پێــش بانگــی بەیانی نوێــژ دەکــەن و دەگرین و لــە خــوای پــەروەردگار دەپاڕێنەوە.. کەمێــک ترس چووە ناو دڵیــەوە، بەرە بەرە خەریک بوو مەســتییەکەی بەریدەدا، بەو نیوەشــەوە لەژێر نوێنەکەیــەوە چاودێری کردەوەی ئەو لاوانــەی دەکــرد و بــە نوێنەکەی خۆی و خەمــە گەورەکەی شــاردبوویەوە، زۆر شــەرمی لــەوان و لــە خــوای گــەورە دەکرد، لە خۆی پرســی: چۆن لەگەڵ کەسانێکی ئەوا صالحدا بــڕۆم کە شــەوانە هەڵدەســتن و لە ترســی خــوا دەگرین و بەپێــی ســوننەتەکانی پێغەمبــەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەخــۆن و دەخۆنەوە، منیــش ئــاوا سەرخۆشــم، بۆیــە پرســیارگەلێکی زۆری بــە مێشــکدا هــات، تا وای لێهــات نەیدەتوانی بخەوێتــەوە، دوای چەند ســاتێک بانگی بەیانــی درا و ئەوانیش وایان نیشــاندا وەک هاوڕێکەیــان شــەو خەوتوون، چەند ســاتێکی نەخایاند هەســتانەوە بۆ نوێژی بەیانی و نەیاندەزانــی هاوڕێکەیان لە ژێر جێــگاوە چاودێرییــان دەکات، بۆیە ئەویش هەســتایەوە و دەســتنوێژی گــرت و لەگەڵیــان ڕۆیشــت بــۆ مزگەوت و نوێــژی بەیانی کرد.

ڕوواڵەتی لە جاران زۆر باشتربوو، بەشێوەیەک نیشانەکانی سەرخۆشــی بەتــەواوی لەســەریدا نەمابوون، بۆیــە نوێژی بەیانــی ئەنجامــدا لەگەڵیاندا و لەگەڵ هاوڕێکانی کە خۆشــی دەویســتن، بەهۆی ئــاکارە جوانەکانیانــەوە و پابەندبوون بە ئایینەکەیانــەوە و ڕێزگرتــن لە ئەم و مامەڵەیــان لەگەڵیدا بە شــێوەیەک کە پێشــتر شــتی وای نەبینیــووە و گەڕایەوە بۆ شوێنی حەوانەوەکەی.



Scanned with CamScanner

دوای ئـەوەی نانـی بەیانیـان ئامادەکـرد ئـەوان هەسـتان بـە خزمەتکردنـی و وەک ئـەوەی ئەمیـر بێـت و ئەوانیـش خزمەتـی بکـەن و ڕێـزی بگـرن و بەسـۆزبن لەگەڵیـدا و بـەراوردی دەکـردن لەگـەڵ دراوسـێیانەی کـە دەیوت ڕقی لێیانـە، تـەواو سەرسـام بـوو پێیـان... بۆیـە ئـەوان لەگەڵ یەکتردا باسـی ئادابەکانـی خواردنیان دەکـرد و خواردنیش لەبەردەسـتیاندا بـوو، ئەویـش گوێـی لـەو قسـانە بـوو.. خواردنیان خوارد و دانیشـتن هەتا خۆر هەڵهات و هەسـتان و نوێـژی چێشـتەنگاویان کـرد و جارێکـی تر ڕۆیشـتنەوە خەوتـن تـا کاتژمێر دەی بەیانـی، تا دڵنیابـن هاوڕێکەیان بە تـەواوی مەسـتییەکەی نەماوە و چووەتە دۆخی سروشـتی خـۆی، بۆیـە هاوڕێکەی بانگ کـرد و کەمێک قسـەیان کرد: چـۆن منـت هێنا بـەم سەرخۆشـییە لەگەڵ ئەم پیـاوە چاکە بەڕێزانـەدا، خـوا پاداشـتت بداتـەوە، پاشـان من شووشـە عارەقەکـەم لـە سـەیارەکەمدا بینـی، کـێ هێنابـووی؟ لاوە ساڵحەکـەش پێیوت: مـن هێنام!! دوای ئـەوەی کە تۆم بینی سـووریت لەسـەر هێنانی و بە شووشـە عارەقەکەوە نەبێت نایەیـت لەگەڵمـان، ئەویش وتـی: ئایـا هاوڕێکانـت بینییان، وتی: نـەو، ئەوان نەیانبینی، چونکە لە کیسـێکی ڕەشـدایە و بـە هیچ شـێوەیەک دیـار نییە، بۆیـە وتی: سـوپاس بۆ خوا نەیانبینیوە.

دوای ئـەوە کەوتنـەڕێ بـەرەو مەککـە و هاوڕێکەیـان لەگەڵـدا بـوو، لـە سـەرەتای گەشـتەکەیاندا چیـان کـرد ئەنجامیـان دایەوە، چەند سـوورەتێکی کورتیـان خوێندنەوە



Scanned with CamScanner

و لەگـەڵ چەنـد فەرمـوودە و پەنـد و ئامـۆژگاری لە کاتی گەشـتەکەیاندا، بەڵام ئـەم جارەیان هاوڕێکەیـان هەوڵدەدات کورتـە سـوورەتەکان بـە شـێوەیەکی باشـتر لە پێشـووتر بخوێنێتـەوە، لەمیانی ڕێگاکەیاندا شـتی زۆریـان خوێندەوە، پاشـان گەیشـتنە مەککـە و ڕۆیشـتن بـۆ (بیـت الحـرام) و ڕێزیـان لـە هـاوڕێ سەرخۆشـەکەیان دەگـرت و هەنـدێ جـار زیادەڕۆییـان دەکـرد لـە ڕێزگرتنیـدا بـە ئومێـدی ڕێنماییکـردن... تەوافیـان کرد و ڕۆیشـتن بۆ (السـعی) و لە ئـاوی زەمزەمیان خـواردەوە و ئەویش مۆڵەتـی لێوەرگرتن بڕوات بـۆ (الملتزم).. ئەوانیش مۆڵەتیاندا و ئەویش ڕۆیشـت و دەسـتی گـرت بـە (الملتـزم)ەوە بـە کوڵ دەسـتی کرد بە گریـان... لاوە صاڵحەکە کـە لەگەڵیدا و لە تەنیشـتیەوە بوو، وای هەسـت دەکـرد کـە پایەکانـی کەعبە بە هـۆی گریان و لاواندنەوەی ئەمەوە دەلەرزن، فرمێسـکەکانی دەبارینە سـەر گۆڕەپانـی دەوری کەعبە.

لاوە صاڵحەکـەش بەهـۆی گریانـی ئـەوەوە ئۆقـرەی لێبڕا و بـە کـوڵ گریـا، گوێـی لـە دوعـا و پارانەوەکانـی بـوو، بەڕاسـتی دیمەنێکی خەمناک بوو، کە دیمەنێک بەو شـێوەیە ببینێـت، داوای لە خـوای گەورە دەکرد کـە تەوبەکەی قبوڵ بـکات و پەیمانـی دەدا بـە خـوای گـەورە کـە جارێکـی تر نەگەڕێتـەوە سـەر عارەق خواردنەوە و دامـەزراوی بکات و لـە دوعاکردنەکانیدا ئەوەنـدەی دەزانی بڵێـت: (پەروەردگارا ڕەحمـم پێبکـە، خوایـە گیـان زیادەڕۆیـی زۆرم کـرد، دەی ڕەحمـم پێبکـە ئـەی پـەروەردگاری ئاسـمانەکان و زەوی،



Scanned with CamScanner

ئەگـەر لـە ڕەحمەتی خـۆت دەرم بکەیت ئیتر پەنـا بۆ کوێ بـەرم؟ ئەگـەر لێـم خـۆش نەبیت بێجگـە لە تۆ کـێ ڕەحمم پێـدەکات؟.. پـەروەردگارا، بەڕاسـتی دەرگاکانـی بەزەیی و ڕەحمـی تـۆ کراوەیە، منیش تـکا دەکەم و لێـت دەپاڕێمەوە، خوایـە گیـان بێ ئومێـدم مەکە).

دوعاکـەی زۆر کاریگـەر بـوو تـا ئـەو ڕادەیـەی هەمـوو ئەوانـەی هێنایـە گریان کە بـە دەوریی‌یەوە بـوون، گریانەکەی زۆر بەسـوێ بـوو، وات هەسـت دەکرد کاتێ تـکا دەکات لە پـەروەردگار گیانـی بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسـمان، هەر دەگریا و داوای فریاکەوتنـی دەکـرد تا ئەو ڕادەیـەی هاوڕێکەی وا گومانـی دەبـرد کە دڵـی خەریکە پـەرت دەبێت... بـەردەوام بوو لەسـەر ئەو شـێوازە و بۆ زیاتر لە سـەعاتێک لە خوای گـەورە دەپاڕایـەوە و هاوڕێکەشـی لـە دوایـەوە لەگەڵیـدا دەگریا... بەڕاسـتی دیمەنێکی کاریگەر بوو، بەتایبەتی دیمەنی بەکـوڵ گریانـی پیاوێـک چل سـاڵی تەمەنـی تێپەڕاندبێت و دەسـتی بە دیـواری کەعبەوە بێت، ئەو شـتەی زیاتر مرۆڤی دەهێنایـە گریـان ئەوەبـوو کە دەیـوت: (خوایە گیـان کاتێک مەسـت و سـەرخۆش دەبـووم لـە ژنەکەمـم دەدا و دەرم دەکـرد، دەی خوایە گیـان لەو کردەوانەم خۆشـبە بەرامبەر بـە ئـەو، خوایـە گیـان ڕەحم و بەزەیـی تۆ هەموو شـتێکی گرتووەتـەوە و داوات لێدەکـەم خوایـە گیان کـە ڕەحمەت و بەزەییت منیـش بگرێتەوە...).

(خوایـە گیان من لـە بەردەمی تۆدا ڕاوەسـتاوم و نائومێدم



Scanned with CamScanner

مەکـە، خوایە گیان ئەگـەر ڕەحمم پێ نەکەیـت، بێجگە لە تۆ کـێ ڕەحم بە مـن دەکات، خوایە گیان مـن تەوبەم کردووە، دەی لێـم وەربگرە و ، ئەی پـەروەردگار پێم بفەرموو: (لبیک لبیـک لبیـک عبـدی) خوایە گیـان مـن داوات لێدەکـەم ڕوو لـە مـن وەرنەچەرخێنیت، خوایـە گیان تەماشـام بکە ئەوەتا زەویـم پڕکـردووە لـە فرمێسـک، خوایـە گیـان مـن لەبەر دەسـتی تـۆدام و میوانی تۆم لـەماڵەکەتدا، وەکـو مامەڵەی مرۆڤـەکان مامەڵـەم لەگەڵدا مەکە).

(خوایـە گیـان ئەگـەر داوایـان لێبکـەم ڕێگریـم دەکـەن و ئەگەریش تکایان لێبکەم بە سـووک تەماشـام دەکەن، خوایە گیان سـینەم فراوان بکە و بیناییم ڕوونـاک بکەرەوە، خوایە گیـان بـا ڕووناکیت بمگرێتـەوە و خۆشەویسـتی عەرەقم لا ببوغزێنـە تا زینـدووم لەژیانـدا.. پەروەردگارا تـووڕە مەبە لێـم و ڕقـت لێم نەبێـت، ئای چەندە بـە گونـاه و تاوانەکانم کـە ناژمێردریـن تۆم تووڕە کـرد، کاتێ کە سـەرپێچی تۆم دەکـرد و تۆش تەماشـات دەکردم).

هاوڕێکـەی لـەم کاتەدا داوای لێکرد دوعـای بۆ بکات.. بۆیە گریانەکـەی زیادی کـرد و دەیوت: پـەروەردگارا ئایا داوای دوعـا لە کەسـێکی وەک من دەکات؟!!.

(خوایە گیان من ماوەی بیسـت و پێنج سـاڵە سـەرپێچی تۆ دەکەم و دەسـتبەرداری مـن نەبویت، مەهێڵە لە گوناهەکانمدا بگەوزێـم، خوایە گیان من فاسـق و خراپـەکارم و لەبەردەم دەرگاکەتـدا وەسـتاوم و بمگێـڕە بـە پیاوچاکەکانـی خۆت،

خوایــە گیــان مــن داوای ڕێنمایــت لێدەکەم و ئــەوەی نزیکم دەکاتــەوە لە تــۆ لە گوفتار و کــردار. من ملکەچــم و زەلیلم لە نێو دەســتی تۆدا و شــکاومەتەوە, پەروەردگارا بەڕاســتی گوناهەکانــم زەوی و ئاســمانەکانی پڕکــردووە، ئــەی بــە بەزەییترینــی بەزەییــان لە هەموو گوناهەکانم خۆشــبە، ئەی پەروەردگاری ئاســمانەکان و زەوی..)...

هــەر دەگریــا و دەلالایــەوە و هەنــدێ جاریــش گریان زاڵ دەبــوو بەســەریدا و تەنها گوێت لــە گریــان دەبوو....بانگبێژ بانگی عەســریدا و دانیشــتن بۆ نوێژکردن، پیاوە سەرخۆشە تۆبەکارەکەش هێشــتا خۆی هەڵواسیبوو بە دیواری کەعبەدا و دەگریــا، هەتــا هاوڕێکەی بەزەیی پێدا هاتــەوە و بردی بۆ ڕیــزی نوێژخوێنان تا نوێــژ بکات و بحەوێتــەوە لە گریان... لەگــەڵ خۆیــدا بردی و باوەشــی پیادا کردبــوو، وەک دایکی یــان وەک باوکــی...دوو ڕکات نوێــژی کــرد پێــش نوێــژی عەســر، نوێژەکەی هەمووی گریان بوو بــە دەنگێکی هێواش کــە دڵی دەپچڕاند و ســوێی لــە دڵی دەوروبــەری دەهێنا.

بەراســتی دوعــای ژنەکــەی لــە شــەودا خــوا وەریگرت و دوعــای لاوە صالحەکە بەســوود و بەرهەمداربوو... دوعای هاوڕێکانــی لــە شــەودا بــۆی لە ســەفەرەکەیاندا مەبەســتی خــۆی پێــکا، بەڕاســتی دوعــا و پاڕانــەوە لەمیانی شــەو و ڕۆژێکــدا مرۆڤێکــی تری ســازاند، ئەوەتــا هاوڕێکەیان کاتێ هەســت بە شــیرنی ئیمــان دەکات، لە ترســی خــوای گەورە دەلەرزێــت، بەڕاســتی دوعاکردن بە پەنهانــی ئەنجامی خۆی

پێکا و ڕێنمایی نیشـــاندا... هاوڕێکانی لەو گەشـــتەیاندا بەهۆی گریانیـــەوە بەزەییان پیادا دەهاتەوە.. نوێـــژ تەواو بوو، هاتنە دەرەوە بـــەدوای ئوتێلێکـــدا دەگەڕان کە نزیکـــی حەرەم بێت، هێشـــتا فرمێسک بە ڕوخســـاریەوە بوو، یەکێکیان کە هەموو قورئانـــی لەبـــەر بوو کـــە زۆر خاکی (المتواضـــع) بوو تا ئەو ڕادەیـــەی هـــەردەم دەم بـــە خەنـــدە دەتبینی، کاتـــێ تەوبەی هاوڕێکـــەی بینی زیاتر ڕێزی لێدەگـــرت و زیادەڕۆیی دەکرد لـــە ڕێزگرتنیـــدا و ســـوور بـــوو لەســـەر ئەوەی پێـــڵاوی ئەو تەوبـــەکارە هەڵبگرێت و لە بـــەردەرگای حەرەمدا بیخاتە ژێر خـــۆی، ئەم هەڵوێســـتەی ئـــەو حافیـــزەی قورئانە شـــتانێکی لـــە دڵـــی ئەمدا شـــکۆفە پێکـــرد کە کـــەس نازانێـــت بێجگە لە خـــوا، بەڵکـــو خەیاڵیش دەستەوســـانە لە وەســـفکردنی.. بەڵێ پێڵاوەکانـــی خـــۆی و ئـــەوی هەڵگرت و تـــا دەرەوەی حەرەم بردنـــی و کردنیـــە پێ و بـــەو کردەوەی خـــۆی زۆر دڵخۆش بوو.

چوونـــە ئوتێلەکـــەوە کـــە دەیڕوانی بەســـەر حەرەمـــدا، پێنج ڕۆژ لـــەوێ مانـــەوە، هاوڕێکەیـــان بۆ هەمـــوو نوێژێ دەچوو بـــۆ مزگـــەوت و دەســـتی دەگرت بـــە (الملتـــزم)ەوە و دەگریا و ئەوانـــەی دەوروبـــەری خـــۆی دەهێنایە گریان، شـــەوانیش هەڵدەســـتا بۆ عیبادەت و خواپەرستی و دەگریا و هاوڕێکانی و دیوارەکانیـــش لـــە گەڵیـــدا دەگریـــان.. نەتدەبینـــی هەرگیـــز بخەوێـــت، بـــە ڕۆژ لـــە حـــەرەم دەگریا و شەویشـــی زیندوو دەکـــردەوە بـــە نوێژکـــردن و پاڕانـــەوە لە خوای گـــەورە بە دەنگێکـــی پڕ لـــە گریانەوە.

دوای ئـەوەی گەشـتەکەیان تـەواو بـوو، گەڕانـەوە بـۆ شـارەکەی خۆیان، کاتێ لە ڕێگادا بوون داوای لە هاوڕێکەی کـرد کەمێـک ئۆتۆمبێلەکـە ڕابوەسـتێنێت، ئەویـش بەهۆی داواکاریەکەیـەوە وەسـتاندی و تۆبەکارەکـەش شووشـە عارەقەکەی لە کیسە ڕەشـەکەی بەردەم هاوڕێکەیدا دەرهێنا و هەمـووی ڕژانـد و پێیوتـن: تو خـوا لە ڕۆژی حەشـر و زیندووبوونـەوەدا شـایەتیم بـۆ بـدەن کـە مـن جارێکی تر ناگەڕێمەوە سـەر ئـەم کارە.

کاتێک کە دەیڕژاند دەگریا بۆ ئەو گوناهانەی کە کردبوونی بەهۆی ئەو عارەقە نەفرەتییەوە، چاوی هاوڕێکانیشـی پڕبوو بوون لە فرمێسـک و وشـانێک لـە چاوانیانەوە گوزارشـتی دەکـرد کـە نەیاندەتوانـی چۆن بـە زمان دەریببـڕن، چونکە بەڕاسـتی ئەسرین و فرمێسک کاریگەرترە تا وتەی سەرزار، بۆیـە دەسـتیان کـرد بـە گریـان، دوای ئـەوە کەوتنەڕێ و ئەوانیـش وەک ئـەو دەگریـان.. بێدەنگی تێکەڵـی لاواندنەوە بووبـوو، گریانەکان تێکەڵـی یەکتری دەبـوون، پێش ئەوەی بگەنـە شـارەکەیان، پێیـان وت: ئێسـتا دەڕۆیتـەوە بۆ ماڵی خۆتـان و ڕووگـەش و بەسـۆز و میهرەبان بـە لەگەڵیاندا و ئامۆژگارییان کرد سـەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ ژن و مـاڵ و منداڵـدا.. دوای ئـەوەی خـوای گەورە ڕێنمایـی کردیـت و هەمیشـە پابەنـد بیـت بـە نوێـژی جەماعەتـەوە لـە مزگەوتدا لـە زانا خواناسـەکانەوە و خۆی فێـری کاروباری ئایینـی بکات، چونکە خـوای گەورە تۆبەی تۆبـەکار وەردەگرێـت و دڵخۆشـە پێـی، بـەڵام بـەردەوام



Scanned with CamScanner

بــوون لەســەر ڕێنمایــی و تەوبەکردن لە باشــی ڕەحمەت و هیدایەتــە، ئەویــش دەیوت: بە خــوا ئیتر هەرگیز ســەرپێچی خــوای گــەورە ناکــەم، ئەوانیش دەیانــوت: (إن شــاوالله) و فرمێســکیش بــە چاوانیانــدا دەهاتە خوار.

گەیشــتە ماڵــەوە و گەیشــت بــە ژن و کــوڕ و کچەکانی، لە شــێوازێکدا کــە ئەو شــێوازە نەبوو کە ڕۆیشــتبوو، ژنەکەی هەوڵــی نــەدا دڵخۆشــی و ئاســوودەیی خــۆی بــە بینینــی ئــەو دیمەنــە بشــارێتەوە، بۆیــە دەســتی کــرد بــە گریان و لــە ئامێــزی گــرت و ئەویــش گریــا و ســەری مــاچ کرد و بــەدەم گریانەوە یەکــە یەکە کچ و کوڕەکانــی ماچکرد، پاش چەند ســاتێکی کەم هەســتایەوە تاوەکو بچێــت بۆ نوێژکردن لــە مزگەوتەکــەی تەنیشــتیان.. نیشــانەکانی چاکــەکاری لــە ڕوخســاریدا دیاربــوون، ڕیشــی هێشــتبوویەوە کــە مووی ســپی تێکەوتبوو، لە ڕوخســاریدا نیشــانەی ئاســوودەیی و بەختــەوەری دەبینــرا، وەک ئــەوەی تــازە لــە دایکبووبێت.

بــەم شــێوازە ماوەیەکــی زۆر تێپــەڕی، داوای لــە ئیمامی مزگەوتەکــە کــرد کــە یارمەتی بدات لــە بانگدانــی ڕۆژانەدا، ئەویــش ڕەزامەنــدی نوانــد، دوای ئــەوە بــوو بــە بانگبێژی فەرمــی مزگەوتەکــە، دوای ئــەوەی بانگبێژەکــەی تــر وەفاتیکــرد، پاشــان ئامــادە دەبوو لــە بازنەکانــی فێربوونی قوئــان و زانســت و وانەکانــی مزگەوتــدا. پاشــان بڕیاریــدا قورئانــی پیــرۆز لەبەر بکات، دەســتی کرد بــە لەبەرکردن و هەمــوو قورئانــی پیــرۆزی لەبەرکرد.. لەو ماوەیــەدا هاوڕێ

گەنجـە بەسـۆزەکەی بەبەردەوامـی سـەردانی دەکـرد و کەسـانی چاکەخوازی پێ ئاشـنا دەکرد، تـا بوویە یەکێک لە بانگخـوازن بـۆ ڕێگای خوا و لەسـەر دەسـتی ئـەم زۆرێک لـە هاوڕێکانـی ڕێنماییکـران، ئەوانـەی کـە پێشـتر لەگەڵیدا عارەقیـان دەخواردەوە، پاشـان بوو بە ئیامـی مزگەوتەکە و تا ئێسـتاش بەردەوامە و سـوپاس بۆ خوای گـەورە یەکێکە لـە بانگخـوازان و ئیمامـی مزگەوتی ئـەو گەڕەکە.

تێبینـی: ئـەم چیرۆکە لە چنروای ئەندێشـە و خەیاڵ نییە و دەمانتوانی نـاوەکان بڵاوبکەینەوە، بـەڵام خاوەنەکانیان حەزیان بەوە نەکرد.

سایتی (موسوعە القصص الواقعیە) لە ئینتەرنێتەوە



Scanned with CamScanner

## چیرۆکی کوڕ و کچێکی لاوی ئیماندار

دەگێڕنـــەوە کە لە ســـەدەی یەکەمی کۆچیـدا کوڕێکی گەنجی خواناس داوای زانســـتی دەکـــرد و خۆی یەکلایی کردبووەوە بۆی، بەڵام هـــەژار و نەداربوو.

ڕۆژێکیـــان بەهۆی برســـیەتییەوە لە مـــاڵ چووەیە دەرەوە، چونکـــە هیچی شـــک نەدەبرد تا بیخـــوات، بۆیە لـــە ئەنجامدا ڕێی کەوتە باخێ کە پڕبوو لە درەختی ســـێو، لقی دارسێوێک شـــۆڕبووبوویەوە بـــۆ ســـەر ڕێگاکە، ئەمیش کەوتـــە وتووێژ لەگـــەڵ خۆیدا کـــە ئایا ئەو ســـێوە بخوات و برســـیەتییەکەی نەمێنێـــت و خـــۆ کـــەس نایبینێت و ئەو باخـــەش بەهۆی یەک



Scanned with CamScanner

سێوەوە کەم ناکات، بۆیە سێوێکی لێکردەوە و دانیشت و خواردی تا برسیەتییەکەی نەما، کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە دەروونی لۆمەی دەکرد، ئایا ئەوە پیشەی ئیمانداری راستەقینەیە، دانیشت و بیری دەکردەوە و دەیوت: چۆن ئەو سێوەم خوارد و ئەوە ماڵی موسوڵمانە و من مۆڵەتم وەرنەگرتووە لێی، داوای گەردن ئازادیم لێنەکرد.. بۆیە رۆیشت و گەڕا بەدوای باخەوانەکەدا، هەتا دۆزیەوە و لاوەکە پێیوت: مامە گیان من دوێنێ برسیەتی زۆری بۆ هێنابووم و سێوێکم لە باخەکەت خوارد بەبێ ئەوەی تۆ بزانیت، ئەوەتا تا ئەمڕۆ من هاتووم گەردنم ئازاد بکەیت.

باخەوانەکەش پێیوت: بەخوا گەردنت ئازاد ناکەم و لە رۆژی قیامەتدا بەرۆکت دەگرم.

کوڕە گەنجەکەش دەگریا و دەپاڕایەوە تا گەردنی ئازاد بکات و پێیوت: من ئامادەم هەر کارێکت بۆ بکەم بە مەرجێ لێم خۆش ببیت و گەردنم ئازاد بکەیت.. هەر لە خاوەن باخەکە دەپاڕایەوە و خاوەن باخەکەش زیاتر سوور دەبوو لەسەر قسەی خۆی، بۆیە ر ۆیشت و بەجێی هێشت، کوڕە لاوەکەش کەوتە دوای و دەپاڕایەوە لێی هەتا باخەوانەکە رۆشتە ماڵی خۆیان، لاوەکەش لە بەردەرگاکەیاندا وەستاو چاوەڕوان بوو تا بۆ نوێژی عەسر پیاوەکە بێتە دەرەوە و کاتێک باخەوانەکە لە ماڵ هاتەدەر و بینی هێشتا لاوەکە وەستاوە و فرمێسک بەڕیشیدا دێتە خوارەوە و زیاتر نوور و رووناکی بەخشیوە بە روخساری.. لاوەکە بە

باخەوانەکــەی وت: مامــە گیان من ئامــادەم وەک جوتیارێک لــە باخەکەتــدا کاربکەم بە بێ کــرێ و بەدرێژایــی ژیانم، یا بەهــەر شــێوەیەک تۆ پێــت باش بێــت، بەڵام بــەو مەرجەی لێم خــۆش بیت.

لەوکاتــەدا باخەوانەکــە کەوتــە بیرکردنەوە و پاشــان وتی: کــوڕی خــۆم من ئامادەم لێت خۆش ببــم، بەڵام بە مەرجێک، لاوەکــە گەشــایەوە و بە ڕوویەکی گەشــاوەوە و خۆشــەوە وتــی: مامەگیان چ مەرجێکــت هەیە بیڵێ.

باخەوانەکــە وتــی: مەرجــی مــن ئــەوەم هەیــە کچەکــەم بخوازیــت!!!!

لاوەکــەش زۆر سەرســام بوو بــەو وەڵامــە و هەرگیز ئەو مەرجــەی بە مێشــکدا نەدەهــات، پاشــان باخەوانەکــە وتی: بــەڵام کــوڕی خۆم حــەز ئەکــەم کــە بزانیت کچەکــەی من کوێــرە و کەڕە و لاڵیشــە، هەروەهــا ئیفلیجیشــە و ناتوانێت جووڵــە بکات، منیــش ماوەیەکی زۆرە دەگەڕێــم تا مێردێکی بــۆ پەیــدا بکــەم و متمانەم هەبێــت پێــی و ڕازی بێت و بەو هەمــوو ناتەواوییــەی باســمکرد، ئەگــەر تــۆ ڕازی بیت پێی، ئــەوا لێــت خــۆش دەبــم، لاوەکــە جارێکــی تریش تووشــی سەرســامی بوویەوە.

پاشــان هــەر بیری دەکــردەوە کە چۆن لەگەڵ ئــەو هەموو نارەحەتییــەدا بــژی، بەتایبەتــی ئــەم هێشــتا لــە هەرەتــی لاویەتیدایــە؟ چۆن ئــەو ئافرەتە هەڵدەســتێت بــە کاروباری خــۆی و بەڕێوەبردنــی مــاڵ و گرنگیــدان بــەم، لەکاتیکــدا



Scanned with CamScanner

بەوشـێوەیە بێت؟

هاتـەوە بەخۆیـدا و بـە خۆیـی وت، ئارمبگرە لەسـەری لە دنیـادا و بـا ڕزگارت بێـت لە تاوانـی ئەو سـێو خواردنە !!!.

پاشـان ڕوویکـردە باخەوانەکـە و پێیوت: مامـە گیان ئەوە مـن ڕازی بووم بـە کچەکـەت و داواکارم لە خـوای گەورە پاداشـتی نیـاز و نیەتـم بداتـەوە و بەهـۆی ئـەوەوە بەخێر قەرەبـووی بکاتـەوە بۆم.

باخەوانەکـە وتـی: زۆرباشـە کـوڕی خـۆم ژووانـی ئێمە پێنـج شـەممەی داهاتووە.. دەبێـت بێیت بۆ ماڵـی خۆمان و دەعوەتیـت بـۆ ژنهێنانەکـەت و منیش مارەییەکـەت دەگرمە ئەسـتۆی خـۆم، ڕۆژی پێنـج شـەممە لاوەکـە بە لەشـێکی قورسـەوە و بەدڵشـکاوییەوە هەنگاوی دەنا بەرەو لای ماڵی پیاوەکـە، نـەک وەک زاوای تر بە دڵخۆشـی و شـادییەوە لە ڕۆژی زەماوەنـددا، کاتێ لـە دەرگایدا باوکی کچەکە دەرگای بـۆ کـردەوە و بردییـە ژوورەوە و دوای ئـەوەی کەوتنـە وتووێـژ پێیـوت: کوڕی خۆم فەرموو بـڕۆ ژوورەوە بۆ لای ژنەکـەت، یاخـوا پیرۆزتان بێـت و خوای گـەورە بەرەکەت و خۆشـی بخاتـە ژیانتانەوە و لەسـەر خێـر و چاکە کۆتان بکاتەوە.

باوکـە دەسـتی لاوەکـەی گـرت و بردیـە ئـەو ژوورەی کـە کچەکـەی لەوێ دانیشـتبوو، کاتـێ کوڕەکـە دەرگاکەی کـردەوە بینـی تەماشـا دەکات ئافرەتێکـی سـپی پێسـتە و جوان وەک مانگ وایە و قژی وەکو ئاوریشـم بەسەرشـانیدا

شـۆڕبووەتەوە و پاشـان کچەکە هەسـتایەوە و بە باڵایەکی شـۆخ و شـەنگەوە بەرەو لای کوڕەکە ڕۆیشـت و سـڵاوی لێکـرد و وتـی: سـڵاوت لێبێت مێـردی بەڕێزم..

لاوەکـە لـە شـوێنی خۆی حەپەسـا و هەر سـەرنجی دەدا، وەک ئـەوەی لەبەردەم حۆرییەک لە حۆرییەکانی بەهەشـتدا وەسـتابێت، کە دابەزێتە سـەر زەوی.. بـڕوای نەدەکرد بەو دیمەنـە و نەیدەزانـی چی ڕوویداوە و بۆچـی باوکی کچەکە ئەو قسـانەی کـرد، بۆیە کچەکە تێگەیشـت کە چـی دێت بە خەیاڵـی میردەکەیـدا و چوو بـۆ لای و تەوقـەی لەگەڵ کرد و دەسـتی ماچ کـرد و و وتی: بەڵێ ئێسـتا تۆ سەرسـامیت سـەبارەت بە قسـەکانی باوکم، ڕاسـتە من کوێرم لە ئاسـت تەماشـاکردنی حـەرام و لاڵـم لە ئاسـت قسـەکردنی حەرام و کـەڕم لـە ئاسـت بینینی حـەرام و قاچەکانم بەرەو شـتی حـەرام هەنـگاو نانێن و مـن تاکە منداڵی باوکـم و چەندین سـاڵە باوکـم دەگەڕێـت بـەدوای مێردێکی صاڵحـدا بۆ من، کاتێـک تۆ هاتیـت و داوات لێکرد کە لێـت ببورێت و گریایت لەبەردەمیـدا، باوکم وتی: ئەوکەسـەی لە خواردنی سـێوێک بترسـێت کە مافـی ئەوەی بەسـەرەوە نییە، ئەوە باشـتر لە خـوا دەترسـێت بەرامبەر بـە کچەکەم، پیرۆزبایـی لە باوکم دەکـەم کـە تۆی بە نسـیب بوو.

دوای سـاڵێک ئـەو ژن و مێـردە منداڵێکیـان بـوو کە لەناو ئـەم نەتەوەیەدا نموونـەی کەمە، ئایا دەزانی ئـەو منداڵە کێ بوو؟

ئیمامــی ئەبوو حەنیفە خاوەنی مەزهەبــی فیقهی بەناوبانگی حەنەفــی کە بە مەزهەبی حەنەفی ناســراوە.

**خوای گەورە دەفەرموێت:**

وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا (٢) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ (الطلاق: ٢ – ٣)

واتــە: (ئــەوەی لــە خوابترســێت و پارێزکار بێــت خوای گــەورە دەرووی لێدەکاتــەوە و ڕۆزی دەدات بــە شــێوەیەك کــە بــە خەیاڵــدا نەهاتووە).

سەرچاوە: (واحات الصحبه الصالحه).

## لاوێک نەک وەک لاوانی تر

ڕەیـان... لاوێـک بوو هێشـتا تەمەنـی نەگەیشـتبووە پانزە سـاڵ، بـە دەنگێکـی پچـڕ پچـڕەوە وتـی: باوکـە بۆکـوێ دەچیـت؟ باوکە بیـرت نەچێت دایکم دەوێـت... دایکم دەوێت.

باوکی بە چاوی پڕ لە فرمێسـکەوە لە ماڵ ڕۆیشـتە دەرەوە و کوڕەکـەش هەر دەیوت: دایکم دەوێت... دایکمم دەوێت؟

-کـوڕی خـۆم دایکت بە دەسـتی ئەو دوژمنە سـتەمکارانە کـوژرا، ڕوخسـاری ڕەیـان سـوور هەڵگەڕا و لێوی شـین بوویـەوە و بەهـۆی بیسـتنی ئەو قسـانەوە هاتـە لەرزین و پاشـان هەناسـەیەکی قوڵی هەڵکێشـا و بە کوڵ دەستی کرد



Scanned with CamScanner

بـە گریان و باوکیشـی هێـوری دەکردەوە.

ڕەیـان کەمێک هێمـن بوویەوە و لە کۆشـی باوکیدا خەوی لێکـەوت و باوکـەش منداڵەکەی بە چاوی پڕ لە فرمێسـکەوە هەڵگرت و خسـتیە سـەر جێگاکەی خۆی و لە پاڵیدا خەوت.

بۆ سبەینێ ڕەیان لە باوکی پرسی:

-ئەو دوژمنەی دایکمی کوشت کێ بوو؟

باوکیشـی وتـی: ڕۆڵـە گیـان ئەوانـە دوژمنی ئیسـلامن... جولەکـەکان... بـە وردی باسـی جولەکەکانـی بـۆ کرد.

چەنـد سـاڵێک تێپـەڕی و ڕەیـان لـە لای مامـە ئیبراهیمی گـەورە بـوو، دوای ئـەوەی باوکـی لـە یەکـێ لـە چالاکییە فیداکارییەکاندا شـەهید بوو، ئەو کاتـە تەمەنی ڕەیان کەمێک لە سـەرووی دە سـاڵانەوە بوو، شـەهیدبوونی باوکی کاری تێنەکـرد و هەمیشـە ئەم ئایەتـەی دەوتەوە:

وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ (آل عمران: ١٦٩)

واتـە (وا مەزانـن ئەوانـەی لەپێنـاوی خوای گـەورەدا دەمرن (شـەهید دەبـن) ئیتـر مـردوون، نەخێر بەڵکو ئەوانـە لای پەروەردگاریـان زیندوون و ڕۆزی پێـدراون).

ڕەیـان گـەورە بـوو، بـووە لاوێکـی صاڵـح و جوامێـر و خەمـی ئایین و نەتەوەکەی هەڵگرتبـوو و خۆی نەزرکردبوو

بـۆ بەرزکردنـەوەی وشـەی (الله)، بـە هـەر نرخێـک بێت، پەیوەنـدی کرد بـە کەتیبەکانی سـەربەرزی فیداکارییەوە لە سـێیەکی کۆتایی شەوێکدا کە مێژوو هەرگیز بیری ناچێتەوە، خەڵکـی خەبەریـان دەبێتەوە بـە دەنگـی تەقینەوەیەکی زۆر گـەورە کـە کارێکی خۆشـەهیدکردن بوو.

ئایا دەزانن کێ بوو پاڵەوانەکەی؟!

ڕەیـان بـوو کـە زەوی فەڵەسـتینی بە خوێنی خـۆی پاراو کـرد و بیسـت جولەکـەی کوشـت و لاپەڕەیەکـی نوێـی فیـداکاری تۆمارکـرد.

سەرچاوە (واحات الصحبە الصحابە)



Scanned with CamScanner

## دوو هەتیوەکە

لە شاکارەکانی شێخ (الطَّنْطَاوِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

ماجید هەستیکرد کە هیچ لە خوێندنەوەکەی خۆی تێناگات، چاوی تەنها پیت و وشەکان دەبینێت، بەڵام بیر و هۆشی لە ماناکانی تێناگات، ئەو بیر لە وانەکەی ناکاتەوە، ئەو بیر لەو تاوانبارە دەکاتەوە کە چۆن ژیانی خۆی و خوشکە هەژارەکەی تێکدا و کردی بە دۆزەخ، تەماشایەکی ساڵنامەکەی کرد و بینی تەنها یەک هەفتەی ماوە بۆ تاقیکردنەوە و پێویستە خۆی ئامادە بکات و سەعی بکات،



Scanned with CamScanner

ئەی باشە چۆن خۆی ئامادە بکات و چۆن سەعی بکات؟ لە کوێی ئەوماڵەدا شوێنێکی ئارامی دەست بکەوێت بەهۆی ئەو ژنە خراپەی کە ئازاری دەدات و نایەڵێت بۆ ساتێک پشوو بدات و کاتێکیش واز لەم دێنێت دەچێت بەرۆکی خوشکەکەی دەگرێت، ئایا بە خۆی ڕازی دەبێت کە لە یەکەم ساڵیدا کە چووەتە ناوەندی بکەوێت... ئەو لە قۆناغی سەرەتاییدا هەمیشە پێشەنگی هاوڕێکانی و یەکەمی پۆلەکەی بوو.

بۆیە هەر بیری دەکردەوە لە پڕ گوێی لە دەنگی ڕەشەبایەکەوە بوو، ئەو ڕەشەبایەی لە مانگێکدا جارێک هەڵدەکات بۆ کێڵگە و ڕیشک لە بن دەردێنێت و لق و پۆپەکان دەشکێنێت، پاشان باران دەبارێت و زەوی پاراو دەکات، خۆر هەڵدێت و ئەولقانەی شکاونەتەوە سەر لەنوێ گەورە دەبن و لقی نوێ لێدەدەن، بەڵام ڕەشەبا و گەردەلولی ئەم ماڵە هەموو سەعاتێک هەڵدەکات و دڵی ئەم و دڵی خوشکە تەمەن شەش ساڵەکەی دەشکێنێت.

دەڵێیت گەردەلولی کێڵگە بەبەزەیی تر و دڵناسکتر و مرۆڤانەترە لەو ئافرەتەی کاتێ کە دەیبینیت جوان و ڕێکوپێک دیارە... بەڵام وەکو مار وایە لە سیفەت و مەکر و جووڵەیدا.

گوێی لە جنێو و دەنگی دەستیەوە بوو شەکەت بوو، پاشان دەستی کرد بە لێدانی کچە بچکۆلەکە، ئەم نەیتوانی هەستێتەوە و لە ترسی باوکیشی نەیتوانی بەرگری

لـە خۆشـکەکەی بـکات، ئـەو باوکـەی کـە هـاوکاری ئەم ئافرەتـەی دەکـرد و کۆمەکـی دەکرد بـۆ لێدانی ئـەو منداڵە بەسـتەزمانانە و ناشـیرینکردنی ژیان لە لایـان، پێش ئەوەی بزانـن کە ژیان مانـای چییە... لە پەنجەرەکەوە وەستا بوو، خوشـکەکەی بینـی دەسـتی بـە دیوارەکەوە گرتبـوو، زەرد هەڵگـەڕاو و پۆشـاک دڕاو و خوشکەکەشـی لـە پاڵیدا بەدڵ شـکاوییەوە، لـە دڵـی خۆیـدا دەیوت ئـەم دامـاوە گوناهی چییـە ئاوا سـزا دەدرێت؟ ئایـا جێی ئومێدی باوکـم نەبوو؟ ئایـا ئازیزتریـن مرۆڤ نەبـوو لە لای.

ئەی بۆچی ئێسـتا ئـاوا زەلیل و بێزراوە... لـەو ماڵەدا تەنها جنێـو و لێـدان و سـووکایەتی دەبینـرا، بـەڵام لاواندنەوە و نازپێـدان بۆ ئەو خوشـکەی کە دوو سـاڵ لەم کچـە منداڵتر بـوو وەک ئەوەی تاقانە بێت، ئەمیـش وەکو کارەکەری ماڵی باوکـی وابـوو، بەڵکو خراپتر لە کارەکـەر، کارەکەر زۆرجار خزمەتـی کەسـانێک دەکات کـە دڵیان هەیە و خوا دەناسـن و وەکـو کچـی خۆیـان مامەڵـە لەگەڵیـدا دەکـەن... خـوای گـەورە لـە چـارەی ئەم کچـەی نووسـیبوو کـە هەتیو بێت و بـێ دایـک و باوک بێـت، دایکی وەفاتیکرد بوو، باوکیشـی ویژدانی مردبـوو، بۆیە باوکیشـی نەمابوو.

گوێـی لە دەنگی باوەژنیـەوە بوو بانگی دەکـرد: وەرە ئەی بەراز لەگـەڵ تۆمە.. بەو ناوەوە بانگی دەکـرد (بەراز)، تەنها بـەو نـاوەوە بانگی دەکرد، کاتێکیش باوکـی دەگەڕایەوە پێی دەوت: کچـێ وەرە، کچـێ بـڕۆ.. بـەڵام خوشـکەکەی زۆر

ئازیــز و خۆشەویســت بــوو.. دەیــوت: تۆ لەکوێــی ئازیزم؟ وەرە ئازیــزم... دەنگێــک لەنــاکاو بەرزبوویــەوە: گوێــت لێ نییە، خوشــکەکەت دەگری! بزانە چی دەوێــت بیدەرێ؟ ئەوە کەریــت؟ بڵێ چیــت دەوێت؟

ئــەو کچــە داماوەش بــە دەنگێکــی کپــەوە وەڵامــی دایەوە: نەســتەلەی دەوێت..

-ئــەی بۆچــی وەکــو ورچ وەســتاویت، بــڕۆ چــی دەوێــت بیــدەرێ. ئەو داماوە وەســتا و نەیدەزانی چــۆن بۆی ڕوون بکاتــەوە کــە ئــەو پارچــە نەســتەلەیەی کــە ماوەتــەوە هی ئــەوە.. دوێنــێ باوکــی پاکەتێک نەســتەلەی کــڕی و دای بە کچــە بچووکەکــەی و ئەو خواردی و ئەمیش هەر تەماشــای دەکــرد، کچــە بچووکەکــە زۆری بــۆ هات لە تەماشــاکردنی نەســتەلەکە و پارچەیەکــی لە نەســتەلەکە بۆ هەڵــدا و وەک چــۆن مرۆڤێــک شــتێک بــۆ پشــیلەیەک هەڵــدەدا، کــە کاتێ شــت دەخــوات و هــەر ســەرنجی دەدات، کچــە داماوەکەش پارچــە نەســتەلەکەی بەدڵخۆشــییەوە هەڵگــرت و نەیوێــرا بــەو حــەزە زۆرەیــەوە لەوێــدا بیخــوا، بۆیە بەشــاردیەوە، هەموو ســەعاتێک جارێک دەڕۆیشــت تا بیبینێت و دڵنیابێت، جارێکیــان زۆر حــەزی لێکــرد و دەریهێنــا و بــە ددانەکانی گازێکی لێگرت و خوشــکە نازپێدراوەکەشــی بینــی و داوای نەســتەلەکەی دەکرد....

-کچەتیو نەستەلەکە؟

ئەویــش بێدەنگ بوو... بەڵام منداڵەکــە وتی: دایە ئەوەتا لای

ئــەوە، لەوێیە ئەو لە منی ســەند! بۆیــە ئافرەتەکە منداڵەکەی خــۆی و منداڵــی مێردەکــەی بــرد بــۆ لێکۆڵینــەوە، کاتــێ باوەژنەکــە بینــی نەســتەلەکە لای ئەوە کارەســات ڕوویدا.

-هــەی دزی نەفرەتلێکــراو، دایکــت ئــاوا فێــری کردوویت.. شــتێ دەدزیــت کــە هیێ تــۆ نییــە! ماجیــد بەرگــەی هەموو شــتێکی دەگــرت تەنهــا بەرگــەی ســووکایەتی نەدەگرت بە دایکــی، کاتــێ بینــی باســی دایکــی دەکات، نەیتوانــی خۆی بگرێــت و هاواریکــرد: مــن ڕێــگات پێ نــادەم بەو شــێوەیە قســە بە دایکــم بڵێیت.

هەمیشــە باوەژنــی تــووڕە دەبــوو لێــی و بــە بەردەوامــی ئــازاری دەدا، ئەویــش بێدەنگ دەبــوو، نەیدەتوانی هیچ بکات و بــاوەژن ئاواتی دەخواســت کە شــتێکی بکردایە تا ئەوەندە تووڕەبێــت لێــی بــە دڵــی خۆی بێــت، ئەوەتــا بەهانــەی بۆ پەیدابوو.

-ڕێــگا بە مــن نادەیت؟ تکات لــێ دەکەم بەگم کــە ڕێگام پێ بدەیــت... ئــاە ! ئایــا ئەوەندە بــەس نییە کە مانــدوو دەبم و خواردنــت پێشــکەش دەکــەم و خزمەتت دەکــەم و تۆش بۆ هیچ شــتێ ناشــێیت، تەنها نووســینەوە نەبێت لــەو دەفتەرە ڕەشــەدا، هەرچــی ماندووبوونــی من بــوو بەرامبــەر بە تۆ بەزایــە چــوو، ئــەی نەفرەتلێکــراو، بەڵام هیچ ســەیر نییە تۆ کــوڕی دایکتیت.

-پێم وتیت باسی دایکم مەکە، ئەگینا بێدەنگت دەکەم.

لێــی نزیکبوویــەوە و قیژانــدی بەســەریدا و دراوســێکان



Scanned with CamScanner

گوێیــان لێ بــوو: دەتەوێت لــە من بدەیت؟ ئــەی ناپاک، ئەی سـپڵە، ئەی خەڵکینــە فریاکەون..

دراوسـێکان کۆبوونــەوە، ماجیـد بــەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشــت، یان بەرەو ئەو گۆشــەیەی ناویــان لێنابوو ژوور.. جیایــان کردبوویــەوە بـۆ ئــەو، تاوەکـو باوەژنی هەمیشــە نەبینێـت، باوکی ئێـوارە گەڕایەوە، هــەروەک نەریتی جارانی مـۆن و گـرژ دیار بــوو، بــەدەم منداڵەکانیــەوە پێنەدەکەنی، تاوەکـو زاڵ نەبـن بەســەریدا و پەروەردەکردنیــان و ڕەوشــتیان تێـک نەچێـت.. جــاران وانەبوو، بــەڵام لەوەتەی ئــەو ژنە نەفرەتییــەی هێنابــوو وایلێهاتبوو، ئــەو ئەژدیهایە ژەهریشــی کردبووە لەشــی ئەوەوە و خســتبوویە مێشـکی کــە ماجید و خوشـکەکەی دوو منداڵــی نازپێدراوی خراپن و تەنهــا توندوتیــژی لەگــەڵ ئەواندا ســوودی هەیە.

ئــەو ئافرەتــە زۆر پیس بــوو، ئەگــەر کاتــی هاتنــەوەی مێردەکــەی بهاتایــە پۆشــاکەکانی دادەکەنـد و پۆشــاکی نوێــی لەبەردەکــرد.. وەک چۆن ڕوخســارە شــەیتانییەکەی خــۆی دەگـۆڕی بۆ ڕوخســارێکی پــاک و منداڵانــە، مەکر و پیســییەکەی زاڵ بووبــوو بەســەر مێردەکەیـدا، ئەوەشــمان لەبیـر نەچێـت کــە دوو کچەکــەی پــاک و تەمیـز دەکـرد و پۆشــاکی وەک یەکــی لەبــەر دەکردن، تا مێردەکەی هەســت نەکات فەزڵــی کچەکەی خۆی دەدات بەســەر کچەکەی تردا.

مێردەکەی هاتەوە و زۆر بەسۆز و جوانی و ڕووخۆشییەوە پێشــوازی لێکــرد، بەڵام لە ڕوخســاریدا جۆرێک لــە ئازاری

بێتاوانانــە دیاربــوو، وەک ئــەوەی کــە داماو بێــت و زوڵمی لێکرابێــت، مێردەکەشــی هەســتی پێکــرد و زۆری لێکــرد تا ڕازی دڵــی بدرکێنێــت، ئەویــش بەســەرهاتێکی درۆینــەی شــێواوی بــۆ گێڕایەوە و ســینەی مێردەکەی پڕکــرد لە ڕق و کینــە بەرامبــەر منداڵەکانــی، بۆیە چــووە دەرەوە و هیچی لەبەردەمیــدا نەدەبینــی، بانگــی کچەکــەی کــرد و ئەویش بە تــرس و لــەرزەوە هات وای دەزانــی بەرەو مردنــی دەبەن، لەبەردەمیــدا وەک ئــەوەی کاوڕێــک لــە بــەردەم پڵنگێکــدا وەســتابێت، باوکە لەســەر کورســیەکی بەرز دانیشت، وەک ئــەوەی دادگایکــردن بێــت و کچەکەشــی لەبــەردەم خۆیــدا وەســتاند، وەک ئــەوەی تاوانبارێــک بێت کە بەڵگەی لەســەر کۆکرابێتــەوە، باوکــە باســی قیزەونــی و ناشــیرینی دزی بــۆ دەکــرد و سەرزەنشــتی کــرد و قســەی پــێ وت و بــە چــاوی سەرزەنشــتەوە تەماشــای ماجیدی کــوڕی دەکرد و تەماشــاکردنەکەی تۆڵــە و هەڕەشــەی لێدەبینرا.

بۆیە ماجید نەیتوانی بێدەنگ بێت، لەکاتێکدا کە خوشــکەکەی تۆمەتبــار دەکرێت بــە دزیکردن، لەڕاستیشــدا بێتاوانە.. بۆیە داوای لــە باوکی کرد کە ئەو مەســەلەیەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بەو هەڵوێســتەی تەنها گوێبەنی توشــی خۆی کرد.

بورکانەکــە تەقیــەوە و باوکیــان دەســتی کــرد بــە نرکە وناڵــە و بــە توورەیــی و ئۆقرە لێبڕانــەوە وتــی: دەتەوێت لە باوەژنەکــەت بدەیــت، هــەی بێ ئــەدەب، هەی بــێ تەربیەت، هــەی نەفرەتــی، وا دەزانیــت کە گەشــتیتە تەمەنــی چواردە

ساڵی ئیتر بوویت بە پیاو، ئایا پیاو لە باوەژنی خۆی دەدات؟ بەخوا دەستت دەشکێنم هەی سەرسەری.

+بەخوا باوکە ئەوە ڕاست نییە....

- ئای لەو بێ تەربیەتییە، دەڵێیت شەرم و حەیات نەماوە، باوەژنەکەت بەدرۆ دەخەیتەوە.

+ بەخوا من بە درۆی ناخەمەوە، بەڵام شتانێک دەڵێت کە ڕاست نییە.

لەوکاتەدا باوکە هەستایەوە و بەوپەڕی ڕق و تووڕەیی و هێزەوە بەربووە کوڕەکەی و بە هەموو هێزێکەوە وەک شتێکی بێگیان، کەوتە لێدانی و تەنها بە لێدان سوکنایی بۆ نەهات، بەڵکو هەڵمەتی بردە سەر دەفتەرە گەورەکەی کە وانەکانی تێدا نووسیبوویەوە و بەتەواوی دڕاندی، پاشان خوشکەکەی کردە گۆشەیەکەوە و نەیهێشت نانی ئێوارە بخوات، وەک سزایەک و سووکایەتی پێکردنیان.

ژن و مێردەکە و تاقە کچەکەیان نانی ئێوارەیان خوارد، پاشان چوونە سەر نوێنەکانیان و کوڕەکەش لە جێی خۆی حەپەسا بوو.. تەماشای ئەو دەفتەرەی دەکرد کە شەونخونی پێوە کێشابوو.. کە لەپێناویدا خەو و خۆراکی لە خۆی تاڵ کردبوو، کە وای دەزانی ڕووناکی چاوی و بەهاری تەمەنیەتی و ئومێد و ئایندەی خۆی لەسەر بنیادنابوو... پاشان هەستا و پارچەکانی کۆکردەوە، وەک چۆن دایک پەلوپۆی منداڵی کۆدەکاتەوە کاتێک بۆمبێک دەتەقێتەوە پیایدا.. بەڵام تازە بێکەڵک بوو، کۆکردنەوەی



Scanned with CamScanner

سـوودی نییە و نابێـتەوە بە دەفتەرێک کە سەعی تێدا بکات، مەگەر کاتێـک پەلوپـۆی مرۆڤێکی پارچەپارچەبـوو ببێتەوە بـە مرۆڤێکی سـاغ و قسـە بکات و بـڕوات بەڕێـوە!.... بۆیە دڵنیابـوو کـە ئەمسـاڵ دەکەوێـت و دەرناچێت و ئەمسـاڵی دەفەوتێـت... کارەکـە زۆر گـەورە بـوو بەلایەوە.. مێشـکی بەرگـەی ئەو هەمـوو زوڵمەی نەگرت و وای هەسـت دەکرد کـە دنیا دەیسـوڕێنێتەوە و گێـژی دەدات.. ڕۆژەکانی ژیانی وەک فیلمێکـی سـینەمایی دەهاتە پێش چاوی.

ڕوخسـاری سـۆزداری دایکـی بینـی، خەنـدەی دایکـی کە ناسـۆرییەکانی دنیـای لەبیـر بردبوویـەوە و سـینەی کە لە کاتـی نارەحەتیـدا پەنـای بـۆ دەبـرد، بینی دایکـی گەنجە و تەندروسـتە و ماڵـەوەی بینی کە زۆر هێمنە و پڕە لە سـۆز و خۆشەویسـتی و باوکـی خـۆی بینی باوکێکی ڕاسـتەقینە، کـە گیانی پڕبوو لە سـۆزی باوکایەتی و لـە چاوانیدا دەبینرا و دەسـتە پڕ لە سـۆز و نەرمەکانی و زمانە شـیرینەکەی و قسە بەتام و شـیرینەکانی....

فیلمەکـە گـۆڕدرا و دایکـی بینـی نەخۆشـە و گـوێ نادات بـە نەخۆشـییەکەی دایکـی و وای دەزانـی نەخۆشـییەکی سـادەیە، پاشـان ماڵی بینـی کە تەواو تێکچـووە و هەمووان ماتـەم و خەمبـارن و گـوێ لە دەنگی شـین و گریـان بوو، دەیبینـی کە ئـەم دوور دەخەنەوە و هەواڵی پێنـادەن، بەڵام تێگەیشـت کە دایکـی وەفاتی کردووە و مردووە.. وشـەیەک بوو کە زۆر گوێی پێنەدا، پێشـتر وشـەی مردنی بیسـتبوو،

لـە کتێبەکانـدا خوێندبوویەوە، بـەڵام لە نزیکـەوە و لە ماڵی خۆیانـدا نەیبینیبـوو، تامی مردنی ئازیزێکـی خۆی نەکردبوو، بـەڵام ڕۆژگار بەخێرایـی فێریکـرد کـە مـردن چییـە، کاتێ سـبەینێ بـە گریانـی خۆشـکە نازدارەکـەی لای دایکـی خەبەری بوویەوە کە لەو ڕۆژانەدا خۆشەویسـتی باوکیشـی بـوو، کاتـێ کوڕەکە چـاوی کردەوە، دایکیشـی لە تەنیشـت خۆیـەوە نەبینـی کە خوشـکەکەی بنێ بەسـنگیەوە.. کچەکە زیاتـر دەگریـا، کوڕەکە هـاواری کرد:

-دایکە.. دایکە.. پاشـان لە جێگاکەی هەسـتا و گەڕا بەدوایدا.. باوکـی بینـی لەگـەڵ کۆمەڵێـک خزمـی تریـدا، ئەوانیـش هەموویـان دەگریـان.. لێی پرسـین:

- کوا دایکم؟؟!!..

وەڵامیـان نەدایـەوە.. کاتێ ویسـتی بـڕوات بـۆ قوتابخانە، بانگـی دایکـی کـرد، بـەڵام دایکی دیـار نەبوو تـا جانتاکەی بـۆ ئامـادە بـکات و پۆشـاکەکانی لەبـەر بـکات و لەپشـت دەرگاکـەوە نەبـوو تـا خواحافیـزی لێبـکات و ماچـی بکات و ئامـۆژگاری بـکات، کە شـەڕ لەگەڵ کەسـدا نـەکات و لە کۆڵانـدا یاری نەکات، پاشـان خەریک بـوو دووردەکەوتەوە و دووبـارە بانگـی دەکـردەوە تا ماچی بـکات و ئامۆژگاری بکات.. کاتێکیش کە گەڕایـەوە لە قوتابخانە ئافرەتێکی نامۆی بینی، شـیری دەدا بە خۆشـکەکەی... بۆچـی ئافرەتێکی نامۆ شـیری پێـدەدات؟ ئەی کـوا دایکم؟!

فیلمەکـە گـۆڕدرا، باوکی سـۆزداری بینی، کـە هاوڕێیەکی



Scanned with CamScanner

بەسـۆز بـوو بـۆی و هەوڵـی دەدات کـە ببێت بـە باوک و بـە دایکیـش، بۆ ئـەم و خوشـکەکەی، بەڵام ئـەو باوکە لەو ڕۆژە شـوومەوە گـۆڕدرا.. بۆیە ئەو ڕۆژە شـوومەی بینی، ئـەو ڕۆژەی پێـی وت: ماجیـد دایکێکـی تازە دێـت بۆ لات... دایکێکـی تازە؟؟!!

ئـەوە وشـەیەک بـوو پێشـتر نەیبیسـتبوو، ئـەو دەیزانـی چـۆن خوشـکێکی تـازە دێـت بـۆ لای، بێگومـان لە سـکی دایکیەتـی، بـەڵام دایک لە کوێوە لەدایـک دەبێت؟ چاوەڕوانی کـرد.. دایکـە نوێیەکـە هات و جـوان و خۆشەویسـت بوو.. کوڵمەکانـی و لێوەکانـی سـووربوون..نەک وەک لێـوی کەسـانی تـر.. سەرسـام بـوو لـە ڕەنگـی لێوەکانـی، بەڵام خۆشـی نەدەویسـت و گوێی پێنەدەدا.. لـە ڕۆژانی یەکەمیدا سـۆزدار و هێمـن بـوو.. وەک کێڵگەیەکی بچـووک و لاواز، بـەڵام ڕۆژگار تێپـەڕی و جێگیـر بـوو لـە زەویـدا و تۆوی خـۆی تێـدا چانـد، وەک بیابان وشـکەڵان بـوو.. هەرچەندە فێڵـی لە بینـەران دەکرد بە گەڵا ناسـک و گوڵـە جوانەکانی، کاتێکیـش ئـەو کچـە لە دایک بوو، ئەو شـەیتانە لە شـێوەی مارێکـدا دەرکـەوت لە پێسـتی ئافرەتێکـی جواندا.

وێنـە و فیلمەکانـی ڕابـردوو تەواوبوون و تەنهـا ئەم وێنە ناشـیرینەی ئێسـتا دەهاتە بەرچاوی، دەیبینـی گەورە دەبێت و هەمـوو ژیانی داگیـر دەکات، هەرچی یادگاری و ڕووناکی و ئومێـدە لایبـرد لەبەرچاوی.. گوێـی لە قاقـا و پێکەنینەوە بـوو، ڕاپـەڕی و وای هەسـت دەکـرد ئەوانـە فیشـەکن و

دەنرێـن بەسـەر دڵـی ئەمـەوە، پێکەنینـی ئـەو ئافرەتە بوو کـە جێـی دایکی گرتبوویـەوە، لەگەڵیـدا پێکەنینی باوکیشـی تێکەڵـی دەبـوو.... بێدەنگ بوو، گوێی لـە گریانێکی هێواش و خەفەتبـار و بەردەوامەوە بوو، خوشـکەکەی بیرکەوتەوە کە فەرامۆشـی کردبـوو، برسـیەتییەکەی هاتـەوە یـاد کە بەبێ شـێو ماوەتـەوە، ئـەو تاوانبـارە بەدرێژایـی ڕۆژ خزمەتـی خـۆی و منداڵەکـەی پێدەکرد، دەچـوو دەرگای مەتبەخی لێ دادەخسـت و تەنهـا نانێکـی دەدایە و بە دزییـەوە خواردنی دەدا بە کچەکەی خۆی، باوکیشـی ئێوارە دەهاتەوە لەبەردەم ئـەودا باوەژنەکـە پۆشـاکی بـێ تاوانی دەپۆشـی و باسـی لاوازی و نەخۆشـی کچەکەی بۆدەکرد، ئەم کچە داماوە، نان ناخوات و تەماشـای لەشـی بکـە، نەیبەین بۆ لای پزیشـک؟ بـەڵام پزیشـک چـی بـۆ دەکات، ئەمە خۆی سەرسـەخت و بـێ ئەدەبـە، بانگی دەکەم بـۆ نانخواردن، کەچـی نایەت نان بخـوات، ئەم سەرسـەختییەی لەنـاوی دەبات..

باوکیشـی بانگـی دەکـرد و پێـی دەوت: کچەتیـو ئـەم سەرسـەختییەت لە چییە؟ بخۆ ئەگینا لێـت دەدەم، دەهاتە پێشـەوە تـا نـان بخـوات، ئافرەتەکـەی دەبینی لە پشـتی باوکیەوە تەماشـای دەکرد و هەڕەشـەی لێدەکرد، دەیبینی کـە دەموچاوی گۆڕدراوە و دەڵێیـت دەموچاوی کەمتیارە و تۆقێنەرە.

ژنەکەش بە مێردەکەی دەوت: پێم نەوتیت ئەو سەرسەختە پێویسـتی بە تەربیەتە، پیاوەکەش سـەری ڕادەوەشـاند و



Scanned with CamScanner

یـەک زللەی دەکێشـا بە ڕوخسـاریدا و گوێی کاس دەکرد و فڕێـی دەدایە ژوورەکەی خۆی، نانخواردنی ئێوارەشـی بـەو شـێوەیە بـووە.. ماجید خوشـکەکەی هاتـەوە یاد و چـووە لای و بـەرزی کردەوە و نای بە سـینگیەوە:

- ئەوە چیتە؟ بۆچی دەگریت؟ ئازیزم بێدەنگ بە؟

+ برسـیمە، برسـیمە... لە کوێ خواردنی بۆ بێنێت، هەستا دەسـتی کرد بەگـەڕان، بەختیان هەبـوو، دەرگای ژووری مەتبەخەکـە کرابوویـەوە، چونکـە هەمیشـە قفڵـی دەدا، لەسـەر سـفرەکە پاشـماوەی خواردنی ئێوارە مابوویەوە و بـۆی هێنـا و ئەویش بە دڵخۆشـییەوە خـواردی، وەک ئـەوەی هـەر هەمـان کچـی نازپێـدراوی پێشـووبێت، کـە داوای هەرچـی بکردایـە بـۆی ئامـادە دەکـرا و هیچ داوایەکـی فەرامۆش نەدەکـرا.. کوڕەکە پێـی ناخۆش بوو کە خوشـکەکەی دڵخۆشـە، ئەگـەر پاشـماوەی خواردنی خوشـکەکەی و باوکـی بخـوات و لـە ژووری مەتبـەخ خواردنـی دزی بێنێـت بـۆی و وێنەی ڕابـردووی هاتەوە پێش چاوی هێرشـی دەکردە سـەری.. وێنـەی دایکی هاتە پێـش چاو بانگـی دەکرد... ئەو خەیاڵە بەرجەسـتە بووبوو لەبەرچاوی.. هەمیشـە لە پێش چاویدا دەیبینی، تا بردیەوە بـۆ ڕابردوو و ئێسـتای لەبیر بـردەوە... خوشـکەکەی بە هەتیـوی و زوڵملێکـراو نەدەبینـی، بەڵکـو وای دەبینی کە منداڵێکـی خۆشەویسـتە و دایکێکی هەیە کە بەسـۆز بێت

لەگەڵیدا و خۆشی بویێت.

دەفتەرە دڕاوەکەی و ئاینەدە لەدەستچووەکەی و ژیانە تاڵەکەی لەبیر چوویەوە و گوێی لە بانگکردنی ڕابردووەوە بوو کە دەهاتە بەر گوێی.. دەنگی دایکی:

- هەستە ئازیزم! ئایا گوێت لە دەنگی دایکتەوە نییە؟ هەستە با بچین بۆ لای دایکم.

کچەکە ڕاچڵەکی و دڵی داخورپا، چونکە نەیدەزانی کە دایکێکی تری هەیە بێجگە لەو ئافرەتە نەگریسە، بۆیە ترسا و ڕازی نەبوو بڕوات بۆ لای، تاوانی ئەو ئافرەتە ئەوە بوو جوانترین وێنەی لە دەروونی ئەو منداڵەدا ناشیرینکردبوو، کە ئادەمیزاد تا ئێستا ئاشنا بووبێت پێی، ئەویش وێنەی دایکە!!.

- وەرە با بچین بۆ لای دایکی ئازیزمان، دایکت لە شوێنێکی زۆر خۆشە، لە بەهەشتایە، ئایا گوێت لە دەنگیەوە نییە؟

هەڵیگرت و دەرگای کردەوە و بردی بەرەو ئەو دەنگەی کە لە گوێیدا دەزرنگایەوە و بەسۆز بوو بەلایەوە، بردی بۆ ئەو شوێنەی کە دایکی لەوێ بوو.

سبەینێ خەڵکی لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵی ئەوەیان بیست کە پۆلیس شەو لەسەر قەبران منداڵێکی لەڕ و لاوازیان دۆزیوەتەوە کە تەمەنی شەش ساڵە و لەگەڵ کوڕێکی چواردە ساڵ، بردنیان بۆ نەخۆشخانە، چونکە

کچەکـە لـە گیاندانـدا بـوو، برسـیەتی و سـەرما و ترس کاری تێکردبـوو، ڕزگاری نەدەبـوو لـە مـردن، مەگـەر بـە سـەمەرەیەک لە سـەمەرەکانی قـەدەر... بـەڵام کوڕە هەرزەکارەکـە کە قسـەکانی دەچۆڕاند یـادی تاقیکردنەوە و دەفتـەرە گەورەکـەی دەکـرد و دایکی و ئـەو ئافرەتەی کـە لـە ئەژدیهـای دەکرد بانـگ دەکرد.



Scanned with CamScanner

## چیرۆکی خزمانی مێرد مردنە

خالید لە نوسینگەکەیدا بە خەفەتباریی و خەم و پەژارەوە دانیشتبوو.. (صالح)یش کە هاوڕێی بوو لەسەر کار، لە ڕوخساریدا هەستی بەو ماتەمی و پەژارەییە دەکرد، لە نوسینگەکەی هەستا و نزیکبوویەوە لە خالید و پێی وت: خالید ئێمە هاوڕێ و برای یەکترین، پێش ئەوەی هاوڕێی سەرکاربین، هەستم پێ کردویت نزیکەی هەفتەیەک دەبێت تۆ هەمیشە بیردەکەیتەوە و زۆر بێزاریت و نیشانەی خەم و پەژارەیی لەڕوخسارتدا دیارە، وەک ئەوەی خەمی هەموو دنیات هەڵگرتبێت.. تۆ باش دەزانیت خەڵک بۆ خەڵکە و



Scanned with CamScanner

هەمـووان برای یەکتـرن بۆ خوا.

خالیـد کەمێک بێدەنگ بوو، پاشـان وتی:(صالـح)ی هاوڕێم سوپاسـت دەکـەم.. ئەمــە هەسـتێکی جوانــە... بێگومان من هەسـت دەکـەم پێویسـتم بەکەسـێک هەیـە خەمەکانـم و کێشـەکانمی لا بـاس بکـەم.. بەڵکـو لـە چارەسـەرکردنیدا یارمەتیـم بدات..

خالیـد لـە دانیشـتنەکەیدا ڕێـک بوویەوە و کوپـێ چای بۆ صاڵحـی هاوڕێی تێکرد، پاشـان وتـی: (صالح)گیـان، خۆت بـاش دەزانی من نزیکەی هەشـت مانگە ژنـم هێناوە و خۆم و خێزانـم لـە ماڵێکدایـن، پێکـەوە بـە تەنهـا دەژیـن.. بەڵام کێشـەکە لەوەدایـە بـرا بچووکەکـەم (حەمەد) کـەت ەمەنی بیسـت سـاڵە.. دواناوەنـدی تەواوکـردووە و لێـرە لەزانکۆ وەرگیـراوە، دوای هەفتەیـەک یان دوو هەفتـە دێت بۆ ئێرە، تـا درێژە بـە خوێندنەکـەی بدات..

لەبـەر ئـەوە دایکم و باوکـم زۆر بەتوندی داوایـان لێکردم کـە (حەمـەد) لـە ماڵـی ئێمەبێـت، لەبـری ئـەوەی لەگـەڵ هەنـدێ لـە هاوڕێکانـی لە شـوقەدا بێت، چونکە دەترسـان سـەرەڕۆ بێـت و لەدەسـت دەرچێـت.. خـۆت دەزانیت ئەو شـوقانە هەموو جـۆرە مرۆڤێکی تیـادا کۆبووەتەوە، لەباش و خـراپ و بەڕەوشـت و فەوتـاو.. وەک دەزانیـت هـاوڕێ سەرنجڕاکێشــە.. منیش زۆر بەتونـدی ڕازیی نەبووم، چونکە وەک ئاشـکرایە لە لات گەنجێکی هەرزەکار و بوونی لە ماڵی منـدا مەترسـییەکی گەورەیـە.. هەموومان بـە قۆناغی لاوی



Scanned with CamScanner

و هەرزەکاریدا ڕۆیشتووین.. باش دەزانین چۆنە.. هەندێ جار لەماڵ دەردەچم ئەو لە ژوورەکەیدا خەوتووە.. هەندێ جار بۆ چەند ڕۆژێ لەماڵ دەردەچم بەهۆی بارودۆخی کارەکەمەوە.. هەندێ جار و.. هەندێ جار... نایشارمەوە لەلات من لەم بارەیەوە پرسیاری زانایەکی بەڕێزی ئایینیم کرد.. ئەویش ئاگاداری کردم کە ڕێگا بەهیچ کەسێک نەدەم با برایشم بێت.. تا بمێنێتەوە لەگەڵ من و لەگەڵ ژنەکەمدا لە ماڵەکەدا و باسی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ ی بۆ کردم لەو بوارەدا کە دەفەرموێت:

((الحَمُو المَوْت))

واتە ((هێوەر – شوبرا – مردنە))

واتە مەترسیترین شت بۆ سەر ژن، خزمانی نزیکی مێردەکەن، وەکو برای و مامی و خاڵی و کوڕەکانیان، چونکە ئەو کەسانە زۆر بە ئاسانی دەچنە ماڵەوە و کەسیش گومانیان تێ نابات.. ئا لێرەوە سەرگەردان بوون پێیان مەزنتر و مەترسیدارترە.

پاشان کاک (صالح) شاراوە نییە لە لات کە پیاو دەیەوێت لەگەڵ ژنەکەیدا بە تەنها لەماڵێکدا بێت.. تا بەتەواوی بحەوێتەوە و بە شێوەیەکی باشتر بژین پێکەوە.. ئەمەش دەستەبەر نابێت ئەگەر (حەمەد)ی برام لەو ماڵەدا بێت.

خالید کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان قومێکی لە چاکەیدا کە لەبەردەمیدابوو.. پاشان وتی: کاتێ ئەمەم ڕوونکردەوە بۆ باوکم و دایکم و بۆچوونی خۆمم بۆ شیکردنەوە و سوێندم

بـۆ خواردن بە خــوای مەزن من هەمــوو کارێکی خێروچاک بـۆ براکەم دەخــوازم.. ئەوان توورەبــوون لێم و لای خزمان هێرشــیان کردە ســەرم، تۆمەتباریانکردم بــەوەی کە مافیانم نــەداوە و بــەوە وەســفیان کــردم کــە دڵــم پیســە و نیەتــم خراپــە، چونکە گومانــی خراپ دەبــەم بە براکــەم، لەکاتێکدا ئــەو ژنی من وەکو خوشــکی گەورەی خۆی تەماشــا دەکات و بەکەســێکی ئێرەیی پێبەر وەســفیان دەکردم و من چاکەی براکەمــم ناوێــت و نامەوێت خوێندنی زانکۆی تــەواو بکات..

(صالح)گیــان! خراپتریــش لەوە باوکم هەڕەشــەی لێدەکردم و دەیــوت: ئەمــە فەزاحەتێکی گەورەیە لەنــاو خەڵکیدا.. چۆن براکــەت لەگــەڵ بێگانــەدا بێــت و تــۆش ماڵــت لــەوێ بێت.. بەخــوا ئەگــەر (حەمــەد) لەماڵەکەی تــۆدا نەمێنێتــەوە من و دایکت لەمــڕۆ بەدواوە تا دەمریــت دەتبوغزێنین و ناتدوێنین و نەماندوێنیــت.. ئێمــە لــە دنیــا و لــە قیامەتــدا بــێ بەریــن لەتۆ.. (صالح) بەهێواشــی کێشــای بەســەری خۆیدا، پاشــان وتــی: بێگومــان تۆ لــەم مەســەلەیەدا زۆر بە ڕاشــکاوانە و ئاشــکرا ڕای منــت دەوێــت.. لەبەر ئــەوە (خالیــد) ڕێگام بدە پێــت بڵێم تــۆ کەســێکی دوودڵیــت و ئەگەرنا پێویســت بەو هەمــوو کێشــە و ناکۆکییە ناکات لەگەڵ دایــک و باوکت.. ئایا نازانیــت ڕەزامەندی خوا لــە ڕەزامەندی دایــک و باوکەوەیە و توورەبوونــی خــوا لــە توورەبوونــی ئەوانەوەیــە، چــی ڕوودەدات ئەگــر براکــەت لەیــەک ماڵــدا لەگەڵ تــۆدا بژی؟ کاتــێ تۆ لــەوێ نیت هەڵدەســتێت بە کاروبار و پێداویســتی ماڵــەوە بەهــەر هۆیەکەوەبێــت، کاتــێ تۆ لەوێ نیــت دەبێتە

پیــاوی ماڵەکە.

پاشــان صالح کەمێـک بێدەنگ بوو، تا کاریگەری قســەکانی ببینێـت لەســەر ڕوخســاری خالیـد، پاشــان وتی: مــن لێت دەپرســم بۆچــی گومانی خــراپ دەبەیت بــە براکەت؟ بۆچی بێتاوانــان تۆمەتبــار دەکەیــت بەبــێ بەڵگە؟ ئایــا بیرت چوو کە پــەروەردگار دەفەرموێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ (الحجرات: ١٢).

واتــە: (ئــەی ئەوانــەی باوەڕتــان هەیــە زۆر دووربکەونــەوە لە گومــان، بێگومــان هەنــێ لە گومانــەکان تاوانــن).

پێــم بڵــێ ئایا متمانــەت بە ژنەکــەت نییە؟ ئایــا متمانەت بە براکــەت نییە؟

(خالیــد) پێــی پچڕی وتی: مــن متمانەم بە ژنەکــم و براکەم هەیە، بەڵام..

(صالــح) پێی بــڕی و بە لۆمەوە وتی: گەڕاینــەوە بۆ گومان و خەیاڵی خراپ..

دڵنیابە خالید، (حەمەد)ی برات دەبێتە شــوانێکی دەســتپاکی ماڵەکــەت کاتێ تۆ لەوێیت و کاتێکیــش لەماڵەوە نیت..

هەرگیــز براکــەت ڕێــگا بــە خــۆی نــادات نزیک بێتــەوە لە



Scanned with CamScanner

برازنی خۆی، چونکە وەکو خوشکی خۆی تەماشای دەکات. (خالید)تۆ لە خۆت بپرسە.. ئەگەر (حەمەد)ی برات ژنی هەبووایە، ئایا تۆ بیرت لەدەستدرێژی دەکردەوە بۆ سەر ژنەکەی، یان زیانی پێبگەیەنیت؟

پێموایە وەڵامەکە ئاشکرایە لەلات؟

خالید بۆچی براکەت و باوکت و دایکت لەدەست دەدەیت و خێزانەکەت پەرتەوازە دەکەیت، لەپێناوی ئەندێشە و خەیاڵ و گومان و ئەگەرانێکدا کە بوونیان نییە.. عاقڵبە و باوک و دایکیت ڕازی بکە، تاوەکو خوای گەورە لێت ڕازی بێت.. بۆئەوەی گومان و دوودڵیشت نەمێنێت ڕێنماییت دەکەم کە (حەمەد) لەبەشی پێشەوەی ماڵەوە نیشتەجێ بکەیت و ئەو دەرگایەی بەشی پێشەوە و ژوورەکانی تر جیا دەکاتەوە دایبخەیت.. (خالید) ڕازیی بوو بە قسەکانی (صالح)ی هاوڕێی.. چارەی نەمابوو ڕازی بوون نەبێت بەوەی کە (حەمەد)ی برای بێنێتە لای خۆی..

دوای چەند ڕۆژێ (حەمەد) گەشتە فڕۆکەخانە و خالیدیش پێشوازیی لێکرد و پاشان پێکەوە چوون بۆ ماڵی خالید تاوەکو (حەمەد) لە بەشی پێشەوە نیشتەجێ ببێت.. کار بەوشێوەیە گوزەرا.. بە ویستی خوای گەورە ڕۆژگار بەسەرچوو کە هەر زاتی خۆی زانا بوو بە هەموو شتێ.. ئێستا ئێمە چوار ساڵمان تێپەڕاندووە و (خالید) تەمەنی گەشتووەتە (30) ساڵ و بووە بە باوکی سێ منداڵ..

(حەمەد)یش لە دواهەمین قۆناغی زانکۆدایە و خەریکە

خوێندن تەواو دەکات.. خالیدی برای بەڵێنی پێداوە کە لە زانکۆ بیکات بە فەرمانبەر لە شوێنێکی گونجاودا.. هەر لەماڵیاندا بمێنێتەوە تا ژن دێنێت و لەگەڵ ژنەکەیدا بچنە ماڵی خۆیانەوە.

ئێوارەیەکیان خالید بە ئۆتۆمبێلەکەی دوای نیوەی شەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵ.. بەیەکێ لە ڕێگاکانی گەڕەکەکەی تەنیشتی ماڵەکەیاندا دەڕۆیشت... لە دوورەوە دوو تارمایی ڕەشی بینی کە لە تەنیشت ڕێگاکەدابوون.. نزیکبوویەوە لێیان.. بینی پیرەژنێکی بەتەمەنە لەگەڵ کچێکدا کە کەوتووە بە زەویدا و کچەکە دەناڵێنێت و هاوار دەکات، پیرە ژنەکەش هاوار و واوەیلایەتی: (خەڵکینە پیاوچاکان فریامان بکەون، ڕزگارمان بکەن)، خالید سەری سوڕما لەو حاڵەتە.. حەزی دەکرد زیاتر نزیکبێتەوە لێیان و پرسیاریان لێ بکات بۆچی لە قەراخ ئەو ڕێگایەدان، پیرەژنەکەش وتی: کە ئەوان خەڵکی ئەم شارە نین، تەنها هەفتەیەک دەبێت نیشتەجێن لێرە و کەسیش لێرە ناناسن و ئەم کچەش، کچی خۆیەتی و مێردەکەی سەفەری کردووە بۆ دەرەوەی شار بۆ ئیشکردن.. ئازاری ژان و منداڵ بوون، پێش وادەی دیاریکردنی خۆی زۆری بۆ هێناوە و کچەکەی خەریکە لە تاو سەختی ئازار دەمرێت و کەسیش شک نابەن بیانگەیەنێتە نەخۆشخانە تا لەوێ کچەکەی منداڵی ببێت، پاشان پیرەژنەکە بەچاوی پڕ فرمێسکەوە لێی دەپاڕایەوە و دەیوت: تکات لێ دەکەم، قاچەکانت ماچ دەکەم، چاکەمان لەگەڵدا بکە و کچەکەم بگەیەنەرە نزیکترین نەخۆشخانە،

خوای گـەورە خێزانت و منداڵەکانت لە هەموو ناخۆشـییەک بپارێزێـت.. فرمێسـکی پیرەژنەکـە و هـاواری ئافرەتەکە کە کەوتبـوو بەسـەر زەویـدا کاریـان کردە سـەر دڵـی خالید، بۆیـە بەهۆی پیاوەتی و جوامێـری و یارمەتی لێقەوماوانەوە بەزەیـی پیایانـدا هاتـەوە و ڕازیـی بـوو کـە بیانگەیێنێتـە نەخۆشـخانە، هەسـتا بە هاوکاری پیرەژنەکـە ئافرەتەکەیان خسـتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە، پاشـان بەپەلە گەیاندنیە نزیکترین نەخۆشـخانەی منداڵبـوون.. پیرەژنـە و ئافرەتەکە بەدرێژایی ڕێگاکـە دوعـای خێر و سـەرکەوتنیان بۆ دەکـرد، کە خوای گـەورە بەرەکـەت بخاتە مـاڵ و منداڵیەوە.

دوای کەمێـک گەشـتنە نەخۆشـخانە، دوای تەواوبوونـی ڕێوڕەسـمی یاسـایی لەو جۆرە حاڵەتانەدا، ئافرەتەکە برا بۆ ژووری نەشـتەرگەریی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری، چونکە بە سروشـتی منداڵەکـەی نەدەبوو..

بەهـۆی جوامێری و پیاوەتـی و خاکیبوونیەوە خالید حەزی نەدەکـرد بـڕوات و بەتەنهـا ئـەو پیرەژنە هـەژارە جێبهێڵێت لەگـەڵ کچـە بێچارەکەیدا، تـا دڵنیـا نەبێت لە سـەرکەوتنی ئەنجامـی نەشـتەرگەرییەکە و لەدایکبوونـی منداڵەکـە بـە سـەلامەتی.. بـە پیرەژنەکـەی وت: مـن چاوەڕوانـی دەکـەم لـە هۆڵی چاوەڕوانـی پیـاوان.. داوای لێکـرد ئەگەر نەشـتەرگەرییەکە تەواوبـوو، منداڵەکـەش بـە سـەلامەتی لەدایکبـوو مژدەی پێبـدات.. بۆیـە پەیوەندی بـە ژنەکەیەوە کـرد لـە ماڵـەوە و هەواڵی پێدا کـە کەمێـک دوادەکەوێت و

دڵنیـای کـرد کە دڵـی هیچ نـەکات.

خالیـد لـە هۆڵـی (چاوەڕوانی پیاوان) دانیشـت و پشـتی نا بەدیوارەکـەوە.. بۆیـە خـەو زاڵ بوو بەسـەریدا و هەسـتی بەخـۆی نەکـرد.. خالیـد نەیزانـی چەندێک بەسـەر کاتەکەدا تێپەڕیـوە کە خەوتـووە.. بەڵام ئەوەی کە بەتـەواوی لەیادی ئەمـدا نەبـوو کـە هەرگیز لـە بیروهۆشـیدا ناسـڕێتەوە، کە بەهـۆی دەنگـی قیـژەوە بەخەبـەر هـات.. بینـی دوو پیاوی ئاسـاییش لێی نزیک دەبنـەوەو پیرە ژنەکە هـاوار دەکات و بەدەسـتەکانی ئامـاژە بـۆ ئـەم دەکات و دەڵێـت: ئەوەتا.. ئا ئەوەتا...خالیـد سەرسـام بـوو لەو هەڵوێسـتە و لە شـوێنی خـۆی هەسـتایەوە و بەپەلـە چـوو بـۆ لای دایکـی کچەکە و دەستپێشـخەری کـرد و بەتاسـەوە وتـی: ئایـا منداڵەکـە بەسـەلامەتی لەدایکبوو.. پێش ئـەوەی پیرەژنەکە هیچ بڵێت.. ئەفسەری ئاسایش لێی نزیک بوویەوە و پێی وت: تۆ (خالید) یت ووتی: بەڵێ.. ئەفسـەرە ئاساییشەکە پێی وت: دەمانەوێت پێنـج خولـەک بێیـت بـۆ ژووری بەڕێوەبـەر؟.. هەمـووان چوونـە ژووری بەڕێوەبـەر، دەرگاکەیـان لەسەرداخسـتن.. لـەوێ پیرەژنەکە هاواری دەکرد و دەیکێشـا بە ڕوخسـاری خۆیـدا و ڕوومەت و قـژی خۆیی دەڕنی و هـاواری دەکرد: ئـەوە تاوانبارەکەیە، داواتان لێ دەکەم دەسـتبەرداری مەبن بـا نـەڕوات.. ئای داخـی گرانـم بۆکچـی خـۆم... خالیدیش سەرسـام بـوو بـوو.. هیچ تێنەدەگەیشـت چـی ڕوودەدات.. هـەر سەرسـام و ئەبڵەق بووبـوو، تا ئەفسـەرەکە پێی وت: ئـەم پیـرە ژنە دەڵێـت: تۆ زینـات لەگەڵ کچەکەیـدا کردووە



Scanned with CamScanner

و بە زۆر شەرەفت تکاندووە و سکی لە تۆ بووە، پاشان کاتێ کە هەڕەشەی لێ کردوویت کە نهێنییەکەت ئاشکرا دەکات و هەواڵ بە پۆلیس دەدات، تۆش بەڵێنت پێ داوە کە بیخوازیت، بەڵام پاش ئەوەی کە منداڵەکەی ببێت، پاشان منداڵەکە دابنێن لەبەردەم دەرگای یەکێ لە مزگەوتەکاندا تا خێرخوازێک بیبات و بیگەیەننە دەست خانەی چاودێری کۆمەڵایەتی...!!! خالید بە بیستنی ئەم قسانە ڕاچڵەکی.. دنیا لەبەرچاوی ڕەش بوو.. هیچی لە بەردەم خۆیدا نەدەبینی.. قسەکان لە قورگیدا وشک بووبوون.. نەیدەتوانی قسە بکات و کەوت بەزەویدا و لەهۆش خۆی چوو، دوای کەمێک (خالید) هاتەوەهۆش خۆی و دوو پیاوی ئاسایشی بینی لەگەڵیدان لە ژوورەکەدا و ئەفسەرە پسپۆڕەکە پێی وت: خالید ڕاستم پێ بڵێ: ڕوخسارت و سیمات وانیشان دەدەن کە تۆ کەسێکی بەڕێزیت و ڕووالەتت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تۆ لەو کارە قیزەونانەت ئەنجام نەداوە..

خالید لەکاتێکدا ئازار سوێی بەدڵی بردبوویەوە وتی: خەڵکینە ئایا ئەمە داپاشتی چاکەیە، ئایا بەوشێوەیە پاداشتی چاکە دەدرێتەوە؟ من پیاوێکی شەریف و داوێنپاکم، من ژنم هەیە و سێ منداڵم هەیە، دوو کوڕم هەیە، سامی و سعود و کچێکیش و نیشتەجێی ئێرەم لە گەڕەکێکی ناسراودا.. خالید نەیتوانی خۆی بگرێت و فرمێسک بەچاوانیدا هاتە خوارەوە.. ئەوانە فرمێسکی زوڵم و بێزاریی بوون.. فرمێسکی داوێنپاکی و ڕەوشت جوانی بوون.. پاشان کاتێ خۆی هێورکردەوە.. خالید بەسەرهاتەکەی خۆی لەگەڵ ئەو



Scanned with CamScanner

پیـرەژن و ئافرەتەدا بەتـەواوی بۆ ئەفسـەرەکان گێڕایەوە..

کاتـێ خالیـد لەقسـەکانی بوویـەوە.. ئەفسـەرەکە پێی وت: ئارامبە.. من دڵنیام کە تۆ بێتاوانیت، بەڵام پێویسـتە کێشـەکە بەرێـگای یاسـایی چارەسـەر بکرێـت و پێویسـتە بەڵگـەی بێتاوانیـی تۆ دەربکەوێـت و کارەکەش لەم جـۆرە حاڵەتەی تـۆدا ئاسـانە.. ئێمـە تەنها هەڵدەسـتین بە هەندێ شـیکاری پزیشـکی تایبـەت کە ڕاسـتیمان بـۆ دەردەخـات! خالید پێی بچـڕی: چ ڕاسـتییەک، ڕاسـتی ئـەوەی کـە مـن بێتاوانم و شـەریفم و داوێنپاکم.. ئایا بڕوام پێناکەن.. سـەگیش چاکەی لەگەڵـدا بکەیـت چـاک دەبێـت لەگەڵـت، بـەڵام زۆرێـک لە خەڵکـی ناپاکـی دەکەن و خراپـەکار دەبن بەرامبەر کەسـێ کـە چاکەیـان لەگـەڵ بـکات.. بـۆ بەیانی دەسـتیان کـرد بە پشـکنینی بڕێک لـە (سـپێرم) ی خالید و ناردیـان بۆ تاقیگە بـۆ پشـکین و ئەنجامدانـی تاقیکردنەوەی پێویسـت.. (خالید) لەگەڵ ئەفسـەرە پسـپۆڕەکەدا دانیشـت کە لە ژوورێکی تردا بـوو.. بەردەوام دوعـای دەکرد و پەنای دەگـرت بە خوا کە ڕاسـتی دەربکەوێـت! دوای نزیکـەی دوو سـەعات ئەنجامی سەرسـام هاتەوە.. شـیکارە پزیشـکیەکان دەریانخسـت کە خالیـد لەو تاوانە بۆ هەڵبەسـتراوە بێتاوانـە.. خالید نەیتوانی لەخۆشـیاندا خـۆی ڕابگرێت و لەسـەر زەویەکە سـوجدەی شـوکری بـرد بۆ خوای گـەورە، کـە پـەروەردگار بێتاوانی ئەمی دەرخسـت، ئەفسـەرەکە داوای لێبوردنی کرد کە بوونە هـۆی نارەحەتکردنـی و پیرەژنەکـە و کچە سـۆزانییەکەیان نارد بۆ پۆلیسـخانە بۆ بەدواداچوونی کێشەکە و گرتنەبەری

ڕێ و شـوێنی تەواو...

خالیـد پێش ئەوەی لە نەخۆشـخانە بڕواتەدەر، سـوور بوو لەسـەر ئـەوەی خواحافیزی لە پزیشـکی پسـپۆڕ بـکات کە هەسـتابوو بە کارەکـە، بۆیە چوو بـۆ ژوورە تایبەتەکەی تا خواحافیـزی لێ بـکات و سوپاسـی هـەوڵ و ماندووبوونی بـکات.. بـەڵام پزیشـکەکە پێـی وت: ئەگەر زەحمـەت نەبێت چەنـد خولەکێـک کارم پێتە بۆ شـتێکی تایبەت.

پزیشـکەکە کەمێـک پەشـۆکابوو، پاشـان خـۆی ڕاگرت و وتی: لەڕاسـتیدا لەمیانی پشـکنینەکاندا کە ئەنجامماندا گومان دەبـەن کـە تـۆ نەخۆشـییەکت هەیە!! بـەڵام دڵنیانیـم لەوە، لەبـەر ئـەوە دەمەوێـت هەنـدێ پشـکنین بکەیـت لە سـەر ژنەکـەت و منداڵەکانـت، تاوەکو گومانەکە ببێت بەڕاسـتی؟؟

خالیـد کەمێک ترسـی لـێ نیشـت و وتی: تکات لـێ دەکەم دکتـۆر پێـم بڵێ چیمـە.. مـن ڕازیم بەقـەدەری خـوا، بەڵام گرنگتـر لای من منداڵە بچووکەکانمە، من ئامادەم لەپێناویاندا قوربانـی بدەم، پاشـان دەسـتی کـرد بە گریان، پزیشـکەکە دەسـتی کرد بـە هێمنکردنەوەی و دڵنیاکردنەوەی و پاشـان پێـی وت: مـن لەڕاسـتیدا ناتوانم ئێسـتا هیچت پـێ بڵێم.. تا دڵنیـا نەبم لە کارەکـە.. لەوانەیە گومانەکانـم لەجێی خۆیاندا نەبێت، بەڵام بەخێرایی ژنەکەت و هەرسـێ منداڵەکەت بهێنە.

دوای چەنـد سـەعاتێک خالیـد ژنەکـەی و منداڵەکانـی هێنا بـۆ نەخۆشـخانە.. پشـکنین و شـیکاری پێویسـتیان بـۆ ئەنجامـدرا.. پاشـان بـە ئۆتۆمبێـل ڕەوانـەی کردنـەوە و

خالیـد خۆی گەڕایــەوە تا کەمێک قســە لەگەڵ پزیشــکەکەدا بـکات.. کاتــێ پێکــەوە قســەیان دەکـرد، مۆبایلەکــەی خالید زەنگــی لێـدا، ئەمیـش هەڵیگـرت و چەنـد خولەکێک قســەی کـرد و دایخســتەوە، دووبــارە کەوتــەوە وتوویـژ لەگەڵیـدا و پزیشـکەکە پێـی وت: ئــەوە کــێ بــوو پێـت دەوت نەکەی دەرگای شــوقەکە نەشــکێنیت؟!!

خالیـد ووتی: ئــەوە (حەمەد)ی برام بوو.. لەهەمان شــوقەدا لەگەڵ مندا نیشــتەجێیە، کلیلەکەی خۆیــی ونکردووە و داوام لــێ دەکات بەخێرایــی بڕۆمــەوە تا دەرگاکەی بــۆ بکەمەوە.. پزیشــکەکە بەسەرســامییەوە وتــی: لــە کەیەوە ئــەو لەگەڵ ئێوەدایە؟

خالیـد وتی: چوار ســاڵە و ئەو ئێســتا لەقۆناغــی کۆتاییدایە لــە زانکۆ.. پزیشــکەکە پێــی وت: ئایا دەتوانیـت بانگی بکەیت تا هەندێ پشــکنینی بۆ بکەین تا دڵنیا ببین ئایا نەخۆشــییەکە زگماکییــە یــان نــا؟! خالیدیـش وتــی: زۆر بەدڵشــادییەوە، ســبەینێ دێینەوە بۆ لات!!

لەکاتــی دیاریکــراودا خالید و (حەمەد)ی بــرای ئامادەبوون لە نەخۆشــخانە و پشــکنین و شــیکاری پێویست بۆ (حەمەد) ئەنجامدرا، پزیشــکەکە داوایکرد لە خالید کە دوای هەفتەیەک ســەردانی بکاتــەوە تا ئەنجامــی کۆتایی بــۆ دەردەکەوێت و دڵنیادەبێت لە هەموو شــتێک..

خالید بەدرێژایی ئەو هەفتەیە ڕاڕا و بێتاقەت بوو.

لــە کاتــی دیاریکــراودا هاتــەوە بــۆ لای پزیشــکەکە کــە بە



Scanned with CamScanner

گەرمـی پێشـوازیی لێکـرد.. داوای شـەربەتێکی لیمـۆی بۆ کـرد تا مێشـکی هێوربێتـەوە.. پاشـان ووردە وردە باسـی ئارامگرتنـی بـۆ دەکـرد لەسـەر نەهامەتی و کۆسـتەکان و دنیـا هەر بەو شـێوەیە بووە!! خالید پێی بـڕی و وتی: تکات لێدەکـەم دکتۆر لەمە زیاتر دەمارم مەسـووتێنە، من ئامادەم هـەر نەخۆشـییەکم تـووش بووبێـت، چونکە ئـەوە قەدەری خوایـە، ڕاسـتییەکەم پێ بڵێ؟

پزیشـکەکە کەمێک سـەری لەقاند و پاشـان وتـی: زۆرجار ڕاسـتییەکان ئـازاراوی و تـاڵ و ناخۆشـن!!.. بـەڵام دەبێت بزانرێـن و بەرەنگاریـان ببینەوە!!

ڕاکـردن لـە بەرەنگاربوونەوە چارەسـەری کێشـە ناکات و واقیعیـش ناگۆڕێت..

پزیشـکەکە کەمێـک بێدەنـگ بـوو.. پاشـان بۆمبەکـەی تەقانـدەوە و وتـی:

- خالیـد تـۆ نەزۆکیت و منداڵـت نابێت!!! ئەو سـێ منداڵەش منداڵـی تـۆ نیـن بەڵکـو منداڵـی (حەمـەد)ی براتـن... خالید نەیتوانـی گـوێ لەو قسـە جەرگ بڕانـە بگرێـت... هاوارێکی بەرزی لێوەهات کە نەخۆشـخانەکە دەنگی دەدایەوە، پاشـان کـەوت و لەهۆش خـۆی چوو.

دوای دوو هەفتـە خالیـد هاتـەوە هـۆش خـۆی تـا هەموو شـتێک ببینێـت لە ژیانیـدا کە داڕمـاوە و تێکشـکاوە.. خالید تووشـی ئیفلیجی نیوەیی بوو بوو، عەقڵیشی لەدەست دابوو، بەهۆی سـەختی کارەسـاتەکەوە و ڕەوانەی نەخۆشـخانەی



Scanned with CamScanner

نەخۆشــییە دەروونییــەکان کرابــوو، تا ژیانی لەوێ بەســەر بەرێت هەتــا مردن.

ژنەکەشــی ڕەوانەی دادگای شــەرعی کرابوو بــۆ دانپیانانی تاوانەکانــی و ئەنجامدانی ســزای ڕەجمکردنــی هەتا مردن.

(حەمەد)ی برایشــی ڕەوانــەی بەندیخانەکرابوو، چاوەڕوانی ســزای شــەرعی دەکرد، تا هەقی خــۆی وەربگرێت.

ســێ منداڵەکــەش ڕەوانــەی خانەی چاودێریــی کۆمەڵایەتی کــران تــا لــەوێ لەگــەڵ دۆزراوەکان و هەتیوەکانــدا ژیــان بەسەربەرن.

ســوننەتی خوا (الحموالموت) هەر دەمێنێت و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت:

وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا (الأحزاب: ٦٢)

واتە: (نابینیت گۆڕان بەسەر سوننەتی خوای گەورەدا بێت).

والحمد لله رب العالمين



Scanned with CamScanner

## چیرۆکی ئازاردانی دایک و باوک

(١)

ئـەم چیرۆکـە یەکێـک لـە زەرنگـەرەکان گێڕایـەوە و وتی: پیاوێـک لەگـەڵ ژنەکەیدا هاتنـە دوکانەکەیەوە لە دواییشـدا دایکـە پیرەکـەی منداڵـە بچووکەکـەی هەڵگرتبـوو، وتـی: ژنەکـە دەسـتی کـرد بـە هەڵگرتنـی ئاڵتـوون... پیاوەکە بە زەرنگەرەکـەی وت: پارەکـەی چەنـد دەکات؟

زەرنگەرەکە ووتی: بیست هەزار و سەد ڕیاڵ.

پیاوەکە وتی: ئەو سەدە هی چییە؟

وتـی: دایکـت موسـتیلەیەکی هەڵگـرت کە بـە سـەد ڕیاڵە..



Scanned with CamScanner

کوڕەکەشی موستیلەکەی لە دایکی سەند و فڕێیدایەوە بەسەر زەڕنگەرەکەدا و وتی: پیرەژن ئاڵتوونی ناوێت!!.

کاتێ دایکی گوێی لەم قسەیە بوو گریا و ڕۆیشتە دەرەوە بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە،

ژنەکەشی ووتی: ئەوە چیت کرد؟ لەوانەیە لەمەودوا منداڵەکەت هەڵنەگرێت؟

پەنا بە خوا وەک خزمەتکاریان وابوو..

زەڕنگەرەکە سەرزەنشتی کرد و پیاوەکەش ڕۆیشت بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە و بە دایکی وت ئەو ئاڵتوونەی کە دەوێت هەڵیبگرە، ئەگەر دەتەوێت موستیلەکە هەڵبگرە.

دایکیشی وتی: نەبەخوا نامەوێت... بەخوا موسیلەم ناوێت، بەلام ویستم دڵم شادکەم بە جەژن، وەک چۆن خەڵکی دڵیان شاد دەبێت، بەلام تۆ شادیی منت مراند، خوا لێت ببورێت:

وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا (الإسراو: ٢٣).

واتە: (پەروەردگار بڕیاریداوە بێجگە لە ئەو هیچ شتێکی تر نەپەرسترێت و چاکەکار بن لەگەڵ دایك و باوکتان ئەگەر یەکێکیان (باوکت یان دایکت) یان هەردووکیان لای تۆ پیربوون، قسەی ناخۆشیان پێ مەڵێ، تەنانەت ئۆفیش و تێیان مەخوڕە و پیایاندا هەڵمەشاخێ بەڵکو بە وتەی نەرم و شیرین لەگەڵیاندا بدوێ).



Scanned with CamScanner

(2)

ئـەم پیاوەش خراپەکارە و سـەرپێچی خوا دەکات و ئازاری باوکـی دەدات و ناوی (مونـازل)ە، ڕۆژێکیان باوکی هات بۆ لای و فەرمانـی پێدا کە گوێڕایەڵی خـوا بێت و چاکەکار بێت و وەڵامی پەروەردگار بداتەوە.

دەزانیـت چیکـرد!! چەپۆکێکی کێشـا بە ڕوخسـاری باوکیدا و باوکیشـی دەگریـا و دەیـوت: بە خوا دەچم بـۆ ماڵی خوا و لـەوێ دوعـات لێدەکەم.. باوکەکە ڕۆیشـت بۆ ماڵی خوا و بـۆ ئەنجامدانی حەج و دەسـتی گرت بە دیـواری کەعبەوە و پاشان دەسـتی بەرزکردەوە و وتی:

یامن اليه اتى الحجاج قد قطعوا　　ارضا كلاة من قرب و من بعد

هذا منازل لا يرتد عن تحققى　　فخذ بحقي يا رحمن من ولدى

وشك منه بحول منك بارحه　　ياليت يابنى لم يولد ولم ألد

باوکـە دەسـتی دانەگـرت لـە دوعاکـردن خـوای گـەورە کوڕەکـەی ئیفلیـج کـرد و ئیفلیج بـوو هەتاوەکو مـرد.. پەنا بـە خوای گـەورە.



Scanned with CamScanner

## (3)

ئـەم پیاوەش بەم شـێوەیە ئازاری باوکـی دەدات.. باوکی برد و خسـتیە سـەر حوشـترێک لە ناوەڕاسـتی بیابانێکدا و باوکـی وتی: کـوڕی خۆم دەتەوێت چی بـە من بکەیت؟

کوڕ: بێزاربووم لێت.

باوک: ئەی چیت دەوێت؟

کوڕ: دەمەوێت سەرت ببڕم، باوکە بێزاربووم لێت.

بـاوک: ئەگـەر هـەر دەتەوێـت وا بکەیـت، لـە پـاڵ ئـەو بـەردەدا سـەرم ببـڕە.

کوڕ: بۆچی باوکە؟

بـاوک: چونکە منیش لە پـاڵ ئەوبەردەدا باوکمم کوشـت، تـۆش لەوێدا من بکـوژە، ئەوکاتەش یەکێ لـە منداڵەکانت لەوێدا تـۆ دەکوژن.

خەڵکینە! لەخوا بترسن، لە خوابترسن، لە خوا بترسن.

ئـەی بەنـدەی خـوا لـە خوابترسـە، پاشـان تەماشـابکە بزانـە چیت بۆ سـبەینێ ئامادەکردووە... سـبەینێی نزیک... لەوانەیـە ئەمە شـەوی کۆتایـی بێت.

لەوانەیە سبەینێ نەبینیت.

لەوانەیە خۆر نەبینیت هەڵبێت بەسەرتدا.

لەوانەیە نەگەڕێیتەوە بۆ لای کەسوکارت.

لەوانەیە نەتوانیت ئەم چەند دێڕە بخوێنیتەوە.



Scanned with CamScanner

نزیکتـره لـه چاوتروکانێـک.... بەڵکـو ئـەی بەنـدەی خوا مـەرگ لەپڕ دێت، دەی لە خوابترسـە، هەسـت بە دایک و باوکـت بکـە.... لااله الاالله..

سەرچاوە: (واحات الصحبه والصحابه)

# ئۆتۆمبێل و قورئانی پیرۆز

ئـەم لاوە لەگەڵ باوکیـدا دەژیا، دوای وەفاتـی دایکی کاتێک کـە منـداڵ بوو بە تەنیـا دەژیا لەگـەڵ باوکیدا.

باوکـی لـە دەوڵەمەندترینی پیاوانی ئەو شـارە بـوو، بەڵام زۆر دەسـت قوچـاو بـوو لـە ئاسـت کوڕەکـەی و زۆرکەم خەرجـی بـۆ پێویسـتی دەدایـە، لاوەکـە حەزی لـە جۆرێک لـە مۆدیلەکانـی ئۆتۆمبێل بـوو کە زۆر گران بوو، هەمیشـە خەونـی پێوە دەبینی.. ڕۆژێکیان ئەو داواکارییەی ئاڕاسـتەی باوکـی کرد.

باوکیشـی وتی: دوای ئەوەی لـە تاقیکردنەوەکانـدا پلەیەکی بـەرز بەدەسـتبهێنیت دیارییەکی بەهادارت پێشـکەش دەکەم کـە بەهاکـەی زۆر لەبەهای ئـەو ئۆتۆمبێلە زیاترە.

دوای دەرچوونـی بە سـەرکەوتوویی و پلـەی باش، کوڕەکە چـووە لای باوکـی و وتـی: باوکـە کاتـی ئەوە هاتـووە کە دیارییەکـەم پـێ بدەیـت.. باوکیشـی پاکەتێکی پێچـراوی لە کتێبخانەکەیـدا دەرهێنـا و پێشکەشـی کوڕەکەی کرد.

کوڕەکـەش وەریگـرت و خەندە بە لێوانیـەوە دیاربوو.. کاتێ کردیەوە بینـی قورئانێکی پیرۆزە.

کوڕەکـە تووشـی شـۆک بـوو، پاشـان فڕێیـدا بەسـەر باوکیـدا و وتـی: ئـەوە چییە؟ ئـەم هەمـوو ماندووبوون و شـەونخونییە بۆچـی؟ ئـەی.... .

کوڕەکــە لەمــاڵ چوویــە دەرەوە ئیتــر نەگەڕایــەوە و دوای نزیکــەی بیســت ســاڵ دوای وەفاتــی باوکــی کوڕەکــە گەڕایــەوە بــۆ ماڵــەوە و ماڵەکــە بووبوویــە موڵکــی ئــەو، ڕۆژێکیــان کەلوپەلەکانــی باوکی دەرکــرد، قورئانەکەی بینی بــە خەفەتــەوە تەماشــایکرد، پاشــان گرتی بەدەســتیەوە و کردیــەوە و لەنــاو قورئانەکــەدا کلیلی ئــەو ئۆتۆمبێلەی بینی کــە داوایکردبــوو لە باوکی... بۆیە دەســتی کــرد بە گریان و شــین و تووشــی شــۆک بوو!!.

لــەو ڕۆژەوە ئــەو لاوە نەیتوانیــوە تاکــە وشــەیەک بێــت بەزاریــدا.

سەرچاوە: (واحات الصحبە والصاحبە)

# چیرۆکی سلێمان لەگەڵ ژنە چاکەکەیدا

لـە شـەقامی کورنیـش بـە ئۆتۆمبێلەکـەی وەک پیشـەی ئاسـایی پیاسـەی دەکـرد، کاتێـک کە بیویسـتایە لە ئاسـت پەسـتانی ژیانی ڕۆژانە پشـوو بدات، لەو سـاتەدا لە ڕادیۆی ئۆتۆمبیلەکەیـەوە گوێـی لـە دەنگی ئـەو گۆرانیبێژە کچەوە دەبـوو کـە حەزی لـە دەنگـی دەکـرد و دەیوت: (یـا فؤادی لا تسـل أیـن الهوی) وەک شـێت حەزی لـە دەنگـی (أم کلثوم) دەکـرد، زۆر دەگەشـایەوە بـە گۆرانییەکانـی، کاتێ گوێی لە دەنگـی بوو گۆرانی دەڵێـت، خەیاڵ و ئەندێشـەی دەفڕی بە ئاسـماندا کە بنچینەکەی خەونەکان و مەبەستەکەشـی (هیچ) بوو.

ئاسـاییە کە گەڕان و پیاسـەکردن کۆتایی نایەت، ئەمە پێش گەیشـتن بە ژمارەیەک لە سـەنتەرە بازرگانییەکان... گەڕانی ئەمجارەیـان دیاربـوو کەمێـک جیـاواز بوو لـە گەڕانەکانی پێشـووتر، چونکـە ئـەم جـارە سـلێمان چـاوی نەدەبڕییـە کچـەکان، تـا یەکێکیـان بگرێـت و گاڵتەیان پێ بـکات، بەڵکو ئـەم جـارە تەماشـای ئـەو پیاوانـەی دەکـرد کـە لەگـەڵ خێزانەکانیانـدان... کـە نیشـانەی تازەیـی هاوسـەرگیرییان پێـوە دیاربـوو!!! تەنانـەت بیرکردنـەوەی ئەمڕۆشـی وەکو ڕۆژان نەبـوو، هـەر کـە پیاوێکی دەبینی لەگـەڵ ژنەکەیدا بە خۆیـی دەوت: (ماشـەڵلا... بە خوا ژنهێنان شـتێکی خۆشـە، ئێسـتا ئـەوان لەزەت لـە یەکتـری دەبینن).

بیرۆکــەی ژنهێنــان ماوەیــەک بوو مێشــکی ســلێمانی تەنی بــوو، زۆر بــە لێبڕاوانە بیــری لێدەکــردەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی وەزیفەیەکی باشی دەســتکەوتبوو، داهاتێکی جێگیری باشــی هەبــوو، ئەو ڕۆژە گەڕایەوە بۆ ماڵــەوە و دایکی بینی و داوای لێکــرد کــە بێت بــۆ ژوورە تایبەتەکەی خۆی.

داواکارییەکــە ســەیر نەبــوو بــەلای دایکیــەوە، چونکــە ئــەو پێویســتی بــەوە هەبــوو کــە ســەقامگیر بێــت و ژیانی هاوســەری پێکبهێنێت، پێش ئەوەی بە هەڵدێــردا بڕوات، لەم ســەردەمەدا کــە پڕیەتــی لــە خراپــەکاری و ئارەزووبازی.

کاتــێ دایکی لێــی پرســی: مەرجەکانی چییە بۆ ئــەو ژنەی کــە دەیخوازێــت؟ ســلێمان وتــی: دەمەوێــت دینــدار بێت و ڕوواڵەتــی هەبێت.

دایکــی پێــش ئــەوە پێــی دەوت: ســلێمان ئاییــن لەمــڕۆدا گرنگتریــن شــتە بــۆ ئافرەت و مــن دایکی تۆم.. ئــەو کچەی لە پەروەردگاری خۆی نەترســێت خێر ناداتەوە، ســلێمانیش تەنها ســەری ڕاوەشــاند کــە نیشــانەی ڕەزامەنــدی بوو بە قســەکانی دایکی، بەڵام تێنەدەگەیشــت لە مانای ئەوە کە ژن دەبێــت (دیندار و بەڕەوشــت) بێت.

ســلێمان گەنجێکــی صاڵــح بــوو، بەڵام ئــەوەی بیناســیایە دەیزانــی کــە لاوێکی مــام ناوەندییــە و جگەرە ناکێشــێت و هاوڕێیەتــی خراپ نــاکات، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشــدا بێ گوناه نەبوو.

دوای چەنــد مانگێــک لــە گەڕان بــەدوای ژندا بۆ ســلێمان،

دایکی چووە ژوورەکەیەوە و پێی وت: ئەو ئافرەتە گونجاوەی کە ئەم دەیەوێت ئامادەیە و خوێندکاری زانکۆیە و دیندار و بەڕەوشتە و لە زانکۆدا خەریکی کاری بانگخوازییە، یان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی خوشکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئافرەتێکی زۆر جوانە.

سلێمان ڕازی بوو زەماوەند لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا بکات و زەماوەند تەواوبوو، سلێمان چووە کەژاوەی هاوسەرگیرییەوە و ژیانی خۆشی و شادی دەستی پێکرد و وەک چۆن خۆی خوازیاری بوو، نیشانەکانی گۆڕان لە ژیانیدا دەبینرا، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی نوێیەوە، لە شەوی یەکەمدا.. کاتێک کەوتبووە ناو خەوێکی قووڵەوە... ئای کە خەوی قورس بوو.. هەستی بە دەستێکی ناسک کرد کە ڕانەهاتبوو پێی، شانی ڕاوەشاند: سلێمان.. سلێمان.. هەستە نوێژی بەیانییە بانگبێژ بانگیدا.

سلێمان بە خۆیی وت: ئەم بەڵایە چییە؟ دەترسم هەر لە یەکەم شەوەوە دەست بکەین بە ناکۆکی.

سلێمان هەستا بۆ نوێژ، بە پاڵنەری شەرمکردن لە ژنەکەی، چونکە دەترسا هەر لە یەکەم شەوی هاوسەرگیریانەوە گومانی خراپی هەبێت لێی، سلێمان نوێژی بەیانیانی نەدەفەوتا، بەلام بە جەماعەت لە کاتی خۆیدا نەیدەکرد، کاتێک دەیکرد کە لە خەو هەڵدەستا، هیچ ڕۆژێک نوێژی نەفەوەتاوە.

سلێمان دەستنوێژی گرت و بۆ نوێژکردن ڕۆیشت بۆ

مزگـەوت، لەوێ لە ڕێگادا هەسـتی بە جیهانێکی سـەیر کرد!
لـە زووەوە نوێـژی بەیانـی بـە جەماعـەت ئەنجام نـەداوە!
ئـەو هێمنـی و بێدەنگییەی کە هەسـتی پێ دەکـرد لە ڕێگادا
سـەرنجی ئەمیـان ڕاکێشـا، کاتێـک بـە ڕێـگادا دەڕۆیشـت
پرسـیارێک بەرۆکـی گـرت: من بەرامبـەر بەم فـەرزە چیم
ئەنجامداوە؟

پرسـیارانێکی زۆر لـە مێشـکی سـلێماندا کەڵەکەبـوون،
وەک ئەوەی کەسـێک لە متبوونێکـی درێژخایەنەوە بەئاگا
هاتبێتەوە و تەنها لە متبوونی هاوەڵانی ئەشـکەوت دەکات
لە ئەشـکەوتەکەیاندا.

ژیانی سـلێمان بە هێمنی و ئارامـی تێدەپەڕی.. ڕۆژێکیان
بـە کۆنترۆڵەکـە کەناڵەکانـی سـەتەلایتی دەگـوڕی،
بەرنامەکانـی هەواڵ سـەرنجی ئەمیان ڕاکێشـابوو.. بەڵام
دیـارە ئەوەی ئـەو کەناڵانـە دەگۆڕێت ڕێـی دەکەوێت لە
شـتی بێ ئـەرزش و هەندێ جار بەهـۆی زۆریی بەرنامە
بێکەڵکەکانەوە کەسـەکە ناچار دەبێت تەماشـای ئەو شـتە
بێکەڵکانـە بکات.

سـلێمانیش هـەر بەو شـێوەیە بوو... ڕۆژێکیـان ژنەکەی
هاتـە ژوورەوە و ئەمیش تەماشـای بەرنامەیەکی بێکەڵکی
دەکرد، بۆیە ئەو فرسـەتەی قۆسـتەوە و دەسـتی کرد بە
وتـە سەرنجڕاکێشـەکانی و بیرۆکە جوانەکانی و شـێوازە
سـیحراوییەکەی و مێردەکـەی ڕازیکـرد دەسـتبەرداری



Scanned with CamScanner

ئـەو ئامێرە نەفرەتییـە بێت و تەنهـا تەلەفزیۆنی ناوخۆیی سـعودییەیان بەسـە، تەنها بۆ تەماشـاکردنی ئەو شتانەی شـایەنی تەماشاکردنن.

سـلێمان پێـش ژنهێنانـی هاوڕێیەکـی نزیکـی مـن بوو.. هەمـوو شـتێکمان دەربـارەی یەکتـری دەزانـی، هـەر لە منداڵیـەوە وا ڕاهاتبووین، بـەڵام دوای ئـەوەی سـلێمان ژنیهێنـا دوورکەوتینەوە لـە یەکتر، بەهۆی سـەفەرکردنی بـۆ کارکـردن بۆ شـارێکی تر.

دوای سـاڵ و نیوێـک گەیشـتمەوە بە سـلێمانی.. هەرکە بینیـم زۆر سەرسـام بـووم.. دیمەنـی، هەمـان دیمەنـی هـاوڕێ کۆنەکـەی من نەبوو و قسـە و هەڵسوکەوتیشـی وانەبـوو، لەو دیدارەیدا باسـی ڕۆزیی خـوای گەورەی بۆ کـردم کـە بەهۆی ئەو ژنـەوە بەسـەریدا ڕژاوە، کە توانی بە تەواوەتی گۆڕان بەسـەر ژیانیـدا بهێنێت.. دوای ئەوەی کـە نەیدەزانـی لە ژیانـدا چ ئامانجێکی هەیـە و هەر وەکو گەشـتیارێک وابـوو لەم ژیانەدا، ئێسـتا هەسـت بە بەهای خـۆی و مـاڵ و منـداڵ و کـەس و کاری و کۆمەڵگاکـەی دەکات.

ئازیـزان.. بـە سـلێمانیان دەوت: (ابـو ابراهیـم) باوکـی ئیبراهیم و ئێسـتاش ئـەو ئیمامی مزگەوتێکە لەو شـارەدا کـە کاری تێدا دەکات و خەریکـی چالاکی بانگخوازییە لەو شارەدا.

ئەمەبوو بەسەرهاتی ئەو لەگەڵ خێزانە صاڵحەکەیدا کە کردی بە شتێک دوای ئەوەی کە پێشتر هیچ نەبوو.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:

(تنكح المـراة لأربع، لِمالِهـا ولِحَسـبِها و لِجَمالِهـا و لِدِينِها، فاظفـر بـذات الدين تربـت يداك).

واتە: ئافرەت لەبەرخاتری چوار شت دەخوازرێت، بۆ ماڵەکەی و نەژادی و جوانی و ئایینەکەی، دەی تۆ ئایینەکەیان هەڵبژێرە دەستپاراو دەبیت).

سەرچاوە: (واحات الصحبه الصالحه)

## ناتوانیت لەمن بدەیت

منداڵێـک لە پۆلی دووەمـی بنەڕەتیدا بوو، بە کۆمەکی خوای گەورە و پاشـان بە ئاراسـتە و پەروەردەی صاڵحانەی دایک و باوکـی هیـچ نوێژێکی بەیانـی نەدەفەوتا و بـە جەماعەت (کۆمـەڵ) لە مزگەوتدا ئەنجامدەدا.. بەداخەوە ئەم دەرۆیشـت بۆ ئەنجامدانی نوێژ و باوکیشـی خەوتبوو..

ڕۆژێکیـان و لەکاتـی وانەیەکـدا لـە قوتابخانە مامۆسـتاکە بڕیاریـدا کـە سـزای هەمـوو قوتابیەکانـی پۆلەکـە بدات و بەهۆی شـتێکەوە بوو.. بۆیە مامۆستاکە یەکەیەکە دەستیکرد بـە لێدانـی قوتابیەکان، تا گەیشـتە سـەرەی ئـەم منداڵە.

مامۆستا: دەستت بکەرەوە! (دەیەویست لێی بدات).

قوتابی: نا، لێم نایەیت.

مامۆستا: ئایا گوێت لێ نییە، دەستت بکەرەوە.

قوتابی: دەتەوێت لێم بدەیت؟

مامۆستا: بەڵێ.

قوتابی: بەخوا تۆ ناتوانیت لە من بیەیت!!

مامۆستا: بۆچی؟

قوتابـی: بەخـوا ناتوانیـت لـە من بدەیـت، ئەگـەر دەتەوێت خـۆت تاقی بکـەرەوە!!

مامۆستاکەش لە هەڵوێستی ئەو قوتابیە سەرسام بوو..

وتی: ئەی بۆچی ناتوانم لێت بدەم؟

قوتابی: ئەی گوێت لە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ وە نەبووە کە دەفەرموێت:

(مَنْ صَلّى الفَجْرَ فِي جَمَاعَةٍ فَهُوَ فِي حِفْظِ الله)..

واتە: (ئەوەی نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ بکات ئەوە لە پارێزگاری خودادایە).. منیش نوێژی بەیانیم بە کۆمەڵ کردووە، لەبەر ئەوە من لە پارێزگاری خودادام و تاوانێکم نەکردووە تا تۆ سزام بدەیت!!

مامۆستاکە وەستا و هەڵوێستەیەکی کرد و ملکەچیی زاڵ بوو بەسەریدا و سەرسام بوو لە دانایی ئەو منداڵە بچووکە و تەنها ئەوەندەی لە توانادا بوو کە هەواڵ بدات بە ئیدارە تا باوکی منداڵەکە بانگ بکەن و سوپاسی بکەن لەسەر باش پەروەردەکردنی منداڵەکەی...کاتێ باوکی منداڵەکە هات، مامۆستاکان سەرسام بوون بە بینینی، چونکە کەسێکی لاموبالاتِ بوو و هیچ نیشانەیەکی چاکە و ئیصلاح لە ڕوخساریدا نەدەبینرا..

هەمووان سەرسام بوون و لێیان پرسی: ئایا تۆ باوکی ئەم منداڵەیت؟

ووتی: بەڵێ!

بەمنداڵەکەیان وت: ئایا ئەمە باوکی تۆیە؟

وتی: بەڵی، بەڵام لەگەڵ ئێمەدا نوێژ ناکات!!!

لەو کاتەدا یەکێک لە مامۆســتاکان هەستا و بەسەرهاتەکەی بــۆ باوکی گێڕایەوە، کە بووە هــۆی ڕێنماییکردنی باوکی.



Scanned with CamScanner

(منتديات المسافر)

## چیرۆکی لاوێکی سەیر

ئەمە چیرۆکێکی سەیرە و پەند و ئامۆژگاری تێدایە بۆ هەموو لاوێک، یەکێ لە مامۆستا بەڕێزەکان بۆی گێڕامەوە.. کە بەسەرهاتێکی لاوێکی ناسراوە و هەموو لاوەکانی تر دەیناسن.. بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە بۆیان و وتی: من کەمتەرخەم بووم لە نوێژکردندا، یان با بڵێین ڕێگای مزگەوتم نەدەزانی.

پێش ڕەمەزانی ساڵی (1420)ک. لەماڵەوە خەتبووم و لە خەونمدا خەوێکی سەیرم بینی، بینیم لەسەر جێگاکەم

خەتووم و ژنەکەم هات و دەیویست خەبەرم بکاتەوە، منیش وەلامم دایەوە چیت دەوێت؟ بەلام موفاجەئەکە لەوەدا بوو کە ئەو گوێی لە قسەکانی من نەبوو، پاشان چەند جارێ ویستی خەبەرم بکاتەوە منیش هەر دەموت چیت دەوێت؟ بەلام ئەو هەر گوێی لە قسەکانی منەوە نەبوو.. پاشان بە ترسەوە ڕۆیشت خوشک و براکانمی بانگ کرد و پزیشکیشیان لەگەڵدا بوو، پزیشکەکە دەستی کرد بە پشکنینم.. پێم وت چیت دەوێت؟ بەلام پزیشکەکەش گوێی لە منەوە نەبوو، هەواڵیدا بە براکانم کە من مردووم، ئەوانیش تۆقین و دەستیان کرد بە گریان لە کاتێکدا من نەمردبووم، بەلام نەمدەزانی بۆچی گوێیان لە قسەکانمەوە نییە، چونکە حاڵەتی من زۆر نارەحەت بوو، ژنەکەم و خوشک و براکانم دەبینی و قسەم لەگەڵدا دەکردن و تەماشام دەکردن، بەلام ئەوان قسەیان لەگەڵدا نەدەکردم، پاشان من گوێم لێیانەوە بوو، باسی ئەسپەردەکردنی منیان دەکرد و پەلەیان دەرد لە ناشتنمدا، منیان برد بۆ گۆڕستان منیش هەر کەسێکم ببینیایە لە ڕێگادا پێم دەوت من زیندووم و نەمردووم، بەلام کەس وەلامی نەدەدامەوە، پاشان کە منیان گەیاندە گۆڕستان پۆشاکەکانیان داکەندم و شۆردمیان و کفنیان کردم و بردمیان بۆ مزگەوت و من قسەم لەگەڵ ئیمامی مزگەوتەکەدا کرد و وتم: من زیندووم و نەمردووم، بەلام ئیمامی مزگەوتەکە وەلامی نەدامەوە، تەنانەت من گوێم لەوانەوە بوو کە تەماشام دەکردن، پاشان نوێژیان لەسەر کردم و دوای نوێژەکە

بردمیان بۆ لای گۆڕەکە، منیش تەماشای خەڵکەکەم دەکرد و ئەوانیش دەیانویست دفنم بکەن و بمشارنەوە..

قسەم لەگەڵ یەکێکیاندا کرد وەک ئەوەی دۆستایەتی هەبێت لەنێوانماندا پێم وت من نەمردووم و زیندوم و دفنم مەکەن، بەڵام ئەویش وەڵامی نەدامەوە، پاشان خۆڵەکەیان بەسەردا کردم و دایان پۆشیم، منیش فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ م بیرکەوتەوە کە دەفەرمووێت:

(إنَ المَيْتَ يَسْمَعُ قَرعُ النِعال)

واتە: (بەڕاستی مردوو گوێی لە دەنگی نەعلەکانیشەوەیە)

منیش بەڕاستی گوێم لە دەنگی نەعلەکانیشەوە بوو، کاتێ لەناو گۆڕەکەشدا بەجێیان هێشتم، دوای ئەوە دڵنیا بووم کە من ئێستا لە شوێنێکی تاریکدام و لەبەردەم لێپرسینەوەیەکی گەورەدام، دوای ئەوە دوو پیاوی گەورە هاتن، بەڵام ترسێنەربوون، یەکێکیان لای قاچمەوە وەستا و و ئەویتریشیان لای سەرمەوە، پرسیاری پەروەردگاریان لێکردم، منیش دەموت: پەروەردگارم.... پەروەردگارم.... من دەمزانی پەروەردگارم کێیە!! بەڵام نەمزانی چۆن لەبیرم چوویەوە، پاشان لێی پرسیم: پێغەمبەرت کێیە؟ منیش هەر دەمەوت: پێغەمبەری من... پێغەمبەری من.... پاشان لێی پرسیم ئایینی تۆ چییە؟ منیش دەموت: ئایینی من..... ئایینی من......

تەنهـا ژنەکـەم و دووکانەکەم و منداڵەکانـم و ئۆتۆمبێلەکەم دەهـات بـە خەیاڵـدا، پاشـان گورزێکـی گـەورەی تـێ سـرەواندم و منیـش پـڕ بـە بینـم هاوارمکرد و ئـەوەی لە ماڵمانـدا خەوتبـوو خەبـەرم کردەوە، ژنەکەشـم بـەردەوام هـەر دەیوت:

بِسم الله.. بِسم الله.. بِسم الله

دەیـوت: بۆچـی قیژانـت و هـاوارت کـرد! دوای ئـەوە بۆم دەرکـەوت کـە ئـەوە خەون بـوو، ڕاسـتەقینە نەبـوو، پاش کەمێـک بانگی بەیانی دا و ژیانێکی نوێ بۆ من نوسـرایەوە... بەڕاسـتی ئەو خەوە بووە هـۆی ڕێنوومایی و پابەندبوون و ملکەچی من و سـەتەلایتەکەم شـکاند و هەرچی شـتی تری نابەجێ بوو شـکاندمن.

سـوپاس بۆ خوای گەورە، ڕووم کردە بارەگای پەروەردگار و پەرسـتنی خـوای گـەورە، ئێسـتا مـن لەگـەڵ ژنەکـەم و منداڵەکانـم و براکانـم ژیانێکـی خـۆش و کامەران بەسـەر دەبەین..

لـە خوای گـەورە داواکارم کە لە سـەر گوێڕایەڵیکردن خۆی بممرێنێت.



Scanned with CamScanner

سەرچاوە: (الشباب بين العادە و العبادە) شيخ عبدالله بن جبرين.

## چیرۆکێکی سەیر بۆ هەموو جگەرەکێشێک

پێش دە ساڵ شوومکرد بە کوڕێکی جگەرەکێش، بەبێ ئەوەی کە بزانم جگەرەکێشە.. هەرچەندە ڕۆشنبیر و بەڕێز و ئاکار جوانیش بوو، پارێزگاری نوێژەکانی دەکرد، کە ئەمە وای لێکردبووم خۆشم بوێت، بەڵام بەهۆی جگەرەکێشانی و بۆنی ناخۆشی و خۆی و پۆشاکەکانی هەستم بە دۆزەخێک دەکرد، هەوڵمدا کە واز لە جگەرەکێشان بهێنێت، ئەویش بەڵێنی پێدەدام، بەڵام پشتگوێ دەخست و کەمتەرخەم بوو... کارەکە بەو شێوەیە درێژەی کێشا هەتا



Scanned with CamScanner

ڕقـم لـە خۆم دەبوویـەوە، لەناو ئۆتۆمبێل و لـە ماڵەوە و لە هەموو شـوێنێک جگەرەی دەکێشـا، تا ئـەو ڕادەیەی بەهۆی جگـەرەوە من بیـرم لە تەڵاقـدان کردەوە.

دوای چەنـد مانگێـک خوای گـەورە منداڵێکی پێ بەخشـین کـە ڕێگر بوو لەبـەردەم تەڵاقدا، منداڵەکەمان تووشـی ڕەبۆ بووبوو، پزیشـکەکەش وتـی: هۆکاری ئـەوە دەگەڕێتەوە بۆ جگەرەکێشـان، بەتایبەتـی ئەوانـەی دەورووبـەری، چونکە باوکی لە پاڵیدا جگەرەی دەکێشـا، مێردەکەم دەسـتبەرداری جگەرەکێشـان نەدەبوو.. شـەوێکیان بەدەم کۆکەی سـەختی منداڵەکەمـەوە خەبەرم بوویـەوە، بەهۆی ڕەبۆکەیەوە، منیش بـە دیاریەوە بـۆ خۆم و منداڵەکـەم دەگریـام و بڕیارمدا بە هـەر نرخێـک بێـت کۆتایی بـەم مەسـەلەیە بهێنم، بـەڵام لە ناخمـدا بانگەوازێـک بانگی دەکـردم: بۆچی پەنـا نابەیت بۆ خـوای گەورە؟ منیش هەسـتام دەسـتنوێژم گـرت و چەندە توانیـم نوێژم کرد و لـە خوای گەورە پاڕامەوە ڕێنمایم بکات بـۆ زاڵبوون بەسـەر ئەم مەینەتییـەدا و ڕێنمایـی مێردەکەم بـکات بـۆ وازهێنان لە جگـەرە و بڕیارمدا چـاوەڕێ بم.

شـەوێکیان سـەردانی خزمێکمان کرد کە نەخۆش بوو و لە نەخۆشـخانەی شـاری (ریاچ) کەوتبـوو، دوای دەرچوونمان لـە سـەردانی نەخۆشـەکە و کاتـی ڕۆیشـتنمان بـەرەو گەراجـی ئۆتۆمبێلـەکان، مێردەکـەم جگەرەی کێشـا، منیش بیـری دوعاکەم کردەوە بۆی و لە نزیـک ئۆتۆمبێلەکەمانەوە پزیشـکێکم بینـی بـەدوای ئۆتۆمبێلەکەیـدا دەگـەڕا، لـە پـڕ

پزیشـکەکە نزیکبوویـەوە لـە مێردەکـەم و پێـی وت: مـن لـە سـەعات حەوتـی بەیانیـەوە لەگـەڵ تیمێکـی پزیشـکیدا هەوڵـدەدەم یەکێـک لـە قوربانیەکانی ئەم جگـەرە نەفرەتییە لـە نەخۆشـی شـێرپەنجەی سـیی ڕزگار بکەیـن!! ئەویـش لاوێکـە لـە تەمەنـی تـۆدا و ژن و منداڵـی هەیە !!

خۆزگە ئێسـتا لەگـەڵ من دەهاتیت تا بزانیت ئەو نەخۆشـە چەنـدە گرفتارە، خۆزگـە دەتبینی حاڵی منداڵـە بچووکەکانی و ژنـە گەنجەکـەی چەنـدە گرفتـارن، خۆزگـە هەسـتت بە فرمێسـک و ئەسـرینی ئەوان دەکرد، هەموو سـەعاتێک لێی دەپرسـن تەندروسـتی باوکیـان چۆنە؟ خۆزگە هەسـتت بە حاڵـی ئـەو دەکرد کە لـە ژووری (چاودێـری ورد)دایە،کاتێ منداڵەکانـی دەبینێت کـە دەگرین و فرمێسـکەکانیان دەتکێتە سـەر ماسـکی ئۆکسـجینەکە، ڕێگامـدا بـە منداڵەکانـی کـە سـەردانی بکـەن، چونکـە بەهـۆی پسـپۆڕیمەوە دەمزانـی کـە لـە مـاوەی چەنـد سـەعاتێکی تـردا دەمرێـت و وەفات دەکات، مەگـەر ویسـتی خـوای گـەورە وانەبێـت و ڕەحمی پـێ بـکات.... خۆزگە هەسـتت بـەوە دەکرد کە چـۆن وەکو منـداڵ دەگـری، چونکە دەزانێـت لە چ مەترسـییەکدایە و بۆ هەتاهەتایـی خواحافیزییان لێـدەکات، ئایا حەز دەکەیت تۆش وەکو ئەوت لێبێت، ئینجا هەسـت بە مەترسـی جگەرەکێشان بکەیـت؟!! بـرای بەڕێـزم! ئایا دڵت نییـە، ئایـا ژن و منداڵت نییـە؟!! بۆ کێیـان جێدەهێڵیت؟!! ئایا ئـەوان لە جگەرەیەک بێ ئەرزشـترن کـە سـوودی نییە، تەنهـا نەخۆشـی و مەینەتی نەبێت؟!

مێردەکەم گوێی لەو قسانەوە بوو، چەند ساتێکی نەخایاند مێردەکەم جگەرەکەی فڕێدا، پاشان پاکەتەکەشی فڕێدا.. پزیشکە دڵسۆزەکەش پێی وت: دەخوازم کە ئەم ڕەفتارەت ڕووکەش و موجامەلە نەبێت، بەڵکو بە ڕاستگۆیانە بێت و ئەو کاتەیش ژیان و بەختەوەریی دەبینیت.

پاشان ڕۆیشت بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی و منیش قسەم بۆ نەدەکرا و حەپەسابووم، مێردەکەم دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و منیش چوومە ئۆتۆمبێلەکەوە و دەستم کرد بە گریان و نەمتوانی خۆم بگرم.. نەمتوانی هەستم بشارمەوە و بە دەست خۆم نەبوو، هەر دەگریام، وەک ئەوەی من ژنی ئەو پیاوە داماوە بم کە خەریکە دەمرێت.

مێردەکەشم بێدەنگی زاڵ بووبوو بەسەریدا و نەیدەتوانی ئۆتۆمبێلەکە بخاتە ئیش، تا ماوەیەک بەردەوام سوپاسی ئەو پزیشکە دڵسۆزەی دەکرد، و ستاییشی دەکرد و دەیوت: ئای کە پزیشکێکی دڵسۆزە...من نەمتوانی بەشداری قسەکانی بکەم، تا پاش ماوەیەک..ئەمە کۆتایی بەسەرهاتەکەی ئەو بوو لەگەڵ جگەرەکێشاندا.. من ستاییش و سوپاسی ئەو پزیشکە دەکەم و شایەنی هەموو ڕێزێکە و لەو ڕۆژەوە و لە هەموو نوێژێکدا دوعای خێری بۆ دەکەم کە بەڕاستی ژیانی ئێمەی سپی کردەوە و ڕزگارم بوو لەو کوێرەوەرییە و من دوعا بۆ ئەو و بۆ هەموو پزیشکێکی دڵسۆزی وەک ئەو دەکەم.

لەو ڕووداوەوە فێری فەزڵی دوعا و توانای خوای گەورە



Scanned with CamScanner

بووم بـۆ گۆڕانی بارودۆخـەکان و فێری فەزڵـی ئارامگرتن بووم لەگەڵ دوعا و پاڕانەوە و ستاییشـدا و فێری ئەندازەیی نیعمەتـی خـوا بـووم کـە هـەر زاتـی خـوا خـۆی ڕێنمایی هەرکەسـێ دەکات کـە بیەوێت، لەو پزیشـکەوە فێری فەزڵی دڵسـۆزی بـووم لە گوفتـار و کـرداردا کە چۆن هەسـتا بە ڕۆڵـی خۆی لە کاتێکیشـدا لـە گەراجی ئۆتۆمبێلـەکان بوو.. ڕای ئێـوە چۆنـە ئەگەر هەموو کەسـێک هەسـتێت بە ئەرک و کاری خـۆی بەو شـێوازە بە دڵسـۆزییەوە؟! ئـەی چەندە لـە کێشـەکان چارەسـەر بکرێن؟! چەنـدە لە خراپـەکاری و گوناهەکانـت نەمێنێت؟! بەڵام کێشـەکە لەوەدایـە کە زۆرێک لە پزیشـکەکان و مامۆسـتایان و فەرمانبەران هەڵدەستن بە ئەنجامدانـی ئەرکی سەرشـانیان، تەنها لەپێنـاوی مووچەدا، ئەوەیـە هۆی دواکەوتنمان و هۆی لاوازی کاری پزیشـکی و فێرکـردن و کەڵەکەبوونی هەڵەکان.

سەرچاوە: بدرية سليمان (مجلة الاسرة)

## چیرۆکێک سەر سپی دەکات

وەک باوکـی پێـی وتم چیرۆکێکە سـەر سـپیی دەکات....ئەم لاوە لـە پۆلـی نۆیەمـی بنەڕەتیدایـە، باوکـی شـتی وای لێ بینیـوە لە سەرسـەختترین دوژمنیەوە نەیبینیوە، شـەوێکیان هـات بۆ لام و شـکاتی حاڵی خۆی دەکـرد و وتی: چی بکەم و باسـی بەسـەرهاتی ئەو کـوڕەی بۆ کردم کە سەرسـامی کردبـووم.. خەریـک بـوو پێـم بڵێـت کـە بیکوژێـت، بـەڵام وامنەکرد.

لـە هەنـدێ لـە ناڕەحەتییەکانـی ئـەو باوکـە ئەوە بـوو کە وتـی: کوڕەکـەم لـە تاقیکردنـەوەی مانگانـەدا لـە 95%ی



Scanned with CamScanner

بەردەکەوت، بە باوکی وت ئۆتۆمبێلێکی کابرسی مۆدیل (2002)م بۆ بکڕە، باوکیشی وتی: ئەگەر لە کۆتایی سالیشدا ئەو ئەنجامە بەدەست بێنیت، چیت بوێت دەتدەمێ، بۆ ڕازیکردنی ئۆتۆمبێلێکی بۆ کڕی بە (2500) ڕیال، جۆری کابرس، بەلام ڕازی نەبوو پێی و بە باوکی دەوت تۆ سەد هەزار ریالت لە من دزیوە کە ئەوە نرخی ئۆتۆمبێلەکەیە.

خێزانەکەیان ڕۆیشتن بۆ سەر دەریا، داوای لە کوڕەکەی کرد کە لەگەڵیان بێت، کوڕەکەشی وتی بڕۆ من نایەم، بۆیە لە ماڵەوە دەمایەوە و هەستا بە شکاندنی هەموو شووشەی ئەو ماڵە و هەموو شتەکانی ناو مەتبەخ، خێزانەکەشی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، کوڕەکە هەستا بە قفلدانی دەرگا لەسەریان، باوکەکەش ڕۆیشت بۆ شوقەیەکی تری ئامادەکراو و لەوێ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ مایەوە و هەر چاودێری کوڕەکەی دەکرد، وەکو باسیان دەکرد هەندێ جار لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و پاشان دەگەڕێتەوە، پاشان باوکە پەنای بردە بەر پۆلیس و ئەوانیش لە ماڵەکەدا دەستگیریان کرد و وێنەی ماڵەکەیان گرت کە مرۆڤ گریانی دەهات، پاشان بەندیان کرد و ئێستا ئەو لە بەندینخانەیە (مەبەستی کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە).

ئەمە دوا حیکایەت بوو و پێش ڕووداوی دوایی باوکە دەیوت کوڕەکەی ڕۆژێکیان بە شەقامەکەدا دوایکەوت و داوای سەد ڕیالی دەکرد و باوکیشی هەوڵی دەدا کوڕەکەی

لـە خـۆی دوور بخاتـەوە، بـەڵام کوڕەکـەی ڕۆیشـت و بەردێکـی گـەورەی هەڵگـرت و بەخێرایـی گەڕایـەوە بـۆ لای باوکـی و کێشـای بـە ئۆتۆمبێلەکـەدا، کاتێ دەیویسـت بەخێرایـی لێبخوڕێت لە ترسـی بەردەکە و بـە دایکی دەوت بـە خوا دەسـتت دەشـکێنم ئەگـەر سـپلیتەکە بکوژێنیتەوە..

جارێکیـان کوڕەکـە بـە باوکـی وت: بـە خوا دەتکـوژم یان یەکـێ لـە منداڵەکانت دەکـوژم، جارێکیـان باوکەکـە ئاگای لـە خـۆی نابێت، کوڕەکـەی لەقەیەکـی بەهێز دەکێشـێت بە پشـتیدا و دەیووت بە خوا سوپاسـی خوا دەکەم کە فەقەراتم ئـازاری پێنەگەیشـت، ئیتر قسـەی ناشـیرین بوەسـتێت کە بـاس ناکرێـت، بە خـوا مـن و دایکەکـەی نەدەخەوتین هەتا دەرگامان لەسـەر خۆمان دانەخسـتایە و دەمانچەکەشـم لە ژوور سـەرمدا دادەنـا بۆ کاتـی کتوپڕ.

وتـی: بیـرم لـە کوشـتن کـردەوە، بـەڵام مـن نامەوێـت کەسـێک بکـوژم و لـە ڕۆژی دواییدا لێپرسـینەوەم لەسـەر بکـەن، لـە کۆتاییـدا باوکەکە وتـی: بە خوا چێـژم لە خەوتن نەبینیـوە، تەنها دوای بەندردنی نەبێـت، هەرچەندە پێش ئەم ڕووداوەش چەنـد جارێـک داومـە بەگرتن.

## شەیتان چوارەممان بوو

أبـو عبدالله وتی: نازانم چۆن ئەم بەسـەرهاتەت بۆ باس بکەم کـە پێش ماوەیـەک بەسـەرمدا هـات و ڕەوتـی ژیانی منی بە تەواوەتی گۆڕیی، لەڕاسـتیدا من نەمویسـت باسـی بکەم، بەڵام لەمیانی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیاریەتی بەرامبەر بە خـوای گەورە باسـی دەکەم و بـۆ بەئاگاهێنانـەوەی هەندێ لـەو لاوانـەی سـەرپێچی پەروەردگاریان دەکـەن و هەندێ لـەو کچانەی بـەدوای وەهمێکی درۆینـەدا ڕادەکەن کە ناوی خۆشەویستییە.

ئێمـە سـێ هـاوڕێ بوویـن، خەریکـی کاری نابەجـێ و گوناهکارانـە بوویـن، نەخێـر بەڵکـو چـوار بوویـن.. چونکە



Scanned with CamScanner

شـەیتان چوارەممان بوو، هەموومان دەچووین بۆ ڕاوکردنی کچە چـاو لـەدەرەکان و بـە قسـەی هەنگوینیـی هەڵمـان دەخەڵەتانـدن و دەمـان بردن بۆ کێڵگـە دوورەکان و لەوێش لەپـڕ بۆیـان دەردەکـەوت کـە ئێمە بوویـن بـە گورگی بێ بەزەیـی و گوێ ناگریـن بۆ پاڕانەوەکانیـان.. هەتا دڵەکانمان و هەسـتەکانمان بـە تـەواوی مردبوو.

بەو شـێوەیە لە کێڵگەکاندا شـەو و ڕۆژمان بەسەر دەبرد لە خێوەتگە و ئۆتۆمبێلەکانی سـەرکەنارەکان، تا ئەو ڕۆژە هاتە پێشـەوە کە بیـرم ناچێت، وەک پیشـەی هەمـوو جارێکمان ڕۆیشـتین بۆ کێڵگەکە، هەموو شـتێ ئامادەبوو، هەریەکەمان نێچیـری خـۆی پێ بـوو لەگەڵ مەشـروبی نەفرەتـی.. تەنها شـتێکمان بیرچووبوو، ئەویـش خواردن بوو.

دوای کەمێـک یەکێمان ڕۆیشـت بـە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی تا خواردنـی ئێوارە بکڕێـت، کاتژمێر دەوروبەری شـەش بوو، چەند سـەعاتێکی خایاند هـەر نەگەڕایەوە، لە سـەعات دەی شـەودا هەسـتم بە دڵەڕاوکێ کـرد، منیش بـە ئۆتۆمبێلەکەم ڕۆیشـتم تـا سـۆراخێکی بکـەم، کاتـێ بەڕێگادا دەڕۆشـتم لەپـڕ ئۆتۆمبێلـی هاوڕێکەمـم بینـی ئاگـری تـێ بەربووە و کەوتووەتە سـەرلا.. منیش وەک شـێت ڕامکـرد و هەوڵمدەدا لەنـاو ئۆتۆمبێلـە گڕگرتووەکـەدا هاوڕێکـەم دەربهێنم، کاتێ بینیـم نیوەی لەشـی بووە بە خەڵوزێکی تەواو، بەڵام هێشـتا گیانـی تێـدا بـوو، هێنـام و خسـتمە سـەر زەویەکـە، دوای خولەکێـک چاوەکانی کردەوە و هـاواری دەکرد: ئاگر.. ئاگر..



Scanned with CamScanner

بڕیارمدا بە ئۆتۆمبێلەکەم هەڵیگرم و بەپەلە بیبەم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بە دەنگێکی گریاناوییەوە وتی: سوودی نییە ناگەمە نەخۆشخانە، فرمێسکیش بەربینی گرتبووم، کاتێ هاوڕێکەم دەبینی لەبەردەممدا دەمرێت، لەپڕ بینیم هاواریکرد: بڵێم چی؟ بڵێم چی؟ منیش بە سەرسامییەوە تەماشامکرد و لێم پرسی: کێ دەڵێیت؟

بە دەنگێک کە وات هەست دەکرد لە بیرێکەوە دێتەدەرەوە وتی: بە خوا!!

... هەستم بە تۆقین کرد، کە سەراپای لەشمی داگیرکرد، لەپڕ هاوڕێکەم هاوارێکی بەرزی کرد و دواهەمین هەناسەیدا... ڕۆژان تێپەڕین، بەڵام وێنەی هاوڕێ کۆچکردووەکەم هەر لە بیروهۆشمدا بوو، هاواری دەکرد و ئاگریش لووشی دەدا: چی بڵێم پێی؟ چی بڵێم پێی؟

منیش لە خۆمم پرسی: ئەی من چی بڵێم پێی؟چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک و لەرزێکی سەیرم لێهات، لە هەمان ساتیشدا گوێم لە بانگبێژی بەیانی بوو بانگی دەدا:

(الله أكبر.. الله أكبر.. حي على الصلاه.. حي على الصلاه..)

هەستمکرد کە ئەوە بانگێکی تایبەتە بۆ من، بانگم دەکات بۆ ڕێگای ڕووناکی و ڕێنمایی، خۆمم شۆرد و دەستنوێژم گرت و خۆم پاککردەوە لەو هەموو ئەو پیسییانەی کە ساڵانێک بوو نوقم بووبووم تێیدا، دەستم

کـرد بە نوێژکردن... لـەو ڕۆژەوە نوێژی فـەرزم نەفەوتاوە و سوپاسـی ئـەو خوایـە دەکـەم کـە تەنهـا ئـەو شـایەنی سوپاسـکردنە و بـووم بە مرۆڤێکی تر، پـاک و بێگەردی بۆ ئـەو خوایـەی کـە بارودۆخـەکان دەگۆڕێت، بـە ئیزنی خوا خـۆم ئامادەکرد بڕۆم بۆ ئەنجامدانی عومرە و إن شـاءالله بۆ حەجیـش.. کێ دەزانێت؟... تەمەن بەدەسـتی خوای گەورەیە.

ئەمـە بەسـەرهاتی ( أبو عبـدالله) بوو، خوای گـەورە ئێمە و ئەویـش دامەزراو بکات و تەنها شـتێ کە بـە هەموو لاوێکی بڵێـم ئەوەیـە کـە ئاگاداربـن، ئـاگاداری لە هاوڕێـی خراپ، ئەوانـەی ڕێگات بۆ خۆش دەکەن بۆ بەزاندنی سـنوورەکانی خـوای گەورە... بەسـەرهاتی ( أبـو عبدالله) هەمـووی پەند و ئامۆژگارییـە، ئایا لـەوە ئامۆژگاریتر هەیە.



Scanned with CamScanner

## تەوبەی شیخ سەعیدی کوری مسفر

لە دیدارێکی کراوەدا لەگەڵ شـێخ سـەعیدی کوری مسفر -خـوا پارێزراوی بـکات- هەندێ لە ئامادەبـووان داوایان لێکرد باسـی سـەرەتای ڕێنموونـی خۆی بـکات، ئەویش وتـی: بەڕاسـتی هەمـوو ڕێنماییـەک سـەرەتایەکی هەیە، پاشـان وتـی: من بـە فیترەتـم بـاوەڕم بە خـوا هەبووە، کاتـێ کە منداڵ بووم خواپەرسـتیم دەکـرد، بەڵام تەمبەڵی و پشتگوێخسـتن کەمێک زاڵبوو بەسـەرمدا، بەو ئومێدەی کـە گەورە بـووم و بووم بـە پیاو.

هەنـدێ جـار نوێژەکانـم پشتگوێدەخسـت، بـەڵام ئەگەر



Scanned with CamScanner

ئامادەبوومایە لە ڕێوڕەسمی جەنازەیەک یان لە گۆڕستان یان گوێم لە ئامۆژگارییەکەوە بووایە لە مزگەوتێکدا، ڕێژەی ئیمانم زیادی دەکرد و پارێزگاری نوێژەکانم دەکرد و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەگەڵ سوننەتەکاندا، پاشان دوای هەفتەیەک یان دوو هەفتە وازم لە سوننەتەکان دەهێنا... دوای ئەوەی کە گەورەبووم و بووم بە هەرزەکار هیچ سوودێکم لەو تەمەنە وەرنەگرت، بەڵکو مامەوە لە سەرەڕۆیی خۆمدا و پارێزگاری نەکردنی نوێژەکان بە وردی، چونکە ئەوەی ڕابێت لەسەر شتێک دەبێت بە پیشەی... ژنم هێنا.. ئەو کاتەش هەندێ جار نوێژم دەکرد و هەندێ جاریش نەمدەکرد، هەرچەندە لە ناخدا باوەڕم بە خوا هەبوو... تا ویستی خوای گەورە وابوو لە یەکێ لە بۆنەکاندا من لەگەڵ برایەکدا بووم، ئەویش شێخ سلێمانی کوڕی محمدی کوڕی فاتیح بوو، خوا بەرکەت بخاتە کاریەوە، ئەمە لە ساڵی (1387ک)، لە نووسینگەکەم هاتمە خوارەوە، من سەرپەرشتیار بووم لە پەروەردەی وەرزشی و پۆشاکی وەرزشیم لەبەردا بوو، لەبەردەم دەرگای کارگێڕی فێرخوازی بینیم، کە ئەویش لە بەشی کاروباری دارایی دادەبەزێت، سڵاوم لێکرد، چونکە هاوڕێی قوتابخانە بووین، دوای سڵاوکردن ویستم خواحافیزی لێبکەم، وتی: بۆ کوێ؟ ئەو کاتە ڕەمەزان بوو پێم وت: دەڕۆمەوە بۆماڵەوە تا بخەوم.. چونکە ڕاهاتبووم کە لە سەر کارکردن دەهاتمەوە



Scanned with CamScanner

دەخەوتم هەتا مەغریب و نوێژی عەسرم نەدەکرد، مەگەر پێش مەغریب خەبەرم ببووایەتەوە و بەڕۆژوو بوومایە.. پێی وتم: نوێژی عەسر زۆری نەماوە بۆچی کەمێک پیاسە نەکەین؟ منیش ڕەزامەندیم نواند و بەپێ ڕۆیشتین و چووینە سەر پردەکە (پردی دۆڵی ئەبها)، ئەو کاتە پرد نەبوو، پڕ بوو لە درەخت و هەوایەکی خۆشی هەبوو، لەوێ دانیشتین هەتا کاتی عەسر هات و هەستاین و نوێژمان کرد و پاشان گەڕاینەوە، کاتێ بەڕێگادا گەڕاینەوە دەستی بەدەستمەوە بوو، فەرموودەیەکی بۆ خوێندمەوە وەک ئەوەی یەکەمجارم بێت بیبیستم، پێشتر بیستبووم، چونکە فەرموودەیەکی بڵاوبوو.. بەڵام کاتێ دەیخوێندنەوە دڵم کرابووەوە بۆی، تەنانەت وام هەست دەکرد کە یەکەمجارە بیبیستم.... ئەو فەرموودەیە فەرموودەی بەڕائی کوڕی عازب بوو، کە ئیمام ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا و ئەبوداود لە (سنن) ەکەیدا گێڕاویانەتەوە.

بەراو، ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ جەنازەیەکی پیاوێکی پشتیوان (أنصار) دا دەڕۆیشتین بۆ سەر گۆڕستان، کاتێ مردووەکە ئەسپەردەکرا، پێغەمبەر ﷺ دانیشت و ئێمەش بەدەوریدا دانیشتین، وەک ئەوەی باڵندەیەک بەسەرمانەوە بێت، چیلکەیەکی بەدەستەوە بوو سەری بەرزکردەوە و

فەرمــووی: (پەنــا بگرن بــە خوای گەورە لە ســزای گۆڕ).
دووجار یان سێ جار وتیەوە.. پاشان فەرمووی:

(إن العبد المؤمــن إذا كان في إنقطاعٍ مِنَ الدُّنْيــا وَ إِقْبَالٍ مِنَ الآخِـرَةِ نَزَلَ اليه الملائكة مِنَ السَّـمَاءِ بِيــضُ الوُجُوهِ...)

واتــە (بەڕاســتی بەنــدەی باوەڕدار ئەگــەر پەیوەندی بە دنیــاوە بپچڕێت و ڕوویکاتــە ئاخیــرەت فریشــتەکانی خــوای گەورە دادەبەزنە ســەری لە ئاســمانەوە و ڕوخســاریان ســپییە...) پاشــان فەرموودەکــەی بەدرێــژی باســکرد و لە ســەرەتاوە تاکۆتایــی و فەرموودەکــەی تەواوکرد.

لەو کاتەدا گەیشتینە (ئەبها) لەوێ دەبووایە جیابووینایەتەوە و هەریەکەمــان بڕواتــەوە ماڵی خۆی... منیــش پێم وت: برام لــە کوێ ئــەم فەرموودەیەت هێنا؟ وتی: ئــەم فەرموودەیە لە کتێبــی (رياض الصالحين)دایە و وتم: ئەی تۆ ئێســتا چ کتێبێک دەخوێنیتــەوە؟ وتــی کتێبی(الكبائر)ی الذهبــي دەخوێنمەوە؟ منیــش خواحافیزیــم لێکــرد و ڕاســتەوخۆ ڕۆیشــتم بــۆ کتێبخانــە و لەوکاتەدا لــە (ئەبها) تەنها یــەک کتێبخانەی تێدا بــوو، ئەویش کتێبخانــەی (التوفيق)بوو، لــەوێ کتێبی (رياض الصالحـين)م کڕی.. لەڕێــگادا تەماشــای کتێبەکانــم دەکرد و بــەدەم ڕێوە بــە خۆمم دەوت: ئێســتا من لە ســەرە ڕێگادام و دوو ڕێگــە لەبەردەممدایە:

ڕێگای یەکەم: بێباوەڕی و دووڕوویی و سەرپێچییە و دەمگەیەنێت بە دۆزەخ.

ڕێگای دووەم: ڕێگای ئیمانە و دەمگەیەنێت بە بەهەشت، ئێستا من لە بەردەم هەردووکیاندا وەستاوم، کامیان هەڵبژێرم؟ عەقڵم فەرمانم پێدەدات کە ڕێگای دووەم هەڵبژێرم و دەروونی خراپەکاریشم فەرمانم پێدەدا ڕێگای یەکەم هەڵبژێرم و تکام لێدەکات و پێم دەڵێت: تۆ هێشتا لە سەرەتای لاوێتیدایت و دەرگای تەوبەکردن کراوەیە تا ڕۆژی دوایی، دەتوانیت دواتر تەوبە بکەیت. ئەو فیکر و وەسوەسەیە بە بیر و مێشکمدا دەهات، کاتێ بەڕێگادا بەرەو ماڵ دەڕۆیشتمەوە، گەیشتمەوە ماڵەوە، بەربانگم کردەوە و دوای نوێژی مەغریب نوێژی عیشام کرد و ئەو شەوە نوێژەکانی تەراویحیشم کرد، بیرم نایەت کە پێشتر نوێژی تەراویحم بەتەواوەتی کردبێت بێجگە لەو شەوە.. باوکم ببینیایە چوار ڕکاتم دەکرد و پاشان دەچووم.. بەڵام ئەو شەوە نوێژەکانی تەراویحم بە تەواوەتی ئەنجامدا، لە نوێژبوومەوە و دوای ئەوەی ڕۆیشتم بۆ ماڵی شێخ سلێمان، بینیم لە دەرەوەی مزگەوتە، لەگەڵیدا ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە و ئەو شەوە لە سەرەتای کتێبی (الكبائر) چوار گوناهی گەورەمان خوێندەوە... گوناهی گەورەی یەکەم هاوەڵدانان بۆ خوا و دووەم سیحر و جادوو و سێیەم کوشتنی گیان و چوارەم وازهێنان لە نوێژ... پێش کاتی پارشێو لە خوێندنەوەی بووینەوە و بە هاوڕێکەم وت: ئێمە لە کوێی ئەم وتانەدا دەبین؟



Scanned with CamScanner

وتـی: ئەمــە لە کتێبـی زانایاندا هەیــە و ئێمــە بێئاگاین لێی.. منیـش وتـم: خەڵکیش بێئاگان لێی، پێویســتە ئەم شــتانەیان بـۆ بخوێنیتــەوە، وتی:کـێ بیخوێنێتــەوە، وتـم: تـۆ.. وتـی: نەخێـر تۆ، کەوتینە مشـتومڕی ئەوەی کە کـێ بیخوێنێتەوە، پاشـتر لەســەر ئەوە ڕێککەوتیـن کە من بیخوێنمــەوە.. بۆیە دەفتەرێکمـان هێنـا و باسـی گوناهی گــەورەی چوارەممان تێـدا نووســییەوە، کــە وازهێنــان لە نوێـژ بوو... لــە هەمان هەفتــەدا و لــە ڕۆژی هەینـی لــە مزگەوتـی (الخُشَّعُ الأَعْلَى) وەسـتام کــە بە تەنیشـت سـەنتەری بانگــەوازەوە بـوو لە (ئەبهـا)، ئەوکاتە لــە (ئەبها) تەنها ئــەم مزگەوتە و مزگەوتی گــەورەی لێبوو..

ئــەو ڕۆژە لــە وتـاری هەینیـدا خوێندمــەوە و بـۆ خەڵکی کاریگــەر بــوو، کە بەڕاسـتی هۆکارێ بوو سـوپاس بۆ خوا بـۆ ڕێنومایـی و ڕاسـتبوونەوەی من.

خوازیـارم لــە خـوای گــەورە کــە ئێمــە و ئێوە چەسـپاو و جێگیر بکات لەســەر ئایینەکەی، بەڕاسـتی هەر خوای گەورە بیســەر و وەڵامدەرەوەیە.

## تەوبەیەک دڵی لاوێک لە تاریکییەکانی (بانکۆک)دا ڕووناک دەکاتەوە

لاوێک بیست و سێ ساڵی تەمەنی تێ نەپەڕاندبوو، سەفەری کرد بۆ بانکۆک بەدوای چێژ و تامی کاری حەرامدا... لەوێ دەستی کەوت، بەڵام ئەگەر فەزڵ و تەدارەک و چاودێری خوای گەورە نەبووایە کە لە دواهەمین ساتدا فریای کەوت تیادەچوو....

لاوە کەنداوییەکان لە (بانکۆک) ئاشنایان کرد بە حەشیش، چونکە جگەرەی حەشیش جیانەدەبوویەوە لە پەنجە و لێوی.

بۆیــە لــە ئەنجامدا وازیشــی لە خوێندنــی زانکۆ هێنــا.... ئەو حەشیشــە نالەبــارە ناچــاری کرد خۆی ســەرقاڵ بــکات بە پیشــەیەکەوە... بەڵام چ پیشــەیەک؟

خــۆی دەڵێت: ئێمــە پانزە بــرا بووین، من یەکێــک بووم لەو برایانــەی کــە لەنــاو هەموویاندا ســەفەرم کرد بۆ ئــەوێ... ســەفەری یەکەمم پێش نزیکەی ســاڵێک بوو، دوای دانیشتن لەگــەڵ هاوڕێکانمــدا کــە باســی خۆشــییەکانی (بانکۆک)یان دەکــرد !!! لەمیانــی یەک ســاڵدا حــەوت جار ســەفەرم کرد، کــە هەمــووی دەیکردە نــۆ مانگ!!!!

ســەرەتای گەشــتی من لەگەڵ مادده هۆشبەرەکاندا لە یەکەم گەشــتدا بوو بــۆ (بانکۆک) لەنــاو فڕۆکەکــەدا، کاتێک یەکێک لــە هاوڕێکانم کە پێنج کەس بوون و منیشــیان لەگەڵدا بووم، پەرداخێــک بیــرەی دا بــە دەســتمەوە، منیــش گوێــم نەدایە، بۆیــە پێــی وتــم: ئــەم پەرداخــەی تریــش بگــرە و ئەمەیان جۆرێکــی تــر دەبێت بەلاتــەوە، منیش لە دەســتم گرت، بۆیە ئەمــە ســەرەتای موعتادبوونم بوو بە مادده هۆشــبەرەکان، چونکــە جۆرێــک لــە جۆرەکانی مــاددە هۆشــبەرەکانی تێدا بــوو کە پێیان دەوت: (کنشــە).

هــەر کە گەیشــتمە وڵاتی خۆمــان ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشــت و گەڕامــەوە بۆ بانکــۆک... هەرکە گەیشــتمە ئەوێ پرســیاری (کنشــە)م کــرد... زۆر بــە خەســتی دەمکێشــا... وازم نەهێنا، بەڵکــو دەگــەڕام و جۆرەکانــی تــری مــاددە هۆشــبەرەکانم بەکاردەهێنا، بۆیە (کۆکاین)یشــم تاقیکردەوە، بەڵام سەرسام



Scanned with CamScanner

نەبـووم پێـی، هەروەها حەبـی (کبتیجۆل)یشـم تاقیکردەوە، بـەڵام هەر حـەزم لێ نەدەکـرد. من بەدوای چێـژ و تامێکی تـردا دەگەڕام کە لە کنشــە بـکات، یان لەو باشــتربێت، بۆیە دەســتم نەکەوت، ســەرەنجام گەڕامەوە بۆ وڵاتــی خۆمان!!! لـە ماڵی یەکێـک لە هاوڕێکانم کە یەکەمجار گەشــتم کردبوو لەگەڵیدا، لەوێ حەشیشــم دەســتکەوت و بــەکارم هێنا.

نرخەکـەی گرانتـر بـوو.. بەهـۆی کـەم دەرامەتییـەوە ناچاربـووم کە براکـەم هەڵخەڵەتێنـم، وای نیشــان بدەم کە یەکـێ لـە هاوڕێکانـم داوای پـارەم لـێ دەکات کـە پێشـتر قـەرزم کردبوو لێـی.... بۆیە براکەیشــم ئۆتۆمبێلەکەی خۆی فرۆشــت و پارەکــەی پێـدام... منیـش بڕێـک حەشیشــم پێ کـڕی و ســەفەرم کـردەوە بـۆ بانکۆک.

کاتێـک گەڕامــەوە بـۆ وڵاتــی خۆمـان، بــەدوای جۆرێکـی تـردا دەگـەڕام کـە بەهێزتربێـت لە (حەشـیش)... ســەفەرم کـرد بـۆ وڵاتێکـی عەربـی بـۆ بەدەستخســتنی زەیتـی حەشـیش، لەگـەڵ زەیتی حەشیشــدا منیش بــەرەو تیاچوون ڕۆیشــتم... نەمدەتوانــی دەســتبەرداری ببـم... ڕۆچووبووم لـە بەکارهێنانیـدا... لەگـەڵ خـۆم بـردم بـۆ بانکـۆک... ئـەو جگەرەیـەی کـە چـەورم دەکـرد پێـی لـە لێوەکانـم نەدەبوویـەوە... لـەوێ هەمـووان منیـان بە موعتــاد بوو بە حشیشــەوە ناســی بوو، بەهۆیەوە لەشــم تووشی نەخۆشی مەترسـیدار بووبوو.... سوپاســی خوا دەکەم کە شـیفای پێ بەخشیم...

هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاک دەبمەوە و لە زەیتی حشیش ڕزگارم دەبێت.

پارە تاکە کێشەی من بوو... لە کوێوە دەستم دەکەوێت؟ ناچاربووم پەنا بەرمە بەر ڕێگای دزی و ڕاو و ڕووتکردن... تا ئەو ڕادەیەی ڕیشم هێشتبوویەوە و پۆشاکم کورت کردبوویەوە، تاوەکو نیشانی خزمانمی بدەم کە من گەڕاومەتەوە و تەوبەی تەواوم کردووە... بۆیە دەستم کرد بە قەرزکردنی پارە لێیان... دزیشم کرد لە خاڵم و مامم... هەندێ هاوڕێشم هاندا کە سەفەر بکەنەوە بۆ بانکۆک تا منیش لەسەر خەرجی ئەوان سەفەر بکەم لەگەڵیاندا.... بەڵکو لە بانکۆکیش بووبوومە جەردە و دەستبڕ، دزیم لەو لاوانە دەکرد کە لە کەنداوەوە سەفەریان دەکرد و دەهاتن و دەستم دەگرت بەسەر کەلوپەلەکانیاندا..... پیاوە بەتەمەنەکانی خەڵکی کەنداوم هەڵدەخەڵەتاند و فێڵم لێ دەکردن، پارەکانیانم چنگ دەخست، هەتا تایلەندییەکانیش بە زمانێکی تایلەندی شەق و شڕ هەڵم دەخەڵەتاندن و پارە و پولم لێ دەسەندن!!! بانکۆکم جێ نەهێشت، چونکە کارەکەم (مەبەستم پیشەی چەتەییە) لەوێ بوو.

بەڕاستی بیرم لە ژیانێکی سەقامگیری و هاوسەرگیری دەکردەوە لەگەڵ ئافرەتێکی تایلەندیدا، تا ڕەگەزنامەی تایلەندیم دەست بکەوێت و هەتا بەردەوام لەوێ بمێنمەوە..

لە بواری حەشیشدا بووبووم بە پسپۆڕ، دەمتوانی حەشیشی ساختە و حەشیشی ئەصڵی لە یەکتری

جیابکەمەوە... ڕۆژگار تێپەڕین و هەرچیم هەبوو لەدەستمدا، کەسم شک نەدەبرد قەرزی لێ بکەم... هەموو برا و هاوڕێ و خزمەکانم زانیبویان کە من دەستبرم، کەسم شک نەدەبرد تا چاوساغم بێت بۆ ماڵ و سامانێک کە بیدزم. دنیا لە بەرچاوما تەسک بوویەوە و پەتم هەڵخست خۆم بخنکێنم، دوای ئەوەی شووشەیەک عەترم خواردبوویەوە تا سەرخۆشم بکات... بەڵام براکەم پێی وتم تۆ بێ عەقڵیت، بۆیە بەو کارە تووڕە بوو، دابەزیمە خوارەوە تا لەگەڵیدا وتوێژ بکەم، لە ئەنجامدا بۆی سەلماندم کە خۆکوشتن هیچ سوودێکم پێ ناگەیەنێت.

سواری ئۆتۆمبێل بووم، سەرخۆش بووم و دوو شت لە مێشکمدا بوو، یان پۆلیس دەستگیرم بکات، یان بڕۆم بۆ نەخۆشخانە و چارەسەری خۆم بکەم لەو حاڵەتی موعتادبوونەم کە گیرۆدەی کردبووم.

سوپاس بۆ خوا چووم بۆ نەخۆشخانە و چارەسەریان کردم...

ئەوەتا ئێستاش من تەندروستیم زۆرباشە و ڕزگاربووم لەو ڕەفتارە پیسە.... تۆبەم کردووە و ئیتر هەرگیز ناگەڕێمەوە سەری.

## براکەی خۆمم کوشت

سـامی تاقیکردنـەوەی پۆلـی یەکەمـی ناوەنـدی بـە سەرکەوتوویی بڕی و پێش ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی بزانێت لـە باوکـی پرسـی: ئـەو دیارییـە چییە کـە بەهۆی دەرچوونـی ئەمسـاڵەوە پێشکەشـمی دەکەیـت؟

باوکیشـی بە ئاسوودەییەوە وتی: کاتێ کارتەکەت دێنیتەوە و سـەرکەوتوو دەبیـت، منیـش ڕازی دەبـم لەگـەڵ خاڵتـدا بچیت بۆ حەبەشـە، تا پشـووی هاوین لەوێ بەسـەربەریت.

سامی کوڕە گەورەی ماڵ بوو، دایکی دوای چاوەڕوانییەکی درێـژ ئـەم کوڕەی بوو، دایک و باوکی بـە نازەوە گەورەیان

کردبوو، هەمووان هەوڵیان دەدا ئاسوودەی بکەن و داواکارییەکانی ڕاپەڕێنن و خۆشی و شادی بخەنە دڵیەوە.... سامی ئەو شەوە لە خۆشیدا خەوی لێ نەکەوت، چونکە خەونە وەنەوشەییەکان و یادگاری بەرائەتی منداڵی بە بیر و هۆشیدا دەهات، چۆن نا؟ ئەوەتا بۆ یەکەم جار سەفەر دەکات بۆ حەبەشە و سێ مانگی پشووی هاوین لەوێ بەسەر دەبات.... لەوێ لەزەت لە هەموو شتێکی تازە و نوێ دەبینێت.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێیەمدا تا کاروباری تاقیکردنەوەکان کۆتایی پێبێنێت، سامی لەگەڵ باوکی چوو بۆ قوتابخانە تا کارتەکەی بهێنێتەوە.

سامی چەند خولەکێک لە گەڕانەوەکەی دواکەوت، باوکیشی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا چاوەڕێی دەکرد، پاشان کوڕەکەی گەڕایەوە و کارتەکەی بە دەستەوە بوو، شادیش بە ڕوخسارە بەرائەتەکەیەوە دیار بوو، هاواری کرد و وتی: باوکە، مژدەم بەرێ دووەمی پۆلەکەمان بووم.

خەندەیەکی درێژیش دابارییە سەر ڕوخساری باوکی، خۆشی و شادی بە ڕوونی بە چاوەکانیەوە دیار بوو، باوکی بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە باوەشی پیاکرد و پێی وت: هەزار... هەزار جار پیرۆزت بێت سامی ئازیزم، بەڵکو ملیۆن جار پیرۆزت بێت ڕۆڵە ئازیزەکەم، سوپاس بۆ تۆ بۆ ئەو سەرکەوتنەت.

کاتی سەفەرەکە نزیک بووبوویەوە، سامی لەوپەڕی



Scanned with CamScanner

خۆشـی و بەختیاریـدا خـوا حافیزی لە دایـک و باوکی کرد، لـەو فڕۆکەیەدا کە سـامی بـۆ یەکەمجار لە ژیانیدا سـواری بـوو جیهانێکـی نـوێ و خۆشـییەکی وای بینـی، کە پێشـتر خۆشـی وای نەبینیبوو، خۆشـییەک کە تێکەڵ بوو لە شـادی و تـرس، بەتایبەتـی کاتێ گوێی لە دەنگی ئـەو فڕۆکەیە بوو کە لـە فڕۆکەخانەکەدا نیشـتەوە تا سـەرلەنوێ بفڕێتەوە بۆ ئاسـمانی بەریـن و فـراوان، هـەر شـتێکی دەبینـی و گوێی لـە هەر شـتێکەوە دەبـوو بە نیسـبەت ئەمەوە تـازە بوو،.... شـتێکی نوێـی لـە حەبەشـە بینی کـە پێشـتر ڕانەهاتبوو لە سـەری، سـامی بـە هاوڕێیەتی خاڵـی جیهانێکی تـری نوێی بینـی.... لەوێ بـە چەندیـن ئەزموونی وروژێنـەردا تێپەڕی، شـتانێکی بینی کە پێشـتر نەیبینیبوو.

بـەڵام هەندێـک جـار و لـە هەنـدێ کاتـی دیاریکـراودا هەسـتی دەکرد کە خاڵی تووشـی حاڵەتێکی سـەیر دێت، کە لاشـەی هێزی تیا نامێنێت و هاوسـەنگی لەدەسـت دەدات... لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ جار دەیبینـی بەختیـارە و دەم بە خەنـدە و پێکەنینە و هەندێ جاریش کۆمەڵێ وشـەی ناحاڵی بەدەمیـدا دێت.

سـامی دەرکی بە نهێنی ئەو هەڵسـوکەوتە سـەیرەی خاڵی کـرد، کـە بێگومان خاڵـی خووی بـە عـارەق خواردنەوەوە گرتووە.

سامیش لـە ناخی خۆیـدا حەزی لـە لاسـاییکردنەوە بوو، شـەیتانیش بەزەیی بـە تەمەنە بچووکەیـدا نەدەهاتەوە، بۆیە



Scanned with CamScanner

وەسوەسەی خستە دڵیەوە تا حەزەکەی بەشێوەیەکی کردەیی تاقی بکاتەوە....

سامی بۆ یەکەمجار عارەقی خواردەوە، لە سەرەتاوە سەرسام نەبوو پێی، بەڵام کاتێ کە خاڵۆی دەبینی و پاشان لاساییکردنەوە کوێرانەکەی خۆیشی، پاڵی پێوەنا جارێک و دوان و سیان تاقی بکاتەوە، تا ڕاهات لە سەری و بەتەواوی خووی پێوەگرت، لەکاتێکدا هێشتا سیانزە ساڵ بوو.

ماوەی پشووەکە تەواو بوو، سامی بە هاوڕێیەتی خاڵۆی گەڕایەوە بۆ (جدە) کە شارێکە لە عەرەبستانی سعودی، بیر و هۆشی هەر بەلای ئەوەوە بوو چۆن عارەقی دەست بکەوێت و بتوانێت بیخواتەوە، بەڵام هەروا بە ئاسانی نەدەیتوانی پەیدای بکات، لەکۆتاییدا بڕیاریدا کە بەتەواوی لێی دوور بکەوێتەوە، چونکە ئەوە تاکە چارەسەرە بۆ پارێزگاری خۆی و ئایندەی، ئەو هێشتا منداڵە، هەروەها کردەوەیەکی خراپە و خوای گەورە حەرامی کردووە و سزای سەختی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە عارەق دەخۆنەوە.

بۆیە سامی بەتەواوی گەڕایەوە بۆ ژیانی سروشتی خۆی و عارەقی لە بیر چوویەوە و سێ ساڵ بەسەر ئەو حاڵەتەدا تێپەڕی، بەبێ ئەوەی بیر لە خواردنەوەی بکاتەوە.... لە کۆتایی ساڵی چوارەمدا کەسوکارەکەی بڕیاریاندا گەشتێک بۆ دەرەوەی وڵات بکەن، بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین لە یەکێ لە وڵاتە ئەوروپییەکان.... لەو وڵاتە سەر

لەنـوێ حـەزە خەفەکراوەکـەی بـۆ خواردنـەوەی عـارەق زیندووبوویـەوە، یادگارییەکانی حەبەشـە نوێبوونەوە، بۆیە شـەیتان عـارەق خواردنـەوەی لەبەرچاوی جـوان و ڕازاوە کرد، سـامی فرسـەتی دەهێنا لەوکاتانەدا کە کەسوکارەکەی لـە ماڵ دەچوونـە دەرەوە، یـان کاتێک کە ئـەوان دەخەوتن تـا بە نهێنی دەسـت بکات بـە عـارەق خواردنەوە.

بـەردەوام بوو لە سـەر ئەو حاڵەتە، تـا بەتەواوی ڕاهاتەوە لە سـەری، بۆیە وەکـو ئاو خواردنـەوەی لێهاتبوو لە لای و نەیدەتوانی سـەرلەنوێ دەستبەرداری بێت...

شـەوێکیان (سـامی) لەگـەڵ (فـەوزی) خاڵۆزایـدا چوونـە دەرەوە، تـا ئـەو شـەوە لە یەکـێ لە یانـە شـەوانەییەکانی ئەوروپـادا بەسـەربەرن، دوای ئەوەی تێـر نانیان خواردبوو دەسـتیان کرد بە عـارەق خواردنەوە و گوێیان لەو مۆسـیقا هەراسـانکەرەش گرتبوو لـە کافتریاکەدا....

کاتـێ ئـا لـەو حاڵەتـەدا بـوون (فەوزی) شـتێکی ڕەشـی بچووکـی لـە گیرفانـی دەرهێنـا و لەسـەرخۆ بـە لەزەتەوە بۆنـی هەڵدەمژی، وەک ئەوەی منداڵێکی سـاوا مـاچ بکات.... جـار ناجارێکیـش بـەلای ڕاسـت و چەپـدا دەلەنجی.

سـامی هەسـتی پێکـرد و بـە فزولییـەوە لێی پرسـی: ئەو پارچە ڕەشـە چییە؟ ئەی بۆچـی وا دەکەیت؟ فەوزی پێکەنی و وتـی: ئایـا نازانیت ئەوە چییە؟ ئەوە حەشیشـەی ڕەشـە، مـرۆڤ دەگەیەنێتـە ئەوپەڕی لەزەت.. سـامی وتـی: ئایا ئەو شـتە بچووکە ئـەو هەموو کاریگەرییـەی هەیە؟

(فەوزی) وتی: ئەوەی من پێم وتیت ئەوە بەشێکی ئەو ڕاستییەیە، دەتوانیت تاقی بکەیتەوە تا خۆت حەقیقەتەکەت بۆ دەربکەوێت.... هانی تۆش تاقی بکەرەوە..... دەستی درێژکرد و حەشیشەیەکی ڕەشی دا بە سامی..... سامیش حەشیشەکەی لێگرت و بۆنەکەی هەڵمژی و لەگەڵ ئەودا چوون بۆ جیهانێکی تری پڕ لە درۆ و وەهم و تیاچوون.... سامی نەیدەزانی ئەو حەشیشە بچووکە تەڵەیەکە و پیایدا دەتەقێتەوە، مردنێکە و هەموو ڕۆژێک تەقە دەدات لە دەرگای و هەڕەشە لە ئایندەی و تەندروستی دەکات.... چەند ڕۆژێکی نەخایاند سامی موعتاد بوو لەسەر حەشیش.

ژیانی بەتەواوی ژێرە و ژوور بوو.... بەهۆیەوە تەندروستی تێکچوو و بیر و هۆشیشی پەکی کەوت. لەو پێناوەشدا پارەو پوولی نەما.... کاتێکیش سامی خوێندنی تەواوکرد و بوو بە فەرمانبەر ڕقی لە خەڵکی دەبوویەوە و حەزی دەکرد دووربکەوێتەوە لێیان.... لە دڵی خۆیدا وا هەستی دەکرد کە هەموو کەس نهێنی ئەم دەزانن و کەس نییە ئەم متمانەی پێ بکات.... زۆر کەسێکی تووڕە و گرژ بوو.. زۆر نەوی بووبوویەوە بەسەر خۆیدا، هەژدە ساڵ تێپەڕی و ئەمیش دیلی ئەو حەشیشە ڕەشە بوو، هەرچەندە بەهۆی گۆڕینی پۆستەکانیەوە لە وەزیفەکەیدا مووچەیەکی باشی هەبوو کە یارمەتی دەدا بۆ خەرجی حەشیشەکەی، بەڵام کێشەکانی زۆر بووبوون.... تەنانەت لەگەڵ کەسوکاری و نزیکترین کەس لێیەوە.... بۆیە باری

ئابووری تـەواو دابـەزی بـوو... سـامی لـە ناخـی خۆیدا هەسـتی دەکرد کە بۆتە کەشـتیەوانێکی ونبوو لە دەریایەکدا کـە بەبێ کەنارە و ڕزگار بوونیشـی نییە..... سـامی سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی نهێنـی خـۆی لای یەکـێ لـە هاوڕێ دڵسـۆزەکانی بدرکێنێـت کـە هاودەمـی خـۆی بـوو، بەڵکو چارەسـەرێکی بـۆ بدۆزێتەوە... بەڵکو لـەو دۆزەخە ڕزگاری بـکات کـە بەرگـەی ناگرێت..... بۆیـە بۆ ئەو مەبەسـتە چوو بـۆ لای یەکـێ لـە هـاوڕێ دێرینەکانـی کـە هاودەمی خۆی بـوو، بەڵکو چارەسـەرێکی بـۆ بدۆزێتەوە، هاوڕێکەشـی بە دڵخۆشـییەکی زۆرەوە پێشـوازی لێ کـرد و بەهۆی پچڕانی پەیوەندیانـەوە لۆمـەی کرد...... سـامی هەموو بەسـەرهاتی خـۆی بـۆ هاوڕێکـەی گێڕایەوە کـە بەهۆی ئەو حەشیشـە ژەهراوییـەوە چی لـێ بەسـەرهاتووە، داوای یارمەتی لێکرد تـا ڕزگاری ببێـت لـەو حەشیشـە نەفرینە، کاتێ قسـەکانی تەواوکـرد، هاوڕێکـەی پێـی وت: مـن شـتێکم پێیـە هەموو ئێـش و ئـازارت هێـور بکاتـەوە ! تەنهـا دەسـت درێژ بکە و چـاوت بنوقێنـە و بـۆ سـاتێک چاوەڕوانبـە.... سـامی بە سەرسـامییەوە وتـی: چـی دەڵێیت؟ مـن لـە حاڵەتێکی زۆر خراپـدام و کاتـی گاڵتە و سـوعبەت نییە.

هاوڕێکـەی وتـی: گاڵتـە ناکـەم، ئێسـتاش ئەنجامەکـەی دەبینیـت.... کە سـامی دەسـتی درێژکـرد و چـاوی نوقاند، هاوڕێکەشـی دەرزییەکـی (هیرۆیـن)ی لـە باڵـی دا، کاتـێ سـامی چاوی کـردەوە، هـاوڕێ ئامۆژگاریکەرەکەی هەموو هێرۆینەکـەی لـە لاشـەیدا خاڵی کـردەوە...

لەگەڵ پێدانی ئەو (هێرۆین)ە دا سـەرەتای ئازار و مەینەتی نـوێ دەسـتی پێکـرد بـە نیسـبەت (سـامی)یەوە...... لـەو ڕۆژەوە سـامی موعتـاد بوو بـە (هێرۆیـن)ەوە، نەیدەتوانی دەسـتبەرداری ببێـت، کاتـێ بـەکاری نەدەهێنـا هەسـتی بە ئازارێـک دەکـرد کە خەریک بـوو ئێسـکەکانی کلۆردەبوون و نـەی دەتوانـی بەرگـەی بگرێـت..... سـامی هەرچـی کۆکردبوویـەوە بـۆ (هێرۆیـن) خەرجـی کـرد..... دەسـتی کردبوو بـە قەرزکردن لە کەسـوکار و هاوڕێکانی، ئەوانیش ڕاسـتەقینەیی شـتەکەیان نەدەزانی، بەڵکو ماڵەکەشـی خستە ڕەهنەوە.

کاتـێ حاڵەتـی تەندروسـتی بـەرەو خراپتـر چـوو خرایە نەخۆشـخانە، دوای ماوەیـەک لە نەخۆشـخانە هاتە دەرەوە تـا سـەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ مـاددە هۆشـبەرەکان.... چەند جارێـک دەچـووە نەخۆشـخانە، بەڵام سـوودی نەبوو.

شـەوێکیان نەیتوانـی بەرگـەی ئازارەکە بگرێت لە لەشـیدا بەهـۆی پێویسـتی بوونی بـە (هێرۆیـن) هیچ پارەیەکیشـی نەبـوو تا ئەو ژەهـرە بکوژەی پێ بکرێت، بـەڵام هەر دەبێت بـە هەر نرخێک بێت ئەو شـەوە (هێرۆیـن) پەیدا بکات.... لەو کاتـەدا باوکی لە سـەفەر بوو، لـەو ماوەیەدا هەڵسـوکەوتی سـامی شـەڕەنگێزانە بوو وای لێدەکرد لە پێسـتی مرۆڤی و ئادەمی خـۆی دەچوویە دەرەوە

ئـەو شـەوە کشـومات و خەفەتناکە تاڕادەیەک مانگە شـەو بوو، سـامی لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و ویسـتی هەستێت

بـە ئەنجامدانی کارێکی خراپ و مەترسـیدار...... سـوور بوو لەسـەر ئەوەی زێـڕ و ئاڵتونی دایکی بدزێت تـا (هێرۆین)ی پـێ بکڕێت، چونکە بەتەواوی ئارامی نەمابوو.... بۆیە سـامی لەسـەرخۆ ڕۆیشـت بـەرەو ژوورەکەی دایکـی، دۆلابەکەی کـردەوە و هەندێ لە خشـڵەکانی دایکی دزی تا بیفرۆشـێت و (هێرۆیـن)ی پێ بکڕێت.

دایکـی بە دەنگی دۆلابەکە خەبەری بووەوە و شـەبەحێکی لـە ژوورەکەیدا بینی کـە دەجوڵێتەوە، پڕ بـە بینینی هاواری کـرد (ئـەوە دزە.... ئـەوە دزە) کوڕەکەش بـەرەو لای دایکی ڕۆیشـت، لە کاتێکـدا دەمامک بە ڕوخسـاریەوە بـوو، دەمە پاکیزەکـەی دایکـی بـە دەسـتە پیسـە تاوانکارەکـەی خۆی گرت، پاشـان خسـتی بەسـەر زەویدا، دایکیشـی لە تاو ئەو تـرس و تۆقاندنەدا کـەوت بە زەویدا... سـامیش ڕای کرد و بۆی دەرچوو.

لەوکاتـەدا بـرا بچووکەکـەی بـە دەنگـی دایکـی خەبەری بوویەوە و بە پەلە هات بۆ فریاکەوتنی، تا ئەو دزە سـەرتاپا ڕەشـە ببینێـت، بۆیـە دوای کەوت تـا بیگرێت، لـە ئەنجامدا توانی بیگرێت و هەردووکیان هەڵگژان بەیەکتریدا، بەڕاسـتی ساتەکان نارەحەت و جەرگبڕ بوون..... دیارە ئەگەر براکەی دەسـتگیری بکات سـامی ئیشـەکەی ئاشـکرا دەبێـت، بۆیە شـەیتان وەسوەسـەی بۆ دروسـتکرد گورزێک بوەشـێنێتە براکـەی، سـامی چەقۆیەکـی کـرد بـە سـنگی براکەیـدا، تا ڕزگاری بێـت لـە براکـەی و لـە فەزیحەتەکـە..... بـە زێڕ و

خشڵەکانەوە ڕایکرد.... بەڵام خوای گەورە لە بۆسەدایە بۆی... ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس لە گەڕان و دەوریەی ئاسایی خۆیاندا بوون... یەکێ لە پۆلیسەکان سامی بینی کە بەپەلە لەماڵ هاتە دەرەوە و خەریک بوو دەکەوت بە زەویدا و سندوقێکی گەورەشی پێیە، بۆیە گومانی لێ پەیدا کرد و دەستبەجێ چووە سەری و دەستگیری کرد....

دوای ئەوە کوڕە بچووکەکەیان گەیاندە نەخۆشخانە، بەڵام ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو.... ڕۆحە بێتاوانەکەشی بەرزەفڕ بوو بەهۆی ئەو چەقۆیانەوە کە ئاڕاستەی جەستە پاکەکەی کرا، لەلایەن نزیکترین کەسەوە لێی کە برا گەورەکەی بوو.. هەموو کات خواردن و خواردنەوەی لەگەڵ دەخوارد و لەگەڵیدا دەخەوت و پێدەکەنی لەگەڵیدا و لەگەڵی دەچووە دەر و دەهاتەوە ماڵەوە...... بێگومان ئەوەیە ئاسەواری مادده هۆشبەرەکان.

دوای لێکۆڵینەوەی وردی دۆسیەکە..... بەڕاستی هەواڵێکی چاوەڕوان نەکرابوو بۆ ئەو خێزانە..... چونکە تاوانبار و بکوژ (سامی) کوڕیانە و قوربانییەکەش دایکیان و کوڕەکە و ماڵە دزراوەکەیە.

بۆیە دایکە بەرگەی ئەو کۆستەی نەگرت و بە نەخۆشی کەوتە ناو جێگا و هەمیشە پیشەی گریان بوو، گریانی حەسرەت و پەشیمانی و ئازار پێکەوە بۆ (سامی) و کوڕە نازدارەکەی، کە ئایندەی دنیا و قیامەتیشی فەوتاند و لەبەر چاوی خەڵکیدا بوو بە کوڕێکی تاوانباری فەوتاوی دزی

سەرەڕۆ...

سامی زۆر گریا..... خەفەتی دەخوارد و پەشیمان بوو لەسەر ڕابردووی... بەهۆی حەشیش و تریاکەوە هەمووشتێکی لەدەست دا.... دینی لەدەست دا..... وەزیفەکەی لە دەست دا..... تەندروستی لەدەست دا. خێزانەکەی لەدەست دا.... لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە خۆشەویسترین و ئازیزترین کەسی خۆی کوشت، بەو دوو دەستە تاوانبارەی براکەی خۆی کوشت..... سامی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتی موعتادبوونەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ئەوە لەبەرچاوی ون نابێت کە برا بچووکەکەی خۆی کوشت و بەهۆی مادەی بێهۆشکەرەوە هەموو ژیانی خۆی وێرانکرد.... دەی خاوەن هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری لەم بەسەرهاتەوە وەربگرن:

فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ (الحشر - ئایەتی ٢)



Scanned with CamScanner

## لاوێک چاودێری خوای گەورە گرتیەوە

ئـەم چیرۆکەتـان لـە رێگـەی بانگخوازێکـی متمانەپێکراوی بـاوەڕ بە خـواوە بـۆ دەگێڕمەوە.... باسـی لاوێـک دەکەین نکوڵـی لە ئاینەکـەی دەکات و پەروەردگاری خۆی فەرامۆش کردووە و بێئاگا بووە لە خۆیشـی... لە خراپی و سەرەڕۆییدا بە نموونە باسـیان دەکـرد، هەتا بەهۆی ئـەوەوە کە ئازاری زۆری خەڵکـی دەدا خەڵکێکـی زۆر دوعایان لێ دەکرد کە بە هیـلاکا بچێـت و تیابچێت تـا ڕزگاریان بێت لـە خراپەکانی.

هەنـدێ لـە بانگخـوازان ئامۆژگارییـان دەکـرد، بـەڵام وەرینەدەگـرت، گوێـی نەدەگرت لێیـان، لەنـاو تاریکییەکانی

شـەهوەت و ئـارەزوودا دەژیا.... یەکێ لـە بانگخوازان چوو بـۆ لای، ئـەو بانگخـوازە کەسـێکی کاریگەری ڕاسـتەوخۆ بـوو، چەنـد ئامۆژگارییەکـی کـرد هەتـا هێنایـە گریـان و وا گومانـی دەبـرد کـە هاتـووە بـەدەم بانگـەوازی خـوا و پێغەمبەرەکەیـەوە (درودی خوای لەسەر بێت)، بەڵام سـوودی نەبوو، دیسـان وەک خـۆی لـێ دەهاتـەوە، وەک ئەوەی هیچیشـی نەبیسـتبێت... نەیدەزانـی مزگـەوت چییـە، بەڵکـو لـە ڕۆژی هەینیشـدا... دوای عیشـا لەگـەڵ پێڕێکی وەکـو خۆیدا دەچـووە دەرەوە و کەمێـک پێـش بەرەبەیان دەگەڕایەوە و پاشـان بەدرێژایی ڕۆژ دەخـەوت، وازی لە فەرمانبـەری و کارەکەی هێنابوو... لـەم دنیـا و لـەو دنیاشـدا تاپول (إفـلاس) بوو بـوو، دایکی هەمیشـە چـاو بـە فرمێسـکەوە دەبـوو بـۆ ڕەنجەڕۆیی و واقیعی کوڕەکەی، بەڵکو زۆر حەزیشـی دەکـرد کە بمردایە.

بـەدەم گۆرانییـەوە دەخـەوت و هـەر بەوەیـش خەبەری دەبوویـەوە.... چەندیـن وێنـەی سێکسـی و ڕەوشـت نزمی لـەلا بوو.. کە ئیمانێ خەڵکی شـارەکەی لەنـاو دەبات. بەڵکو دەرکەوتبـوو کـە موعتاد بووە بە مادوە هۆشـبەرەکانەوە و عەقـڵ و ڕۆحی مەسـت بووە..

سـەرەڕۆییەکەی بەرامبـەر بـە خـوا درێژەی کێشـا بوو، خـوای گـەورەش مۆڵەتـی پێدابـوو... تاوانەکانـی زۆربـوو بـوون و ڕۆژی خـوای گـەورەش دەورەی دابـوو، گوێی لە هەموو شـتێک دەگـرت بێجگە لە قورئانی پیـرۆز، لە هەموو شـتێک تێدەگەیشـت تەنهـا لـە ئاییـن و ئاییـنداری نەبێت....

حـەزی لـە هەمـوو شـتێک بـوو تەنها زیکـری خـوا و ئەو جـۆرە شـتانە نەبێت.

سـبحان الله.. دڵ چـۆن سـەرگەردان دەبێـت ئەگـەر خـوا نەناسـێت... سـبحان الله.. چۆنـە هەسـت و نەسـت بێئـاگا و گێـل دەبێـت ئەگـەر پشـت بکاتـە خـوای گـەورە.... ڕۆژە ڕەشـەکانی بـە تـاوان و سـەرپێچی دەبردەسـەر، یەکـێ لـە بانگخـوازە پیاوچاکـەکان بیـری لـە ڕێگایەکـی خـۆش دەکـردەوە تـا ئەو سـەرگەردانە بێنێتەوە ڕێگای ڕاسـت، کە بەڕاسـتی ڕێگایەکـی داهێنراو بـوو، من لێـرەدا ئامۆژگاری بانگخوازان و شـاگردانی زانسـت و ئامۆژگاریـکاران دەکەم کـە ڕەچاوی ئەو شـێوازە بکـەن، ئەویش ڕێـگای بە دیاری پێشکەشـکردنی کاسـێت و سیدی ئیسـلامییە کە لە ماڵەکاندا و لـە ئۆتۆمبێلەکانـدا هەبێت... کاسـێت و سـیدی ئیسـلامی کە زانسـت و سـەدا و کاریگەری قسـەکەر دەگوازێتەوە بۆ گوێگـر... بۆیە چەند کاسـێتێکی پێشـکەش بـەو لاوە کرد کە کاریگەربوون، ئەویش وەریگرت و خسـتیە ئۆتۆمبێلەکەیەوە و گوێـی نـەدەدا بـە گوێگرتـن لێیـان.. گوێی لـە گۆرانی و شـتی بێکەڵـک دەگرت و بە ڕێگای خراپدا گـوزەری دەکرد... پاشـان ویسـتی کاسـێتێکی ئیسـلامی تاقی بکاتەوە و گوێی لـێ بگرێت، تا بزانێت ئەو جۆرە کەسـانە چۆن قسـە دەکەن و شـێوازی وتار و قسـەکردنیان چۆنە. کاسـێتەکە دەسـتی کـرد بە ناردنـی شـەپۆلە زیندووەکانی ئیمان لـە هەوایەکی ڕاسـتگۆیانەدا ڕاسـتەوخۆ بـە کاریگەری و دڵسـۆزی و بە شـەپۆلێک کـە پانتاییەکـەی پەیامێکـی نەرمە بـۆ گوێگرانی.

لاوەکـە گوێـی لـە شـریتەکە گـرت، وتارەکـە باسـی ترسـان لـە خوای گـەورەی دەکـرد و هەواڵـی ئەوانەی کە لـە خـوا دەترسـن.... قسـەکان گەیشـتنە دڵـی لاوەکـە و لە دڵیدا سـەقامگیربوون.. شـریتەکە کۆتایی هـات و لاوەکەش خـۆی ئامـادە بـاش کـرد و پێداچوونەوەیەکـی خـۆی کرد لەگـەڵ خـوای گـەورەدا و هاتـەوە بەخۆیـدا و دەسـتی کـرد بـە لێدانـی کاسـێتی دووەم....کاسـێتی دووەم باسـی تەوبەکـردن و تۆبـەکاران بـوو، لاوەکە بیری لـە ڕابردووی خەفەتـاوی و گریانـاوی خـۆی دەکردەوە، بـەردەوام گوێی لـە شـریتەکە گرت... گریانیش نمایشـێک بوو بـۆ وەرگرتنی ئامۆژگارییـەکان لـە بەردەم دڵدا و وەک ئـەوەی زمانی حاڵ ئەمـە بڵێتەوە:

يَـا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـوا اسْـتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُـولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ (الإسراو: ٨١)

واتـە: (وە بڵـێ ئاینـی ڕاسـت هـات و ئاینـی ناهـەق و بەتاڵنەما و ڕۆشـت، بەڕاسـتی بەتاڵ هەمیشـە لەنـاو چووە).

واتـە: ئـەی ئەو کەسـانەی باوەڕتان هێناوە وەڵامی خـوا و پێغەمبەری خوا بدەنـەوە، کاتێـك کـە بانگتـان دەکـەن بـۆ لای ئـەو ئاینـەی کە زیندووتـان دەکاتەوە.

لە شـاری (دەمام) نزیـک بوویەوە، خەریک بـوو کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکـەی بۆنەدەکـرا، بۆ هۆی کاریگەری ئەو شـەپۆلە ئیمانیـەوە کە بەتـەواوی هێنابوویە لەرزین....

چـووە شـارەکە و پێش ئەوەش ئیمـان چووبـووە دڵیەوە... ژیـان لـە دیـد و بۆچوونیـدا گـۆڕدرا، بـە تێڕوانینێکـی بەندەیەکـی تۆبـەکارەوە تەماشـای دنیای دەکرد کە پێشـتر وەک کەسـێکی سەرسـەخت و سـەرەڕۆ دەیڕوانییـە دنیـا.

سـەرەتا چـووە مزگەوتـەوە و ژیانێکـی نوێـی بـە نوێـژ دەسـتپێکرد و دەسـتیکرد بـە تەمەنێکـی نـوێ:

وَقُـلْ جَـاءَ الْحَـقُّ وَزَهَـقَ الْبَاطِـلُ إِنَّ الْبَاطِـلَ كَانَ زَهُوقًـا (الإسراو: ٨١)

واتـە: (وە بڵـێ ئایینـی ڕاسـت هـات و ئایینـی ناهـەق و بەتاڵنەما و ڕۆشـت، بەڕاسـتی بەتاڵ هەمیشـە لەنـاو چووە).

گەڕایـەوە بـۆ نـاو کەسـوکاری بەبـێ زیـان و بـە دەسـتکەوتێکی مەزنـەوە... بـێ زیانـی لـە تاوانەکانـی و دەسـکەوتنی پەرستشـەکان.... چـووە ماڵـەوە بـە ڕوخسـارێکەوە جیـا لـەو ڕوخسـارەی کە پێـی هاتبووە دەرەوە، چونکـە بـە ڕوخسـارێکی تاوانـاوی و گونـاە و سەرکەشـییەوە هاتبوویـە دەرەوە و بـە ڕوخسـارێکی



Scanned with CamScanner

سپی و نووری و پەرستش و تەوبە و گەڕاندەوەوە گەڕاوەتەوە.

کەسوکاری سەرسام بوون (فلان کەس ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟ چی ڕوویداوە؟) باسی مەزنترین ڕووداوی ژیانی خۆی بۆ کردن: گەڕامەوە بۆ لای خوا و تەوبەم کرد و ئاشنا بووم بە ڕێگای گەڕاندنەوە بۆ لای خوا... چاوەکانی پڕبووبوون لە فرمێسک و ئەوانیش لە خۆشیاندا دەستیان کرد بە گریان...

بەڵێ.. فرمێسکی خۆشی و شادی.

طفح السرور علي حتى انني * من عظم ماقد سرني ابكاني

واتە: خۆشی لێوان لێوم بوو بوو هەتا * لە مەزنی ئەو خۆشییەدا منی هێنایە گریان.

ماڵەکەیان ڕووناک بوو بوویەوە و خەڵکیش پیرۆزباییان لە تۆبەکارەکە دەکرد و مژدە بێت لێی بۆ تەوبەکردنی و گەڕاندنەوە بۆ لای خوا....

خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت:

(يا ابن آدم إنك ما دعوتني ورجوتني غفرت لك على ما كان فيك ولا أبالي، يا ابن آدم لو بلغت ذنوبك عنان السماء ثم استغفرتني غفرت لك ولا أبالي، يا ابن آدم إنك لو أتيتني بقراب



Scanned with CamScanner

الأرض خطايــا ثم لقيتني لا تشرك بي شــيئا لأتيتــك بقرابها مغفرة)
رواه الترمذي.


واتــە: (ئــەی نەوەی ئــادەم بێگومان تــۆ هەرکاتێ لە مــن پاڕابیتەوە و داوات لــە مــن کردبێت لە هەموو گوناهەکانی تۆ خۆشبووم و گوێشم نەداوەتــێ، ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر گوناهەکانت گەشتبنە ئاسمانیش پاشــان داوای لێخۆشــبوونت لێ کردبم، لێت خۆشبووم، و گوێم نەداوەتێ، ئــەی نــەوەی ئادەم ئەگەر بە پانتایی زەوی بــە گوناهەوە هاتبیت بۆ لام و پاشــان گەشــتبیت بە مــن و هیچ هاوەڵێکت بۆ مــن دانەنابێت، منیش بــەڕادەی ئەوە بە لێخۆشــبوونەوە دێــم بۆ لای تۆ).

شباب عادوا الى الله

## کتێبی دووەم

# چیرۆکە کاریگەرەکان

## بۆ کچانی لاو



Scanned with CamScanner




## پێشەکی

سوپاس بۆ خوای جیهانیان، درورد و سڵاوات بۆ سەر پێغەمبەری نازیزمان محەمەد ﷺ و بۆ سەر یار و یاوەرانی و ئەوانەی بە چاکی شوێنکەوتەی ئەوانن هەتا ڕۆژی دوایی.

پاشان: خوای گەورە دەفەرموێت:

لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ....
(يوسف: ١١١).

واتە: (بەڕاستی لە چیرۆك و بەسەرهاتەکانیاندا پەند و ئامۆژگاری تێدایە بۆ هۆشمەندان، ئەمانە قسەوباس نین هەڵبەسترابن...).

زۆرجار دەبیستین یان دەخوێنینەوە کە فڵان ئەدیب نووسەرێکی واقیعییە... مەبەستیش لەم نازناوە شاخدارە تەنها ئەوەیە کە نووسەرەکە وێنەی شاز و نموونەی دەرەوەی نەریت و واقیعی هێناوە و لە ئەندێشەی خۆیدا واقیعێکی بۆ دەسازێنێت کە پێچەوانەی ڕاستییەکانە، ئەو نووسەرە واقیع لە ڕوانگەی دیدی خۆیەوە دادەڕێژێت، یان خۆی چۆنی دەوێت بە ئارەزوو و حەزی خۆی دایدەڕێژێت.

برا و خوشکی خوێنەر.. ئێمە لەم جیهانەدا تەنها نین، لە سەرووی ئێمەوە توانایەك کە لە سەرووی توانای ئێمەوەیە و ناوی قەدەرە و دەسەڵاتێك حوکم دەکات ناوی دادگایە و ئەم دوو کارە بەدەست خوای گەورەوەیە، کە نووسەری واقیعی دوور دەکەوێتەوە لە باسکردنی و دوور دەکەوێتەوە لە باسکردنی دەسەڵات و حوکمیدا لە ڕووداوی واقیعێکی ڕووپۆش.

نموونەی ئەو جۆرە نووسەرانە یاری بە ڕووداوەکان دەکەن لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکاندا و کۆتاییەکان بە هەردوو چاوی خۆی دەبینێت کە لە سنووری ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەرناچێت کە دەفەرموێت:

(كَمَا تُدِينُ تُدَانُ).

واتە (چی بچێنیت ئەوە دەدوورێتەوە).

یان فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێت:

كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ (الطور: ٢١).

واتە: (هەرکەسە بارمتەی کردەوەکانی خۆیەتی).

لەم کتێبەدا پشتمان بە هەڵبژاردن و پوختەکردن بەستووە، کۆمەڵێ چیرۆکی واقیعیمان دەرهێناوە بە کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان وکۆتاییە خۆش و ناخۆشەکانیانەوە، بە بێ یاریپێکردنی ئارەزووی نووسەرەکە و بەبێ سۆزداری بۆی و بەبێ زاڵکردنی خەیاڵ بەسەریدا، فەزڵ تەنها دەگەڕێتەوە بۆ خوا و ئەو بەهرەیەی داویەتی بەو پێنووسەی کە ئەم واقیعەی بە دەستپاکی و ئەمانەتەوە گواستووەتەوە.



Scanned with CamScanner

ئێمەش ئەم چیرۆکانەمان خستووەتە بەردەستی خوشکانی موسوڵمان، تا تەماشای ئەو واقیعە بکەن و ئایین و ژیان و ئاسمان و زەوی لە یەکتر جیاناکاتەوە، تاوەکو خوشکی موسوڵمان ئەو ڕاستییە لارەوە بووە ببینێت و بە هیچ خوشکێکی درۆینە فریو نەدرێت، کە سەرەنجامەکەی پەشیمانی و لەزەتێکە کە ئاه و حەسرەت دێت بە دوایدا، با دیمەن و ڕواڵەتە ناوبۆشەکان و دروشمە بریق و باقەکان ڕاینەکێشێت و بە بیناییەوە تەماشا بکات، نەك بە چاوی، ئەو کاتە ڕاستییەکان ئاشکرا دەبینێت و ئەنجامەکان پەیوەستدار دەکات بە سەرەتاکانیەوە، وەك لە یەکێك لە چیرۆکەکاندا هاتووە: (بەختیار ئەو کەسەیە کە پەند لە کەسی ترەوە وەربگرێت).

دەخوازم لە خوای گەورە پەند و سوود و ئامۆژکاری لێوەربگرین.

والله ولي التوفيق

دانەر



Scanned with CamScanner

## چی بچێنیت ئەوە دەدووریتەوە

چەندە شـــەوی پـــەردە خـــەونـــی ئافرەتانـــی هـــەرزەکار بێت، ئەوەنـــدەش مەبەســـت و ئامانجی کوڕانە کـــە هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانـــی... بەڵکـــو هەنـــدێ لە کـــوڕان و کچان بـــە هەموو شـــێوازێک هەوڵـــی بـــۆ دەدەن، لەســـەر بنەمـــای مەبەســـت بەهانەیە بـــۆ هۆکار (الغَایَة تُبَرِّرُ الوَسِـــیلَة)، تەنانەت ئەگەر ئەو هـــۆکارەش پێچەوانـــەی ئیســـلام بێت، یان دەســـت دەکات بە ئەنجامدانـــی لەزەتێکـــی حەرامکراو بە وتوویـــژی تەلەفۆنی و پەیوەندی ســـۆزداری یان لـــە ڕێـــگای ئینتەرنێتەوە.

ئـــەو ئافرەتـــە داوێنپاکـــە کـــە بەدرێژایـــی ژیانـــی بێجگە لە

مەحرەمەکان، پیاوانی تری نەبینیوە، باوەڕ بکە ئافرەتێک کە ناتوانێت لەم سەردەمەدا شوو بکات، هەرچەندە دواکەتنی تەمەنی شووکردن لەوانەیە ڕۆژییەک بێت و خوای گەورە پیاوێکی صاڵحی بکات بە تووشەوە و هەموو ژیانی بەختەوەر بێت.

بەلام پاڵەوانی ئەم چیرۆکە، کچێکی موسوڵمانی داوێنپاک و بەڕەوشتە و ڕوخساری داپۆشیوە و پابەندە بە ئایینەکەی و بەرزی ڕەوشتیەوە، خوای گەورەش پیاوێکی موسوڵمانی پێ بەخشیوە کە باشە لەگەڵیدا و زۆری لێناکات و ڕوخساری و دەستەکانی و هەندێ لە لەشی دەرخات، کە هەندێ لە کچانی ئەمڕۆ وادەکەن بە ناوی پێشکەوتنەوە و بە دەنگی بەرز قسە دەکەن و لەبەردەم پیاواندا خەندە دەکەن و پێدەکەنن، بەبێ شەرمکردن و بەخۆداچوونەوە.

ساتی پەردە هاتە پێشەوە، لەسەر شێوازێکی ئیسلامییانەی سادە.. بووک و زاوا چوونە ماڵی خۆیانەوە، ژنەکە نانی ئێوارەی پێشکەش بە مێردەکەی کرد و پێکەوە لە سەر سفرە دانیشتن.

لەپڕ هەردووکیان گوێیان لە تەقەی دەرگا بوو، مێردەکەی بە تووڕەیی و بێزارییەوە وتی: ئەوە کێیە لەم ساتەوەختەدا هاتووە؟

ژنەکەش هەستا دەرگاکە بکاتەوە، لە پشت دەرگاکەوە وەستا و پرسی: کێیە؟ دەنگێکیش لەودیو دەرگاکەوە



Scanned with CamScanner

وەڵامـی دایەوە: هــەژار و داماوم، هەنـدێ خواردنم دەوێت.

ژنەکــەش گەڕایــەوە بــۆ لای مێردەکــەی و... ئەویــش لــێ پرســی: کــێ بــوو دای لــە دەرگا؟

ژنەکەش وتی: هەژارێک بوو داوای خواردنی دەکرد.

مێردەکەشــی تــوورە بوو، وتــی: ئایا ئەو هــەژارە دەیەوێت ئــەم خۆشــییەمان لــێ تێکبــدات، لە کاتێکــدا ئێمە لــە یەکەم شــەوی هاوســەرگیریداین؟ پیاوەکە ڕۆیشــت بــۆ هەژارەکە و تێروپــڕی لێــدا و پاشــان زۆر بــە خراپی دەریکــرد، پیاوە هەژارەکەش ڕۆیشــت و دوورکەوتەوە، کە هێشــتا برسیەتی و برینداری زاڵ بوو بوو بەســەر ڕۆح و جەســتەی بەڕێزیدا.

پاشــان مێردەکــە گەڕایەوە بۆ لای ژنەکــەی و زۆر بێتاقەت بوو بەهۆی ئەو پیاوەوە کە خۆشــی دانیشــتنەکەیانی لەگەڵ ژنەکــەی لێ تێکدان.

لەپــڕ پیاوەکــە تووشــی حاڵەتێکــی نائاســایی بــوو، هەموو دنیــا لەبــەر چاویــدا تەســک بوویــەوە و بــە قیــڕە و هاوار لــە مــاڵ دەرچــوو، ژنەکــەی بەجێهێشــت کــە لــە دیمەنــی مێردەکــەی تۆقیبوو، کە لە شــەوی یەکەمی هاوســەرگیریدا بەجێیهێشــت... بــەڵام دیارە ئەمە بە ویســتی خوای گەورەیە.

ژنەکــە ئارامی گرت و بەتەمای پاداشــتی پــەروەردگار بوو، بەوشــێوەیە مایەوە تا ماوەی پانزە ســاڵ.. دوای ئەو ماوەیە کــە تێپــەڕی بەســەر ئــەو ڕووداوەدا، پیاوێکی موســوڵمان هاتــە داوای ئافرەتەکــە و ئەمیــش ڕازی بــوو پێــی، بوونــە هاوســەری یەکتــر، لە شــەوی یەکەمــی هاوســەرگیرییاندا،

ژن و میردەکـە لەسـەر خوانـی ئێـوارە کۆبوونـەوە، لەپڕ هەردووکیـان گوێیـان لـە تەقەی دەرگاکـەوە بوو.

مێردەکەی بە ژنەکەی وت: بڕۆ بزانە کێیە لە دەرگا دەدات؟

ژنەکە هەسـتایەوە لەم دیوی دەرگاکەوە وەسـتا و پرسـی: کێیـە لە دەرگا دەدات؟

دەنگێکیـش لـە پشـت دەرکاگەوە وتـی: هـەژارم و کەمێک خواردنـم دەوێت.

ژنەکـەش گەڕایـەوە بـۆ لای مێردەکـەی و ئەویـش لێـی پرسـی: کێیـە لـە دەرگا دەدات؟

ژنەکەش وتی: هەژارێکە و داوای هەندێک خواردن دەکات...

مێردەکەشـی سـینییەکەی بەردەمی بەرزکـردەوە و وتی بە ژنەکـەی هەمـوو خواردنەکـەی بۆ ببـە و وازی لێبێنە تا تێر دەخـوات، پاشـان چەندی لێ مایەوە ئێمـەش دەیخۆین.

ئینجا ژنەکە ڕۆیشـت و خواردنەکەی خستە بەردەم پیاوەکە و بـە گریانـەوە گەڕایەوە و مێردەکەشـی لێی پرسـی: ئەوە چیتە؟ چـی ڕوویداوە؟ ئایا قسـەی پێ وتیت؟

ژنەکەش بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە وتی: نەخێر.

- ئەی لۆمەی کردیت؟

+ نەخێر

- ئەی ئازاری دایت؟

+ نەخێر

- ئەی بۆچی دەگریت؟



Scanned with CamScanner

+ ئـەو پیـاوەی لـە بەردەرگاکـەی تـۆدا دانیشـتووە و لـە خواردنـی تۆ دەخوات، پێـش پانزە سـاڵ لەمەوپێش مێردی مـن بوو، لـە شـەوی یەکەمـی هاوسـەرگیریدا هەژارێک لە دەرگاکەمانـی دا و مێردەکـەم ڕۆیشـت بـۆی و زۆری لێـدا و پاشـان دەریکـرد، دواتـر زۆر بـە تووڕەییـەوە گەڕایەوە بـۆ لای مـن، دوایی وام هەسـت دەکرد کە جنۆکـە چووبێتە لەشـیەوە، بـە هـات و هـاوار ڕایکـردە دەرەوە و خۆشـی نەیدەزانـی بـۆ کـوێ دەڕوات، دوای ئەوە ئیتـر نەمبینییەوە، ئێسـتا ئـەو خەریکـی سـواڵ و دەرۆزەکردنە.

مێردەکەشی دەستی کرد بە گریان..

ژنەکەش وتی: ئەی تۆ بۆچی دەگریت؟

- ئایا دەزانیت ئەو پیاوەی مێردەکەت لێیدا کێ بووە؟

+ کێ بوو؟

- ئەوە من بووم!!

پـاک و بێگـەردی بـۆ خـوای بـاڵا دەسـتی تۆڵەسـێن، کە تۆڵـەی بەنـدە هەژارەکەی کـردەوە کە بەسـەری نەوییەوە لـە خەڵکـی دەپاڕایـەوە و بەهـۆی برسـیەتییەوە ئـازاری دەچەشـت، مێردی ئەو ژنـەش ئەوەندەی تـر ئازارەکەی بۆ زیادکـرد و وای لێکرد بڕوات و دڵیشـی لـە خەفەت و داخ و حەسـرەت خەریـک بوو شـەقی دەبرد.

بـەڵام خـوای گـەورە ڕازی نابێـت بـە زوڵمکـردن، بۆیـە سـزای خـۆی دابەزانـد بۆ سـەر ئەو کەسـەی سـوکایەتی بـە مرۆڤێـک دەکات و زوڵمـی لـێ دەکات و دەرووشـی لە

بەندەیەکـی ئارامگر کـردەوە... بۆیە دنیای بۆگۆڕین و ڕۆزی بەخشـی بە پیاوە هەژارەکە و دەوڵەمەندی کرد و بەلایشـی نـارد بۆ پیـاوە زاڵمەکە و و عەقڵ و ماڵی خۆی لەدەسـتدا و پاشـان کردی بە سـواڵکەر.

پـاک و بێگـەردی بۆ ئـەو خوایەی کە ڕۆزیی بەخشـی بە ئافرەتێکی ئیماندار کە ئارامیگرت لەسـەر تاقیکردنەوەیەک بۆ مـاوەی پانزە سـاڵ، خوای گەورەش بـە مێردێک قەرەبووی بۆ کردەوە کە لە مێردەکەی پێشـووی باشـتربوو.

## موسوڵمان بوونی کچێکی مەسیحی کاتێ ئاکاری جوانی خوشکانی موسوڵمان دەبینێت.

وەک هەر ئافرەتێکی تری مەسیحی میسری لەسەر دەمارگیری بۆ ئایینی مەسیحی گەورە بووم، دایک و باوکم سووربوون لەسەر ئەوەی هەموو بەیانیەکی ڕۆژانی یەک شەممە لەگەڵ خۆیاندا بمبەن بۆ کەنیسە، تا دەستی قەشە ماچ بکەم و لە دوایەوە وتارەکانی کەنیسە بڵێمەوە و گوێی لێبگرم، کە قسەی بۆ خەڵکان دەکرد و باسی عەقیدە و کردن بە سیان (تثلیث)ی بۆ دەکردن و بە لاوازترین ئیمان جەختی دەکردەوە بۆیان، ئەگەر نا مەسیحییەکان



Scanned with CamScanner

هەرچەنـدە چاکـە ئەنجـام بدەن ئـەوە لە لایەن خـواوە هەر نەفرەتلێکـراون، چونکـە بەپێـی ئەو بێبـاوەڕ و کافرن.

من گوێم لە قسـەکانی قەشەکە دەگرت بەبێ ئەوەی وەریان بگـرم، منیـش وەکـو منداڵانـی تـر، کاتێکیش لە کەنیسـەوە دەچوومـە دەرەوە ڕامدەکرد بۆ لای هاوڕێ موسـوڵمانەکەم تـا یـاری لەگەڵدا بکـەم، چونکە لـە قۆناغی منداڵیـدا مرۆڤ ئـاگای لـە ڕق و کینـە نییـە، کـە قەشـەکە دەیچانـد لە دڵی خەڵکیدا...

کەمێـک گەورەبـووم، چوومـە قوتابخانەوە، دەسـتمکرد بە دروسـتکردنی هاوڕێیەتـی لەگەڵ هاوڕێکانـی قوتابخانەکەدا کە لـە پارێزگای (سـویس) بووم.. لە قوتابخانـە وردە وردە چـاوم خەریک بـوو دەکرایەوە بەسـەر ئـاکارە جوانەکاندا، کـە لە هەڵسـوکەوتی کچە موسـوڵمانەکانی هاوڕێمدا ڕەنگی دەدایـەوە، ئـەوان وەکـو خوشـک هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ منـدا دەکرد و تەماشـای جیاوازیـی ئایینی مـن و خۆیانیان نەدەکرد...پاشـتر تێگەیشـتم کـە قورئانـی پیـرۆز داکۆکـی دەکات کـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ بێباوەڕانـدا (واتـە ئەوانەی کـە ناجەنگـن) دەبێـت مامەڵەیەکـی بـاش بێت، بـە ئومێدی موسـوڵمانکردنیان و ڕزگارکردنیـان.

خوای گەورە دەفەرموێت:

لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (الممتحنە : ٨)

واتە: (خوا ڕێتان لێناگرێت لەگەڵ ئەوانەدا کە جەنگیان لەگەڵدا نەکردوون لەسەر ئەم دینە و دەریان نەکردوون لە جێگە و شوێنەکانتان، کە چاکەیان لەگەڵدا بکەن و دادیان لەگەڵدا بنوێنن، بەڕاستی خوای گەورە دادگەرانی خۆشدەوێت).

یەکێک لە هاوڕێ موسوڵمانەکان پەیوەندییەکی توندتۆڵ دەیبەستینەوە بەیەکەوە، من لێی جیا نەدەبوومەوە، تەنها لە کاتی وانەکانی پەروەردەی ئایینی نەبێت، چونکە من بەپێی سیستەمی خوێندن لەگەڵ خوێنکارانی قوتابخانە مەسیحییەکان بنەمای ئایینی مەسیحیم دەخوێند، لەسەر دەستی مامۆستایەکی ئافرەتی مەسیحی.

دەمویست لە مامۆستاکەم بپرسم: چۆن دەبێت بەپێی بۆچوونی مەسیحییەکان موسوڵمانان بێباوەڕبن، کاتێک کە خاوەنی ئەو هەموو ئاکار و ڕەوشتە بەرز و ڕەفتارە شیرینەن؟ بەڵام لە ترسی تووڕەبوونی مامۆستاکەم، نەمدەوێرا پرسیارەکە بکەم، تا ڕۆژێکیان غیرەت گرتمی و پرسیارم کرد، پرسیارەکەم شتێکی کتوپڕ بوو بۆ مامۆستاکە و ویستی تووڕەبوونی خۆی بشارێتەوە، خەندەیەکی زەردی خستە سەر لێوانی و پێی وتم: (تۆ هێشتا منداڵیت و هێشتا لە دنیا تێنەگەیشتوویت، مەیەڵە ئەم ڕووکار و ڕوواڵەتە سادانە فریوت بدات لە ڕاستەقینەیی موسوڵمانەکان، وەک ئەوشێوەیەی کە ئێمەی گەورەکان دەیانناسین).



Scanned with CamScanner

منیش بۆ خۆم بێدەنگ بووم، هەرچەندە متمانەم بە وەڵامەکەی نەبوو، کە نابابەتی و ناژیرانە بوو... ماڵی ئازیزترین هاوڕێم باریانکرد بۆ قاهیرە، ئەو ڕۆژە بەهۆی دابڕانمانەوە زۆر گریاین و چەند دیاری و یادگارییەکمان گۆڕییەوە، هاوڕێ موسوڵمانەکەشم دیارییەکی شک نەبرد کە گوزارشت لە قووڵی و هێزی هاوڕێیەتی خۆی بکات بۆم، بێجگە لە قورئانێکی پیرۆز کە لە پاکەتێکی جوانی بچووکدا بوو، پێشکەشی کردم و و وتی " بیرم لە دیارییەکی گرانبەها کردەوە تا پێشکەشی تۆی بکەم، وەک یادگارییەکی هاوڕێیەتی و تەمەنێک کە پێکەوە ژیاوین، هیچم شک نەدەبرد بێجگە لەم قورئانە نەبێت، کە بریتییە لە وتەی خوای گەورە).

دیاری کچە موسوڵمانەکەم وەرگرت، هەر کاتێ بانگبێژ بانگی بدایە و موسوڵمانانی بانگ بکردایە بۆ مزگەوت، منیش دیاری ئەو هاوڕێیەم دەردەهێنا و لاپەڕەکانیم هەڵدەدایەوە و تەماشایەکی دەوروبەرم دەکرد، نەوەک یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکەمان بمبینێت و کارێکم بەسەر بێت کە نەخوازراوبێت، ڕۆژگار تێپەڕین و لە (شەمماس) شوومکرد، کە کەنیسەی مەریەمی عەزرایە، ئەم دیارییەشم لەگەڵ یادگارییە تایبەتییەکانمدا هەڵگرت، کە قورئانی پیرۆز بوو، شاردمەوە تا دوور بێت لە چاوی مێردەکەمەوە، کە ژیانم لەگەڵیدا بەسەردەبرد، وەک هەر ئافرەتێکی شەریف و بە وەفا و دڵسۆز سێ منداڵم لێیی بوو.



Scanned with CamScanner

لـە دیوانی گشـتی پارێزگا دامـەزرام، لەوێ ئاشـنابووم بە چەند کچە هاورێیەک کە موسـوڵمان و باڵاپۆش بوون.. یادی هـاورێ دێرینەکەمـم دەکـردەوە، هـەر کاتـێ مزگەوتەکەی بەرامبەرمـان بانگی بدایە لەناخمدا هەسـتێکی شـاراوە دڵمی دادەگـرت و بەبـێ ئەوەی بزانـم هۆکاری چییـە، چونکە من هێشـتا موسوڵمان نەبووبووم و شـووم کردبوو بە کەسێک کـە پیشەکەشـی هـەر لە کەنیسـەدا بـوو، لە پـارەی ئەوێ خەرجـی خێزانی دەدا.

بـە تێپەڕبوونـی کات و بـە گفتوگۆی هاورێ و دۆسـتانەی دۆسـتە موسـوڵمانەکانم لەسـەر ئاییـن و ئاکار بیـرم لە لە ڕاسـتەقینەیی ئیسلام و مەسـیحییەت دەکردەوە و بەراوردم دەکـرد لەنێوان ئەوەی کە دەیبیسـتم لە کەنیسـە سـەبارەت بە ئیسـلام و موسـوڵمانان و نێوان ئەوەی کـە خۆم دەیبینم و دەرکـی پێدەکـەم، کـە بەڕاسـتی زۆر پێچەوانەی قسـەی قەشـە و دەمارگیری مەسـیحییەکان بوو.

وردە وردە هەوڵمـدەدا ئاشـنابم بە ڕاسـتەقینەیی ئیسـلام و فرسـەتی دیارنەبوونـی مێردەکەمـم دەقۆزتـەوە تـا لـە ڕێـگای رادیـۆ و تەلەفزیۆنەکانـەوە گـوێ لـە وتـاری زانـا موسـوڵمانەکان بگـرم... لـە ئەنجامدا وەڵامی پرسـیارەکانی ناخمـم و ئـەو پرسـیارانەی سەراسـیمەی کردبـووم بـۆ دەردەکـەوت.

دەنگی (شـێخ محمـد رەفعەت) سـەرنجی ڕاکێشـام، لەگەڵ دەنگـی (عبدالباسـط عبدالصمـد) و وام هەسـت دەکرد کاتێ

لـە ڕێـگای ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنەکانـەوە گوێم لـە دەنگیانەوە دەبـوو کـە ئەو شـتەی ئـەوان دەیخوێننـەوە هەرگیز وتەی مـرۆڤ نیـە، بەڵکو نیگایەکـی خواییە.

ڕۆژێکیـان کـە مێردەکـەم لە کەنیسـە بـوو، بە ئەنقەسـت دەسـتم برد بۆ دولابەکەم و بە دەسـتی لەرزۆکەوە گەنجینە بەهادارەکـەم دەرهێنا، کە قورئانی پیـرۆز بوو، کردمەوە و بـە شـڵەژاوییەوە چاوم کەوتە سـەر ئایەتی:

إِنَّ مَثَـلَ عِيسَـىٰ عِنـدَ اللهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَـهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَـالَ لَهُ كُن فَيَكُـونُ (آل عمران: ٥٩)

واتە: (بەڕاسـتی وێنـەی دروسـتبوونی عیسـا لای خـوای گـەورە وەك وێنـەی ئـادەم وایـە، کـە لە گڵ دروسـتی کرد، پاشـان پێـی وت: ببە ئەویـش بوو).

زیاتـر دەسـتم لـەرزی و ڕوخسـارم عارەقـی دەرکـرد و موچڕکەیـەک هـات بـە هەموو لەشـمدا و سەرسـام بووم، چونکـە پێشـتر لـە شـەقام و تەلەفزیـۆن و ڕادیـۆ و لای هـاوڕێ موسـوڵمانەکانم زۆر گوێـم بـۆ قورئـان گرتبـوو، بـەڵام هەسـتم بە لەرزین و موچڕکەی ئـاوا نەکردبوو، کاتێ لـە کاتی خوێندنـەوەم بـۆ قورئانی پیرۆز بە ڕاسـتەوخۆیی هەسـتم پـێ دەکرد.

ویسـتم بـەردەوام بـم لەسـەر خوێنەنەوەکە، بـەڵام دەنگی کلیلەکانـی مێردەکـەم کە دەرگای شـوقەکەی دەکردەوە پێی



Scanned with CamScanner

بچریم و منیش بەخێرایی قورئانەکەم شاردەوە و خستمەوە شوێنە ئەمینەکەی خۆی و ڕامکرد بۆ پێشوازیکردن لە مێردەکەم.

بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ سەر کارەکەم و لە مێشکمدا هەزار پرسیاری بێ وەڵام هەبوو، کە ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوێندمەوە سنوورێکی دانا سەبارەت بە سروشتی عیسا ئایا کوڕی خوایە وەک قەشەکان بانگەشەی بۆ دەکەن (پاک و بێگەردی بۆ خوا)؟ یان پێغەمبەرێکی بەڕێزە وەک قورئان باسی دەکات؟ ئەو ئایەتە هات تا گومانەکە بکات بەڕاستی و ئاشکرای بکات، کە عیسا لە پشتی ئادەمە و کەواتە کوڕی خوا نییە... خوای گەورە دەفەرموێت:

لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (٣) وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ (الإخلاص: ٣ – ٤).

واتە: (کەسی لێنەبووە و لە کەسیش نەبوو و هەرگیز هیچ کەس هاوشێوە و هاوتای ئەو نییە).

سەبارەت بە چارەسەر لە خۆمم پرسی و ڕاستەقینەیی هەمیشەیم بۆ دەرکەوت... ڕاستەقینەی ئەوەی کە: (پەرستراو نییە بێجگە لە خوا و (محەمەد)یش پێغەمبەری خوایە) ئایا دەتوانم موسوڵمان بوونی خۆم ڕابگەیەنم؟ ئەی دەبێت هەڵوێستی کەسوکارم چی بێت و بەڵکو هەڵوێستی هاوسەرەکەم و ئایندەی منداڵەکانم؟!

هەموو ئەو پرسیارانە و پرسیاری تر بە مێشکمدا دەهات و



Scanned with CamScanner

لە نووسینگەکەدا دانیشتبووم و دەمویست کار بکەم، بەڵام نەمدەتوانی، بیرکردنەوە خەریک بوو دەیکوشتم، چونکە پێم وابوو هەنگاونانی یەکەمم دووچاری مەترسییەکی زۆرم دەکات، کەمترینیان کوشتنە.. لە ڕێی کەسوکاری مێردەکەم و کەنیسەوە.

بۆ چەند هەفتەیەک لەگەڵ دەروونمدا مامەوە و لەنێو سەرسامی هاوڕێکانم کە هیچیان پێ نەدەوتم، چونکە منیان بەوە ناسیبوو کە کارمەندێکی چالاکم، بەڵام لەو ڕۆژەوە تا زۆرم لە خۆم نەکردایە، نەمدەتوانی کارێک ئەنجام بدەم.

ئەو ڕۆژە هاتە پێشەوە کە لە هەموو ترس و شتێ ڕزگارم بوو، لە تاریکییەوە هەنگاوم نا بەرەو ڕووناکی ئیمان، لەو کاتەدا کە دانیشتبووم، بیرم دەکردەوە و مێشکم جەنجاڵ بوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت سووربم لەسەری، دەنگی بانگ لە مزگەوتەکەی نزیکمانەوە هاتە بەر گوێم، کە بانگی موسوڵمانانی دەکرد کە بێن بۆ دیداری خوای گەورەیان و نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام بدەن، دەنگی بانگبێژەکە تێکەڵ بە ناخم بوو، هەستم بە حەوانەوەیەکی دەروونی دەکرد کە بەدوایدا دەگەڕام و هەستم بە گەورەیی تاوانم دەکرد، ئەگەر بەو شێوەیە لەسەر بێباوەڕییەکەم بمێنمەوە، لەگەڵ ئەو بانگەوازە ئیمانییەی کە بە هەموو لەشمدا دەسووڕێتەوە.. منیش هەستامەوە سەرپێ و بەبێ هیچ پێشەکییەک بە دەنگی بەرز لەنێو سەرسامی هاوڕێکانمدا



Scanned with CamScanner

هاوارم کرد:

(أَشْـــهَدُ أن لا اِلهَ إلاَّ الله وَ أَشْـــهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَ رَسُولُ الله - شایەتی دەدەم کـە پەرسـتراوی تر نییـە بێجگە لە خـوا و شـایەتی دەدەم کە محەمەد بەنـدە و پێغەمبەری خوایە).

هاورێکانـم هاتـن بـۆ لام و سەرسـام بوون و بـە گریان و دڵخۆشـییەوە پیرۆزباییان لێدەکردم، منیش لەگەڵیاندا دەستم کـرد بـە گریـان و لـە خـوا دەپاڕامەوە کـە لە ڕابـردووی ژیانـم خۆشـبێت و ڕەزامەنـد بێت بە ژیانـی نوێم.

سروشـتی بـوو کـە هەواڵی موسـوڵمان بوونم بـە دیوانی پارێـزگادا بڵاوبێتـەوە و بگاتـە گوێی هاورێکانـم و هاوڕێ مەسـیحییەکانم، ئەوانـەی (لە نێوان هەسـتی ڕق و کینەیاندا) بەخێرایـی پەیوەندییـان بـە خێزانەکەمـان و مێردەکەمـەوە کـرد و پێیـان وابـوو کـە لە پشـت ئـەم بڕیـارەوە چەندین هـۆکاری نادیـار هەیە.

منیـش گوێم نەدایە قسـە ڕقاوییەکانیان، چونکە کارەکە زۆر لەو شـتە بچووکانە گەورەتر بوو: کە موسـوڵمانبوونی خۆم بـە ئاشـکرایی ڕابگەیێنم، بەڵێ ڕۆیشـتم بـۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسـاییش لەوێ کاروباری پێویسـتم ئەنجامدا بۆ ڕاگەیاندنی موسوڵمان بوونم.

گەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە، بۆم دەرکـەوت کـە مێردەکەم هەر هەواڵەکـەی بیسـتووە خزمەکانـی بانگکردبـوو، هەمـوو جلەکانی منی سـووتاندبوو، هەرچی زێڕ و ماڵ و سـامانێکم هەبوو دەسـتی بەسەردا گرتبوو... هیچ شـتێ لەوانە ئازاری



Scanned with CamScanner

نەدام، بەڵام تەنها ئەوەم پێ ناخۆش بوو کە مێردەکەم منداڵەکانمی بردبوو، تا ببێتە هۆکارێکی زۆرکردن لە من کە بگەڕێمەوە سەر تاریکایی و بێباوەڕی، ئایندەی منداڵەکانم ئازاری دەدام و دەترسام لەناو چوار دیواری کەنیسەدا لەسەر بێباوەڕی (تثلیث) پەروەردە بکرێن و ئایندەیان وەکو ئایندەی باوکیان بێت.

دەستی نزا و پاڕانەوەم بەرزکردەوە، تا خوای گەورە منداڵەکانم بۆ بگەڕێنێتەوە و بە ڕەفتاری موسوڵمانانە پەروەردەیان بکەم، خوای گەورەش وەڵامی داواکارییەکەی دامەوە و ژمارەیەک لە خۆبەخشە موسوڵمانەکان ڕێنماییان کردم کە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکان فەرمانی دادگا بەدەستبێنم، بەوپێیەی کە موسوڵمانن، منیش چووم بۆ دادگا و بڕوانامەی موسوڵمانبوونم پێ بوو، دادگاش ڕازی بوو لەسەر هەق، بۆ مێردەکەشم دوو ڕێگام دانا: یان موسوڵمانبوونی خۆی ڕابگەیەنێت، یان جیاببینەوە لە یەکتر، چونکە بەهۆی موسوڵمانبوونمەوە دروست نییە خێزانی کەسێک بم کە موسوڵمان نەبێت، ئەویش نکوڵی کرد و ڕازی نەبوو بێتە ناو ئایینی ڕاستەقینە. بۆیە داگا بڕیاری جیابوونەوەمانیدا و بڕیاریدا کە من منداڵەکان پەروەردە بکەم، بەوپێیەی کە موسوڵمانن، چونکە نەگەیشتبوونە تەمەنی هەرزەکاری، هەروەها لە دایک و باوکەوە موسوڵمانن.

وام گومان دەبرد کە کێشەم لەم ئاستەدا تەواو بوو، بەڵام

لەپڕ مێردەکەم و کـەس و کارەکەی دەریانکـردم، هەروەها دەنگـۆ و نـاو و ناتۆرەیـان بڵاودەکـردەوە بـە ئامانجـی ڕووخاندنـی ورە و دەروونـم، ئـەو خێزانـە مەسـیحییانەی دەمناسـین پەیوەندییـان لەگەڵمـدا پچڕاند، لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەو خێزانانـە دەنگـۆی ئەوەیـان بڵاوکردەوە بە مەبەسـتی پیسـکردنی کەسـایەتیم و ترسـاندنی خێزانە موسوڵمانەکان لـە هاوڕێیەتیکردنم و پچڕانـی پەیوەندییـان لەگەڵمدا.

لەگـەڵ ئەو هەمـوو تەنگ پێهەڵچنینانەدا، بەڵام هەر لەسـەر بـاوەڕی خۆم بەهێز و خۆڕاگربـووم و هەموو هەوڵەکانیانم ڕەتدەکـردەوە، کە هەوڵیاندەدا پاشـگەزم بکەنـەوە لە ئایینی ڕاستەقینە.

میش دەسـتم بەرزدەکردەوە و لە خاوەنی ئاسمان و زەوی دەپاڕامـەوە تـا هێـزم پێ ببەخشـێت کە بوەسـتم بە ڕووی هەموو شـتێک کە لـە دەوروبەرم پروپاگەنـدەی پێ دەکرێت و خوای گـەورە دەرووم لێبکاتەوە.

بێگومـان خـوای گـەورە و زاتێکی نزیـک و وەڵامدەرەوەیە و وەڵامـی دوعاکـەی دامـەوە و لـە ڕێـگای بێوەژنێکـی موسـوڵمانەوە دەرووم لێکرایـەوە کـە لـە مـاڵ و سـاماندا هەژاربـوو، بـەڵام لـە دەروونـدا دەوڵەمەند بـوو، چوار کچ و کوڕێکـی هەتیـووی هەبوو، کـە دوای وەفاتـی مێردەکەی بەجێمابـوون، ئەم بێوەژنە موسـوڵمانە کاریگەر بووبوو بەو بـاوەڕ و دۆخـە دەروونییـەی منی تیادا دەژیـام و بەرامبەر بـە خۆڕاگـری مـن سەرسـام بـوو، بـە کارێکی گـەورەی



Scanned with CamScanner

تەماشا دەکرد... بۆیە پێشنیازی بۆ کردم کە بمخوازێت بۆ کوڕە تاقانەکەی (محەمەد) تا خۆم و منداڵەکانم لەگەڵ چوار کچەکەیدا بژین.. دوای بیرکردنەوە، زۆری نەخایاند ڕازی بووم و شوومکرد بە (محەمەد)ی کوڕی ئەو بێوەژنە موسوڵمانە.

ئێستا لەگەڵ مێردی موسوڵمانم (محەمەد)دا و لەگەڵ منداڵەکانم و کەس و کاری مێردەکەم بە خۆشحاڵی و شادییەوە دەژیم، هەرچەندە گوزەرانیشمان نارەحەتە، سەرەڕای ڕق و کینەی مێردەکەی پێشووم و هەڵسوکەوت و مامەڵەی خێزانەکەمان کە مەسیحین.

هەرچەندە خێزانەکەم ئەو چەرمەسەرییەیان بەسەردا هێنام، بەلام من بەردەوام لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە بۆ ئایینی هەق ڕێنماییان بکات و ڕەحمەتی خۆی بیانگرێتەوە، وەک چۆن ڕێنمایی منی کرد و کەوتمە بەر ڕەحمەت و بەزەییەوە، بێگومان ئەو کارە بە لای خوای گەورە و باڵادەستەوە ئەستەم و نارەحەت نییە.

(مُنْتَدَيات المُسافِر).



Scanned with CamScanner

## ئای کە ماڵئاواییەکی جوان بوو!

خوشـکەکەم ڕوخسـاری تێکچووبـوو، لاوازیـش بووبوو.. بـەڵام وەک نەریتـی جارانـی قورئانـی پیـرۆزی دەخوێنـد، ئەگـەر بگەڕایتایـە بەدوایـدا لـە نوێژگەکەیـدا دەتبینـی، بـە کڕنووش و سـوجدەبردنەوە و بەرزکردنەوەی دەسـتەکانی بـۆ ئاسـمان و بـە بایانیـان و ئێـواران و لـە نیوەشـەودا بەوشـێوەیە بـوو، سسـت و بێتاقـەت نەدەبـوو... منیـش سـووربووم لەسـەر خوێندنـەوەی گۆڤـارە هونەرییەکان و ئـەو کتێبانـەی مۆرکێکـی چیرۆکیـان پێوەبوو.

بـە بەردەوامـی تەماشـای سـەتەلایتم دەکـرد و خـووم

پێوەگرتبـوو... ئـای چەنـدە زۆرن ئەوانـەی خـوو بەمـەوە دەگـرن.. ئەرکەکانـم بـە تـەواوی جێبەجـێ نەدەکـرد، لـە نوێژەکانیشـمدا رێکوپێک نەبووم... دوای ئەوەی سەتەلایتەکم دەکوژانـدەوە بـۆ مـاوەی سـێ سـەعات بـە بەردەوامـی تەماشـای فیلمـی جۆربەجۆرم دەکـرد، تا لـە مزگەوتەکەی بەرامبەرمانـەوە دەنگـی بانـگ بەرزدەبوویـەوە و منیـش دەچوومـە سـەر جێگاکەم و خوشـکەکەم لـە نوێژگەکەیەوە بانگـی دەکردم.

- بەڵێ چیت دەوێت نورا؟

بـە دەنگێکـی توند پێی دەوتـم: نەخەویت تا نوێـژی بەیانی نەکەیت.

- ئۆە... هێشـتا سـەعاتێکی مـاوە بۆ نوێـژی بەیانی، ئەوەی مـن گوێـم لـێ بـوو بانگـی یەکەم بـوو (لـەو وڵاتانـەدا لە بەیانیانـدا دوو بانگ دەدرێت و بانگـی دووەم بانگی بەیانیە)

- بـە دەنگـە سـۆزدارەکەی... ئـا بەوشـێوەیە بـوو، پێـش ئـەوەی تووشـی ئەو نەخۆشییەشـی بێـت و لەنـاو جێگادا بکەوێت.

بانگی کردم..

- (هەنا) وەرە لە تەنیشتمەوە دابنیشە.

هەرگیز نەمدەتوانی داواکاریی ڕەتبکەمەوە.

هەستت بە پاکی و راستگۆیەکەی دەکرد..

بێگومان بەرهەمی لە خوا ترسانەکەی بوو.



Scanned with CamScanner

+ چیت دەوێت؟

- دابنیشە.

+ ئەوە دانیشتم چیت دەوێت؟

بە دەنگێکی سازگار و خۆشەوە وتی:

كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ (آل عمران: ١٨٥).

واتە: (هەموو دەروون و گیانێك مردن دەچێژێت و بەڕاستی و بە تەواوی پاداشتەكانتان لە ڕۆژی دوایدا پێدەدرێت).. بێدەنگ بوو..

پاشان لێی پرسیم:

- ئایا بڕوات بە مردن نییە؟

+ بێگومان بڕوام پێیەتی!!

- ئایا بڕوات نییە كە لەسەر بچووكترین و گەورەترین شت لێپرسینەوە دەكرێیت؟

+ بەڵێ... بەڵام خوای گەورە لێبووردە و میهرەبانە و تەمەنیش درێژە، خوشكی خۆم.

- ئایا ناترسیت مردن لەپڕ یەخەت پێ بگرێت؟ تەماشای (هیند) بكە لە تۆ بچووكتر بوو بە ڕووداوێكی ئۆتۆمبێل وەفاتیكرد... یان فلان و فیسار.. مردن تەمەن ناناسێت و هیچ پێوەرێكی نییە!!

بە دەنگێكی ترسەوە (چونكە نوێژگەكەی كەمێك تاریك



Scanned with CamScanner

بــوو) وەڵامــم دایــەوە: بەڕاســتی مــن لەتاریکی دەترســم و بەهــۆی باســکردنی مردنیشــەوە ترســەکەم زیــادی کــرد، ئێســتا چــۆن بخەوم؟

مــن وا گومانــم دەبرد کە لــەم مۆڵەتەدا گەشــت دەکەیت لەگەڵمــان، لەپــڕ دەنگی گــۆڕا و دڵمــی هێنایــە لەرزین و وتــی: لەوانەیــە ئەمســاڵ گەشــتێکی دوور بــۆ شــوێنێکی تــر ئەنجــام بــدەم... (هەنــا) گیــان لەوانەیــە... تەمەنەکان بەدەســتی خوای گەورەیە... دەســتی کرد بــە گریان، بیرم لە نەخۆشــییە مەترســیدارەکەی دەکردەوە و پزیشــکەکان بەنهێنــی بــە باوکمیان وتبوو: ئــەم نەخۆشــییەی لەوانەیە زۆر مۆڵەتــی پێنــەدات، بــەڵام کێ ئەمەی بە ئــەو وت یان پێشــبینی ئەوە دەکات

- ئــەوە چییــە بیردەکەیتــەوە... ئــەم جــارەش دەنگــە بەهێزەکــەی هاتــە بەرگوێــم... ئایــا پێت وایە بۆیــە من وا دەڵێــم چونکــە نەخۆشــم، نەخێــر؟ لەوانەیە تەمەنیشــم لە کەســە تەندروســتەکان درێژتــر بێــت.. ئــەی تــۆ تاکــەی دەژیت؟... لەوانەیە تا بیســت ســاڵی تر یان چل ســاڵی تر، پاشــان چی؟ دەســتی لــە تاریکییەکەدا دەدرەوشــایەوە و توند ڕایدەوەشاند... کەســمان جیاوازیمان نییە، هەمووەمان دەڕۆیــن و ئــەم دونیایە جێدەهێڵین، یان بۆ بەهەشــت یان بــۆ دۆزەخ، ئایــا گوێت لە فەرمایشــتی خــواوە نەبووە کە دەفەرموێت:

فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ (آل عمران: ١٨٥).

واتـە: (ئینجـا هـەر کـەس دووربخرێتـەوە لـە ئاگـری دۆزەخ و بخرێتـە بەهەشـتەوە ئـەوە بەڕاسـتی ئـەو کەسـە سـەرکەوتووە).

+ بە خودات دەسپێرم.

بەخێرایی ڕامکرد و دەنگی لەگوێمدا دەزرنگایەوە.

- خوا ڕێنوایی کارت بێت، نوێژەکەت بیرنەچێت.

سـەعات هەشـتی بەیانی بـوو گوێم لـە تەقـەی دەرگاکەوە بـوو، ئەمە کاتی هەسـتانی من نییە.. گریـان و دەنگە دەنگە.. خوایـە گیان چی ڕوویداوە؟ تەندروسـتی (نورا) تێکچووبوو، باوکـم بەپەلە بردی بۆ نەخۆشـخانە...

إِنَّا لله وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ

واتە: (ئێمە موڵکی خوداین و هەر بۆ لای خۆی دەگەڕێینەوە)

ئەم سـاڵ گەشـت نییـە... ئەم سـاڵ لە چـارەم نووسـراوە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لە ماڵەوە بمێنەوە، سـەعات یەکی نیوەڕۆ باوکم لە نەخۆشـخانەوە تەلەفۆنی بۆ کردین، ئێسـتا دەتوانن سـەردانی بکەن، دەی خێرابکەن. دایکم هەواڵی پێدام کە قسـەکانی باوکم دڵخۆشـکەر نین و دەنگیشـی گۆڕابوو، عاباکەم بە دەسـتەوە بوو.. کوا شـۆفێرەکە.. بەپەلە سـواری ئۆتۆمبێـل بوویـن.. کـوا ئەو ڕێگەیـەی لەگەڵ شـۆفێرەکەدا



Scanned with CamScanner

پێیدا تێپەڕدەبووین.. کورت دیاربوو.. ئەمڕۆ بۆ ئەوەندەی خایاند.. زۆر دوور کەوتووەتەوە، کوا ئەو قەرەباڵغییەی کە دڵی خۆش دەکردم و بەڕاست و چەپدا تەماشام دەکرد، قەرەباڵغییەکی بێزارکەر بوو، دایکم لە تەنیشتمەوە بوو، دوعای بۆ دەکرد... ئەو کچێکی صالح و گوێڕایەڵ بوو.. هەرگیز نەمدەبینی کاتی خۆی بفەوتێنێت.. لە دەرگای دەرەوەی نەخۆشخانەوە ڕۆیشتینەوە ژوورەوە... ئەوە نەخۆشێکە گیان دەدات و ئەوەشیان تووشی ڕووداوی ئۆتۆمبێل بووە و سێیەمیشیان چاوەکانی بەقووڵا چوون.

نازانیت خەڵکی ئەم دنیایەن یان خەڵکی ئەو دنیا.. دیمەنێکی سەیر بوو، پێشتر نەمبینیبوو... بەخێرایی بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین، ئەو لە ژووری چاودێری ورد بوو، پەرستارەکە وتی: ئێستا دەتانبەم بۆ لای، ئەو باشە و دایکمی دڵنیاکرد کە ئەو دوای ئەوەی کە لەهۆش خۆی چووبوو، ئێستا باشترە.. نەیاندەهێشت لە یەک کەس زیاتر بڕواتە ژوورەوە. ئەوێ ژووری چاودێری ورد بوو، لەناو قەرەباڵغی پزیشکەکاندا و لە ڕێگای پەنجەرە بچووکەکەی سەر ژوورەکەوە چاوەکانی (نورا)ی خوشکمم بینی، تەماشام دەکرد و دایکیشم لە تەنیشتیەوە بوو، دوای دوو خولەک دایکم هاتە دەرەوە، کە نەیدەتوانی ئەسرینەکان بشارێتەوە. ڕێگاشیاندا بە من بچمە لای، بەڵام قسەی زۆری لەگەڵدا نەکەم و وتیان: دوو خولەک بەسە بۆ تۆ.

+ نورا گیان چۆنیت؟.. دوێنێ شەو زۆرباش بوویت.. چی

ڕوویدا؟

دوای ئەوەی دەستی گوشیم وتی:

- سوپاس بۆ خوا من ئێستا باشم.

+ سوپاس بۆ خوا، بەڵام دەستت سارده.

من له قەراغ قەرەوێڵەکەیەوە دانیشتبووم، دەستم لە قاچی دەدا و دووری خستەوە لێم.

+ داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر بێتاقەتم کردبێت.

- نەخێر بەڵام بیرم لە فەرمایشتێکی خوای گەورە دەکردەوە کە دەفەرموێت:

وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ (٢٩) إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ

واتە: (قاچ و لولاق بەیەکدا ئاڵا، ڕاپێچکردن لەو ڕۆژەدا بۆ لای پەروەدگارتە).

(هەنا) گیان داواکارم دوعام بۆ بکەیت... چونکە لەوانەیە بەم نزیکانە پێشوازی لە یەکەم ڕۆژی (ڕۆژی دوایی) بکەم. گەشتەکەم درێژە و توێشووەکەم کەمە.. دوای بیستنی ئەو وتانەی گریاندمی.. فرمێسک لە چاوم کەوتەخوارەوە... هۆشم نەبوو من لە کوێم.. بەردەوام فرمێسک بە چاومدا دەهاتە خوارەوە.

باوکم زیاتر خەمی منی بوو تا نورا، چونکە ڕانەهاتبوون بەو گریانەی من و مانەوەم لە ژوورەکەمدا...

لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئەو ڕۆژە خەمبارەدا بێدەنگییەکی درێژ باڵی بەسەر ماڵماندا کێشابوو...کچی خاڵم هاتە ژوورەوە، پاشان کچی مامەکەم... ڕوودانێکی خێرا.. میوانەکان زۆربوون.. دەنگەکان تێکەڵبوون.. تەنها یەک شتم دەزانی (نورا مرد) ئەوانەی کە دەهاتن جیام نەدەکردنەوە لەیەکتر و نەمدەزانی چییان دەوت، خوایە گیان من لە کوێم و چی ڕوودەدات؟

تەنانەت نەشم دەتوانی بگریم، پاشتر هەواڵیان پێدام کە باوکم دەستی گرتووم کە خواحافیزی یەکجاری لە خوشکەکەم بکەم، منیش ماچم کرد... تەنها یەک شتم دەهاتەوە یاد... کاتێ تەماشامکرد لەسەر پێخەفی مردن ڕاکشابوو، ئەم وتەیەم هاتەوە یاد: (وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ) ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە: (إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ) نەمزانی کە ئەو شەوە من گەڕاومەتەوە بۆ نوێژگەکەی.

ئەو کاتە یادی ئەوەم کردەوە کە لە ڕەحمی دایکیشمدا هاوشانم بوو... چونکە دوانە (جمک) بووین، هاتەوە یادم کە کێ هاوخەممە... هاتەوە یادم کێ بەدرێژایی شەو ئەسرین دەڕێژێت و باسی مردن و ڕۆژی لێپرسینەوەم بۆ دەکات... تەنها خوای گەورە کۆمەکە.

ئەوە یەکەم شەوی بوو لە گۆڕەکەیدا... خوایە گیان ڕەحمی پێ بکەیت و گۆڕەکەی بۆ ڕووناک بکەیتەوە و ئەوەش قورئانەکەیەتی و ئەوەش بەرماڵەکەی و ئەوەش...

ئەوەش عەزیزیە گوڵگوڵینەکەیەتی کە پێی دەوتم:

دەیشارمەوە بۆ کاتی زەماوەندەکەم... بیرم دەکردەوە و دەگریام... بیرم لە ڕۆژە فەوتاوەکانم دەکردەوە... بە بەردەوامی دەگریام.

لە خوای گەورە پاڕامەوە بەزەیی پیامدابێتەوە و لێم خۆشبێت و بمبوورێت.. لە خوای گەورە دەپاڕامەوە کە دامەزراوی بکات لە ناو گۆڕەکەیدا وەک چۆن پێی خۆشە وەدەیخوازێت...

لەپڕ لە خۆمم پرسی: ئەی ئەگەر من لە جێی ئەو بمردامایە؟ چارەنووسم چۆن دەبوو؟

لەناو ئەو ترسە زۆرەی کە دایگرتم، نەگەڕام بەدوای وەڵامەکەدا، بە کوڵ دەستم کرد بە گریان... الله أکبر... الله أکبر.. بانگی بەیانی هاتە بەر گوێم و بەرزبوویەوە.

بەڵام ئەمجارەیان چەندە ئاوازێکی شیرینی هەیە لام، هەستم بە دڵئارامی و حەوانەوە دەکرد، کاتێ کە بانگەکەم دوتەوە، عەباکەم لە خۆم پێچا و هەستامەوە و نوێژی بەیانیم کرد، نوێژێکی پڕ لە ئەسرین و فرمێسکم کرد، وەک چۆن خوشکەکەم پێش من ئەنجامی دەدا، کە دواهەمین نوێژی بوو (ئەگەر ڕۆژم کردەوە چاوەڕوانی ئێوارە ناکەم و ئەگەر شەوم کردەوە چاوەڕوانی بەیانی ناکەم).

(الزمن القادم)..عبدالملک قاسم

## ئافرەتێکی صاڵحی خواناس حەزی لە چاکەیە؟!

ئافرەتیکـی صالـح بوو،حـەزی لـە چاکە بوو، بێئـاگا نەبوو لـە زیکری خوای گـەورە، هەرگیز ڕێگای نەدەدا وشـەیەکی نابەجـێ لە زاری بێتە دەرەوە... ئەگەر باسـی ئاگرت بکردایە دەترسـا و دەتۆقی و دەستی نزا و پاڕانەوەی بەرزدەکردەوە کـە خـوا بیپارێزێـت و ئەگەر باسـی بە هەشـتت بکردایە بە ئاواتـەوە بـوو بـۆی و دەسـتی پاڕانـەوەی بەرزدەکردەوە و لـە خـوای گـەورە دەپاڕایـەوە کـە بیگێڕێت لـە خەڵکانی بەهەشت.

خەڵکانی خۆشدەویست و ئەوانیش خۆشیان دەویست و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا هەبوو، لەپڕ لە ڕانیدا هەستی بە ئازارێک کرد، پەنای بردە بەر شیلان و چەورکردن و باندج بەکارهێنان، بەڵام ئازارەکە زیاتری دەکرد.

دوای سەردانی زۆرێک لە نەخۆشخانەکان و بینینی ژمارەیەک پزیشک، مێردەکەی بردی بۆ لەندەن و لەوێ لە نەخۆشخانەیەکی زۆر گەورەدا دوای شیکاری ورد، پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت کە گەنینێک لە خوێنیدا هەیە و بەدوای سەرچاوەکەیدا دەگەڕێن، کە هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئازاری ڕانی... پزیشکەکان بڕیاریاندا کە ئافرەتەکە لە ڕانیدا تووشی شێرپەنجە بووە، کە ڕانی سەرچاوەی ئازار و ئەو گەنینەیە و دواهەمین بڕیاریان ئەوە بوو کە پێویستە پەلە بکەن لە بڕینەوەی ڕانی ئافرەتەکە، تا نەخۆشییەکە تەشەنە نەکات.

لە ژووری نەشتەرگەریدا ئافرەتەکە ڕاکشابوو، لە بەردەم قەزاوقەدەری خوادا، بەڵام بەردەوام زیکری خوای دەکرد و ملکەچی خوا بوو، کۆمەڵێک پزیشک کۆبوونەوە، چونکە نەشتەرگەری بڕینەوەی ڕان نەشتەرگەرییەکی گەورەیە... موسەکە خرایە ناو مەقەستەکەوە و بە وردی ئافرەتەکە دانەویەوە و شوێنی بڕینەوەکە دیاریکرا و زۆر بە وردەکارانە و لەنێو ترسێکی زۆردا کارەباکە داگیرسێنرا، هەر کە مەقەستەکە جووڵایەوە، گوێزانەکە شکا، لەبەر چاوی سەرسام بوونی هەمووواندا... ویستیان

بـە گوێزانێکـی تـر نەشـتەرگەرییەکە بکـەن، هەمـان شت ڕوویدایـەوە و گوێزانەکە شـکایەوە و بۆ جاری سـێیەمیش دیسـانەوە گوێزانەکـە شـکایەوە، کـە ئەمە یەکـەم جارە لە مێـژووی نەشـتەرگەری بڕینەوەدا ڕووبـدات، کە بووە هۆی سەرسـامی هەموو پزیشـکەکان، کە هەر تەماشای یەکتریان دەکرد.

سەرپەرشتیاری پزیشـکەکان هەموویانی بردە تەنیشتێکەوە و دوای ڕاوێژکردنێکـی خێـرا، پزیشـکەکان بڕیاریانـدا نەشـتەرگەری ئـەو ڕانـە بکەن کـە دەیانویسـت بیبڕنەوە... ئای کە شـتێکی سەرسـوڕهێنەر بـوو !! هەر کـە گوێزانەکە گەیشـتە ناوەڕاستی پێستەکە، پزیشـکەکان بە چاوی خۆیان لۆکەیەکی گەنیوی پیسیان تێدا بینی...دوای نەشتەرگەرییەکی ئاسـان پزیشـکەکان شـوێنەکەیان پاک کـردەوە و تیماریان کرد.

ئافرەتەکـەش پـاش ماوەیـەک بـە تـەواوی چاکبوویەوە و شوێنەوارەکەشـی دیـار نەمـا.. ئافرەتەکـە تەماشـای ڕانی دەکرد کە ئاسـەواری ئازاری تێدا نەمابـوو، بینی مێردەکەی قسـە لەگەڵ ئەو پزیشـکانەدا دەکات کە هێشـتا سەرسامیی بە ڕوخسـاریانەوە دیـار بوو، لە مێردەکەیان دەپرسـی: ئایا خێزانت پێشـتر لەڕانیدا نەشـتەرگەری بـۆ کراوە؟

پزیشـکەکان بۆیـان دەرکـەوت کـە ژن و مێردەکـە پێش ماوەیەکی زۆر تووشـی ڕووداوێکـی هاتوچۆ بوون و ژنەکە لەو شـوێنەدا بە خەسـتی بریندار بووبوو... پزیشـکەکانیش

بە یەک زمان وتیان: بەڕاستی ئەوە چاودێری خوای گەورەیە.

ئای ئافرەتەکە دڵخۆش بوو کە ڕزگاری بوو لەو کابوسە مەترسیدارە کە بیری دەکردەوە چۆن بە یەک قاچەوە بتوانێت بڕوات بەڕێوە... دەستی کرد بە سوپاس و ستاییشی خوای گەورە، کە هەستی بە نزیکی و میهر و سۆز و بەزەیی خوای گەورەی دەکرد.

خوشکانی بەڕێزم.. ئەم چیرۆکە نموونەیەکە لەو نموونانەی کە لە ژماردن نایەن لە ئەولیاکانی خوا، کە پابەندن بە فەرمانەکانیەوە و هەمیشە لە هەوڵدان بۆ ڕەزامەندیکردنی و دڵەکانیان پڕبووە لە خۆشەویستی خوا.. بەردەوام یادی دەکەن و بێزار نابن، تا ئەو ڕادەیەی زیکر و یادی خوا بووەتە سروودێکی پڕ ئاواز و زمانیان بێتاقەت نابێت لە وتنەوەی.. بەڵکو هەست بە شیرینی و چێژ دەکەن، ئەوانە بە تاسە و شەوقەوە پێشوازی لە فەرمانەکانی خوا دەکەن و بە خۆشەویستییەوە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن.

خوای گەورەش دەستبەرداریان نابێت و کۆمەکیان دەکات و هاوکاریانە و دەیانپارێزێت و دوای ئەوەش ڕەزامەندە لێیان و بەهەشتی خۆی دەبەخشێت پێیان.



Scanned with CamScanner

## لە پەنای کەعبەدا بینایی بۆ کچێک دەگەڕێتەوە

جارێکی تر بینایی گەڕایەوە بۆ ئافرەتێک کە تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو، لە پەنای کەعبەی پیرۆزدا، دوای ئەوەی بۆ چەند مانگێک دەچوو کە نابینا بووبوو، بەهۆی کەوتنی لەماڵەوە و دوای ئەوەی گێژ بووبوو، لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا کە بینایی لەدەست دابوو، لە سعودیە سەردانی چەندین نەخۆشخانەی کردبوو، بەڵام هەموو پزیشکەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردبوو کە کارەکە پێویستی بە توانا و ئارامگرتن هەیە... هەروەها چارەسەرەکەی دەروونی دەبێت و حاڵەتەکەی لەلایەن

خێزانەکەیەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرا لەنێو چەندین نەخۆشخانەدا... هەندێ لە خزمەکانی پێیان دەوت کە بیبات بۆ مەککەی پیرۆز بۆ بەجێهێنانی عومرە و پاڕانەوە لە خوای گەورە کە بینایی بۆ بگەڕێنێتەوە.

ڕۆژێکیان بەپێی قسەی خۆشکەکەی کە زۆر دڵخۆش بوو کاتێ کە قسەی دەکرد وتی: خوشکەکەم کاتێ کە ڕێوڕەسمی عومرەی بەجێدەهێنا لەگەڵ خێزانەکەماندا بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا هەستی بە سوڕانەوەی سەری دەکرد و پاشان کەوت بە زەویدا، پاشان کاتێ هاتەوە هۆش خۆی لەناو حەرەمی مەککەدا بینایی بۆ گەڕایەوە، بۆیە هەموان زۆر دڵخۆشبوون و دەستی نزا و سوپاسیان بەرزکردەوە بۆ خوای گەورە و کچەکەش سووربوو لەسەر ئەوەی چەند ڕۆژێک لەناو حەرەمدا بمێنێتەوە بۆ نوێژکردن و دوعا و سوپاسی خوای گەروە.

صلاح مخارش - جريدة الجزيرة

## ئافرەتێک لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا

ئـەم چیرۆکـە زیاتر لە خەیـاڵ و ئەندێشـە دەکات... ئەگەر کەسـێک بۆی بگێڕامایەتەوە بڕوام پێ نەدەکرد. دوای ئەوەی نوێـژی عیشـام کردبوو، لە نوسـینگەکەمدا دانیشـتبووم، لە شـەوێک لە شەوە درێژەکانی زسـتانی (یوجین) لە باکووری خۆرئاوای کیشـوەری ئەمەریکا لە وڵاتـە یەکگرتووەکان، لە مانگـی شـەوالی سـاڵی (1419ک) لە شـاری (یوجین).. من خوێنـدکار بووم لـە زانکـۆی (ئۆرجین)، سـەرقاڵی خوێندن بـووم لە شـەودا، کاتـی خۆرئاوابـوون بـوو، بێدەنگی باڵی کێشـابوو بەسەر شـوێنەکەدا، تەنها دەنگی کچە بچووکەکەم

ئـەو بێدەنگییـەی دەپچـڕان کـە خەریکـی یاریکـردن بـوو، دەنگـی بارینـی بـاران دەهـات، هەرچەنـدە من حـەزم لەو جـۆرە دەنگانە نەبـوو، چونکە لە ناخمدا سـەرلەنوێ چالاکی دەکردم.

کاتێ من بەوشـێوەیە بـووم گوێم لە زەنگـی تەلەفۆنەکەوە بـوو، کـە تێکەڵـی ئـەو سـاتە بێدەنگانـە بووبـوو، برایەکی ئایینیـم بوو کـە جەزائیری بوو، ناوی (شـەکیب) بوو، دوای سـڵاوکردن و ئەحـواڵ پرسـین، باسـی ڕووداوێکـی زۆر سـەیری بـۆ کردم و لـە هەمان کاتیشـدا دڵخۆشـبوو!!!

خێزانـی کـە ئافرەتێکـی ئەمریکـی موسـوڵمان بـوو، ناوی (کەریمـە) بـوو، خاڵۆژنێکی هەبوو لەسـەر ئایینی مەسـیحی بـوو، ئـەو خاڵۆژنـەی برابـوو بۆ نەخۆشـخانەی (سـیکرت هـارت)، کـە تەنها سـێ خولەک لـە ماڵی ئێمـەوە دووربوو، دوای پشـکنینی حاڵەتەکەی پزیشـکەکان نەیانتوانی حاڵەتەکە بشـارنەوە، ئافرەتەکـە ئەسـتەم بـوو بـژی... دەبوایـە هەر کۆچـی دوایی بکردایـە، کارەکـە تەنها سـەعاتێک یان دوان یـان کەمتـری ماوە و خـوای گـەورە خۆی زاناتـرە بەوە.

پاشـان بـۆی باسـکردم کە چی بەسـەر خـۆی و ژنەکەیدا هاتـووە، منیش لە سەرسـامییەکی تـەواودا بـووم، گوێم لە سـەدای دەنگی دەگرت، وەک ئەوەی هەسـت بـە لێدانی دڵی بکـەم، بـە یەک پیت پێـی وتم:

لەگەڵ ژنەکەمدا قسـەم کرد سـەبارەت بە حاڵـی خاڵۆژنی... ڕاوێژمـان کرد کـە جارێکی تریش هەوڵ بدەینـەوە و بانگی

بکەین بۆ موسولمان بوون، هەرچەندە تەمەنی چەند سەعاتێکی ماوە، مادام هێشتا لە غەرغەرەی مردندا نییە.

هاوڕێکەم وتی: پشتم بەست بە خوای گەورە و دوو ڕکات نوێژم کرد و دوعام کرد بۆ لای خوای گەورە بۆ ڕێنوێنی، کاتێ کە لە سوجدەدا بووم، خوای گەورە سینەی بکاتەوە بۆ ڕێنمایی هەق و ڕاستی، چونکە دەمزانی ئادەمیزاد کاتێ سوجدە دەبات نزیکترین ساتیەتی لە خوای گەورەوە.

پاشان (کەریمە) ڕۆیشت بۆ نەخۆشخانە بۆ لای و داوای لێکرد کە موسولمان بێت و هەواڵی پێدا کە ئیسلام وەلامی ئەو کەسە دەداتەوە و قبولی دەکات و خوای گەورە لە هەموو ڕابردووی خۆشدەبێت، ئافرەتەکە وتی بلێ:

(أَشْهَدُ أَن لا اله إلا الله وَ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله)

بە متمانەیەکی تەواوە و لە ناخی دڵیەوە، هەرچەندە ئەو ئافرەتە نەخۆشە توانای قسەکردنیشی لەدەست دابوو... خێزانی هاوڕێکەم بەشێوازێکی جوان داوای لە خاڵۆژنە نەخۆشەکەی کرد کە شایەتومان بهێنێت و هەرچەندە نەیشیدەتوانی بە زمان بیلێت، ئەگەر بیەوێت ئەوە بە دەستی ئاماژە دەکات بۆ ئەوە.

دوای ئەوە ماناکەی بە زمانی ئینگلیزی بۆ ڕوونکردەوە و وتی پێی:

(أَشْهَدُ أَن لا اله إلا الله وَ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله)

پاشان ئەوە حاڵەتێکی قورس بوو بۆ کەریمە، چەندە



Scanned with CamScanner

ئاواتەخـواز بـوو کـە خاڵۆژنی لـە ئاگرێـک ڕزگار بکات کە مرۆڤ و بەرد تاوی دەدات، لەگەڵ لێدانی دڵی خێرایدا و چەند چرکەیەکـی هێواش تێپەڕین کە قورس بوون، قورسـییەکەی تەنهـا لە بزواندنی دەسـتی ئافرەتە نەخۆشـەکەی دەکرد کە وردە وردە دەسـتی بەرزکـردەوە و دوای ئـەوەی گوێی لە تەلقینـی شـایەتومان بـوو زیاتـر بەرزیکـردەوە کـە جاران نەیدەتوانـی، بـە خەنـدە و ڕەزامەندیـەوە بـاوەڕی خـۆی ڕاگەیانـد و ئایینی ئیسـلامی قبوڵکرد.

(کەریمـە) خەریـک بوو لـە خۆشـیدا شاگەشـکەی دەکرد، ئینجا مژدەی پیرۆزیی لە ڕوخسـاریدا دەرکەوت و سورەتی (یـس)ی بەسـەریدا خوێنـد و ئافرەتە نەخۆشـەکەش لەکاتی گوێبیسـتی قورئانەکـەدا خەنـدە و خۆشـی لـە ڕوخسـاری دەبینـرا، کە بەتـەواوی ڕەزامەندە لەو قورئانـە پیرۆزەی کە بەسـەریدا دەخوێندرێت.

پەرستارە ئەمریکییەکـەش کـە ئـاگاداری ڕووداوەکە بوو، بەبێ ئـەوەی کەس هەسـتی پێبـکات، پێشـنیاری کـرد کە ئەگـەر پێویسـتی کـرد وەک خۆبەخـش بـە فەرمـی دەبێتە شـایەت لەسـەر موسـوڵمانبوونی خاڵۆژنـی کەریمە، خوای گـەورە هێنایە گۆ کە توانای بە گۆخسـتنی هەموو کەسـێکی هەیە:

أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (فصلت: ٢١).

(شـەکیب)ی هاوڕێـم پرسـیاری لێکـردم: کە پێویسـتە چی بکەیـن بەرامبـەر ئـەو ئافرەتـە کـە هێشـتا زینـدووە و لە



Scanned with CamScanner

ژیاندایە.

لـە وەڵامیدا وتم: ئەو ئێستا خوشکی موسوڵمانی ئێمەیە و بەو پێیەی کە خۆی موسوڵمانبوونی ڕاگەیاند، لەکاتێکدا کە لەوپەڕی سەرسامیدا بووم و دڵم لەخۆشیدا خەریک بوو دەفڕی، بەهۆی موسوڵمان بوونی ئەو ئافرەتەوە کە نەخۆشیی زۆری بۆ هێناوە و پزیشکان بێئومێد بوون لە چاکبوونەوەی، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺم بیرخستەوە کە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە وتی: پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر فەرمووی:

(إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا ثُمَّ يَكُونُ فِي ذَلِكَ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ ثُمَّ يَكُونُ فِي ذَلِكَ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ ثُمَّ يُرْسَلُ الْمَلَكُ فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ يكَتْبِ رِزْقِهِ وَأَجَلِهِ وَعَمَلِهِ وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ فَوَالَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا). متفق عليه

واتە: (هەریەکە لە ئێوە لە ماوەی چل ڕۆژدا لە سکی دایکیدا دروست دەبێت، پاشان لە ماوەی چل ڕۆژدا دەبێتە پارچەیەک گۆشت و خوێن، پاش ماوەی چل ڕۆژیش دەبێتە پارچە گۆشتێک.. پاش ئەوە خوای گەورە فریشتەیەک دەنێرێت و ڕۆح دەکات بەبەریدا و فەرمانی

بە چوار شت پێ دەکرێت، بە نووسینی ڕۆزیی و درێژیی ژیانی (ئەجەلی) و کاری، بەدبەختە یان بەختەوەر، سوێند بەوەی جگە لەو خوایەکی تر نییە، کەسی واتان هەیە کار و کردەوەی بەهەشتی دەکات، تا لەنێوان ئەو و بەهەشتدا ئەندازەی گەزێك دەمێنێت، کەچی نووسراوەکە پێشی دەکەوێت و کار و کردەوەی دۆزەخی دەکات و دەچێتە دۆزەخ، هەروەها کەسی واشتان هەیە کار وکرداری دۆزەخی دەکات، هەتا بە ئەندازەی گەزێکی دەمێنێت و نووسراوەکە پێشی دەکەوێت و کار و کردەوەی بەهەشتی دەکات و دەچێتە بەهەشتەوە).

پاشان سەماعەی تەلەفۆنەکەم دانایەوە و بۆ ساتێک وەستام، پاشان دەستم خستە ژێر چەناگەمەوە، هەر ئەوەندەم زانی زۆر بە پەرۆشەوە دەستم کرد بەگریان، ئەوانەی دەوروبەریشم هەر وابوون، کاتێک کە بەسەرهاتی ئەو شەوەم بۆ گێڕانەوە و ساتانێکی خۆشی پڕ لە ملکەچی و فرمێسک بوو، سوپاسی خوای گەورەمان دەکرد... تەهلیلە و تەسبیحاتمان دەکرد بەهۆی ئەو فەزڵەوە کە بەخشیبووی بەو ئافرەتە بۆ ڕێنماییکردنی... هاوڕێکەم کاتێ کە دوای ئەو ڕووداوە لە مزگەوت بینیم دەیوت: هەر چەندە یادی ئەو دیمەنە دەکاتەوە هەستێکی سەیر دایدەپۆشێت و هەست بە لەرزین دەکات، پاشان هیچ شک نابات ئەوە نەبێت کە زیاتر حەز لە نوێژکردن و سوجدەی درێژ و مانەوە لە مزگەوتدا دەکات.

ڕاوەستن بەسەرهاتەکە هێشتا تەواو نەبووە، لە هەمان شەودا کە ئەو ئافرەتەی تێدا موسوڵمان بوو، چەند سەعاتێک تێنەپەڕی بەسەر قسەکانماندا، دوای ئەوەی



Scanned with CamScanner

هەواڵـم بـە هاوڕێکەمدا بە تەلەفـۆن کە پێویسـتە ئافرەتەکە نوێـژی مەغریـب و عیشـا ئەنجـام بـدات بـە چ شـێوەیەک دەتوانێـت؟ ئەویش هەواڵی پێدام کە ئەجەلی نوسـراوی پێش هەمـووان کـەوت... گیانـی پاکی بـە موسـوڵمانی گەڕایەوە بـۆ لای پـەروەردگاری... کاتـێ کە ڕازی بوو خـوای گەورە پـەروەردگاری بێت و ئیسـلام ئایینی بێت و محەمەدیش ﷺ پێغەمبـەری بێـت و یـەک نوێژی بـۆ خوا ئەنجـام نەدا.

خوایـە گیـان بـۆ خاتـری گەورەیـی ئـەم ئیسـلامە لێـت دەپاڕێینـەوە کـە ڕەحمـی پـێ بکەیـت و ئـەو تەوبەیەی بە باشـترین شـێوە لێ قبوڵ بکەیت، خوایە گیـان عاقیبەتخێری دەخوازیـن لە تـۆ ئـەی بەبەزەییترینـی بەبەزەییان.

(مجلة البيان)



Scanned with CamScanner

## مەینەتییەکانی سارە

ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە لە واقیعی ئازاراویماندا ڕوویداوە، ئەوەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە بەسەر خۆیدا هاتووە.. تەنها فرمێسک بەس نییە، هەزارجار مردنیش یەکسان نییە بەیەک (ئاهـ) کە لە ناخی بریندار و دڵی دەردەدارەوە بێتە دەرەوە.. ئێستا من زانیومە کە (بەختیار ئەوکەسەیە پەند لە کەسی ترەوە وەربگرێت و سەرکەشیش ئەو کەسەیە کە خۆی بکات بە پەند).. ئافەرین بۆ ئەو کەسەی ئەوەی وتوە و ئەوەی کە کاری پێ دەکات..

ئەوە ئازارە و ئەوە پەشیمانییە لەسەر هەموو ساتەکانی

ژیـان، هــەر کــە ڕۆژێکـی نـوێ دەسـتپێدەکات، ئازارەکانی منیـش دەسـتپێدەکات.. هەمـوو سـاتێک بەڵکـو هەموو چاو تروکانێـک هەموو شـتێک لـە دڵمدا دەسـووتێت..

ڕۆژانــە زۆرجـار بەڵکو هەزارەها جار دەمرم.. کەسـیش پێم نازانێـت و کەسـیش ئـاگای لێـم نییـە، تەنها خـوای گەورە نەبێـت، من هەموو شـتێ کـە بنیاتنرابوو بـۆی ڕووخاندم و ئازیزتریـن شـتێ کە هەیبـوو تێکمدا.. بەڵێ بەم دوو دەسـتە تاوانبارە پیســە نەفرەتلێکراوە.

خوایەگیـان بیرکردنــەوە چەنـدە سـەختە!.. خوایەگیـان دەردیســەری چەندە نارەحەتە! لەهەمـوو بەرەبەیانێکی نوێدا ئازارەکــە و ماتەمییەکە لە هەر سـوچێک لە سـوچەکانی ئەم ماڵــەدا نوێدەبێتەوە.. لە ناخمـدا هاوار دەکەم ئەگەر دەریببڕم ئــەوە دیوارەکانــی بەردەمم دەڕووخێن و دەسـووتێن..

ئەگــەر شــەو بـاڵ بکێشـێت بەسـەر ئاسـمانی ڕۆژدا و دایپۆشـێت و شــەوی نهێنییــەکان دەسـت پێبـکات، ئــەوەی کــە عاشـقان بەدوایـدا دەگەڕێـن و گۆرانیبێـژان گۆرانـی بەسـەردا دەڵێـن و شـەونخونیکەران پەشـیمانن لەسـەری، هەزارجـار دەگریـم و هەزارجـار ئـاخ هەڵدەکێشـم، چونکە زینـدووم و تائێسـتا دەژیـم، دەمەوێت بمرم، بـەڵام ناتوانم، لەوانەیـە بەهـۆی ئـەوەوە بێـت ترسـنۆکم، یـان نامەوێـت هەڵەکـە دووجـار دووبـارە بکەمــەوە، بەڵکو خـوای گەورە لێـم خۆشـبێت لەوەی کـە لە ژیانـی ڕابردوومـدا کردوومە، بەڵکـو لە تـاڵاوی ڕابـردووە، زۆرێک لەزەت لـە ڕابردوو و

یادگاریەکانیـان دەبینـن و حـەز دەکەن باسـی بکـەن، تەنها مـن نەبێـت، دەزانـن بۆ...؟

نامەوێـت پێتـان بڵێـم، چونکە دەترسـم نەفرەتم لـێ بکەن و دوعـام لێبکـەن، زیاتر لـە پاڕانەوەکانـم و نەفرەتکردن لە خـۆم، لەوانەیـە پیاوچاکێکتـان تێدابێـت دوعاکـەی گیرابێت و خـوای گـەورەش بەهـۆی دوعاکـەی ئـەوەوە سـزام بـدات و بـە نەفرەتـی خـۆی نەفرەتـم لـێ بـکات.. بمبورن ئەگـەر قسـەکانم ناڕێک بـن و ڕێـک نەخرابـن.. چونکە من دەردەدارم، هـەر ناڕەحەتییـەک کـە سەرپەرشـتیم کردووە ناڕەحەتییـەک بـووە، بەڵکو دوان، بەڵکو سـیان بەڵکو زیاتر، مـن ئـەو کەسـەبووم هەموو شـتێکم فرۆشـت و هیچیشـم دەسـت نەکـەوت.. سـوێند بەخـوا بەسـەرهاتی خۆمتان بۆ دەگێڕمـەوە، تەنهـا لەبـەر ئـەوەی هۆشـیارتان بکەمەوە و ئاگادارتـان بکەم، ئاگادارتان بکەم تـا نەکەونە ئەو حاڵەتەوە کە مـن تێیکەوتووم، سـوێند بەخوا خامەکەم شـەرم دەکات لـەوەی کە من دەمەوێت بینووسـم و پەنجەکانـم هەزارجار دەیانەوێـت ڕێگام لێبگـرن، بەڵام من هەر بەسـەرهاتی خۆم دەنووسـم، بەڵکـو بەهۆیـەوە خوا چاکـەم بۆ بنووسـێت و ببێتـە توێشـووم لـەڕۆژی دواییـدا.. لۆمەم مەکـەن و گوێ لـە بەسـەرهاتم بگرن و حوکم بـدەن و پەنـد و ئامۆژگاری وەربگـرن، پێش ئـەوەی کار لـەکار بترازێت.

مـن لاوێک بـووم لـە خێزانێکدا کـە گوزەرانمان بـاش بوو، کـە خوای گەورە ڕەوشـت و ڕۆزیی و چاکـە و پیرۆزیی بۆ

نووسـیبوو، لەو کاتـەوەی کە گەورەبوویـن پێکەوە دەژیاین و یـەک ماڵ کـۆی کردبوووینەوە کـە پڕبوو لـە بەختەوەری و پێکەوەژیـان و خۆشەویسـتی، لە ماڵـەوە دایکم و باوکم و دایکی باوکم و براکانم کە شـەش برابوون و من حەوتەمیان بـووم و لە هەموویان گەورەتربـووم.. دووەمیش بووم لەناو هەموویانـدا، چونکـە خوشـکێکم سـاڵێک لـە مـن گەورەتر بـوو.. من دوای باوکم پەروەرشـیاری دووەمی ماڵەوەبووم، هەمـووان زۆر پشـتیان پـێ دەبەسـتم.. بـەردەوام بووم لە خوێندن، تاگەیشـتمە دووی ناوەندی.. خوشکەکەشم لە سێی ناوەنـدی بـوو.. هەمـوو خوشـک و براکانی ترم بـەردەوام بوویـن.. ئاواتەخوازبووم ببمە ئەندازیـار، بەڵام دایکم حەزی دەکرد ببمە فڕۆکەوان.. باوکیشـم لەگەڵ مندابوو دەیویسـت ببمـە کەسـێکی زانکۆیی و پسـپۆڕبم لە هـەر بوارێکدا بێت.. خوشـکەکەم دەیویسـت ببێتـە وانەبێـژ تـا ئاییـن و ئەدەب فێری نـەوەکان بکات...

بـەڵام ئای لە ئـاوات و خەونـەکان و ئومێـدەکان.. چەندین کـەس پێـش ئـەوەی خەونەکانیان بێتـەدی لەژیانـدا نەمان، چەندیـن کەس بێتوانابوون لە هێنانەدی خەونەکانیان، بەهۆی بارودۆخـی خۆیانـەوە و چەندیـن کەسـیش خەونەکانیـان هێناوەتەدی، بەڵام بەهەرحـاڵ، ئێمە خەونەکانمان نەهاتەدی، بەشـێوەیەک کە بڕوا ناکرێت و بە بیروهۆشـی هیچ کەسێکدا نایەت.

لـە قوتابخانەکەم ئاشـنابووم بە کەسـانێک قسـەکردنیان و

هەڵسـوکەوتیان وەکـو هەنگوین وابوو، بەڵکـو بەتامتریش...
چەندیـن جـار هاوڕێیەتیـم کـردن و بە دزی کـەس و کارم چەندجـارێ لەگەڵیـان دەبـووم، خوێندنەکەشـم بـەردەوام بوو، حاڵەتیشـم لەوپەڕی باشـیدابوو، من هەوڵی زۆرم دەدا تاوەکـو هاوڕێکانـم و خوێندنم پێکەوە گرێ بـدەم.. لەنیوەی یەکەمـدا توانیـم وابکـەم.. پاشـان مۆڵەت دەسـتیپێکرد، ئای لـەچ مۆڵەتێک، خـوای گەورە نـە مۆڵەتی وەهـا و نە ڕۆژی وا نەگێڕێتەوە...

باوکـم هەسـتی کردبـوو چوونـە دەرەوەم زیادیکردووە و کەمتـر گرنگی بە ماڵـەوە دەدەم، بۆیە لۆمەی کردم و لۆمەی دایکیشـمی کـرد.. بـەڵام خوشـکەکەم بەرگـری لێدەکـردم، چونکـە زۆر منی خۆشدەویسـت، لـەوە دەترسـا باوکم لێم بـدات، چونکە لێدانەکانی سـەختبوون ئەگەر تـووڕە ببووایە، ڕۆژانـی پشـوو لەگـەڵ شـەوەکانیدا گوزەشـتیان دەکـرد، ئەگـەر بمزانیایـە چـۆن کۆتایـی دێـت خـۆم دەکوشـتەوە، بەڵکو جەسـتەم پارچە پارچە دەکرد و بـەردەوام نەدەبووم، بەڵام ئـەوە ئیـرادەی خوایە...

مـن و هاوڕێکانم لە پشـتەوەی ماڵی یەکێ لـە هاوڕێکانماندا بوویـن، بانگـی کردبوویـن بـۆ بینینـی ڤیدیـۆ و یاریکـردن پێکـەوە، بۆیـە لـە مەغریبـەوە دانیشـتین تاوەکو سـەعات یانـزەی شـەو، ئەوکاتەش کاتـی گەڕانەوەم بوو بـۆ ماڵەوە لـەو ڕۆژانـەدا، بەڵام خـاوەن ماڵەکـە داوای لێکـردم کە بۆ نیـو سـەعاتی تـر دانیشـم، پاشـان هەمووومان بچینـەوە بۆ

ماڵـی خۆمـان، ئایا دەزانیت نـرخ و بەهای ئەو نیو سـەعاتە چەنـد بوو؟ بەهـای تەمەنم بوو، نەخێر بەهـای من و باوکم و دایکـم و هەمـوو خێزانەکەم...

بەڵـێ هەمـووان، ئەو نیـو سـەعاتە بەهای هەمـوو ژیانمان بـوو، بەهـای گواسـتنەوەمان بـوو لـە بەختەوەرییـەوە بۆ بەدبەختـی هەتـا هەتایـی، بەڵکـو ئـەو نیوسـەعاتە خـۆم ئامادەکـرد تـا بگوێزمـەوە بۆ ئاگرێـک داخمان بـکات، تەنها بۆ کەسـێکە کە بەدبەخت بێـت، داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، چونکـە لەباسـەکەم چوومـە دەرەوە.. یەکـێ لـە هاوڕێکان خـۆی تەرخان کرد قۆرییـەک چا ئامادەبـکات، تاوەکو کاتی پێوە بەرینەسـەر.. چایەکەی هێنا و خواردمانەوە و بەوپەڕی بەرائـەت و نیـەت پاکییـەوە قسـەمان دەکـرد و شـۆخی و سـوعبەتمان دەکـرد، بـەڵام دوای ئـەوەی چایەکەمـان خـواردەوە وامـان لێهـات بـەلادا دەکەوتیـن و پێدەکەنیـن و بـە هەمـوو شـێوەیەک دەرشـاینەوە، هەموومـان بەڵـێ هەموومـان... ئـاگام لـێ نەمابوو چیمـان لێهاتـووە، تاوەکو یەکەمین کەسـمان کە بە ئاگاهاتەوە ئێمەشی بەئاگاهێنایەوە.. خاوەن ماڵەکە هەسـتا و لۆمە و سەرزەنشـتی کردین لەسەر ئـەو کردەوەیەمـان، ئێمەش هەسـتاینەوە و نەماندەزانی چی ڕوویـداوە و بۆچـی و چـۆن ئەمـە ڕوویـدا، سەرزەنشـتی ئەوەمـان کـرد کـە چایەکـەی ئامـادە کردبـوو، ئەویـش لەوەڵامـدا وتـی: ئەوە شـۆخییەک بـوو کردمـان، خۆمان و شـوێنەکەمان پـاک کـردەوە و چووینـەوە بـۆ ماڵەوە..

لەگەڵ جریوە جریوی چۆلەکەدا گەیشتمە ماڵەوە و هەموو خەوتبوون تەنها ئەو خوشکەم نەبێت کە بردیمە ژوورەکەی خۆیەوە و ئامۆژگاری و هەڕەشەی لێکردم کە ئەمە کۆتاهەمین جاربێت لە ماڵەوە دوابکەوم.. منیش پەیمانی ئەوەم پێدا، ئەو هەژارە نەیدەزانی کە ئەمە پێشتر هەڕەشەیە بۆ ژیانی ئەو نەک من.. خۆزگە نەبورایە لێم و لێیبدامایە، بەڵکو بیکوشتمایە.

دوای چەند رۆژێ لە لای هاورێیەکمان کۆبووینەوە... داوای ئەو شۆخی و سوعبەتەمان کردەوە، چونکە حەزمان لێدەکرد و عاشقی بووبووین.. هاورێکەمان پێی وتین کە ئەوە گرانە و بەنرخێکە کەس ناتوانێت بە تەنها بیکرێت.. بۆیە پارەمان کۆکردەوە و بەپێی ژمارەی خۆمان کەپسولەکانمان کری.. واگومان دەبەم ئێستا بزانن ئەو شتە چییە.. ماددەی هۆشبەر.. شۆخی و سوعبەت بوو بە دەنکە حەبێکی ماددەی هۆشبەر و ئێمەش نەماندەزانی.. هەندێکمان بەهۆی ئەو گاڵتە و پێکەنین و ئەو دەنکە حەبە بەرەو سەرگەردانی رۆیشتین..

رێکەوتین لەسەر کاری نۆبە.. بەدوو هەفتە جارێ یەکێکمان پەیدای بکات و پارەکە کۆبکەینەوە و حەبەکان بکرین.. رۆژان گوزەران و بارودۆخم لە خوێندنگا بەرەو خراپی چوو.. بۆیە باوکم گواستمیەوە بۆ قوتابخانەیەکی ئەهلی، بەڵکو سەرکەوتوو بم و دواناوەندی تەواو بکەم، خەونەکانی من و ئەویش و خەونی دایکیشم بوون بە

هەڵـم.. فرۆکـەوان.. چ فرۆکەوانێـک! چ ئەندازیارێـک لـە من دەخوازرێت.. سـوێند بەخوا تاوانی مـن نەبوو و نەمدەزانی.. ئەگـەر کارەکـە پێشـنیار بکرایـە بـۆم ڕەتـم دەکـردەوە و سـەری خـۆم هەڵدەگرت، بـەڵام گاڵتـە و سـوعبەت بوو..

نەفرەتـی خوا لەو کەسـەی ئـاوا گاڵتە و شـۆخی بە لاوانی موسـوڵمان دەکات.. ڕۆژان دەگـوزەران و ئێمەش بەردەوام لەسـەر ئـەو حاڵـە کۆدەبووینەوە، کـەس نەیدەزانی و کەس هەسـتی نەدەکرد چـی ڕوودەدات.. وام لێهاتبوو نەمدەتوانی دوور بکەومـەوە لێـی، نە لەمە و نە لـە هاوڕێکانم.. ئەنجامی کۆتایـی سـاڵمان وەرگرتـەوە کـە چـاوەڕوان نەکـراو و کارەسـات بـوو بـۆ هەمـوو کەسـوکارم.. بەڵام ئـەوەی کە هێوری کردینەوە خوشـکەکەم بـوو کە بە پلەی (تقدير عالى) دەرچوو بـوو ..پیرۆزبێـت.. لەناخی دڵمەوە وتـم هەرچەندە مـن ئەوەشـم بەسـەرداهاتبوو.. وتـم و بۆیەکەمجـار و بـۆ دواهەمیـن جـار لەناخمەوە هەسـتم بە خۆشـی کـرد.. وتم پێـی: بەبۆنـەی سـەرکەوتنتەوە چیـت دەوێت بـۆت بکڕم؟.. دەزانیـت وتـی چی؟.. وەک ئـەوەی لەگەڵ مـن و هاوڕێکانم ئامـادەی دانیشـتنەکانمان بووبێـت، وەک ئـەوەی بەحاڵمان بزانێـت.. وتـی: دەمەوێت ئاگات لە خۆت بێـت برای بەڕێزم.. تـۆ دوای خوای گەورە پشـت و پەنـای منیت.

ئـەو ڕۆژە چەنـد وشـەیەکی وت نەیزانـی بەدرێژایی ژیانم دەبێتـە یاداوەرییـەک بـۆ من کە سـەختترە لـە لۆمەکردن.. خۆزگـە وای نەوتایـە و خۆزگە منیش پرسـیارم لێنەکردایە..

چ کۆمەک و پشتیوانییەک لە من داوا دەکەیت (خوای گەورە باشترین پشتیوان و بریکارە).

(حسبی الله ونعم الوکیل) خوشکەکەم چووە پەیمانگای مامۆستایانی کچانەوە و تێدەکۆشا و هەوڵی دەدا... منیش دەکەوتم و دەکەوتم... لە سەرەڕۆیی و تاریکییەوە بۆ سەرەڕۆیی و تاریکی.. لە خراپەوە بۆ خراپتر.. بەڵام کەسوکارم نەیاندەزانی و ئێمەش زیاتر سەرەڕۆ بووبووین.. تا ئەو ڕادەیەی نەماندەتوانی زیاد لە دوو ڕۆژ دەستبەرداری ئەو حەبە ببین.. هاوڕێیەکم بەڵکو دوژمنێکی نەفرەتلێکراو، بەڵکو شەیتانی نەفرەتلێکراو پێی وتین: شتێکی تر هەیە خۆشتر و بەتامتر و درێژخایەنتر و بەختەوەرترە، گەڕاین بەدوایدا.. دەستمانکەوت.. بۆیە پارەیەکی زۆرمان بۆ گلێرکردەوە.. هەموو ئەمانە لەگیرفانی باوکمان کە نەماندەزانی ئەوانیش بەشدارن لە فەوتانی ئێمە یان نا.. ئایا تاوانبارن یان نا؟؟!!..

جارێکیان کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە خوشکەکەم هەستی بەحاڵەتی من کرد و گومانی لێ پەیدا کردم و وازی لێهێنام بخەوم، بەیانی هات و لە ژوورەکەمدا قوت بوویەوە و ئامۆژگاریی کردم و هەڕەشەی لێکردم کە ئەگەر ڕاستی پێ نەڵێم باسی دەکات...

دایکم هات بەسەردا و ئێمەش قسەکانمان بڕی، دایکم ناردمی چەند پێداویستییەکی بۆ بێنم، منیش چووم و وام لێهاتبوو لە خوشکەکەم ڕامدەکرد، لە ترسی ئەوەی ئەو



Scanned with CamScanner

شتەی کە ساڵێکە بەپەنهانی دەیکەم ئاشکرابێت.. قسەم لەگەڵ هاوڕێیەکمدا کرد، پێکەوە چووین بۆ ماڵی هاوڕێیەکی ترم.. بڕێک تاوانمان بارکرد.. ڕووداوەکەم بۆ باسکردن.. ئێمەش ترساین لە ئاشکرابوونی و قسەی خەڵکی.. بۆیە بیرمانکردەوە، بەڵکو شەیتانەکانمان بیریان کردەوە و یەکێکیان پێی وتم: چارەسەرم لەلایە.. چارەسەر چییە.. ئایا دەزانیت؟.. ئەگەر لە شەیتانم بپرسیایە هەرگیز ئەوە بەخەیاڵیدا نەدەهات.. ئایا دەزانیت چی وت؟ ئایا دەزانیت چۆن بیری کردەوە؟... کەس گومان نابات چی وتبێت!! ئایا وتی: بیکوژین؟ خۆزگە وایبوتایە.. ئایا وتی: بیسووتێنین؟ نەخێر، بەڵکو لەوە خراپتر.. ئایا دەزانیت چی وت؟؟

حسبي الله ونعم الوكيل.. خوای گەورە باشترین پشتیوان و بریکارە دژی ستەمکاران و بێهۆشان و ئەوانەی دەیکڕن و دەیفرۆشن، خوا پەنامان بدات لەو هاوڕێیەم و خوا پەمانان بدات لە منی نەفرەتلێکراو.. خوایەگیان ئێسکەکانی هەپروون هەپروون بکەیت و چاوی کوێر بکەیت و عەقڵی لەدەست بدەیت.. خوایەگیان نە لە دنیا و نە لە قیامەتدا ڕێنموونی نەکەیت..

ئایا دەزانن چی وت؟.. خراپە و زوڵم و داوێنپیسی و دوژمنایەتی هات بەزاریدا..

وتی: باشترین ڕێگا ئەوەیە بیهێنینە ڕیزی خۆمان و حەبێکی بدەینێ، ئەوکاتە ناتوانێت کارەکەمان ئاشکرا بکات... بەلام من ڕازیی نەبووم. ئەو خوشکێکی شەریف

و داوێنپـاک و خۆشەویسـت و نـازداری من بوو.. خوشـکم بوو.. بەڵام وەسوەسـەیان خسـتە دڵمەوە.. وتیـان: ئەو هیچ زیانێکـی پێنـاگات.. حەبەکـەی بـۆ دەبەیت بـۆ ماڵەوەتان و زۆر بەرێـزەوە ئـەو لە ماڵـی خۆیاندایە.. تەنهـا حەبێک.. تۆ بـاش دەزانیت ئەوەنـدە کاریگەریـی نابێت..

لەژێـر کاریگەریی ماددەی هۆشـبەردا و لەژێـر کاریگەریی شـەیتانەکانیدا و شـەیتانی خۆم ڕازیی بووم.. هەموو شتێکم لەگەڵیانـدا ڕێکخسـت.. چوومـەوە بـۆ ماڵەوە.. خوشـکەکەم قسـەی لەگـەڵ کـردم داوای لێکـردم پێکـەوە قسـە بکەین.. منیـش وتـم: چایەک ئامادە بکە و من دان بە هەموو شـتێکدا دەنێـم.. ئـەو داماوە هەسـتایەوە تاوەکـو چا ئامـادە بکات، هەمـوو ئومێدێکـی ئەوەبـوو کـە کێشـەی مـن چارەسـەر بکات.. منیش لە مێشـکمدا هـەزار شـەیتانی وەهمی هەبوو.. پێویسـتە هەمـوو ژیانـی داڕمێنـم.. چایەکـەی ئامادەکرد و هێنـای.. منیـش وتـم: چایی بۆ خـۆم و خۆت تێبکە، پاشـان پێـم وت: پەرداخـێ ئاوم بۆ بێنە.. هەسـتا و ڕۆیشـت.. کاتێ لە ژوورەکە چووە دەرەوە سـوێند دەخـۆم بە خوای گەورە بەبـێ ئەوەی هەسـت بکەم فرمێسـک بەچاومـدا هاتەخوار..

نازانم فرمێسـکی خەفەتباریی بوو بۆ ئایندەی خوشـکەکەم.. نازانـم ڕۆحـم بوو لـە چاومەوە دەرچـوو.. نازانـم ویژدانم بـوو، نازانـم فرمێسـکی شـادومانی بـوو کـە مـن بەوەفام بەرامبـەر بەو پەیمانەی داومە بـە هاوڕێکانم و ئەو نهێنییەم بـۆ هەتا هەتایی پاراسـتووە.

حەبێکی تەواوم خستە چاکەیەوە.. خوشکەکەم بە خەندەوە گەڕایەوە.. منیش دەمبینی لەبەردەممدا وەک کاوڕێکی بچووک لەناو دارستانێکی پڕ لە گورگدا بە هەموو نیازێکی پاک و دڵگەشەوە.. فرمێسکەکانی منی بینی.. سڕینی و وتی: نابێت پیاو بگری.. هەوڵیدا دڵم بداتەوە و لێپرسینەوەم بکات..

ئەوەی من بیزانم بۆ ئەو دەگریام نەک خۆم، بۆ دوارۆژی.. بۆ پێکەنینەکەی.. بۆ چاوەکانی.. بۆ دڵە سپییە پاکەکەی.. شەیتانی ناخی منیش دەیوت: ئارامبە.. زیانی پێ ناگەیەنێت.. سبەینێ چارەسەری خۆت و خوشکەکەت دەکەیت.. ئەو پێویستە دەرد و ئازاری تۆ بزانێت و بژی تیایدا.. بە ئازاری تۆ نازانێت تاوەکو تاقی نەکاتەوە..

بۆیە خەریکی جوانکردنی خراپە و تاوان و داوێنپیسی بوو بۆ من.. حسبی الله.. پێم وت: با جارێ چاکەمان بخۆینەوە، تاوەکو کەمێک هێمن ببمەوە، پاشان باست بۆ دەکەم.. ئەو چاکەی خواردەوە.. خۆزگە نەیدەخواردەوە.. دانیشت منیش قسەم بۆ دەکرد تا لەهۆش خۆی چوو.. جارێک پێدەکەنیم و جارێکیش دەگریام.. نازانم تووشی چی هاتووم؟.. پێدەکەنیم و دەگریم و فرمێسک بە ڕوومەتەکانمەوەیە..

وردە وردە ئیبلیس وەسوەسەی بۆ دروست دەکردم کە باوکم و دایکم پێم دەزانن، ئەگەر خوشکەکەم بەوشێوەیە ببینن.. بیرم لە ڕاکردن کردەوە.. بەهەرحاڵ ڕامکرد بۆ لای هاوڕێکانم.. مژدەی ئەو کارەساتەم پێدان کە خۆم بەسەر



Scanned with CamScanner

خۆمـدا هێنا.. هەمـووان پیرۆزباییان لێکردم..

وتیـان یەکێـک پیـاو نەبێـت ناتوانێـت کاری وا بـکات، تـۆ ئێسـتا سـەرۆک و گـەورەی ئێمەیـت..

تۆ سـەرۆکی ئـەم گرووپەیـت.. مافی فەرمـان دەرکردن و ڕەتکردنەوەت هەیە.. ئەو شـەوە خەوتیـن، بۆ نزیکی نیوەڕۆ لـەرزم لێهـات، بە خۆمـم دەوت، چیـم کرد بە خـۆم؟.. بەم دەسـتانەم چیم ئەنجامدا؟.. دوای دوو ڕۆژ باوکم سـۆراخی دەکـردم، دوای ئـەوەی دیارنەمابـووم.. هاوڕێکانـم نارد تا بزانـن لـە ماڵمـان چ باسـە.. چونکـە دەترسـام لـە خۆم و لـە خوشـکەکەم، دڵنیایـان کردم کـە هەموو شـتێ ئارامە و هیـچ ڕووی نەداوە.. چووم بۆ ماڵـەوە و خۆم ئامادەکردبوو بـۆ لێـدان و قسـە پـێ وتـن و سەرزەنشـتکردن، کـە هیچ سـوودێکی نەبوو..

باوکم لێیدام، دایکیشـم و خوشـکەکەم لۆمەیان کردم، دوای چەنـد ڕۆژێـک خوشـکەکەم هـات بـۆلام و پرسـیاری ئەو شـتەی لێکردم کە خسـتبوومە چاکەیەوە.. حەزی لێدەکرد و داوای دەکـرد، منیـش ڕازی نەبـووم.. بۆیە دەسـتی کرد بە پاڕانـەوە.. وەک چـۆن من لە هاوڕێکانـم دەپاڕامەوە.. منیش بەزەیـم پیـادا هاتەوە و پێمـدا.. ئەم کارە زۆرجـار دووبارە دەبوویـەوە.. حاڵەتـی خوێندنـی وردە وردە خـراپ بوو.. تا ئـەو ڕادەیەی بەبێ هۆیەکی ئاشـکرا وازی لـە خوێندن هێنا.. ئەوانیـش ئارامیـان گـرت، چونکە کـچ دواهەمیـن مەنزڵگای هـەر ماڵەوەیە..

ئیتر ئومێدیان بەو برایەم هەبوو کە لە من بچوکتربوو.. جارێکیان من حەبم پێ نەمابوو. بۆیە خوشکەکەم ناچار بوو لە هاوڕێیەکم داوا بکات.. ئەویش بەمەرجێک نەبێت نەیدابوویە.. ئایا دەزانیت مەرجی چی بوو (حسبی الله ونعم الوکیل)، خواپەنامان بدات لێی و لە شەیتان.

مەرجی ئەوەبوو کە زینا لەگەڵ خوشکەکەمدا بکات.. ئەویش ڕازی نەبوو.. کردبووی بە دەنگە دەنگ لەگەڵی.. ئەو هاوڕێیانەشم کە لەوێ ئامادەبوون دەیانەویست هێمنیان بکەنەوە، بەمنیان دەوت: چی تێدایە یەکجار زیانی نییە.. لە خوشکەکەت بپرسە ئەگەر ڕازی بێت.. تۆ چ زیانێکت پێ دەگات؟ هیچ لەدەست نادەیت.. هەموویان دژی من بوون و لەگەڵ ئەودا بوون..

پێم وت: تۆ یەکەم کەسیت: پێت دەوتم من لەگەڵتدام بۆ چارەسەرکردنی و ڕزگاربوونی خوشکەکەت، بەڵام ئەمڕۆ داوای ئەمە دەکەیت.. ئەمە هاوڕێیەتییەکەت بوو.

پڕ بەدەمی وتی: چ هاوڕێیەتییەک و چ چارەسەرێک، شێخەگیان، لەبیری بکە.. بوو بەدەمەقاڵەمان و دوورکەوتمەوە لەوێ.. چەند ڕۆژێکم بەوشێوەیە بردە سەر.. من وخوشکەکەم ئاراممان گرت، خوشکەکەم دەستپێشخەری کرد و داوای دەکرد، منیش پێم نەبوو، لەوان زیاتریش کەسم شک نەدەبرد..

حاڵەتی خوشکەکەم خراپتر دەبوو، وای لێدەکردم بە لەتە حەبێکیش بێت، شەیتان وەسوەسەی خستە دڵمەوە

کە لێی بپرسم، بۆیە منیش بەڕاشکاوانە پێم وت: ئەو تۆی دەوێت، یەکەم جار دەیەوێت بتبینێت، پاشان چیمان دەوێت بماناتی بەبێ بەرامبەر، ئیتر جارێکی تر پێویستمان بە کەسی تر نابێت، خوشکەکەم ڕاستەوخۆ ڕازیی بوو.. ئای خوایەگیان.. ڕۆیشتین، من و خوشکەکەم پلانماندانا و چووینە دەرەوە.. خوشکەکەم برد بۆ لای هاوڕێکەم و لەشوقەکەیدا دانیشتین..

هاوڕێکەم داوای لێکردم کە کەمێک بڕۆمە دەرەوە تا کاری خۆی تەواو دەکات.. منیش ڕۆیشتم، خوا نەفرەتم لی بکات لە من و لە هاوڕێکەم و لە شەیتانەکانم و لەو حەبانە و لەوانەی بەکاریدەهێنن.. دوای سەعاتێک گەڕامەوە.. خوشکەکەمم بەنیوە پۆشتەیی بینی لە شوقەی هاوڕێکەمدا، من تازە پەندەکەم دابوو.. پێکەوە دانیشتین.. من و هاوڕێکەم و خوشکەکەم، خوشکی ڕاستەقینەم.. تا دوای عیشا لە دانیشتنێکی خواردنەوە و ڕابواردندا.. هاوار بۆ من لە پەروەردگارم.. هاوار بۆ من لە پەروەردگارم.. هاوار بۆ من لە ئاگر و..

من دۆزەخیم.. من دۆزەخیم.. خۆزگە بمردمایە.. خوایەگیان بممرێنە.. خوایە گیان بممرێنە.. من ئاژەڵم.. بۆ ساتێکیش بێت شایانی ژیان نیم.. من و خوشکەکەم گەڕاینەوە بۆماڵەوە، بە خوشکەکەمم وت: ئەمە یەکەمین و دواهەمین جارە.. ئەو هاوڕێ قیزەونەم جێی ژووان و ژمارەی تایبەتی خۆی دابوو بە خوشکەکەم، پێویست بە من ناکات.

من نەمزانی.. ڕۆژان بەسەرچوون و خوشکەکەمم دەبینی زیاد لە پێویست دەڕواتە دەرەوە.. جاریَ خۆی، جاریَ لەگەڵ خوشکە بچووکەکەمدا، بەهەر هۆیەکەوە بێت، بۆ بازاڕ و بۆ نەخۆشخانە تا ئەو ڕادەیەی ڕازی نەبوو جارێکی تر لە پەیمانگا بخوێنێت.

باوکی داماویشم بەهەموو توانایەکیەوە لەڕێی چەندین کەسەوە هەوڵیدا، تاوەکو سەرلەنویَ بیگەڕێنێتەوە بۆ خوێندنەکەی.. خێزانەکەمان سەرلەنویَ دڵشادبوونەوە بە گەڕانەوەی بۆ خوێندنگا و گرنگیپێدان پێی..

جارێکیان من لای یەکێ لە هاوڕێکانم بووم وتی: با بچین بۆلای یەکێ لە هاوڕێکانمان.. چووین بۆلای..ئای لەو کارەساتە.. خوشکەکەمم بینی لەلای، لەکۆشیدابوو.. بەتاسەوە گریام.. خوشکەکەم هەستایەوە و وتی: تۆ هەقت چییە، ژیانی خۆمە و من سەربەستم.. هاوڕێکەم منی برد لەگەڵ خۆیدا و ئەو ژەهرێکی دامیَ کە مرۆڤ ئازیزترین شتی لەبیردەچێت و لەبەرچاوی لێی دەکات بە ناشیرینترین و قێزەونترین شت..

گەڕاینەوە بۆ لای هاوڕێکەمان، منیش لەویَ بووم و، یارییان لەگەڵ خوشکەکەمدا دەکرد، منیش لەنێوانیاندا وەکو چوارپێ وابووم، بەڵکو خراپتریش و نەفرەتیان لە ژیان و چارەنوس دەکرد.

لەگەڵ کاتی عەسردا گەڕاینەوە بۆ ماڵ، من نەمدەزانی چی بکەم، داوێنپاکی ڕۆیشت و پارە ڕۆیشت و شەرەف

ڕۆیشت و ئاینده ڕۆیشت و عەقڵ ڕۆیشت و بێگومان هەموو شتێک لەدەستچوو.. چەندین ڕۆژ کە بەخەبەر دەهاتم دەگریام، کە سەرخۆشیش دەبووم پێدەکەنیم، ژیانێکی ئاژەڵی.. بەڵکو قێزەونترین ژیانی بێ بەها و پیس و بێنرخ.. جارێک لە جارە شومەکان کە ژیانی من هەمووی شووم بوو.. لەبەرەبەیانی ڕۆژێکدا و لە سەعات نۆی بەیانی پۆلیس پەیوەندی کرد بە باوکمەوە لەسەر کارەکەی و پێیان وت: خێرا ئامادەبە.. ئەویش ئامادەبوو، بەڵام گورزێک بوو بۆ سەر باوکم کە بەرگەی نەگرت و دوای چەند ڕۆژێ وەفاتی کرد.. دایکیشم لە زمان کەوت.. ئایا دەزانن بۆچی؟ ئایا دەزانن؟

خوشکەکەم لەگەڵ کوڕێکدا لەناوچەیەکی حەوانەوەدا لە دەرەوەی شار بەسەرخۆشی تووشی ڕووداوێک بوون و هەردووکیان مردبوون.. ئای کە کارەساتە.. بەرد دێتە گۆ و دەگری..

ئای کە کۆتاییەکی ناهەمواربوو.. خوشکی بەڕێزم.. خەتای تۆ نەبوو، تۆ ئەو ڕێگایەت هەڵنەبژاردبوو.. ئاواتت هەرگیز بۆ نەدەخواست.. خوشکی داوێنپاکم.. بوویت بە سۆزانیی.. خوشکی بەشەرەفم بویت بە زیناکەر.. خوشکی ئیمانداری داوێنپاکم بوویت بە بەرەڵا.. ئای خوایەگیان.. چیم کرد بەو خوشکەم!.. ئەو ڕێگایە چی بوو کە پێی بردمە ئاگری دۆزەخ.. بەدەستی خۆم بردم بەرەو نەفرەتلێکردن.. من بردم بەرەو سەرنزمی.. پەروەردگارم، چی بکەم!.. پەروەردگارم،



Scanned with CamScanner

داوات لێ دەکەم کە من ببەیتەوە و لەجیاتی ئەو سزام بدەیت. پەروەردگارم تۆ دەزانیت کە ئەو بێتاوانە، من زوڵمم لەو کرد و من ئەوم فەوتاند و ئەو نەیدەزانی..

ئەو دەیویست من چاک بکات، بەڵام من ئەوم بەرەو خراپە برد. نەفرەتی خوا لە مادده هۆشبەرەکان.. ئەوانەی بەکاریدەهێنن.. باوکم دوای چەند ڕۆژێ وەفاتی کرد.. دایکیشم دوای ئەو ڕۆژێ زمانی بەسترا.. منیش هێشتا بەچارە ڕەشی خۆمەوە دەتلێمەوە و براکانم لەکەناری چاڵێکی تیاچوون و دەردی سەریدان.. نەفرەتی خوا لە مادده هۆشبەرەکان و ئەوانە بەکاریدەهێنن..

دوای ماوەیەک بیرم کردەوە کە تۆبە بکەم، توانای ئارامگرتنم نەبوو، ڕوخسەتم لە دایکم خواست کە سەفەر بکەم بۆ هەندەران، بەبیانووی گەشت بۆ ماوەیەک کە چەند مانگێ دەخایەنێت، بەبیانووی لەبیرکردنی ئەم کارەساتە.. چووم بۆ نەخۆشخانەی (الأمل- هیوا) دوای ئەوەی ژیانی خۆم و خێزان و خوشکەکەمم تێکشکاند..

خوشکی بەڕێزم.. خوای گەورە ڕەحمت پێ بکات.. پەروەردگار لێی خۆش ببە.. پەروەردگارا، لێی ببورە، ئەو داماوە و من لەناوبەرە لەباتی ئەو..

سووربووم لەسەر چارەسەرکردن،کاتێ پرسیاری ماددەی هۆشبەریان لێ کردم.. سوربووم لەسەر ئەوەی کە لە دەرەوە فێربووم.. هەرچەندە هەمیشە لەبەرچاوم بوو و دوای چەند مانگێک چارەسەرکرام و ڕزگارم بوو لە مادده

هۆشبەرەکان..

بەڵام دوای چی؟ دوای ئەوەی هەموو سنوورەکانم بەزاند کە ژیانێکی ئارام و بەختیاری بۆ دابین کردبووین.. گەڕامەوە بۆ لای کەسوکارم.. بە پیتاکی خەڵکی دەژیاین.. دایکم خانووەکەمانی فرۆشتبوو، خانوویەکی تری گرتبوو بە کری لە کۆشکێکی دیلۆکسەوە بۆ شوقەیەکی سێ ژووریی.. ئێمە هەشت سەر خێزان بووین.. دوای ئەو هەموو خۆشگوزەرانییە لەسەر حەسیر دەژیاین..

باسی خەڵکیش با بوەستێت، من بێکاربووم، براکانیشم کە لە من بچووکتر بوون، بەهۆی سەختی باری بژێوییەوە نیوەیان وازیان لە خوێندن هێنابوو.. کەسوکارم ئەگەر ناوی خوشکەکەم ببرایە نەفرەتیان لێ دەکرد و قسەیان پێ دەوت و برینداریان دەکرد.. چونکە ئەو هۆکاربوو لەو هەموو نەهامەتییە.. دەیانخواست بچێتە دۆزەخەوە.. منیش دڵم پارچە پارچە دەبوو بۆی، چونکە ئەو بێتاوان بوو... کەسوکاری مینش ئەوەیان نەدەزانی.

ناتوانم خەبەر بدەم لە هاوڕێ خراپەکانم، ئەوانەی ژیانی من و خوشکەکەمیان داڕووخاند.. چونکە ئەگەر هەواڵ بدەم.. ئەوە برینی کەس و کارەکەم زیاتر دەکات کە هێشتا ساڕێژ نەبووە، بەهۆی ئەو کارەساتەوە کە بەسەر خوشکەکەم و باوکم و دایکم و داوێنپاکیماندا و شەرەفماندا هاتووە.. چونکە ئەوکاتە دەزانن من هۆکاربووم و برینەکەیان نوێ دەبێتەوە..

ئەگـەر خەبەریـان لێبـدەم هـاوڕێ خراپەکانم منیـش تێوە دەگلێنـن.. مـن دۆشـداماوم.. هەمیشـە دەگریم و کەسـیش هەسـتم پـێ نـاکات.. مـن پێـم وایە دەبـوو بە بـەرد ڕەجم بکرامایـە، ئەمـە بەنیسـبەت منـەوە هیـچ شـتێ نابێـت بەکەفارەتـی ئـەو تاوانـەی من.

برایانم تەماشابکەن.. بزانن مادده هۆشبەرەکان چی بەسەردا هێنام، بەڕاسـتی قیزەونترین شـتە.. شـوومێکی نەگریسـە.. چەنـد ماڵـی تێکدابێـت و چەند مرۆڤـی سـەرەڕۆکردبێت و چەند خێزانی هەڵوەشـاندبێتەوە..

برایانـم.. پێمەکەنـن و سـەرتان سـوڕنەمێنێت و بڵێـن پـەروەردگار لۆمـەی ناکەیـن..

برایانـم.. پەنـد وەربگـرن و ئـەم بەسـەرهاتەم بـاس بکەن بـۆ ئەوانـەی کـە دەیانناسـن.. بەڵکـو بەهۆی بەسـەرهاتی منـەوە بـا تاکە کەسـێکیش بێـت ڕێنمایـی بکرێت.. تـا ببێتە کەفارەتـی ئـەو تاوانە مەزنـەی من، کە وا گومـان دەبەم کە پـەروەردگارم لێـم خـۆش نابێت.

داواتـان لێدەکـەم بـە شـەو و بـە ڕۆژ دوعـای خێـر بـۆ خوشـکەکەم بکەن، بەڵکو خوای گەورە بەهۆی دوعاکانتانەوە ڕەحمـی پێبـکات.. چونکـە دوعا لـە من وەرناگرێـت، چونکە من وام بەسـەرهێنا و تووشی ئەو هەموو نەهامەتییەم کرد.. پەروەردگار ڕەحم بە خوشـکەکەم بکە، پەروەردگار ڕەحمی پێ بکە و لێی خۆشـببە، بە خوا من پێویسـتم بە هەڵوێسـتی ئێوەیـە لـەم ناڕەحەتییەمدا، بـەڵام من هیچم لـە ئێوە ناوێت

و سوپاسـی ئـەو برایـەم دەکەم کە ئـەم ناسـۆرییەی منی نووسـی کـە لەبەردەسـتاندایە و بـە هاوڕێی ڕاسـتەقینەی خۆمـی دەزانم و خوا پشـتیوانی بێت.

سوپاسـی ئەوە دەکەم کە بڵاوی دەکاتەوە و باسـی دەکات.. ئەمـە کورتەی بەسـەرهاتی من بوو، ئەگەر بەدرێژی باسـم بکردایـە.. ئـەوە بێزتان لـە خۆتـان دەهاتـەوە و چاوتان لە شـەرماندا دادەخسـت.. بەڵکو ئەمەی کـە وتوومە بەس بێت و بەسوودبێت ...

## یەک گورچیلە

سـەعات دەوروبەری چواری بەیانی بوو.. هەموو شتەکانی دەوروبـەری کـش و مات و بـێ جووڵەبـوون، تەنها گەڵای درەختـەکان نەبێـت کـە شـنەی بەرەبەیـان دەیجوڵاندنەوە، لقـی درەختەکە نزیکی پەنجەرەکـە بووبوویەوە، خەریک بوو باوەشـی پیـادا دەکـرد، هێمنـی و ئارامی هەموو شـوێنێکی گرتبوویـەوە، لەپـڕ ئاگادارکەرەوەکـە زەنگی لێـدا، ترررن.. ترررن..تـرررن.. بەپڕتـاو خەدیجـە ئـەو دەنگـە ناقۆڵایـەی کپکـرد و لەناوجێگاکـەی هاتە دەرەوە، بە لەش قورسـییەوە بەرەو دەستشـۆرەکە ڕۆیشت.



Scanned with CamScanner

خەریک بوو رادەهات لەگەڵ لەش قورسییەکەیدا، ئەو لەکۆتایی مانگی هەشتەمی سکەکەیدایە، سکی گەورەبووە، قاچی قورس بوو، بە ساناترین شت ماندوو دەبوو، تا ئەو رادەیەی بەنارەحەتیش هەناسەی دەدا، دەم و چاوی تێکچووبوو، روخساری بەهۆی زۆریی گریانەوە تەربووبوو، بەڵام پێویستە لەم کاتەدا لە خەو هەستێت، تەنها سەعاتێکی ماوە بۆ بانگی بەیانی!! خەدیجە نزیکترین هاورێم بوو، نزیکەی سێ ساڵ بەسەر شووکردنیدا تێپەری بوو، بێگومان کاتێ کە خۆی و مێردەکەی زانییان سکی هەیە زۆر دڵشادبوون، بەڵام لە یەکێ لە سەردانەکانیدا بۆ لای پزیشکی پسپۆڕ و دوای ئەنجامدانی پشکنینی پێویست، پزیشکە ئافرەتەکە هەواڵی پێدا کە ئەو کچەی لە سکیدایە، تەنها خاوەنی یەک گورچیلەیە!! سبحان الله.. پزیشکان لێرە لە رۆژئاوا لەگەڵ ئەوەدا کە پێشکەوتوون لە رووی زانستەوە، بەڵام هەستی مرۆڤایەتییان تێدا نییە، ئەوەتا خەدیجە تووشی شۆک هاتووە لەو هەواڵەی پزیشکەکە پێی وت، بەوپەری خوێنساردییەوە، ئێستا ئەو هیچ چارەیەکی کتوپڕی لەلا نییە، بەڵام دوای منداڵبوونەکە دەتوانرێت چەندین پشکنین لەسەر منداڵەکە بکرێت، تاوەکو رادەی تەندروستی یەک گورچیلەکە بزانرێت، ئەگەر تەندروستی گورچیلەکە باش نەبوو، ئەوە نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە وەکو نەشتەرگەری لۆزەتێنی لێهاتووە!! خەدیجە لەلای پزیشکەکە هاتە دەرەوە و ئاگای لە خۆی نەمابوو.. نەیدەزانی چۆن گەیشتووەتەوە ماڵی خۆیان!!



Scanned with CamScanner

یەکەمین منداڵیەتـی و یەک گورچیلەشـی هەیـە، ئەی چارە چییە؟ تۆ بڵێیت پزیشـکەکە لە پشـکنینەکەیدا هەڵەی کردبێت؟ خەدیجە و مێردەکەی گەڕان بە دوای باشـترین پزشـک لەو بـوارەدا، بـەڵام هەمـوو پزیشـکەکان هەمان قسـەیان کرد.. یـەک گورچیلە!! لەگەڵ هەموو سـەردانێکیدا بۆ لای پزیشـک هیـوا و ئومێدیـان کەمتـر دەبوویـەوە، لەکۆتاییدا تەسـلیمی ئەمـری واقیـع بـوون و کۆتاهەمیـن پزیشـک پێـی وتن کە خۆیـان ماندوونەکـەن و بارودۆخەکە هیـچ ناگۆڕێت.

خەدیجـە لەوسـاتەدا هەسـتی بـەوە دەکـرد کـە هیـچ لـە دەسـەڵاتی ئەمدا نییـە، تەنها ڕووکردنە خـوای پەروەردگار نەبێـت بەدوعاکـردن، لەو ڕۆژەوە بڕیاریدا سـێیەکی کۆتایی شـەو زیندووبکاتـەوە و هەسـتێت بۆ نوێـژ و دوعاکردن بۆ کچەکەی کـە هێشـتا لەدایکنەبووە.

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

وَإِذَا سَـأَلَكَ عِبَـادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيـبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الـدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْـتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُـدُونَ. (البقره: ١٨٦).

واتـە: ((ئـەی محەمـەد (دروودی خوای لەسەربێت) ئەگـەر بەندەکانـم پرسـیارت لـێ بکـەن دەربـارەم، ئـەوە من نزیکم لێیانـەوە، بەهانای ئەوانەوە دەچـم کە تکاکارمن، دەبـا ئەوانیـش بـەدەم منـەوە بێـن و بـاوەڕی دامـەزراو بـە مـن بهێنن بۆ ئـەوەی ڕێـگای هۆشـیاری و ئاگایـی بگرنـە بەر).



Scanned with CamScanner

وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (الأنعام: ١٧)

واتە: (دڵنیابە لەوەی) ئەگەر خوا دووچاری زیان و گرفتێکت بکات، ئەوە هەرگیز لابەری نییە جگە لەخۆی نەبێت و ئەگەر بیەوێت تووشی خێر و خۆشییەکت بکات، ئەوە ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (يونس: ١٠٧).

واتە: (ئەی ئینسان) ئەگەر خوا تووشی زیان و گرفتێکت بکات، ئەوە کەس ناتوانێت لایبەرێت جگە لە خۆی نەبێت و ئەگەر بیەوێت تووشی خێر و خۆشییەکت بکات، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت بەری فەزڵ و بەخششی خوا بگرێت، هەرکام کە بیەوێت لە بەندەکانی بەهرەوەر دەکات، ئەو زاتە هەمیشە لێبوردە و میهرەبانە).

وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ (غافر: ٦٠).

واتە: (ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هانا و هاوار بۆ من بهێنن ئەوە من وەڵامتان دەدەمەوە، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بە گەورە دادەنێن و لووتبەرزیی دەکەن لە ئاستی پەرستنی مندا، لە

ئاینددا بە سەرشـۆڕی و خەجاڵەتییــەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە).

هەروەهــا لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە، لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(ینــزل ربنا تبــارك وتعالى كل ليلة إلى سمــاء الدنيا، حــين يبقى ثلث الليــل، فيقــول: من يدعوني فأســتجيب لــه، من يســألني فأعطيه، من يســتغفرني فاغفر له) رواه البخاري (١١٤٥)، مســلم (١٧٧٢).

واتە: (خوای گەورە هەموو شــەوێك دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دنیا، کاتێ کە سێیەکی کۆتاهەمی شــەو مابێت و دەفەرموێت: کێ داواکاری هەیە لــە مــن بــا وەڵامی بدەمەوە، کێ شــتم لێ داوادەکات بــا بیدەمێ و کێ داوای لێخۆشــبوونم لــێ دەکات با لێی خۆش ببم).

خەدیجــە دڵنیابــوو کــە پشــت و پەنا تەنهــا پــەروەردگارە، بۆیــە بەیانیــەک نەبــوو کە ســەعاتێک پێش بانگــی بەیانی یــان زووتر هەڵنەســێت، هەرچەنــدە بەهۆی کــەم خەوتن و سکەکەشــیەوە زۆر ماندووبــوو.

ڕۆژانــە لــە ســێیەکی کۆتایــی شــەودا دەچــووە ســەر بەرماڵەکــەی بــۆ نوێژکــردن و ســوجدەبردن بەخشــوعەوە (بــە ملکەچییــەوە) و لــە خــوای پــەروەردگار دەپاڕایەوە کە کچەکــەی بــە تەندروســتیەکی بــاش و بــەدوو گورچیلــەوە پێ ببەخشــێت! لەســەر دوعــا و پاڕانەوەکانی ســووربوو و بەڕادەیــەک دەگریــا کــە بەرماڵەکــەی تــەڕ دەکــرد، ڕۆژێک



Scanned with CamScanner

ئەبوو مانـدوو و بێتاقـەت بێـت، هەرچەنـدە جەستەشـی ماندووبـوو، رکـوع و سـجود بۆ ئـەو زۆر نارەحـەت بوو، بـەڵام کوڵـی نـەدەدا و بێـزاری دەرنەدەبـڕی بـا بـۆ یەک جاریـش بێـت. هەرکاتـێ پزیشـکەکە هەمـان ئەنجامـی پێ دەوت و لـە هەموو سـەردانەکاندا لەگەڵ هەموو پشـکنینێکدا ئەم زیاتر سـوووربوو لەسەر شەو هەسـتانەکەی لە سێیەکی کۆتایی شـەودا.

مێردەکەی بەهۆی زۆر هەسـتانی بەزەیی پیـادا دەهاتەوە و ترسـی هەبوو منداڵبوونەکە بەباشـی نەکەوێتەوە و هەمیشە بیـری ژنەکـەی دەخسـتەوە کـە پـەروەردگار هەنـدێ جار وەڵامدانـەوەی دوعا دوادەخات، لە ئەبوسـەعیدەوە ڕیوایەت کـراوە کە پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی:

(ما من مسـلم يدعو بدعوة ليـس فيها إثم و قطيعـة رحم إلاّ أعطاه الله بها إحـدى ثلاث: إما أن تعجـل له دعوته، وإمـا أن يدخرها له في الآخـرة، وإمـا أن يصرف عنـه من السـوء مثلها قالـوا إذا نكثر قال الله أكثـر) الترمذي: ٣٦٠٤.

واتـە: (هـەر موسـوڵمانێ لـە دوعاکانیـدا داوا لە پـەروەردگار بـکات، بە مەرجـێ داواکارییەکـەی بـۆ گوناهکاریـی یـان پچڕاندنی سـیلەی ڕەحم نەبێـت، بێگومـان پـەروەردگار یەکـێ لـەم سیانەی پێدەبەخشـێت: یـان داواکارییەکـەی پێـش دەخـات و بۆی ئەنجـام دەدات، یـان هەڵیدەگرێت بۆ قیامـەت و لەوێ پاداشـتی دەداتەوە، یان بە ئەنـدازەی ئەوە لە زیان دووری دەخاتـەوە، وتیـان: ئەی ئەگـەر داواکارییەکانمان زۆر بێـت، پێغەمبەر ﷺ فەرمـووی: خوای گـەورە زۆرتـری لەلایە).

ئەویش بە بیری مێردەکەی هێنایەوە کە چارە نییە تەنها داواکردنی کۆمەک نەبێت لەپەروەردگار، ئەگەر داوای کۆمەک لە پەروەردگار نەکات ئەی داوای کۆمەک لە کێ بکات؟؟!!

لا تسألن بني آدم حاجة

وسل الذي أبوابه لا تحجب

الله يغضب إن تركت سؤاله

وبني آدم حين يسأل يغضب

واتە: داوای پێویستی لە بەنی ئادەم (مرۆڤ) مەکە

داوا لەو زاتە بکە کە دەرگاکانی داناخرێت

پەروەردگار تووڕە دەبێت ئەگەر داوای کۆمەکی لێ نەکەیت

بەنی ئادەم تووڕە دەبێت گەر داوای کۆمەکی لێ بکەیت.

چۆن داوای کۆمەکی لێ ناکات لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکی قودسیدا لەسەر زاری پەروەردگار دەفەرموێت:

(یا عبادي لو أن أولکم وآخرکم وإنسکم و جنکم قاموا في صعيد واحد فسألوني، فأعطيت كل إنسان مسألته، وما نقص ذلك مما عندي إلاّ كما ينقص المخيط إذا أدخل البحر). رواه مسلم/ ٦٥٧٢.

واتە: (ئەی بەندەکانم ئەگەر لە یەکەمین کەستانەوە تا دواهەمینتان بە

مـرۆڤ و پەریـیـەوە، لـە یـەک زەوی پـان و بەریندا کۆببنـەوە و دوعا و داواکاریتـان هەبێـت، داواکاریی هەموو مرۆڤـەکان ئەنجام دەدەم، ئەمەش هیـچ لـە ڕۆزی و نیعمەتـی مـن کەم ناکاتـەوە، وەك چـۆن دەرهێنانی پەتێـك لـە دەریایەکدا لە ئـاوی دەریاکە کـەم ناکاتەوە).

پێـش کاتـی منداڵبوونەکـە بە نزیکـەی دووهەفتـە، خەدیجە هـات بۆ سـەردانم، کاتـی نوێژی نیـوەڕۆ هـات و نوێژمان کـرد و پێـش ئەوەی هەسـتین خەدیجـە دەسـتی درێژ کرد و باڵـی گرتم و هەواڵی دامێ کە هەسـت بە شـتێکی سـەیر دەکات، پرسـیارم لێکرد: ئایا هەسـت بە هیچ ئازارێ دەکات، بـە نەخێـر وەڵامـی دایـەوە، بـەڵام بـۆ زیاتـر دڵنیابـوون بڕیارمانـدا پەیوەنـدی بـە پزیشـکەکەیەوە بکەیـن، داوای لێکردیـن لـە نەخۆشـخانە ببینیـن، هەوڵمانـدا پەیوەندی بە مێـردی خەدیجـەوە بکەیـن، بەڵام بێسـوود بـوو، چونکە لە نوێـژی هەینـی بوو، پشـتمان بە خـوا بەسـت و چووین بۆ نەخۆشـخانە، سـەرمان سـوڕما کە هەواڵیـان پێداین لەکاتی خۆیدا ڕۆیشـتووین، واتە کاتـی منداڵبوونەکەیەتـی!! لەپاڵیدا دانیشـتم و دەسـتم خسـتبووە سەرشـانی و دڵخۆشـیم دەدایـەوە.. سـوپاس بۆ خـوا لەگەڵ ئـەو ئازارانەشـدا دەم بـە دوعـا بوو، بـەڵام هـەر لـە خـوا دەپاڕایـەوە، منداڵێکی تەندروسـت باشـی بداتـێ و دوو گورچیلـەی هەبێت!!.

فاتیمـە لەدایکبـوو.. لـەش و لاری لاواز بـوو، وردیلـە بوو، ڕوخسـاری بەلای شـینیدا دەیڕوانی و لەپشـتیدا لە شـوێنی

گورچیلەکەیدا چاڵێکی بچووک هەبوو، وەک ئەوەی جەستەی بچووکی ئەو بۆشاییەی مژیبێت کە شوێنی گورچیلەکەی بووە، من گریام و خەدیجەش گریا و بە دەم فرمێسکەوە پرسیاری لە تەندروستی کچەکەی دەکرد، بە چی وەڵام بدەمەوە؟!

چی بڵێم بە دایکی شەوانێکی زۆر خەڵوەتی کێشاوە و پێڵوی چاوەکانی سوور هەڵگەڕاوە و هێشتا ئازار دەچێژێت!! "ماشەڵڵا جوانە" ویستم شتێکی تر بڵێم، بەڵام قسەم بۆ نەدەهات!! سبحان الله... چەند خولەکێکی نەخایاند ڕەنگە شینهەڵگەڕاوەکەی گۆڕا بۆ ڕەنگێکی گوڵین، سەرنجی ڕوخساری فاتیمەم دا، سبحان الله، ڕوخساری جوانە، بەڵام هەر کە تەماشام دەکرد ئەو نارەحەتییانەم دەهاتەوە یاد کە بەهۆی یەک گورچیلەکەوە تووشی دێت، من هیچم نەگوت و خەدیجەش بێدەنگ بوو.. هەریەکەمان بیرمان دەکردەوە، دەبێت ئایندەی ئەو منداڵە چی بێت کە یەک گورچیلەی هەیە؟! پزیشکەکانی منداڵەکە ئامادەبوون (پشکنینی پێویستیان ئەنجامدا و پێیان ڕاگەیاندین کە بارودۆخی منداڵەکە سروشتییە، بەڵام پێویستە پشکنینی چڕوپڕی بۆ ئەنجام بدرێت تا بزانرێت ئایا گورچیلەکەی ساغە.. ئەوەش ئەنجام نادرێت تا دوو هەفتە بەسەر لەدایکبوونیدا تێنەپەڕێت.. پێی وتم: (قەدەری خوایە و پەروەردگار چی بوێت دەیکات.. پێویست ناکات ئەو جەستە بچووکەی منداڵەکەم بخەمە ژێر پشکنینەوە)، بەڵام هۆکارەکانی گرتەبەر و بڕیاریدا ئەو پشکنینانەی بۆ بکات،

ڕۆژی دیاریکراو هاتە پێشەوە، لە ژووری چاوەڕوانیدا دانیشتین، چاوەڕوانی پزیشکە ئافرەتەکەمان دەکرد تا هەواڵی گورچیلەی منداڵەکەمان پێ بدات، ئایا (فاتیمە) پێویستی بە گورچیلەیەکی نوێ هەیە، یان ئەو تاکە گورچیلەیەی هەڵدەستێت بە فەرمانی دوو گورچیلە؟؟!!
پزیشکەکە هاتە دەرەوە و خەندە لە ڕوخساری دەباری..

هات بەرەو ڕوومان و وتی: نازانم چی بڵێم و نازانم چی ڕوویداوە!! بەڵام کچەکەت تەندروستی تەواوە و دوو گورچیلەشی هەیە!!

فەرموو تەماشاکە.. ئایا دوعاکردن بە کەم دەزانیت.. دوعا ئەو جۆرە سازشانە بەرهەم دێنێت!! ئای کاریگەریی دوعا و نزا چەندە جوانەو پەروەردگاریش چەندە بە بەزەییە بۆ بەندەکانی.

فاتیمە ئێستا تەمەنی پێنجساڵانە.. خوای گەورە پاراستوویەتی و بۆتە سۆمای دیدەی دایک و باوکی.

## دەستە پاکەکان

(فابیــان) کچێکــی فەرەنســی نمایشــکاری جلوبــەرگ بــوو، تەمەنی 28 ســاڵ بــوو، ســاتی ڕێنومایی هاتبــوو، لەکاتێکدا نوقمــی جیهانی ناوبانگی و فریــودان و جەنجاڵی بووبوو، بە هێواشــی پاشەکشــەی کرد و هەموو ئــەم جیهانەی وازلێهێنا و بــە هەموو شــتەکانیەوە ڕۆیشــت بــۆ ئەفغانســتان تا کار بــکات لــە تیمارکردنــی موجاهیــدە بریندارەکانــی ئەفغــان! لەنێو بارودۆخێکی نارەحــەت و ژیانێکی ســەختدا، (فابیان) دەڵێــت: "ئەگــەر فەزڵ و بەزەیــی خوای گــەورە نەبووایە بۆ ســەر مــن، ئــەوە ژیانــم دەفەوتــا لــە جیهانێکدا کــە مرۆڤ

نـزم دەبێتـەوە تـا دەبێتە ئاژەڵێـک، هەموو خـەم و خەفەتی تێرکردنـی حەزەکانیەتـی و بەبـێ بەها و بـێ بنەما".

پاشـان باسـی بەسـەرهاتی خـۆی دەکات و دەڵێـت: "هەر لـە منداڵیمـەوە هەمیشـە خەونـم بـەوەوە دەبینی کـە ببمە پەرسـتارێکی خۆبەخـش و کارم دەکرد بـۆ هێورکردنەوەی ئـازاری منداڵە نەخۆشـەکان".

لەگەڵ ڕۆژگاردا گەورەبووم، بە جوانیم و شـۆخ و شـەنگیم جـێ سـەرەنجی هەمـووان بـووم، هەمـووان هانیانـدام بە کەسوکارەکەشـمەوە کـە واز لـە خەونـی منداڵیـم بهێنـم و جوانـی خـۆم بقۆزمەوە بـۆ کارێک کـە قازانجێکـی ماددی زۆر و ناوابانگـی هەبێت، هەموو ئەو شـتانەی کە هەرزەکار دەتوانێـت خەونـی پێـوە ببینێت و بۆ گەیشـتن پێی کاری لە ڕادەبـەدەر ئەنجام دەدات.

ڕێگەی بەردەمیشـم ئاسـان بوو، یان وابـوو بەلای منەوە، بەخێرایـی چێژی ناوبانگم بۆ دەرکـەوت و دیاری گرانبەهام بـۆ دەهات، کە خەونیشـم بـە بوونیانـەوە نەدەبینـی، بەڵام نرخەکـەی زۆر گـران بـوون، یەکـەم جـار پێویسـت بـوو دابڕێـم لە مرۆیـی خۆم و مەرجـی سـەرکەوتنم ئەوە بوو کە دەسـتبەرداری هەسـتەوەریم و هەسـتم ببـم و واز لەو ژیانـە بهێنـم کـە پەروەردەکرابووم لە سـەری، خەریک بوو زیرەکـی خۆمـم لەدەسـتدەدا، هەوڵـم نەدەدا لە هیچ شـتێک تێبگـەم، بێجگە لە جووڵەی لەشـم و ئاوازی مۆسـیقا نەبێت، هەروەهـا دەبووایـە هەمـوو خواردنـە خۆشـەکانم لە خۆم

یاساغ بکردایە و لەسەر ڤیتامینە کیمیاییەکان و مادده بەهێزکەرەکان و چالاکبەخشەکان بژیمایە و پێش هەموو ئەمانە دەبووایە هەستم بەرامبەر بە مرۆڤ لەدەستبدایە و ڕقم لە کەس نەبێت و کەسم خۆش نەوێت و هیچ شتێ ڕەت نەکەمەوە.

خانەکانی جلوبەرگ منی وەک بتێکی جوولاو لێکردبوو، ڕۆلی بێهوودەیی بوو بە دڵ و عەقڵەکان، فێربووبوو کە چۆن دەبێت سارد و سەرسەخت و لەخۆبایی بم و لەناخیشدا بەتاڵ بم، تەنها بریتی بووم لە لاشەیەکی ڕەق و تەق کە جلوبەرگ لەبەر دەکات، من بێگیان بووم و دەجوولامەوە و خەندەم دەکرد، بەلام بەبێهەست، تەنها من خوازیاری ئەوە نەبووم، بەلکو چەندە نمایشکاری جلوبەرگ داببڕێت لە مرۆڤایەتی خۆی قەدەری ئەو لەم جیهانە ساردەدا زیاد دەکات... بەلام ئەگەر بە پێچەوانەی هەر ڕێنماییەکی نمایشی جلوبەرگ بێت ئەوە خۆی دووچاری هەموو جۆرە سزایەک دەکاتەوە کە بریتییە لە ئازاری دەروونی و جەستەییش.

لە جیهانی نمایشدا دەژیام، بەوپەڕی خۆدەرخستن و پێشکەوتن و لەخۆباییبوون و بەجێهێنانی حەزەکانی شەیتان، لە دەرخستنی شوێنە سەرنج ڕاکێشەکانی ئافرەت بەبێ شەرم و حەیا. (فابیان) لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی: هەستم بە جوانی جلوبەرگەکان نەدەکرد کە بەسەر جەستەی بەتاڵمەوە بوو، تەنها پڕ بوو لە ئارەزووی

دڵرەقی، لە کاتێکیشدا هەستم دەکرد بە سووک تەماشام دەکەن و ڕقیان لە خۆمە و تەنها ڕێز لە پۆشاکەکەی بەرم دەگرن.

کاتێ باس لە گۆڕانی کتوپڕی خۆی دەکات دەڵێت: ئەوە لە کاتی گەشتی ئێمەدا بوو بۆ (بەیروت)ی وێران، کاتێ کە بینیم چۆن خەڵکی لە ژێر زەبری تانکەکاندا ئوتێل و خانوو بنیات دەنێن، بە چاوی خۆم نەخۆشخانەی منداڵانم لە بەیروت بینی، بە تەنها نەبووم، بەڵکو لەگەڵ هاوڕێکانمدا بووم، کە وەک بتی مرۆڤ وابوون، تەنها بە لاموبالاتەوە وەک نەریتی خۆیان تەماشایان دەکرد، نەمتوانی لەوە زیاتر لەگەڵیان بەردەوام بم، لەو ساتەدا هەموو ناوبانگ و ژیانی درۆینە کە تێیدا دەژیام لەبیرم کرد و بەرەو لاشەی منداڵەکان ڕۆیشتم تا کامەیان گیانی تێدا ماوە ڕزگاری بکەم.

نەگەڕامەوە بۆ لای هاوڕێکانم لە ئۆتێل، بەڵکو گەشتی من بەرەو مرۆڤایەتی دەستپێکرد، تاگەیشتمە ڕێگای رووناکی کە ئیسلامە، (بەیروت)م بەجێهێشت و ڕۆیشتم بەرەو پاکستان، لەوێ لە سنووری ئەفغانستان ژیانی ڕاستەقینەی خۆمم دەستپێکرد، فێربووم کە دەبێت چۆن مرۆڤێک بم، لەوێ بۆ ماوەی هەشت مانگ مامەوە و هەڵدەستام بە یارمەتیدان و چاودێری ئەو خێزانانەی بەهۆی کارەساتی جەنگەوە گرفتارن.... حەزم لە ژیانیان دەکرد و ئەوانیش باشبوون لەگەڵمدا.

قەناعەتــی مــن بە ئیســلام وەک ئایین و دەســتووری ژیان زیاتــری کــرد، لەمیانی ژیانم لەگەڵیدا و ژیانــم لەگەڵ خێزانە ئەفغانــی و پاکســتانییەکان و شــێوازی پابەندبوونیــان لــە ژیانی ڕۆژانەیاندا، پاشــان دەســتم کرد بــە فێربوونی زمانی عەرەبــی کــە زمانــی قورئانە، لەو بوارەشــدا پێشــکەوتنێکی باشــم بــە خۆمــەوە بینــی، دوای ئەوە کــە مــن ژیانم وەک نمایشــکارێکی جلوبەرگ بەســەردەبرد، ژیانی من گۆڕدرا و بەپێــی بنەمــا و ڕۆحانییەتی ئیســلام دەژیام.

(فابیان) دوای هیدایەتدانی باســی هەڵوێستی هەڵسوڕێنەرانی ئەزیــای جیهانی دەکات... جەخت لەســەر ئــەوە دەکاتەوە کە کەوتبــووە ژێــر پەســتانێکی چڕوپــڕی دنیاوە، پێشــنیاریان بــۆ کردبوو کــە مووچــەی مانگانەکــەی بۆ دەکەن بە ســێ ئەوەندە، بــەڵام ڕازی نەبوو.

پاشــان تەنهــا ئەوەندەیــان توانــی کــە دیــاری گرانبەهــای پێشــکەش بکــەن، بەڵکــو بگەڕێتــەوە و واز لــە ئیســلام بهێنێــت، دەڵێت: پاشــان هانیانــدام بگەڕێمــەوە، پەنایان بردە بەر ناشــیرینکردنی وێنەم لەبــەردەم خێزانــە ئەفغانییەکاندا، هەڵدەستان بە بڵاوکردنەوەی وێنەکان لەسەر ئەو گۆڤارانەی کە پێشــر وێنەی منیــان بڵاودەکــردەوە، بــە ڕێگەوبانەکاندا هەڵیــان دەواســی، وەک ئــەوەی تۆڵــە لــە تەوبەکردنەکــەم بســەننەوە، بــەوەش دەیانویســت ناکۆکــی بخەنــە نێوان من و هــاوڕێ و هاودەمــە نوێیەکانــم، بــەڵام ســوپاس بــۆ خوا گومانەکانیــان پووچەڵبوونــەوە.



Scanned with CamScanner

(فابیـان) تەماشـای دەسـتی دەكات و دەڵێـت: پێشـبینیم نەدەکـرد کـە ئەم دەسـتە ناسـکانەم کـە ماوەیەکـی درێژم بەسـەربرد تا نەرم و شـل بن، ئێسـتا ئاوا ئیشـی قورسیان پـێ بکـەم، بـەڵام ئـەم کارە قورسـانە زیاتـر دەسـتەکانم پاکدەکەنـەوە، پشـت بـە خـوا پادشـتی باشـی لای خـوای گـەورە دەسـتگیر دەبێت.

العائدون الی الله – المجموعة الثالثة – محمد بن عزيز

## پێتان ئاسانە (وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا)

(زەهیــە) کچێکی شــۆخ و شــەنگ و جــوان بــوو، بەتایبەتی قژەکــەی بەسەرشــانیدا شــۆڕ بووبــووەوە، پێــی وابــوو دەبێــت کــە لــەزەت لە هەمــوو شــتەکانی ژیــان وەربگرێت. ڕۆژێکیان بانگهێشــت کرا بۆ ئاهەنگی یەکێــک لە هاوڕێکانی، قسەومشــتومڕێکی زۆر کەوتــە نێــوان ئامادەبووانــەوە و قسەوباســەکان لە وشکی و ســاردییەوە گۆڕدران بۆ گەرمی و بورکانی، باس و خواســەکە ســەبارەت بە باڵاپۆشــی بوو. ئــەو باســی (ســەنا)ی جــوان و سەرنجڕاکێشــی دەکرد کە بەوپــەڕی دڵنیایــی دڵیەوە و دڵئارامییەوە گوزارشــتی دەکرد



Scanned with CamScanner

لەو ڕۆژەوە کە بالاّی پۆشی بوو.. ڕۆیشت بۆ زیاتر لەوەش.. جەختی دەکردەوە کە بالاّپۆشی هەنگاوی یەکەمی گەشتە درێژەکەیەتی بەرەو ڕێگای هەق و ڕووناکی، چونکە پێویستە دڵی بە لەبەرکردنی ئایەتەکانی قورئان ڕووناک بکاتەوە و بینایی ڕووناک بکاتەوە بە ڕامان لە مانای ئەو ئایەتە مەزنانە و پێویستە فیقە و سیرەش بخوێنێتەوە... پاشان سەنا بڕیاریدا کە گوزارشتەکان لە کاتەکان زیاترن.

ئاوێتەبوونی ئامادەبووان لەگەڵ قسەکانی (سەنا)دا جیاوازبوون لەنێو پشتگیریکردن و نەیار و سەرسامبوونددا، تەنها هاوڕێکەی ئێمە نەبێت کە خەریکی لۆمە و گاڵتە و سەرزەنشت بوو، بەتایبەتی ساتی هەوڵدانی یەکێکیان بۆ ئالاندنی سەرپۆش لە ملی (زەهیە).. ئەویش بۆ دەرخستنی جوانییەکەی ئەگەر سەرپۆش بەسەربێت... بەلاّم (زەهیە) زۆر تووڕە بوو، بە بێزاری و تووڕەییەوە وتی: تکا دەکەم، ئەوە لابە لە ملمدا، پاشان دەستی هێنا بە ملی و قژیدا و دەلەرزی، قسەی وای دەکرد کە هەمووانی سەرسام کردبوو، پاشان هێرشی کردە سەر ئەم شەریعەتە پیرۆزە، کە ملی ئافرەتی کۆتکردووە بە پەتی لەسێدارەدان.

یەکێ لە ئامادەبووان وەلاّمی زەهیەی دایەوە، بەلاّم زەهیە هەر نکوڵی کرد و بەرپەرچی بەڵگە شەرعییەکانی دەدایەوە، بۆیە هیچی شک نەدەبرد پەنای بۆ بەرێت بێجگە لە فەرهەنگی لۆمە و قسە وتن نەبێت، بەلاّم سەنا هەستی کرد کە زەهیە هەرچی لە دڵیدا بوو لە ڕق و

کینە بەرامبەر بە ئیسلام و موسوڵمانان هەڵی ڕشت، بۆیە ترسا بەهۆی خراپەکەیەوە خوای گەورە هەمووان بە هیلاکەتدا بەرێت... بۆیە داوای لە هەمووان کرد، داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن و پاشان بێدەنگ بن، چونکە بارودۆخەکە بارودۆخی وتوویژ و پەیڤین و قەناعەتپێکردن نییە، بۆیە کۆمەڵی ناو ئاهەنگەکە لە خراپترین بارودۆخدا جیابوونەوە و هەریەکەیان گەڕانەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی خۆیان و ئەو ساتی هەڵچوون و موناقەشەیە لە ئەندێشە و مێشکیاندا بوو.

دوای ئەو ئاهەنگە ناخۆشە، زەهیە هەستی کرد کە شتێکی نادیار لە دڵیدایە و بێتاقەتی کردووە، هەوڵی دەدا لە خودی خۆی ڕابکات، بەڵام بێتاقەتییەکەی بوو بە سەرئێشەیەکی سەخت و ئازاراوی بەردەوام، لەسەرەتادا حەبی هێمنکەرەوەی بەکارهێنا، بەڵام سوودی نەبوو... خۆبەزلزانییەکەی ڕێگای نەدەدا ئازارەکەی لەبەردەم خێزانەکەیاندا ئاشکرا بکات، بەتایبەتی باوەژنی کە نارەحەتییەکانی زەهیەی بەوە نیشان دەدا کە عەیار و بەنازە، ئەو ئافرەتە بڕوای بە زەهیە نەدەکرد، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە بینی سەری کێشا بە زەوی ژوورەکەدا، بۆیە بە پەلە ڕایکرد و هەواڵی بە باوکی دا، ئەویش بردی بۆ نەخۆشخانە.

لەوێ پزیشکەکە داوای چەند پشکنینێکی کرد، گومانەکان زۆریان بۆ پزیشکەکان هێنا و خەویشی لە چاوی باوکی



Scanned with CamScanner

تاڵکردبـووو، پاشـان پزیشـکەکە داوای کـرد وێنەی مێشـکی بگیرێـت، وێنەکـە گومانەکەی کرد بەڕاسـتەقینە، پزیشـکەکە کاریگـەری خۆی شـاردەوە و باوکی زەهیـەی دڵنیاکردەوە و سوپاسـی خـوای کـرد کە پێشـوەخت توانییـان دەرک بە نەخۆشـییەکە بکـەن، باوکـی جێگای بـە خـۆی نەدەگـرت کاتێ کـە گوێـی لـە قسـەی پزیشـکەکە بـوو.. سـەرەتای شـێرپەنجەی مێشک.. پشـت بەخوا ئەگەری چارەسەرکردنی هەیە.. پێویسـتە سـبەینێ بەیانیەکەی کچەکـەت بهێنیتەوە بۆ دەسـتپێکردنی چارەسەرەکەی و پزیشـکەکە دەرمانەکانی دا بە زەهیە و ڕێنماییەکانی بۆ خوێندنەوە و باسـی ئاسـەوارە چاوەڕوانکراوەکانـی بـۆ کرد... زەهیـە دەتوانێت چاوەڕوانی هەمـوو شـتێک بکات تەنها قـژ رووتانـەوە نەبێت !!

پەرەسـتارەکە دەرمانێکـی بـە (زەهیـە) دا بـۆ بەرگرتن لە ڕشـانەوەکەی، کـە لـە کاتی چارەسـەری کیمیایدا تووشـی دەبێـت، بـۆ ڕۆژی دوایـی، دەرزیەکی ئەسـتووری لێدرا کە بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسـەری کیمیایی، بەدرێژایی بیست و چوار سـەعات، بیست و چوار سـەعاتی یەکەم بە ناڕەحەتی بەسـەر زەهیەدا تێپەڕی، هەر لەسـەرەتای ساتەکانی ئازاری یەکەمـەوە زەهیە هەموو خۆشـییەکانی ژیانـی بیرچوویەوە، ئەگـەر یەکـێ لێـی بپرسـیایە چۆنیـت؟ وەک باوکـی لێـی دەپرسـی: (کچـی خـۆم چۆنیت؟) لـە وەڵامدا دەیـوت: (زۆر خراپـم، مـردن زۆر لـەم ژیانـە باشـترە)، باوکـی زەهیەش خەریک بوو سـەری دەتەقی و فرمێسـک بـە چاویدا دەهاتە خـوارەوە، ئاواتی دەخواسـت کـە ڕۆحی خۆی ببەخشـێت..



Scanned with CamScanner

بـەڵام هەی هـو ئەوەی تووشـی زەهیـە بووبـوو خەڵکانی سـەر زەوی ناتوانـن ئاڕاسـتەکە بگۆڕن و باشـی بکەن.

هەسـتی باوەژنەکەشـی لەنێـوان نکوڵـی و بەزەییهاتنەوەدا بـوو، بـۆ ڕۆژی سـێیەم دوای ئـەوەی چارەسـەرەکانی بـۆ بەکارهێنـرا، بـۆ مـاوەی سـەعاتێک زەهیە بە سـەختی دەرشـایەوە و گـەدەی تووشـی ئازارێکی سـەخت بـوو.. ورەی بـەرەو داڕووخـان دەچـوو.. کـە بـە تـەواوی کاری کـردە سـەر باوەژنەکـەی.. کـە ڕایکـرد بۆ لای پزیشـکەکە فریایـان بکەوێـت... پزیشـکەکەش هـات تا تـرس و تۆقینی زەهیـە هێـور بکاتـەوە و پێـی بڵێت ئـەم نیشـانانە کاتین و پشـت بەخـوا بـە نەمانـی نەخۆشـییەکە نامێنن.

نارەحەتی و مەینەتییەکانی زەهیە بەردەوام بوون... ڕۆژانێک لـە ژێر کاریگەریـی چاوەڕوانی چارەسـەرەکەدا تێپەڕین کە زۆر تاڵبوون، ئەوە باسـی ئەو کاتە مەکە کە چارەسـەرکەی بـۆ دەکـرا و بۆی بەکاردەهێنـرا... خەریک بوو نەیدەهێشـت چارەسـەری بۆ بکەن، کە بەڕاسـتی لە خودی نەخۆشـییەکە زۆر سـەختتر بوو، ئەگـەر هێورکردنـەوە نەبووایە، لەلایەن کەسوکاری و تیمە پزیشـکییەکانی دەوروبەری.

چەنـد هەفتەیەکـی نەخایانـد چـواردەوری چـاوی ڕەش دەبوویەوە، دەیویسـت لەو ڕاسـتییە ڕابـکات، بۆیە میکیاجی دەورووبـەری چـاوی دەکـرد، تەسـکترین پۆشـاکی خۆی دەپۆشـی، کەچی دەڵپ بـوو لەبەریـدا... لەبـەردەم ئاوێنەدا دەوەسـتا و دەسـتی دەبرد بـۆ پرچی، کەچی بەدەسـتیەوە

دەکەوتـە خـوارەوە، زەهیە دەسـتی کرد بە گریـان، چونکە ناتوانێـت پێشـوازی لە سـەنا بکات کە سـوور بوو لەسـەر ئـەوەی سـەردانی بـکات... بۆیـە سـەردانەکەی دواخسـت، بەڵکـو کاتێک سـەردانی بکات کـە ئەو چارەسـەرەی بۆیان دانـاوە بەرهەمێکی هەبێت. کاتێ پزیشـکەکان بەوە وەسـفی دەکـەن کە کاریگەرن، هەر کاتێک هەسـتی بـە ئازار بکردایە لـە سـەریدا هاواری دەکرد و سـەری خـۆی دەگرت و قژی هەڵدەوەری.

باوەژنـی زەهیە بـە سـەنای وت: لەڕاسـتیدا حاڵەتی زەهیە بەخێرایـی بـەرەو خراپـی دەڕوات، خۆزگـە سـەردانیت بکردایـە، بەڵکو دڵخـۆش ببێت بە بوونی تۆ بە تەنیشـتیەوە.

سـەنا لەخۆشـیدا خەریـک بـوو دەفـڕی، جوانتریـن دیاری و شـیرینی لەگـەڵ خۆیـدا بـرد بۆ زەهیـە، کاتێـک چوو بۆ لای زۆر بـە ناڕەحـەت ناسـیەوە و تەوقـەی لەگەڵـدا کرد، فرمێسـکەکانی شـاردەوە و دانـی بەخۆیـدا گـرت... هەوڵیدا قسـە لەگـەڵ ڕۆحیـدا بـکات و وتـی: لەوانەیـە نەخۆشـی، کەفارەتـی گوناهـەکان و بەرزکردنەوەی پلـە بێت، پیرۆزت، بێـت تـۆ کاتـی درێـژ بەسـەر دەبەیـت لـە تەسـبیحات و زیکـر و ئیسـتغفاردا... زەهیـە تەماشـایەکی کرد و ویسـتی لەبەردرەمیـدا ڕووخسـاری بشـارێتەوە و لەبـەردەم ئـەو هەمـوو خواردنـەی کـە دانرابـوو لەبەردەمیدا.

سـەنا لەسەرپۆشـەکەی زەهیـە وردبوویـەوە، کـە سـەری خۆی پێداپۆشـی بوو، بینی پیس و چڵکنـە، کتومت وەک ئەو

وەســفەی یەکــەم جار زەهیە بۆ سەرپۆشــی دەکــرد!! مانا و پەنــدەکان لە عەقڵ و هۆشــی ســەنادا زۆربــوون، دەیاندا لە دەرگای ســەری... گوێی دەگرت و دڵیشــی وەڵامی دایەوە و ئــەم ئایەتەی هاتــەوە یاد:

وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ (النور: ١٥).

واتە (ئێوە بە ئاسان تەماشای دەکەن، بەڵام لای خوای گەورە مەزنە).

(أم حسان الحلو – موقع إسلام اليوم)

## نازانم گوێڕایەڵی کێ بم؟

کچە بچووکەکە لە قوتابخانە گەڕایەوە، دوای ئەوەی گەیشتەوە ماڵەوە دایکی هەستی کرد کە بێتاقەتە، بۆیە داوای لە کچەکەی کرد کە بۆچی بێتاقەتە.

کچەکەش وتی:

- دایەگیان مامۆستاکەم هەڕەشەی دەرکردنی لە قوتابخانە لێکردم، بەهۆی ئەو جلە درێژانەوە لەبەرمدایە!!

+ کچی خۆم، بەڵام ئەوە ئەو پۆشاکەیە کە خوای گەورە داوای دەکات.

- بەڵێ دایە گیان، بەڵام مامۆستاکەمان ئەوەی ناوێت.



Scanned with CamScanner

+ باشــە کچــی خــۆم مامۆســتاکە ئــەوەی ناویــت و خوای گــەورە ئــەوەی دەوێت، ئــەی تــۆ گوێڕایەڵی کــێ دەکەیت؟ ئایــا گوێڕایەڵــی ئــەو خوایە دەکەیــت کە تــۆی بەدیهێناوە و بەباشــترین شــێوە دروســتی کردوویــت و ڕۆزی ڕژاندووە بەســەرتدا؟ یــان گوێڕایەڵــی دروســتکراوێ دەکەیــت کــە ناتوانێــت ســوود یــان زیان بــە خــۆی بگەیەنێت.

کچەکەش وتی:

- بەڵکو گوێڕایەڵی خوای گەورە دەکەم.

دایکی وتی:

+ دەستتخۆش کچەکەم، ڕاستت پێکا.

بــۆ ڕۆژی دوایــی کچەکــە بــە پۆشــاکە درێژەکەیــەوە ڕۆیشــتەوە بــۆ قوتابخانە... کاتێ مامۆســتاکەی بینی زۆر بە توندی سەرزەنشــتی کرد و کچە بەســتەزمانە بچووکەکەش نەیتوانــی بەرگــەی ئــەو سەرزەنشــتە و تەماشــاکردنەی هاوڕێکانــی بگرێــت، بۆیــە دەســتی کــرد بەگریان، پاشــان ئــەو کچــە بچووکە وتەیەکی ئاراســتەکرد کە لــە مانادا زۆر گەورەبــوون و وتــەکان کــەم بــوون.. وتــی: بە خــوا نازانم گوێڕایەڵــی کــێ بکــەم؟ تۆ یــان ئەو..

مامۆستاکەش پرسی:

- ئەوە کییە؟

+ خــوای گــەورە، ئایــا گوێڕایەڵــی تۆ بکــەم و چیتدەوێت لەبــەری بکــەم و ســەرپێچی خــوای گــەورە بکــەم، یــان

گوێڕایەڵـی ئـەو بکـەم و سـەرپێچی تـۆ بکـەم؟... مـن گوێڕایەڵـی خـوای گـەورە دەکـەم و چی دەبێت بـا ببێت.

ئـای کە چەنـدە وتەیەکی جوان بوو.. لـەو زارە بچکۆلەوە هاتـەدەر، وتەیەک کە لایەنگریی تـەواوی بۆ خوای گەورە خۆیی نیشاندا.

ئـەو منداڵـە بچووکـە جەختـی لەسـەر پابەندبـوون و گوێڕایەڵـی دەکرد بۆ فەرمانەکانی خـوای گەورە و تاک و تەنیـای بە دەسـەڵات.

ئایا مامۆستاکە لە ئاستیدا بێدەنگ بوو؟

مامۆسـتاکە داوایکرد کـە دایکی قوتابییەکە بانـگ بکرێت... دەبێـت چی بووێت لـە دایکـی؟... دایکی هات.

مامۆسـتاکە بە دایکی وت: بەڕاسـتی کچەکـەت مەزنترین ئامـۆژگاری منی کـرد کە تا ئێسـتا لە ژیانمدا بیسـتبێتم.

بەڵـێ مامۆسـتاکە پەندی لـەو قوتابیە بچووکـە وەرگرت و ئـەو مامۆسـتایە پـەروەردەی خوێنـدەوە و زانسـتی وەرگرتـووە، زانسـتەکەی ڕێـگای لێنەگـرت پەنـد و ئامـۆژگاری لـە منداڵێکـی بچووکـەوە وەربگرێـت، کە لە تەمەنـی کچێکە لە کچەکانی خۆی، سـڵاو لەو مامۆسـتایە.

سـڵاو لـەو کچـە بچکۆلەیـە کـە پـەروەردەی ئیسـلامی وەرگرتبـوو و پابەندبوو پێوەی و سـڵاو لـەو دایکەی کە خۆشەویسـتی خـوا و پێغەمبەرەکـەی لە دڵـی کچەکەیدا چاندووە... ئـەو دایکەی کە کچەکەی فێری خۆشەویسـتی

خـوا و پێغەمبەرەکـەی کردووە.

ئەی دایکانی موسـولّمان: منداڵەکانتان وەک هەویر وان و لەنێو دەسـتی ئێوەدان و دەتوانن هەموو شـتێ دروسـت بکەن لێیان، دەی بەو شـێوەیە بیانسـازێنن کە ڕەزامەندی خـوا و پێغەمبەرکەی تێدایـە، فێری نوێژیـان بکەن، فێری گوێڕایەڵـی خوای گەورەیـان بکەن، فێـری جێگیربوونیان بکـەن لەسـەر هەق، فێری هەمـوو ئەمانەیـان بکەن، پێش ئـەوەی بگاتـە تەمەنـی هـەرزەکاری.... ئەگەر بـە منداڵی پـەروەردە نەکرێـن ئـەوە کاتـێ گـەورە دەبن ئێـوە زۆر پەشیماندەبنەوە.

ئـەم کچە لە سـەردەمی هاوەڵانـدا یان شـوێنکەوتووانـدا نەژیـاوە، بەڵکو لەم سـەردەمەدا ژیاوە، ئەمەش نیشـانەی ئەوەیـە کە ئێمـە دەتوانیـن نموونەی ئەو کچـە بێنینەدی، کچێکـی خوانـاس و بوێر لەسـەر دەرخسـتنی هـەق، کە لەبـەر خوای گـەورە گوێ بـە لۆمەی کـەس نەدات..

ئەی خوشـکی ئیمانـدار.. ئەوەتا کچەکەت لەبەردەسـتی تۆدایـە، دەی بـە ئاوی تەقـوا و ئیصلاح تینوێتی بشـکێنە.

دەی ژینگەکـەی بسـازێنە و مشـەخۆر و مێـرووی زیانبەخشـی لێدووربخـەرەوە.. ئەوەتـا ڕۆژانێـک لەبەردەسـتدایە... تەماشـابکە بزانـە چـی دەکەیـت بـەو ڕاسـپاردەیەی کـە پـەروەردگاری ئاسـمان و زەوی سـپاردوویەتی بە تـۆ!!! پێغەمبەری خـوا ﷺ دەفەرموێت:

(مـن ارضـى الناس بسـخط اللـه وكلـه الله الى النـاس ومن اسـخط النـاس برضـا اللـه كفـاه الله مؤنـة النـاس) صحيح جامـع الصغيـر ج 5 حديث رقـم 5886

مواقف ايجابية - نجيب عامر / ج 2 27 28-

چیرۆکەکە لە (مواقف ذات عبر- العمر الاشقر)ەوە وەرگیراوە.



Scanned with CamScanner

## چیرۆکێکی خۆشەویستی مرۆڤ دێنێتە گریان

هاوڕێکەمـان بڕیاریـدا ژن بهێنێـت و داوای لە کەسـوکاری کـرد بـەدوای ئافرەتێکـی گونجـاوی خـاوەن ڕەوشـت و ئاییـندا بگەڕێـن... وەک دابونەریتی بـاو، ئافرەتێکی خزمیان دەستنیشـانکرد کە دەگونجێت بـۆی، ئەمانیش چوونە داوای. کەسـوکاری کچەکـەش ڕەزامەندییـان نوانـد، چونکـە هاوڕێکەمان هەموو نیشـانەیەکی پیاوەتی تێدابوو کە هەموو خێزانێـک ئاواتەخـوازی بـوون... کاروبـار بـە ڕێکوپێکـی بەڕێوەچـوو و خـوای گـەورەش شـادیی کرد بە نسـیبیان لـە زەماوەندێکـی جوان و خاکیی، کەسـوکار بـۆ پیرۆزبایی

کۆبوونەوە.

ورده ورده دوای زەواج و تێپەڕبوونی ڕۆژگار، خەڵکانی دەوروبەر هەستیان دەکرد کە هاوڕێکەمان زۆر هۆگری ژنەکەیەتی، لەبەرامبەریشدا کەسوکاری ژنەکە سەرسام بوون کە هەمیشە ناوی مێردەکەی بەسەر زاریەوەیەتی.

بەڵێ.. ئەوان بڕوایان بە خۆشەویستی هەبوو، بەڵام ئەوەی بە خەیاڵیاندا نەدەهات ئەوە بوو کە بڕوایان نەدەکرد بەوشێوەیە و تا ئەو ڕادەیە هۆگری یەکتربن.

دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر هاوسەرگیرییاندا لە لایەن کەسوکاریانەوە پەستانیان خرایەسەر تا منداڵیان ببێت، چونکە ئەوانەی کە لەگەڵ ئەماندا هاوسەرگیرییان ئەنجامدابوو منداڵێک یان دوانیان هەبوو، بەڵام ئەمان هەروەک خۆیان وان، ژنەکە زۆری کرد لە مێردەکەی کە خۆیان نیشانی پزیشک بدەن، بەڵکو ئەمە خوایە کارەکە ئاسان بێت و بە چارەسەر یان ڕێنماییەکی پزیشکی کۆتایی بێت.

ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات ڕوویدا، بۆیان دەرکەوت ژنەکە نەزۆکە، دوای سەرکۆنەی کەسوکاری هاوڕێکەمان و تانەوتەشەر، ئەوە بوو کە دایکی بە ڕاشکاوی داوای لێکرد ژنی دووەم بهێنێت و ئەم تەڵاق بدات، یان لای خۆی بیهێڵێتەوە.. بۆیە هاوڕێکەمان کەسوکارەکەی کۆکردەوە و بەشێوازێکی باوەڕبەخۆوە وتی: ئێوە وا گومان دەبەن کە ژنەکەم نەزۆکە؟! بێگومان نەزۆکی ڕاستەقینە پەیوەندی بە

منداڵبوونەوە نییە، من دەبینم کە لە هەستدا و لە ڕاستگۆیدا خۆشەویستییەکی پاکی هەیە لەلایەن منەوە، سوپاس بۆ خوا، ژنەکەم لە ڕۆژێکدا بۆ من سەد منداڵ دێنێت و من ڕازیم بەو و ئەویش ڕازییە بە من، بۆیە داواکارم جارێکی تر باسی بابەتی لەوجۆرە سووکەم بۆ مەکەن.

ئەو نەزۆکییەی کە وا گومانیان دەبرد کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان... بووە هۆی ئەوەی ژنەکەی بۆی دەرکەوت کە چەندە مێردەکەی خۆشی دەوێت و قوربانی دەدات، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە نۆ ساڵ، ژن و مێردەکە خۆشترین ژیانیان بەسەربرد، ژیانێکی ڕۆمانسی، ورد ورده ژنەکە ڕووبەرووی نەخۆشی سەیر دەبوویەوە، کە ناچاربوون لە یەکێ لە نەخۆشخانەکان پشکنینی بۆ بکەن، ڕۆیشتن بۆ نەخۆشخانەی مەلیک فەیصەڵی تایبەتی، بۆیە لەوکاتەدا مێردەکەی کەوتە دڵەڕاوکێ، چونکە ئەو کەسانەی ڕەوانەی ئەو نەخۆشخانەیە دەکران نەخۆشی مەترسیدارن.

دوای دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە و ئەنجامدانی شیکاری پێویست، پزیشکەکان بە ڕاشکاوانە بە مێردەکەیان وت کە ژنەکەی تووشی نەخۆشیەکی دەگمەن بووە، کە ژمارەی تووشبووان بەو نەخۆشییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات و ئەوپەڕی زیاتر لە پێنج ساڵی تر ناژی، هەرچەندە تەمەنیش بەدەست خوای گەورەیە.



Scanned with CamScanner

بەڵام ئەو شـتەی ئازار و حەسـرەت زیاتر دەکات، ئەوە بوو کە سـاڵ بە سـاڵ حاڵەتی خراپتر دەبوو، بۆیە باشـتر وابوو بۆ وەرگرتنی چاودێری پزیشـکی پێویسـت لە نەخۆشـخانە بمێنێتـەوە، تـا خـوای گـەورە ڕاسـپاردەکەی دەباتـەوە، مێردەکـەی ڕازی نەبـوو بـە داواکاری پزیشـکەکان و ڕازی نەبوو لـە نەخۆشـخانە بمێنێتەوە، بۆیە سـووربوو لەسـەر ئـەوەی لـە شـوقەکەیدا هەموو پێداویسـتییەکانی پزیشـکی بـۆ ژنەکـەی دابین بکات و ڕەخسـاندنی کـەش و هەوایەکی گونجـاو تا بـە تـەواوی چاودێری ژنەکـەی بکرێـت... بۆیە بایـی نزیکـەی (260000) ڕیـاڵ پێداویسـتی پزیشـکی بۆ کـڕی، شـوقەکەی بۆ ئامادەکـرد تا ژنەکەی لە نەخۆشـخانە بهێنێتـەدەر، زۆربـەی ئەو پارەیەشـی قەرزکردبوو، هاوکات لەگەڵ ڕاکێشـانی سـولفە لـە بانقدا.

پەرسـتارێکی گرتبـوو بـۆ ژنەکـەی تـا هەسـتێت بـە پێداویسـتیەکانی و خۆیشـی داوای لـە فەرمانگەکـەی کـرد مۆڵەتـی بـێ موچەی پـێ ببەخشـن، بـەڵام بەڕێوەبەرەکەی ڕازی نەبـوو، زانیبـووی کـە چەنـدە قـەرزارە، چونکـە پێویسـتییەکی زۆری بـە تەنهـا ڕیاڵێکیـش هەیـە، بۆیـە لە کاتـی دەوامەکەیـدا کاری سـووکی پـێ دەسـپارد، هەر کە لەسـەر کارەکـەی تـەواو بووایـە داوای مۆڵەتـی دەکـرد، زۆرجـار لەسـەر کارەکەی دوو سـەعاتی پێنەدەچـوو، ئیتر هەمـوو کاتەکانی تری لای ژنەکەیەوە بەسـەردەبرد و خۆی خواردنـی دەدایـە و دەینا بە سـنگیەوە و چیرۆک و ڕۆمانی بـۆ دەگێڕایەوە. بـە تێپەڕبوونـی ڕۆژگار ئازارەکانی ئەویش



Scanned with CamScanner

زیادی دەکرد و مێردەکەشی هەوڵی دەدا لە ئازارەکانی کەم بکاتەوە، ژنەکە سندوقێکی بچووکی دا بە پەرستارەکە و داوای لێکرد کە پارێزگاریی بکات و نەیدات بە هیچ کەس بە مێردەکەی نەبێت، ئەویش دوای وەفاتکردنی.

ڕۆژی دووشەممە بوو سەر لە ئێوارە و دوای نوێژی عیشا، کەش و هەوا باراناوی بوو، دەنگی دڵۆپەی باران دەهات، کاتێک کە دەیکێشا بە پەنجەرەی ژوورەکەدا، دڵی دەهێنایە جۆش و هاوڕێکەشمان شیعری بۆ خۆشەویستەکەی دەچڕی و دەیڕوانییە چاوەکانی، ئەویش تەماشایەکی خواحافیزیی بە خەندەوە ئاراستە کرد.... فرمێسک بە چاوانی مێردەکەیەوە هاتە خوارەوە، چونکە دەرکی بەوە کرد کە سەعاتی سفر نزیکە، ژنەکە دوای خەندەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەگەڵیدا گیانی بەرزەفڕ بوو... خەریک بوو لە ئاست ئەو دیمەنە دڵتەزێنە گیانی مێردەکەشی بەرزەفڕ ببێت.. نامەوێت دڵی خۆم و ئێوەش بێتاقەت بکەم، کە پاش وەفاتکردنی مێردەکەی چیکرد؟ بەڵام دوای نوێژکردن لەسەری و ئەسپەردەکردنی بە دوو ڕۆژ، ئەو پەرستارە ئافرەتەی چاودێری حاڵەتی ژنەکەی دەکرد، دڵخۆشیی مێردەکەی دایەوە و سندووقە بچووکەکەی پێ سپارد و پێی وت: کە ژنەکەی داوای لێکردووە دوای وەفاتکردنی ئەم سندووقە بپسێرێت بە مێردەکەی... ئایا لەناو سندووقەکەدا چی تێدابوو؟! شووشەیەکی بەتاڵی عەتر کە



Scanned with CamScanner

یەکەمین دیاری بوو مێردەکەی دوای زەماوەندکردنیان پێشکەشی کردبوو و وێنەیەکی خۆی کاتی زەماوەندەکە و دەستەواژەی (بۆ خوای گەورە تۆم خۆشدەوێت) کە لەسەر ڕوویەکی لاکێشە نەخشێنرابوو.. بێگومان مەزنترین جۆرەکانی خۆشەویستی ئەوەیە لەبەر خوای گەورە بێت و نامەیەکی بچووک کە وەکو خۆی بۆتان دەگوازمەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لابردنی ناوەکان و گۆڕینی پەیوەندی خزمایەتییان.

نامەکە: "مێردی بەهادار و سەنگینم، دڵتەنگ مەبە بە جیابوونەوەی من، بە خوا ئەگەر تەمەنێکی ترم بۆ بنوسرێت، ئەوە لەگەڵ تۆدا دەستی پێدەکەم، بەڵام تۆ شتێکت دەوێت و منیش شتێکم دەوێت و خوای گەورەش ئەو کارە دەکات کە خۆی دەیەوێت.

برام فلان.. من خوازیارم کە پێش مردنم بە زاوایی بتبینم .

خوشکم فلان.. خراپ مەبە لەگەڵ منداڵەکانتدا بە لێدان، چونکە ئەوانە خۆشەویستی خودای گەورەن و کەس هەست بەو ڕۆژیە ناکات، مەگەر کەسێک لەدەستی چوو بێت..

پورم فلان.. (دایکی مێردەکەی) هەڵوێستێکی باشت نواند، کاتێک داوات لە کوڕەکەت کرد کە بێجگە لە من بخوازێت، چونکە شایانی ئەوە کە باشترین نەوە -پشت

بەخـوا- ناوی ئـەو هەڵگرێت.

وشـەی کۆتایی بۆ تۆ ئەی مێردی خۆشەویسـتم، ئەوەیە کـە دوای وەفاتـی مـن ژن بهێنیـت و هیـچ بیانوویـەک نەمـاوە، خوازیـارم کـە یەکەمیـن کچـت بە نـاوی منەوە نـاو بنێیـت و بزانە کە مـن غیرە بەرامبەر ژنـە نوێیەکەت دەمگرێـت، تەنانـەت با لـە ناو گۆڕەکەشـدا بم.



Scanned with CamScanner

## چیرۆکێکە لە خەیاڵ و ئەندێشەشدا نییە

ئافرەتێـک لـە قۆناغـی چوارەمـی تەمەنیـدا بـوو.. خاوەنی مـاڵ و منـداڵ بـوو.. نزیکـەی چـوارده سـاڵە پابەنـده بـە تەعالیمـی ئیسـلامەوە، بـەڵام دەوروبەرەکـەی هەمیشـە لە هەوڵـی ئـەوەدا بـوون دووری بخەنـەوە لەو ڕێگایـە، بەڵام خـوای گـەورە کۆمەکیـی دەکـرد و ئـاگاداری نیـازی پاکی بـوو، بۆیە بـەردەوام پارێزگاری دەکـرد و ڕۆژانە بە فەزڵی خـوای گـەورە ئیمان و بـاوەڕی زیاتـری دەکرد... سـەدان کتێبی سـەبارەت بە عەقیدە و پەروەردە و فەرمووده و فیقە خوێندبـووەوە، زۆرێـک لـە زانایانـی وەک ابن تیمیـە و ابن تیمیـة و ابـن القیم الجـوزی و محمد بـن عبدالوهـاب و ابن الحجر العسـقلانی و عبدالرحمـن الدوسری و سـید قطـب و کتێبی زۆر، کـە ناتوانم بۆتـان بژمێرم. هەروەها کاسـێتی کۆمەڵێ زانای نـاودار، ئەمـە بە نیسـبەت بـواری خوێندنەوەوە.

بـە نیسـبەت بەسـەربردنی کاتەکانـی بـەم شـێوەیە بـوو، بەیانیـان سـەعات دە و نیـو هەڵدەسـتا و بـۆ مـاوەی نیـو سـەعات نوێـژی چێشـتەنگاوی دەکـرد، پاشـان دەچـووە مەتبەخـەوە، پاشـان نوێژی نیوەڕۆ و سـوننەتەکانی پێش و پـاش نیوەڕۆی دەکرد و دوای ئـەوە قورئانی دەخوێند، هەر شـەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ جارێک خەتمی قورئانی دەکرد، پاشـان کاتـی عەسـر نوێژەکەی دەکـرد و پاشـانیش کتێبی دەخوێنـدەوە، ئـەو لە شـەودا تەنیا دوو سـەعات دەخەوت،

ئیتر هەموو شەوەکە هەڵدەستا تا خۆرکەوتن، پاشان دوو ڕکات نوێژی دەکرد و دەخەوتەوە.. لە ڕۆژووگرتنیشدا وەکو داود پێغەمبەرمان (سەلامی خودای لەسەربێت) ڕۆژووی دەگرت، بەڵام ئەگەر ڕەمەزان بهاتایە لە لای ئەو بەشێوازێکی تر بوو.

چونکە دوو ڕۆژ جارێک خەتمی قورئانی تێدا دەکرد، تا بیستەم ڕۆژ بەوشێوەیە بوو.. دە ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزانیش هەموو ڕۆژێک خەتمی دەکرد و لەسەر پێیەکانی دەوستا لە دوای نوێژی عیشا هەتا پێش بانگی بەیانی بە نیو سەعات... پاشان پارشێوی دەکرد و نوێژی دەکرد و دەخەوت، ئەگەر زۆر بخەوتایە تەنیا 4 سەعات لە ڕۆژدا دەخەوت، بەتایبەتی لە دە ڕۆژی کۆتایی.

سوێندتان دەدەم بە خوا.. ئایا لەم سەردەمەی ئێمەدا ئافرەتمان هەیە بەو شێوەیە بێت؟ تکا دەکەم وەڵام بدەنەوە... ئەم ئافرەتە هەڵیش دەستا بە یارمەتیدانی خێزانە هەژارەکەی بە خواردن و پۆشاک و هەر شتێک لە توانایدا بووایە، هەروەها بانگخوازیش بوو، بەڵام بە کڕینی کتێب و کاسێت و دابەشکردنی بەسەر خەڵکیدا.

بەڵام خوشکانی بەڕێز: لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئەم ئافرەتە لەناو خەڵکانێکدا دەژیا کە هەموویان دەیانوویست بێباوەڕی بکەن، تەنانەت پێیان دەوت سیحر و جادوت لێکراوە، قورئان خوێنیان بۆ دەهێنا، دەیوت هیچی نییە، بەڵام ئەمان بڕوایان پێنەدەکرد، جارێکیان فێڵیان لێکرد و



Scanned with CamScanner

پێیـان وت: بۆ خواردنی ئێواره دەڕۆیـن بۆ ماڵی خزمێکمان، ئەوانیـش بردیـان بۆ لای شـارەزایەکی ئەو بـواره، پیاوەکە ملـی گرت و بە هـاوکاری منداڵەکانـی و مێردەکەی ئەوەندە پەسـتانی خستەسـەر ملی کە خەریک بـوو گیانی دەربچێت، دەپاڕایـەوە لـە منداڵەکانی کە ڕزگاری بکەن، بەڵام کەسـیان وەڵامیان نەدەدایـەوە، ئەم هەر لەپێناوی ئایینەکەیدا لەسـەر ئەو هەمـوو ئازاره ئارامـی دەگرت.

پاشـان لێیانـدا و بردیـان بـۆ نەخۆشـخانە و بەهـۆی کاریگـەری لێدانەکـەوە نەشـتەرگەرییان بـۆ کـرد، بەڵام وازی لـە ئایینەکـەی نەهێنـا، بەڵکـو زیاتر ئیمانـی پتەوتر دەبـوو، ئـەوان هـەر بـەردەوام بـوون تا لەسـەر ڕێگای ڕاسـتەقینە لایبـدەن و وەکـو ئـەوان بێـت و خەریکـی گاڵتەوگـەپ و باوەشـکردن بـە دونیـا و ڕۆیشـتن بـۆ شـوێنە تێکەڵاوەکان و خۆدەرخسـتن بێت، بۆیە بەردەوام لـە ململانێـدا بوو لەگەڵیـان و تاکـە پەناگە کـە پەنای بۆ ببردایـە خـوای گـەورە بوو.

ئەمـە ئـەو مەینەتییـە مەزنە بـوو کە ئـەو ئافرەتـە تێیدا دەژیا.

خوشـکانم: مەبەستم لەم باسـکردن و بەسەرهاتە هەرگیز ناوبانـگ دەرکـردن نییـە، بەڵکـو بەرزکردنـەوەی وره و هیممەتـی ئێوەیـە و ئارامگرتنتانە بەتایبەتـی ئەوانەمان کە لەسـەر ئاینەکەمان بەرەو ڕووی هێـرش دەبینەوە، چونکە



Scanned with CamScanner

ئەمە سوننەتی خوای گەورەیە بۆ دروستکراوەکانی و پێویستە تاقیبکرێنەوە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ (٢) وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ (العنكبوت: ٢ - ٣).

واتە (ئایا خەڵك وادەزانن کە وازیان لێدەهێنرێت ئەگەر بڵێن بڕوامان هێناوە، ئیتر ئەوان تاقی ناکرێنەوە، سوێند بەخوا بێگومان کەسانی پێش ئێوەشمان تاقیکردووەتەوە و ئەمانیش تاقی دەکەینەوە، ئینجا بێگومان خوا ئەو کەسانەی ڕاستیان کرد دیاری دەکات و درۆزنەکانیش دیاری دەکات).

ئەمە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو ئافرەتە بوو کە بۆم باسکردن، وەک چۆن خۆی بۆی گێڕامەوە، ئەو ئافرەتە هەموو ئەو کارانە دەکات و ئێمەش...!!

فرسەتتان بۆ بەجێ دەهێڵم، تا هەریەکە لە ئێمەش پێداچوونەوەی خۆی بکات و لە خۆی بپرسێتەوە و بزانێت چی پێشکەش بەم ئایینە مەزنە کردووە.

لەکۆتاییدا داواکارم و خوازیارم لە هەر یەکێک لە ئێوە کە ڕووبکاتە خوای گەورە و بپاڕێتەوە و دوعا بۆ ئەو ئافرەتە بکات، تا خوای گەورە دەرووی لێبکاتەوە و ڕزگاری بکات لە مەینەتی و نارەحەتییەکان کە تێیدا دەژی.



Scanned with CamScanner

# ڕقم لە دایکمە

دایک سەرچاوەی سۆز و خۆشەویستییە و دایک دڵنیایی و بەختەوەریی و دڵئارامییە و تیماری بیمارییە، هەروەها لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێت کە هەموومان ماڵی خۆمانمان خۆشدەوێت.. لەبەر ئەوە شتێکی سروشتییە کە خەڵکی دایکانی خۆیان خۆشبووێت و هەرگیز سەرسام نەبێت کاتێک گوێت لە یەکێکەوە بێت بڵێت: کە بەڕاستی من دایکم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام هەڵوێستی تۆ ئەی برا و خوشکم چی دەبێت ئەگەر گوێت لە کەسێکەوە بێت بڵێت: من ڕقم لە دایکمە، ئاواتی مردنی بۆ دەخوازم، ئایا لەو

بڕوایەدان هۆکاریَ هەبێت پاڵ بە کەسێکەوە بنێت کە وا بە دایکی بڵێت؟

بە داخەوە لە قۆناغی دواناوەندیدا گوێم لە هاوڕێکمەوە بوو پێی وتم: من ڕقم لە دایکمە، زۆر سەرسام بووم، خەریک بوو چەپۆکێکی پێدا بکێشم، بەڵام قیژاندم بەسەریدا و وتم: شتی وا نابێت.. شتی وا نەڵێیت.. خۆ تەنها من قسەکەی ئەوم ڕەت نەکردەوە، بەڵکو هەموو هاوڕێ کچەکانی تری، کاتێ گوێیان لەو قسەیەی دەبوو دەیانقیژاندیان بەسەریدا.. ئایا بڕوا دەکەن ئەو ڕازی نەدەبوو هیچ دەربڕینێ بنووسێت کە پەیوەندی بە دایکەوە هەبووایە، ئەگەر لە قوتابخانە داوای لێبکرایە باسی دایکی بکات، ئەم باسی خراپی و دڵڕەقی دایکی دەکرد.

ڕۆژێکیان نزیکبوومەوە لێی و تەنها من و ئەو لە پۆلەکەدا بووین، لێم پرسی: هۆکاری ئەو هەموو ڕقەی چییە بەرامبەر بە دایکی، بەڕاستی وەڵامەکەی تووشی شۆکی کردم و منیش پەشیمانبوومەوە کە قیژاندم بەسەریدا، ئەو دوودڵ نەبوو لەباسکردنی بەسەرهاتی و ئازار و مەینەتی خۆی لەگەڵ دایکیدا و وام هەستدەکرد کە لەو ڕۆژەوە ئاواتەخوازە کە یەکێک سەبارەت بە ئازارەکانی ئەو پرسیارە بکات، تاوەکو دەرفەتی بۆ برەخسێت کە ئازارەکانی سووک بکات، کە بەسەریەوە کەڵەکە بووبوو، بۆیە لەوکاتەدا کە هەستم کرد تەنیایە پێی وتم: بە هۆی شتێکەوە باوکم دایکمی تەڵاق دا، من ئەوکاتە شیرەخۆرە

بـووم، خوشـک و بـرای گـەورەم هەبـوو، دایکـم لـە ماڵی باوکـم چوویـە دەرەوە و ڕازی نەبـوو هیـچ منداڵێک لەگەڵ خۆیـدا ببـات، تەنانـەت منیش کـە شـیرەخۆرەبووم، ڕازی نەبـوو بمبات.

دوای تێپەڕبوونـی ماوەیـەک بەسـەر دەرچوونیـدا نەخۆشـییەکی سـەختم گـرت، باوکـم بردمـی بـۆ لای ئەو، بـەڵام ئـەو ڕازی نەبـوو بمگرێتـە خـۆی، یان لـە ماڵەکەیدا پێشـوازیم لێبـکات.

باوکـم وتـی: ئەمـە کچـی تۆیـە، نامەوێـت بـڕۆم و خۆت بەخێـوی بکە.

باوکـم منـی هێنایەوە بۆ ماڵـەوە و ئێمەش لەگـەڵ باوکماندا دەژیایـن، باوکـم گرنگـی بە هەمـوو کاروبارەکانمـان دەدا، هەتا گـەورە بووین.

دایکـم بیری لـەوە نەدەکردەوە کە تەنانـەت بۆ یەک جاریش سـەردانمان بـکات. هاوڕێکەم وتـی: دوای ئەوەی خوشـکە گەورەکـەم شـووی کرد سـکی بـوو، لـە کاتـی منداڵبووندا بارودۆخـی زۆر نارەحـەت بـوو، لەنێـوان مـردن و ژیاندا بـوو.. داوای کرد کە دایکـم ببینێت، ئێمـەش پەیوەندیمان بە دایکمانـەوە کرد، تاوەکو بێـت و بیبینێت، بەڵام دایکم هەرگیز ڕازی نەبـوو کـە بێـت و تەنانـەت پەیوەندیشـی نەکـردەوە تـا بزانێـت خوشـکەکەم چۆنـە... ئەمە کورتەی بەسـەرهات و مەینەتـی هاوڕێکـەم بـوو، منیـش بەڕاسـتی ڕەچـاوی بارودۆخەکەیـم کـرد، دایکـم حەز بـە بوونی من نـەکات و



Scanned with CamScanner

منــی خــۆش نەویــت ئیتر مــن دەتوانم چــی بکــەم؟.. ئەگەر کەســێکی غەریــب و نامۆ پەیوەنــدی نەبێت پێمانــەوە، ئەوە بێتاقــەت دەبێــت، بۆیــە هەســت بــە بێتاقەتی و بە ســووکی و ماتەمــی دەکەیــت، ئــەی ڕاتان چۆنــە بەرامبــەر نزیکترین کەس کــە ئەویــش دایکە؟

بەڕاســتی مــن دەرم نەخســت کــە ڕق و کینــەی هاوڕێکەم لــە جێــی خۆیەتــی، بەڵکــو پێــم وت: هــەر شــتێکی لەگەڵت کردبێــت ئــەو هــەر دایکی تۆیە و پێویســتە ڕێــزی بگریت و خۆشــتبووێت و ســەردانی بکەیت، تەنانەت بــا ئەویش تۆی لەبیــر کردبێــت... مــن هەمیشــە هەوڵمــدەدا کــە وای لێبکەم بەهانــە بــۆ دایکی بهێنێتەوە و چاوپۆشــی لە هەڵســوکەوتی بــکات.. من بــۆ ماوەی ســاڵێک لەگەڵیــدا خەریکــی هەوڵدان بــووم، بــەڵام بێســوود بوو، چونکــە برینەکــەی زۆر گەورە بوو.

# لەزەتێک کۆتاییەکەی تاڵە

خۆیــان بینییــەوە ڕووبــەڕووی یەکتری بوونەتــەوە لەگەڵ حــەز و ئارەزوویەکی زۆردا، کــە بەرەنگاربوونەوەی حەرام شکســت پێ دێنێت، هەردوولا ئەو خۆڕاگرییەی کە پێویســت بــوو هەبێت نەما، بۆیە لاوازیی مرۆیی زاڵ بوو بەســەریاندا، کە ســیفەتێکی ئــەو قۆناغەی تەمەنە.

بەڵــێ نائومێــدی بــە هەمــوو جۆرەکانیــەوە کۆبوویــەوە و ئێســکی مرۆڤــی دەشــکاند، ئــەم کچە مافــی ئــەوەی نەبوو شــکاتی حاڵــی خــۆی لــە کەس بــکات، ئایــا لە کێــی بکات؟ خــۆی زاڵــم و زوڵملێکراوە.

لـە ڕاسـتیدا هاوبەشـێکی هەبـوو، بـەڵام ئێسـتا کـوا هاوبەشـەکەی؟ تەنانـەت ئەگەر ببێت ئایا دەتوانێت بەشـێک لـە ئازارەکانـی ئـەم لابەرێـت؟ یـان ئـەو ئـازارە لەگەڵیـدا هەڵبگرێـت کـە بەهۆیـەوە ئاسـۆی بەردەمـی دادەخرێت و دەروازەی ئومێدەکانـی لێبوردنیـش دادەخرێت؟ ئەو بەهۆی تاوانەکەیـەوە شـەرمی کـرد و داوای لێبوردنیـش لـە خودا بکات..

بەڵـێ.. ئـەوە سـاتێکە کـە شـتەکان پارچە پارچـە دەبن و پاشـماوە بەجێ ناهێڵن، هەموو خانەیەکی لەشـی پێشـوازی لـە کۆرپەلەیەکـی تـازە دەکات، مەزنتریـن ئـازارەکان کـە تێکەڵـە بە خۆشـی بـۆ بەدیهێنانـی ئەزموونـی موعجیزەی مرۆڤایەتـی، بەڵـێ.. ئافرەت چەندین مانگ ئـەو کۆرپەلەیە لە سـکیدا هەڵدەگرێـت، کـە نزیکترین شـتە لێیەوە.

بـەڵام ئـەم وەکـو دایکەکانـی تـر نییـە کـە گوزارشـت لە مەزنتریـن سـاتیان دەکـەن لـە ژیانـی دایکایەتیـدا، ئـەم هەمـوو سـاتێکی گەورەبوونی کۆرپەکە بەڵایەکـی نامۆیە لە جەستەیدا.

ئـەم کائینـە نابێت بمێنێت، چونکە بوونـی پێچەوانەیە لەگەڵ مانەوەیـدا، بۆیـە پێویسـتە بسـڕێتەوە و زاڵ بێـت بەسـەر شـوێنەواریدا، پێویسـتە خـۆی بـە تەنهـا هەڵبسـتێت بـەو کارە، پێویسـتە بـە دەسـتی خـۆی لـە بوونـدا کۆتایی بەو جگەرگۆشـەیە بێنێت.

لەوپـەڕی ئـازار و ناخۆشـیدا ڕوخسـاری بـۆ ئاسـمان



Scanned with CamScanner

بەرزکـردەوە و داوای یارمەتـی دەکـرد، پـاک و بێگـەردی ئاسـمان و ئەسـتێرەکانی بینی، بەڵکو تاوانەکەی خۆیی بینی کە ئاسـۆی لەبەرچاوی ئەم شـاردبوویەوە... بۆیە هاوارێکی شـاراوەی کـرد کـە گوزارشـت بـوو لـەو بێئومێدییـەی ناخـی، ڕازی نەبـوو لە ڕەحـم و بەزەیی خـوا بێئومێد بێت، بەوپـەڕی بینابییەوە تەماشـایکرد، بۆیە ڕووبەرێکی تەسـکی ئاسـمانی بینی، فرمێسـک بە چاوانیدا هاتەخوارەوە و داوای لێخۆشـبوونی بـۆ مرۆڤێـک دەکـرد کـە تـاوان زاڵبووبـوو بەسـەریدا، بە دڵـی کەوتە دووانـدن لەگەڵ پـەروەردگاری.

دەکرێـت ئـەوە سـاتانێک بێـت لـە شـەپۆلی بەختیـاری و خۆشـیی کـە دابەشـبووبێت بەسـەر تاکەکانـی خێزانەکەیدا ،کە ئێسـتا ئازارەکانی شـاردووەتەوە لێیان، بەڵام هەمیشـە بێسـوودە کاتـێ کـە کار لـە کار دەترازێـت، هەموو شـتێ بـەو شـێوەیە دەگـوزەرا کـە ئاواتـی دەخواسـت، کاتێ کە بەهۆی نزیکی و دراوسـێیەتی گەڕەکـەوە پەیوەندی لەگەڵیدا دروسـت بـوو، چونکە هەمـوو ڕۆژێ ڕادەبورد بـە بەردەم قوتابخانەکەیـدا، کـە دواناوەنـدی بازرگانی بوو، پاشـان لە دوورەوە بەدوایـدا دەڕۆیشـت، هەوڵـی نـەدەدا لێـی نزیک بێتـەوە، یان قسـەی لەگەڵـدا بکات، بەڵام جێگای سـەرەنجی بـوو، هەتـا ڕاهاتبـوو کـە لەو شـوێنەدا کـە کوڕەکـە تێیدا ڕادەوەسـتا بگەڕێـت بەدوای چارەنووسـیدا.

هەرکـە کچەکە لە قوتابخانە دەهاتـەدەر، دەکەوتەڕێ بەرەو ماڵـەوە بەبـێ ئـەوەی هاوڕێکانـی بزانـن چـی ڕوودەدات،



Scanned with CamScanner

ئەگـەر کورەکـەی ببینیایـە دڵنیادەبـوو، ڕۆژێکیـان نەیبینی، وای هەسـت دەکرد شـتێکی ونکـردووە، هەروەها بۆ ڕۆژی دووەمیش نەیبینی، بەوشـێوەیە تا کۆتایـی هەفتەکە نەیبینی، خەریـک بوو لە بیـری دەچوویـەوە، ئەگـەر ڕۆژی یەکەمی هەفتـەی داهاتوو نەیبینیایە، خەندەیەکی ئاراسـتە کرد و ملی جووڵانـد و بـۆ ماوەیەکی زۆر تەماشـای کورەکـەی کرد... ئاسـەواری ئەوەی بینی کە خۆشـی دیاربوو بە ڕوخسـاری کورەکـەوە، جیابوویـەوە لـە هاوڕێکانـی و بـە ڕێگایەکـی تـردا ڕۆیشـت.. کورەکەش دوایکەوت تا گەیشـتە ئاسـتی و تەنیشـتی، بەبێ ئەوەی کچەکە پرسـیاری لێبـکات، وتی: من نەخـۆش بـووم و زۆرم حەز دەکـرد کە بتبینم... دەسـتیان کرد بە قسـەکردن وەک ئەوەی سـاڵانێکە یەکتری دەناسـن.. بینینـەکان زیادیـان کرد و کچەکـە بۆی دەرکـەوت ئەویش وەک خـۆی وایە و لە بازرگانیـدا دیبلۆمی دواناوەندی هەیە، باوکـی دایمەزرانـدووە و لـە فەرمانگەکەیـدا فەرمانبەرێکی سـادەیە... وای هەسـت دەکرد کە لە فەرمانگەکەدا کۆتکراوە، چونکـە حـەزی دەکـرد لـە بازرگانیکـردن لـە مۆبیلیاتـی میللیـدا لەگـەڵ باوکیـدا بمێنێتـەوە... بەڵام باوکی نەیهێشـت وازبهێنێـت... دەبووایـە ئـەم کـورە تـا پێنج سـاڵی تر ژنی نەهێنایـە، تاوەکـو پارە لـە مووچە کەمەکـەی کۆبکاتەوە، تا بەشـی مارەیی یان پارچە ئاڵتونێک یان پێداویسـتی ژنهێنان بـکات، چونکـە باوکـی خاوەنـی چەندیـن کوڕ و کـچ بوو، نەیدەتوانـی یارمەتـی کورەکەی بدات مەگەر لە سـنوورێکی تەسـکدا.. بـەڵام نەیدەزانـی چۆن لـەو بەرنامەیـە دەربچێت

کە لەگەڵ باوکیدا دایناببوو. کچەکە تەواو سەرنجی ئەمی ڕاکێشابوو، بۆیە کوڕەکە تیامابوو، نەیدەزانی چی بکات، کاتی لە کچەکەی پرسی: ئایا دەتوانێت بڕوات بۆ ماڵیان داوای بکات یان نا و کەی؟

لە پڕ کچەکە خەفتبار بوو، سەری داخست و ماتەمییەکی تەواو بە قسەکانیەوە دیاربوو، وتەکەلیکی وت کە ئەوی خەمناک کرد، سۆزی جووڵا بۆی و چەند جاری کچەکە فرمێسکی سڕی، گەر هەردووکیان لە شوێنێکی گشتیدا نەبوونایە باوەشیان بەیەکدا دەکرد، تا خەم و خەفەتی نەهێڵێت!

وتی: من لە دوو ماڵدا دەژیم، بەڕۆژدا لە ماڵی دایکمدا دەژیم کە شووی بە پیاوێکی تر کردووە و بە شەویش لە ماڵی باوکم، ئەویش بۆ ڕاپەڕاندنی ڕێکەوتنی نێوانیان، چونکە باوکی حەز ناکات کچەکەی لە ماڵی پیاوێکی تردا بێت و دایکیشی ئیتر حەز ناکات لە مێردەکەی تری منداڵ و کچی ببێت... ئەم منداڵی گەورەی ئەوانە... ئەم لەناو هەمووانیدا بە ناز و عەیار بوو، تا ئەوکاتەی کارەسات ڕوویدا و دایکی تەڵاقدرا، ئەوکاتە تەمەنی ئەم دەساڵ بوو، پاشان نارەحەتییەکان دەستیان پێکرد.

باوکی ئافرەتێکی تەڵاقدراوی مارەکرد، ئافرەتەکە کوڕێکی ناصاڵحی هەبوو، کە لە دواناوەندی گشتیدا بوو، ئەو لە شەقامەکانەوە پەروەردە بووبوو، حەزی لە سەر شەقام و دانیشتنی ناو قاوەخانەکان بوو، ئیشێکی بۆ خۆی داهێنابوو،

بـۆ هاوڕێکانـی بووبـوو بە نموونـە، ئەویـش کۆکردنەوەی چەنـد کەسـێک بوو لـە حانـووت و قاوەخانـەکان، ئەوانەی هەڵدەسـتن بـە خۆشـی و ماتەمییـەکان، سـەیر لـەوەدا بوو دایکیشـی شـانازی پێـوە دەکـرد، دایکیشـی کۆنترۆڵی گەرەکەکـەی کردبـوو و کۆنترۆڵـی باوکیشـی کردبـوو و دەیویسـت من شـوو بە ئـەو بکەم.

بـەڵام باوکم پشـتی منـی دەگرت، کەچی ژیانێکی سـامناکم دەبردەسـەر، کاتێ لـە ژوورەکەی خۆمـدا دەخەوتم، هەموو شـەوێک دەرگاکـەم لـە ژوورەووە دادەخسـت... زۆرباشـە مـن مەوعیدێکت لە باوکمـەوە بۆ وەردەگـرم، چونکە ئەگەر باوەژنەکـەم بزانێـت بەهەر شـێوەیەک بێت کۆسـپ دەخاتە بەردەممـان و کاریگەریـی لەسـەر باوکـم هەیـە و ژیانـی تێکدەدات.

کچەکـە نەیدەزانـی ئـەم جۆرە قسـەکردنانە بە ڕاشـکاوانە وای لێـدەکات زیاتر هۆگری بێت، یان بیر لە پاشەکشـەکردن نەکاتەوە، پێش ئەوەی هەڵوێست وەربگرێت، سۆزدارییەکەی وایلێکـرد بەزەیـی پێدابێتـەوە و وایلێکـرد کە لە دەسـەڵاتی کچەکـەدا نەبـوو، بیبـات بـۆ لای باوکـی و بیخوازێـت لێی، چونکـە پێویسـتە بیشـبیات بـۆ لای دایکی، کە زیاتـر دایکی حـەزدەکات شـووکردنەکەی لـە ڕێگـەی ئـەوەوە بێـت و مافـی باوکیشـیەتی ئامـادەی زەماوەنـد بێت، بۆیـە بڕیاری خوازبێنی درا.

پێکەوە ڕۆیشـتن. ئەگەر شـەو دواکـەوت دەڵێت لای دایکی

بوو و ئەگەر ڕۆژ دەرنەکەوت دەڵێت لای باوکی بووە و ئەو بارودۆخەی بۆی ڕەخساندن کە بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێن بە ماڵی هاوڕێ کوڕ و کچەکاندا و هەمووان لە هەوڵدابوون کە بگەڕێن بۆ جێگایەکی نیشتەجێبوون بۆ ئەم دوو دەزگیرانداره.. باوکیشی ڕازی بوو بەرنامەکە کورت بکاتەوە و بەپێی توانا یارمەتی بدات.

لەژێر چەتری دەزگیرانداریدا بۆیان ڕەخسا کە بە ئارەزووی خۆیان یەکتری ببینن، چەند هەفتەیەکی نەخایاند بەرەو ڕووی یەکتری بوونەوە، کوڕەکە داوای کرد کە خێزانی بگوازێتەوە، بۆیە لەم بەینەشدا باوکی کچەکە نەیدەویست ژنەکەی بزانێت، تاوەکو کارەساتی لێنەکەوێتەوە، هەمووان بەدوای شوێنێکدا دەگەڕان.... بەڵام بێسوود بوو.

هەمووان لە گەڕاندا شەکەت بوون، دایکیشی بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕا کە لەو شەرمەزارییە ڕزگاریان بێت، کچەکەش تۆقیبوو لەگەڵ ئەندێشەکانیدا سەفەری دەکرد و بە خەمەکانیەوە دەگەڕایەوە.. جارێ لە مردن دەترسا و هەزار جاریش لە حەیاچوون، ئازارەکانیش دەبارین و ئومێدی خانوو و لەگەڵ لەباربردنی کۆرپەلەکەدا کە ئیتر لەباربردن سەختتر دەبوویەوە، چونکە دایکەکە و کورپەلەکە دەکەوتنە ژێر مەترسییەوە، بۆیە ئافرەتەکە چۆکی دادا، چاوەڕوانی بەڵا و ڕزگاربوون بوو، کار لە دەستی ئەوان دەرچووبوو...

پێش ئـەوەی مانگـی نـۆ کۆتایـی بێـت، لـە پـڕ تەنهـا لە ژوورەکەی خۆیدا هەسـتی بە ئازارەکانـی منداڵبوون کرد و ئارامـی زۆری هەبوو کـە نەیدەزانی لە کوێوەیە، سوپاسـی خـوای کرد، چونکـە کەس لە ماڵـەوە نەبوو و نەیدەویسـت کەس بـەم فەزاحەتـە بزانێت.

ئازاریـش سـات تا سـاتێک بەرۆکـی بەرنـەدەدا... دڵنیابوو کـە وردە وردە بـەرەو مـردن دەڕوات، کۆرپەلەکـە ڕێـگای خـۆی گرتەبـەر، بۆیە لە دامێنیەوە هەسـتی بە شـتێک کرد، خەریـک بـوو لـە هۆشـدەچوو، منداڵێکی لێکەوتـە خوارەوە و دەجووڵایـەوە، دەیویسـت پـڕ بـە گورگـی هـاوار بکات، بەڵام دەسـتی خسـتە دەمیـەوە تا دەنگـی نەیەت، هـاوار و ئازارەکانـی لـە هۆش خۆیـی بـرد.. نەیزانی بـەرەو کوێ... وایزانـی بۆ سـاتێ یان چەند سـاتێ لە هۆش خـۆی چووە.

کاتێ هۆشـی هاتەوە خۆی، بینیی لە مەینەتییەکی بچووکەوە کەوتـە مەینەتییەکی گـەورەوە، منداڵەکە نە هاواری دەکرد و نە هەناسـەی دەدا، چونکە ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو، هەستا بەبێ عەقڵیەوە خۆی لەو کارەسـاتە ڕزگار بکات، تەماشـای کـرد منداڵەکـە کچە، بەسـەر ئەو هەمـوو حاڵەتەدا سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی بزانێـت چ ڕەگەزێکە!! پێچـای لە چەند پۆشـاکێکی کۆنـەوە و بردی لـە جێگایەک داینـا و گەڕایەوە بۆ سـەر جێگاکەی خۆی، تا هەموو ئاسـەوارەکانی لابەرێت و بـە خەڵکی نیشـان بدات کە تەنها نەخۆشـە.

منتديات المسافر

## زەینەب غەزالی لە شەپقەوە بۆ حیجاب

زەینەب غەزالی ئەو ئافرەتەیە کە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەسەپێت بەسەریدا :

(خِيَارُكُمْ فِي الجَاهِلِيَّةِ خِيَارُكُمْ فِي الإِسْلامِ إِذَا فُقِهُوا).

واتە: (چاکترینتان لە سەردەمی جاهیلیەت و نەفامیدا چاکترینتانە لە سەردەمی ئیسلامەتیدا، ئەگەر تێبگەن)..

پێش پابەندبوونی بە ئیسلامەوە ئاگرێکی بڵێسەدار بوو، زمانێکی بوێر بۆ وتنی ناهەق و بەرگریکردن لێی، چونکە پێی وابوو کە ئەوە حەق و ڕاستییە، پاشان هەر کە



Scanned with CamScanner

ڕووناکی بینی، لە پابەندبوونیدا کەسێکی بەتواناتربوو تا پێشتر، ئەو ئێستا لە نیشتمانی عەرەبی گەورەدا پایەیەکی کاری ئیسلامی ئافرەتانە... بە هەموو دڵسۆزییەکەوە بۆ ئەوە کاری کردووە و ئێستاش بەردەوامە.

## نوسەیبەی کچی کەعب

(زەینەبی کچی محمد غەزالی الجبیلی) لە 2 ینایەری 1917ز لەدایکبوو لە یەکێ لە گوندەکانی پارێزگای (البصیرە) لە (میسر)، باوکی لە زانایانی ئەزهەری پیرۆز بووە، پەروەردەی کرد لەسەر خۆنەویستی و خێر و چاکە و ڕەوشتبەرزی و ئامادەباشی کردبوو بۆ پێشەنگی و بوێری لەسەر حەق و ڕاستگۆیی و وەستان لەبەرامبەر زوڵمدا. ناوی نابوو (نوسەیبە) بۆ پیرۆزی هاوەڵی خۆشەویست (نوسەیبەی کچی کەعبی المازنی ئەنصاری) کە بە جوامێری بەناوبانگ بووە، یەکێ بووە لە پاڵەوانەکانی جەنگەکان، لە ڕۆژی جەنگی (ئوحود)دا نارەحەتییەکی سەختی بەرسەردا هاتبوو، لە دوانزە شوێنەوە بریندار بوو بوو، یەکێ بوو لە خۆڕاگرەکان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لەسەربێت) کاتێک خەڵکەکە کشانەوە.

کاتێک باوکی ویستی ئەم کچەش بشوبهێنێت بەو هاوەڵە بەڕێزە مەبەستی ئەوە بوو کچە منداڵەکەی ڕابهێنێت لەسەر خۆشەویستی و جیهاد و بەرگریکردن لە ئیسلام

و لــە ژیاننامــەی پێغەمبــەری خــوا و هاوەڵانــی بەڕێــزی..
شمشــێرێکی لــە تەختــە بــۆ دروســتکرد و بــە تەباشــیر
لەســەر زەویەکــە بازنەیەکــی بــۆ کێشــابوو، وتی: بوەســتە
و لــە دوژمنانــی پێغەمبەر ﷺ بــدە، ئەویش لە ناوەڕاستی
بازنەکــەدا وەســتاو و بــە ڕاســت و چــەپ و پێش و پاشــدا
شمشــێری دەوەشاند.

کاتــێ باوکــی لێی پرســی: چەنــد دوژمنی پێغەمبــەری خوا
ﷺ ت کوشــت؟ ئەویــش شمشــێرەکەی لە هــەوا دا و وتی:
دوو ســێ چوار... بەوشــێوەیە.

## مردنی باوکی:

دوای وەفاتــی باوکــی ژیانــی خۆشــی منداڵیەتــی درێــژەی
نەکێشــا، کە هانی دەدا بۆ بەرگری لە ئایین و دروســتکردنی،
کاتــێ کــە تەمەنــی دە ســاڵان بــوو، بۆیــە هەســتی بــە
لەدەســتدانی خــەون و ئومێدەکانــی دەکــرد، پاشــان دایکی
گواســتیەوە بــۆ قاهیرە تا لەگــەڵ ئەو خوشــکانەیدا بژی کە
لــەوێ دەیانخوێنــد و کاریــان دەکرد، ئەمیش حــەزی دەکرد
خوێندنەکەی تــەواو بکات.. (محەمــەد)ی براگەورەی ڕێگری
دەکرد..کاتــێ دایکی باســی ئەوەی لەگــەڵ کوڕەکەیدا دەکرد
بــە دایکــی دەوت: بەڕاســتی زەینەب باوکم فێــری جوامێری
کــردووە و فێری ئــەوەی کــردووە کە تەنها گــوێ لە دەنگ
و عەقڵــی خۆی بگرێــت!! لەبەر ئەوە مــن ڕازی نابم خوێندن

تــەواو بــکات تا مــن سەرپەرشــتیاری بم، ئەوەندەی بەســە کە لــە قوتابخانەکانــی لادێدا فێــری بووە.

هەڵوێســتی (محەمــەد) یەکەمیــن گــۆڕان بــوو لــە ژیانــی زەینەبــدا دوای وەفاتــی باوکی، چونکە ئــەم ڕەزامەند نەبوو بــە هەڵوێســتی براکــەی، دایکیشــی پێــی دەوت: پێویســتە بەگوێــی براکــەت بکەیــت، چونکــە لــە جێــی باوکتە.

لــە نێو ئەم سەراســیمەبوونەدا (عەلی) برای یارمەتیدەری بــوو، کــە بــرای دووەمــی بــوو، لەســەر بەردەوامبــوون لەســەر هەڵوێســتەکەی، چونکە بۆچوونی باوکی وابوو کە خوێندنەکــەی دەبێتە هــۆی بەهێزبوونی بیروبۆچوونەکەی و دید و بۆچوونی بۆ شــتەکان و خەڵکی ڕاســت دەبێتەوە، بۆیــە کۆمەڵــێ کتێبــی زۆری بــۆ پەیدا کــرد، تــا تەنیایی خــۆی پــێ پڕ بکاتــەوە، گرنگترینیــان کتێبێکی (عائیشــەی تەیمــووری) بــوو ســەبارەت بــە ئافــرەت، کــە زۆربــەی بڕگەکانــی لەبەرکردبوو.

وازی نەدەهێنــا بە کتێب و خوێندنــەوەی ئازاد، ڕۆژێکیان لــە مــاڵ چــووە دەرەوە لــە گەڕەکــی (شــەبرا)، ئەوکاتــە تەمەنی دوانزە ســاڵ بوو، بە شــەقامەکاندا دەگەڕا، چاوی کــەوت بە قوتابخانەیەکی تایبەت بــە کچان، لە دەرگاکەیدا، کاتــێ دەرگاوانەکــە پرســیاری لێکــرد؟ پێــی وت: هاتووم چــاوم بکەوێت بــە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە!! لێی پرســی: بۆچــی؟ ئەویش بــە بڕوابە خۆبوونەوە وتــی: من زەینەبی



Scanned with CamScanner

غەزالیم کە ناسـراوم بە نوسـەیبەی کچـی کەعبی مازنی، مەوعیـدم هەیە لەگەڵیدا، دەرگاوانەکـەش کردیە ژوورەوە و سەرسـام بوو لە هەڵوێسـتی ئەو کچـە بچووکە.

زەینـەب چـووە ژووری بەڕێوەبـەر و وتـی: (السـلام علیکـم و رحمـة الله و برکاتـة) من خاتـوو زەینەبـی غەزالیم و نازنـاوم نوسـەیبەی کچـی کەعبـی مازنیـە، پیاوەکەش تەماشـایەکی کـرد و وایزانـی جنۆکە چووەتە لاشـەیەوە، بە هۆی شـێوازی قسـەکردنیەوە، پاشـان پێـی وت: چیت دەوێ خاتـوو زەینـەب یـان خاتوو نوسـەیبە؟

ئەمیش بەسـەرهاتی خۆی و هەڵوێسـتی بـرا گەورەکەی بـۆ گێڕایـەوە، کـە نایەڵێـت بخوێنێـت و داوای لێکـرد کـە وەک خوێنکارێـک لـە قوتابخانەکـەدا وەریبگرێـت، کاتـێ بەڕێوەبەرەکـە پرسـیاری باوکـی و براکـەی کـرد خێزانەکەیانـی ناسـیەوە و باپیریشـی ناسـیەوە کـە بازرگانێکـی بەناوبانگـی لۆکە بـوو، باوکیشـی بەناوبانگ بـوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە سەرسـام بوو بە زیرەکی و بوێرییەکـەی، بۆیـە بـە چەند پرسـیارێک تاقیکـردەوە، ئەویـش زۆر بـە متمانـە بـە خۆبوونەوە وەڵامـی دایەوە، بەڕێوەبـەر داوای لێکـرد عەلـی برای بهێنێت کە سـوورە لەسـەر خوێندنی، تا لە قوتابخانە تۆماری بکات، دوای دوو مانـگ لە بـەردەوام بوونی لـە خوێنـدن، تاقیکردنەوەیەک کـرا و بەهۆیەوە چووە پۆلێکی ترەوە، پاش ئەوە ڕۆیشـتە

پۆلی یەکەمی ناوەندی.

## یەکێتی ئافرەتان:

دوای ئەوەی ڕۆیشتە ناوەندییەوە لە یەکێ لە ڕۆژنامەکاندا خوێندیەوە کە ئەو یەکیەتیی ئافرەتانەی کە (هودا شەعراوی) سەرۆکایەتی دەکات کۆمەڵێ کچ دەنێرێت بۆ فەرەنسا کە پێکهاتبوون لە سێ کەس، یەکەمیان بۆ بواری جوانکاری و دووەمیان بۆ بواری پەروەردەی منداڵ و سێیەمیان بۆ بواری مافەکان و بەرگریکردن لە ئافرەت.. بەپەلە ڕۆیشت بۆ بنکەی یەکێتی ئافرەتان و چاوی کەوت بە (هودا شەعراوی) و ئەویش خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕی و بەزەیی پێدا هاتەوە، پاشان بەپەلە لە ڕیزبەندی ئەو سێ قوتابیە کچە تۆماریکرد و کچەکەی پێ شکەش بە پێشەنگی ڕێکخراوەکە کرد و باسی بەسەرهاتەکاتەی بۆ کرد، ئەمیش وتاربێژێکی بەتوانا بوو، چونکە هونەری وتاردان لە باوکیەوە فێربوو بوو.

دوای ئەوە مەوعیدی سەفەرەکەی دیاریکرا و زەینەب باوکی لە خەودا بینی کە داوای لێدەکات کە سەفەر بۆ فەرەنسا نەکات و پێی دەڵێت: بەڕاستی خوای گەورە لە میسر قەرەبووت بۆ دەکاتەوە بە زیاتر لەوەی کە لەو گەشتەدا دەستتدەکەوێت، ئەمیش پێی وت: چۆن؟! وتی: دەیبینیت، بەڵام سەفەر مەکە، چونکە من لەسەر ئەو



Scanned with CamScanner

سەفەرە ڕازی نیم.. (هودا شەعراوی) زۆر سەرسام بوو بەو بڕیارە، هەستایەوە و باوەشی کرد بە زەینەبدا، لە کاتێکدا کە دەگریا و دەستەکانی دەگوشی و وتی: زەینەب بۆچی؟ زەینەب بۆچی؟ تۆ ئومێدێکیت لە ئومێدەکانی من، خەونێکیت لە خەونەکانی من، ئەمیش خەونەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش وتی: هەندێک لە خەونەکان دێنەدی و هەندێکیشیان نایەنە دی، ئەم فرسەتە لە دەست خۆت مەدە... زەینەب غەزالیش پێی وت: مادام باوکم فەرمانی پێداوم، منیش سەرپێچی فەرمانەکەی ناکەم، پاشان ڕۆیشتەوە بۆ کارکردن لە میانی ئەو یەکێتییەی ئافرەتانەدا کە ئەم یەکێک بوو لە ئەندامانی دیاری دەستەی کارگێڕیی... هەرچەندە هەندێ لە ئەندامەکانی تر پێچەوانەی ڕەفتاری ئەم دەبوونەوە، چونکە ڕەفتارەکانی دوور نەبوون لە مۆرکێکی ئیسلامییانە، بەڵام (هودا شەعراوی) دەستی پێوە بوو و داینابوو کە جێنشینی خۆی بێت، بە نیسبەت ئەمەوە خەون و ئومێدەکانی خۆی تێدا دەبینییەوە.

## جەنگ لەگەڵ ئەزهەرییەکان:

زەینەب غەزالی چەندین جەنگی دژی ئەزهەرییەکان بەرپاکرد، کە تێیدا تێکۆشانی دەکرد بۆ یەکێتی ئافرەتان، بڕوابوونی زەینەب بە هودا شەعراوی و پرۆژەکەی جێگای مەترسی بوو، چونکە دادەنرێت بە تەڵەیەک بۆ هەموو



Scanned with CamScanner

ئافرەتــان، ئەزهەری پیرۆز یەکەمین بنکە بوو کە هۆشــداری ســەبارەت بەو مەسەلەیە دا و لەگەڵ یەکێتی ئافرەتاندا کەوتە بەرەنگارییەکــی تونــد و ســەختەوە، لــە ئەنجامــدا چەندیــن پەیڤیــن و ســیمیناری ڕۆشــنبیری ئەنجامــدرا، لــە هەندێ لە کۆلێــژ و پەیمانگاکانــی ئەزهــەردا و تێیــدا یەکێتــی ئافرەتان بانگهێشــت دەکرا بۆ پەیڤین... بۆیە (هودا شــەعراوی)ش سێ کچی دانا کــە لەو ســیمینارانەدا نوێنەرایەتــی یەکیەتییەکەی بکــەن، لەوانــەش (زەینــەب غەزالــی) و (ســیزا نەبــراوی) و (حــەوا ئیدریس- کــە کچی خاڵــی هودا شــەعراوی بوو).

لە یەکێ لەو بۆنانەدا شــێخانی ئەزهەر باسی بانگەوازەکەی (هــودا شــەعراوی)یان دەکرد و دەیانســەلماند کــە دەیەوێت ئافرەتــی موســوڵمان بباتــە دەرەوەی تەعالیمی شــەرعی و زەینەبیــش وەڵامێکــی توندی دانەوە و جەختی لەســەر ئەوە کــرد کە (هــودا شــەعراوی) دەیەوێــت ئافرەتی موســوڵمان پایەبەرزتــر بکات و گەشــە بــە عەقڵ و تێگەیشــتن و وێنای بــدات، بــۆ هەوڵدانــە لەپێنــاو بەدەســتهێنانی مافەکانیــدا.. تا دواهەمینــی ئــەو دروشــمە درۆینە و بریــق و باقانە کە زۆر بە ڕاســتگۆیانە بانگەشــەی بۆ دەکرد و بــەلای خۆیەوە وای دەزانی ڕاســتەقینەیە!

ڕۆژێکیــان بــەرەو ڕووی مامۆســتای ئەزهــەر دەبێتــەوە، ئەمیش بەرەو ڕوویان دەوەســتێت و پشتگیری بۆچوونەکانی هــودا شــەعراوی دەکات، ئەوانیــش ناچــار دەبن کــە داوا لە مامۆســتا (عەبد ڕەببە) بکەن کە سەرۆکی بەشی ئامۆژگاری

و ئیرشادی ئەزهەرە کە ڕێگا نەدات ئەو کچە وتار بدات، بەڵام مامۆستا (عەبد ڕەببە) خاوەنی زانست و بیرێکی فراوان دەبێت و دەڵێت: دە مامۆستا لە زانایانی ئەزهەر بەرەنگاری بووینەوە و نەیانتوانی قەناعەتی پێ بهێنن، باشە ئێمە ئەگەر ڕێگامان نەدا وتار بدات، ئەوە دەبێتە هۆی خراپی هەڵسوکەوتی ئێمە و ڕاستی بانگەشەکانی ئەو.. بۆیە من بەرەنگاربوونەوەی بە باش دادەنێم.. یەکێ لە زاناکان کە ناوی (شێخ محمد النجار)بوو، وتی: من دابنێن بۆ ئەو!!!

بۆ ڕۆژی دوایی کاتێ لەگەڵ دوو هاوڕێکەیدا سیزا و حەوا ڕۆیشت بۆ دانیشتن، مامۆستاکە هات و وتی: (السلام علیکم و رحمة الله و برکاتة) ، سڵاویش لە تۆ ئەی ئەو ئافرەتەی کە موناقەشە لەگەڵ زانایانی ئەزهەر دەکەیت و بەرگری لە بەڕێز (هودا شەعراوی) و ڕێکخراوەکەی و ئامانجەکانی دەکەیت.

(زەینەب غەزالیش) هەستایەوە وتی: سەرەتا من ناوم (زەینەب غەزالی الجبیلی)یە و سڵاو و ڕەحمەتی خوای گەورەش لە ئێوە، پاشان وتاری بۆ کچەکان دا، مامۆستاش بە وردی سەرنجیدا، دوای ئەوەی کە لێبوویەوە و ئافرەتەکان چووونە دەرەوە، بە زەینەبی وت: کچی خۆم ڕێگام پێ دەدەیت چەند خولەکێک لە بواری بانگەوازی ئیسلامیدا قسەت بۆ بکەم؟

ئەویش وتی: بێگومان لە خزمەتتدام، فەرموو.. مامۆستاکە



Scanned with CamScanner

دانیشت و پاشان هەردوو دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و دوعایکرد و وتی: خوایە گیان من لێت دەپاڕێمەوە بەناوە جوانەکانت و بەو کتێبەت کە ناردووتە خوارەوە و بەو پێغەمبەرەی کە ناردووتە، کە ئەم ئافرەتە بگێڕیت بۆ ئیسلام، بەڕاستی تۆ بەسەر هەموو شتێکدا تواناداریت.. تکات لێدەکەم بە قورئان کە بیگێڕیت بۆ ئیسلام و صلی الله علی سیدنا محمد.. پاشان چاوەکانی پڕبوون لە ئاو.. زەینەبیش خۆی بۆ نەگیرا و ئەویش چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو و هەوڵیدا لەبەردەم مامۆستاکەدا بیشارێتەوە، پاشان لێی پرسی: بۆچی پێتوایە کە من لەگەڵ خوای گەورەدا نیم، خۆ من نوێژ دەکەم و ڕۆژوو دەگرم و قورئان دەخوێنم، ئەگەر خوای گەورە بۆی ڕەخساندم حەجی ماڵی خواش دەکەم، هەروەها ئاواتەخوازم لەپێناوی خوادا شەهید ببم.

شێخ نەجار وتی: منیش هەروا تۆ دەبینم و بەردەوام بوو لەسەر دوعاکردنەکەی و پاشان وتی: ئایا پاش گەڕانەوەت دەڕۆیت بۆ لای (هودا شەعراوی) یان لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەی دەمێنیتەوە؟

ئەویش وتی: من بێگومان کاتێک لەگەڵ (هودا شەعراوی) دام واهەست دەکەم کە لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەشیدام، ئەویش وتی: ئایا پەیمانم پێ دەدەیت لەسەر سەرخستنی حەق و ڕاستی، ئەویش پەیمانی پێدا.

پاشان پەیوەندی لەگەڵ شێخ نەجاردا بەردەوام بوو ،کە کۆمەڵێ کاروباری ئاینی و زۆری بۆ باسدەکرد کە



Scanned with CamScanner

نەیدەزانـی، کـە پێش ئـەوەی زانیـاری هەبێـت دەربارەی ڕای پێچەوانــەی هەبــوو، بۆیــە چاوی بە ڕووی زۆر شــتدا کراوەیــە کــە پێشــتر نەیدەزانی.

## بالاپۆشی

ڕۆژێکیــان زەینــەب ڕۆیشــتە مەتبــەخ بۆ چاودێری چێشــت و خواردنــەکان لــە کاتــی ئامادەکردنیاندا، بۆیە لــە ئەنجامدا غازەکــە تەقیــەوە پیایــدا و ئاگــر ڕوخســاری و هەمــوو جەســتەی داگیرکــرد، کاتــێ پزیشــک بینــی و دەســتکرا بە فریاگوزاری پێویســت، داوای لێکرد کە نەجوولێت و لەســەر جێگاکــە بخەوێــت و هەواڵــی بــە براکانیــدا کە پێویســتە بۆ چارەســەرکردن ببرێت بــۆ دەرەوەی وەڵات، بەڵام ئەم ڕازی نەبوو ســەفەر بکات و جەســتەی نیشــانی کەســانی غەریب و نامــۆ بدات.. پزیشــکەکەش ڕۆژانە دەهات و چارەســەری بریــن و ســوتاوییەکانی دەکــرد.. بــەڵام ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ حاڵەتــی خراپتر دەبوو.. پزیشــک و خێزانەکەشــی ئومێدیان نەمابــوو کــە چاک بێتــەوە.. پزیشــکەکەش بە براکــەی وت: بێگومــان دەمرێــت و چاک نابێتــەوە، براکەشــی هەواڵەکەی دا بــە خزمانــی کە پزیشــکەکە چــی دەڵێت.. بۆیــە ماتەمینی ســەراپا ماڵەکــەی داگیرکــرد و بە زەینەبیشــیان نــەدەوت.. بــەڵام ئــەم گوێی لــە دەنگــی براکەیــەوە بوو کاتێــک کە بە تەلەفۆن قســەی دەکــرد، هەرچەندە براکــەی هەوڵی زۆریدا

کـە ئـەم گوێـی لـێ نەبێـت... زەینـەب تەیموومـی کـرد و سـەرقاڵی خواپەرسـتی بوو بـۆ ئامادەبوون بۆ مـردن و لە خـوای گـەورە پاڕایـەوە و وتـی: پـەروەردگارا ئەگـەر ئەم سـزایە ئەوەیـە کە مـن چوومەتە نـاو ڕێکخراوەکـەی هودا شـەعراوییەوە، ئـەوە مـن بڕیارمـداوە کـە ڕاسـت ببمە بۆ ڕەزامەنـدی تـۆ و ئەگـەر ڕق و تووڕەیـی تۆ بۆ سـەر من لەبەر ئەوەیە کە شـەپقەم لەسـەر کـردووە، ئەوە لای دەبەم و حیجـاب دەپۆشـم و مـن پەیمـان و بەیعەتـت پێـدەدەم ئەگەر لاشـەم بگەڕێتـەوە بارودۆخی جارانی، ئەوە دەسـت لەکارکێشـانەوەی خۆم پێشـکەش بە یەکێتی ئافرەتان دەکەم و ڕێکخراوێـک بۆ ئافرەتانی موسـوڵمان بـۆ بڵاوکردنەوەی بانگـەوازی ئیسـلامی دادەمەزرێنـم و کاردەکەیـن بـۆ گەڕانـەوەی ئافرەتی موسـوڵمان بۆ سـەر ڕەفتار و کرداری ئـەو ئافرەتانەی هاوەڵـی پێغەمبەری خوا بوون و بانگەشـە دەکـەم بـۆ گەڕانـەوەی خەلافەتـی ئیسـلامی و کار دەکەم لەپێناویـدا و چەنـدە بتوانم، تێدەکۆشـم لەپێنـاوی خوادا.

سـبحان الله... دڵسـۆزی چەنـد شـتێکی جوانـە لـە دوعاوە، ڕاسـتەقینەیی تەوبە و گەڕانەوە بـۆ لای خوا و دڵنیابوون لە دەسـەڵاتی خوای گەورە بەسـەر هەر شـتێکدا کـە بیەوێت.. زەینـەب پێشـبینی نەدەکـرد کـە بـەو خێراییـە وەڵامـی دوعاکەی بدرێتەوە، کە خۆی وەسـفی دەکات.. کە بەڕاسـتی ئەنجامێکـی سەرسـوڕهێنەر بـوو، کـە توانـای دیاریکراوی عەقڵـی ئێمە ناتوانێـت تێبگات لە توانای خوایی، کە شـتەکان بـە پێچەوانەکانیـان دەگۆڕێـت. تەنهـا بـە کردنـی دوعا، لە

کاتی ئاسـایی خۆیـدا لەفافەکان لێکرانـەوە و تەنانەت خۆیی و هەمـوو ئامادەبووانیـش سەرسـام بوون.

پزیشـکەکە لەوپـەڕی سەرسـام بوونیـدا لێـی پرسـی: تۆ کێیـت!! هەرچی لە ماڵەوە بوون دڵخۆشـبوون بە شـیفای و ڕوویانکردە خوای گەورە و سـوپاس و ستاییشـیان دەکرد.

پزیشـکەکەش ڕازی نەبوو هیچ پارەیـەک وەربگرێت، دوای ئـەوەی کـە بە چاوی خـۆی ئـەو گۆڕانە کتوپـڕەی بینی و هەر دەیوت: سـبحان الله.. سـبحان الله بەڕاسـتی خوا توانادارە بەسـەر هەموو شتێکدا.

## وازهێنان:

کاتـێ زەینـەب چـاک بوویـەوە و جەسـتەی وەکـو پێـش سـووتاوییەکەی لێهاتـەوە، یەکەم شـتێ کـە ئەنجامیدا ئەوە بـوو پەیامێکـی نارد بـۆ (هـودا شـەعراوی) و ڕایگەیاند کە لـە یەکێتـی ئافرەتـان واز دەهێنێت و دەسـتبەرداری هەموو پۆشـاکەکانی بوو و داوای لە براکـەی کرد کە جبەیەکی پان و پـۆڕ و سەرپۆشـێکی بـۆ بکڕێت، کـە لەجیاتی شـەپقەکە بـەکاری بهێنێت و سـەری پێ دابپۆشـێت.

زۆرجـار شـتی زیانبەخـش سـوودی هەیـە... بەڕاسـتی کارەسـاتی سـووتانەکەی هەمـووی خێـر بـوو، چونکە ئەو گۆڕانـە گەورەیە ڕوویـدا و بیروبۆچوونـی گۆڕیی و بردی بەرەو سەرخسـتنی ئایینی ئیسـلام و پابەندبوون بە حیجابی

ئیسلامییەوە.

زانایانــی ئەزهەر بەتایبەتی (شـێخ نەجـار) هەواڵی ڕێنمایی ئیمانیـان پێگەیشـت زۆر دڵخۆش بوو، پاشـان چالاکییەکانی زەینــەب غەزالــی دەسـتی پێکـردەوە کە لە سـاڵی 1936 ز بــوو، کاتێ (کۆمەڵــەی ئافرەتانی موسـوڵمان)ی دامەزراند و بــە چاوڕوونییــەوە بانگــەوازی دەکـرد بۆ لای ڕێـگای خوا و بەڕاسـتی کۆششـێکی بــە پیـت بوو کــە زۆر لــە کادیرە ئیسـلامییە ئافرەتــەکان گەشــەیانکرد و کاریان بـۆ بانگەواز دەکـرد.. هــەر لــە گەورەبوونیانــەوە بەبـێ ئــەوەی بچن بە کوچــە و ڕێچکــە خراپەکانــدا کــە پێشــتر زەینــەب غەزالــی پێـدا ڕۆشــتووە بـۆ گــەڕان بــەدوای ڕووناکیـدا کــە دوای ناڕەحەتــی و دڵسـۆزی و گــەڕان ڕێنمایــی کـرا و پاشــان گوشــراوی ئەزموونەکانی پێشـکەش بەوانە کرد کە لە دوای خـۆی دێـن و ئاگادارکردنەوەیــان لــە هەڵدێـر و تیاچوون، بەهۆی زمان شـیرینی و بریق و باقی دروشـم، کە خۆشـی ڕۆژێـک سـەرگەردانی ئەو شـتانە بوو، بەڵام خـوای گەورە ڕزگاریکـرد کــە خەریک بــوو تیادەچوو.

زەینــەب غەزالــی کەسـێکی دیـار و بەتوانـا بــوو، لــە فەرزحکردنــی بانگەشــە بەتاڵەکانــدا و توێژێکــی صاڵــح بــوو لەدایکبووبــوو لەگەڵ بانگەوازێکی پیســدا، ئــەم گوێی پێنەدا و ڕێـگای حەقی گرتەبەر و تا دوا هەناســەی ژیانی بەرگری لــەم بانگــەوازە دەکرد.

زەینــەب کاتێک تام و چێژی ئیمانی چەشــت و گەڕایەوە،



Scanned with CamScanner

دوای ئـەوەی هەمـوو دروشـمە و بریـق و باقەکانـی تاقیکـردەوە، دوای ئـەوەی کـە دڵنیابـوو ئیسـلام چەندە شایسـتەیە بـۆ هەمـوو کات و شـوێنێک و دڵنیابـوو لـە نارێکـی هەمـوو ڕێچکەکانـی تـر، تەنانەت ئـەو ڕێچکانە ناتوانـن ئەوانـەش بـە بەردەوامـی لەسـەر ڕێچکەکەیان بهێڵنـەوە کـە لـە بانگەشـەکەرانن و بەرگـری لێدەکەن و فوودەکـەن پیایـدا، بـۆ زیندووبوونـەوەی دوای ئـەوەی کـە ڕاسـتییەکانیان بـۆ دەردەکەوێت و لەبەردەم ڕاسـتی ئیسـلامدا هەرەسـدێنن و زیندوویەتی و گونجانی ئیسـلام تـا خوای گـەورە دەیکاتە میراتی زەوی و ئەوەی لەسـەر زەویدایە.

ئەمـە بـوو گەشـتی زەینەب غەزالی، گەشـتی سـەخت و نارەحەت، لە شـەپقەوە بۆ حیجـاب.. ڕەوتی خۆیی گۆڕیی تا پێشـوازی لـە قۆناغێکی تر بکات کـە نارەحەتی زیاترە، ئـای چ نارەحەتییـەک!.. چەندیـن نارەحەتـی تووشـهات.. جارێـک لـە ڕۆژیدا و جارێک بـە بەندکـردن و جارێکیش بـە ڕاوەدونـان و ئەمیش بـە گیانێکی بەرزەوە پێشـوازی لـەو نارەحەتییانە دەکـرد و دەرکی بەوە دەکـرد کە ئەمە سـوونەتی ژیانـی ژنانـی بانگەوازکـەری صاڵحـە، بـۆ ئـەوەی پاکبێتـەوە لە هەموو پیسـییەک لەبـەردەم هەموو نارەحەتییەکانـدا، ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت، خۆڕاگربـوو، پاشـان دوای سـاڵانێکی درێـژ لـە زوڵـم گەڕایـەوە تـا



Scanned with CamScanner

ئایینەکـەی لەنێـوان دەسـتیدا هەڵبگرێت، بـەو هۆیەوە لە هەمـوو شـوێنێک تا ئەمڕۆ خەڵکی بە شـانازییەوە باسـی دەکـەن و خۆشـیان بەوێـت.. خوایەگیـان بـە باشـترین شـێوە پاداشـتی بـدەرەوە و کردەوەکانـی لێوەربگرە، کە تەنهـا لەپێنـاوی تـۆدا ئەنجامی داوە.

لها أون لاين: محمد علي الغريب

# (مريم جميله) لە تەسکایی یەهودییەوە بۆ بەرفروانی ئیسلام

خوایەگیـان.. ڕێنمایـی و بینینـی ڕووناکـی و حـەق دوای تاریکایـی چەندە جوانە! چەندە جوانە مرۆڤ لەنێو شـەپۆلی ئیمانیدا خـۆی ببینێتەوە کە دەروونـی و ڕۆحی ببوژێنێتەوە و بە جەسـتەیدا بڵاوبێتەوە، دوای برسیەتی و ماندووبوونی:

إِنَّـكَ لَا تَهْـدِي مَنْ أَحْبَبْـتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَـاءُ ۚ وَهُـوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِيـنَ (القصص: ٥٦).

واتـە: (بەڕاسـتی تـۆ ڕێنمایـی ئەو کەسـە ناکەیـت کە خۆشـتدەوێت،

بەڵکو خوای گەورە ڕێنمایی ئەو کەسە دەکات کە خۆی دەیەوێت).

ئەوەش مەریەم جەمیلە ئەو نموونە ناوازەیەی ئافرەت کە گەڕا بە دوای ڕاستیدا و ئارامیگرت و خۆڕاگر بوو تا ڕێگای خوای گەورەی دۆزیەوە و بۆی دەرکەوت و زانی ژیانی مرۆڤ یان بۆ خۆیەتی یان لەسەر خۆیەتی و ڕۆڵی خۆیی لە ژیاندا بینی، وەک ئافرەتێکی موسوڵمان بانگەوازی دەکرد بۆ ڕێی خوا و بەرەنگاربوونەوەی یاسا بەتاڵەکان و بەرەنگاریان دەبوویەوە.

## مارگرێت مارکوس

(مارگرێت مارکوس) مەریەم جەمیلە (لە ساڵی 1934ز لە شاری نیۆیۆرک لەدایکبوو، لە دایک و باوکێکی جولەکە، سەرەتای خوێندنی لە ناوچەی (ویستتشیر) دەستپێکردووە و ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوەی هەر لە سەرەتادا پێشبینی ئەوەی لێدەکرا کە زەمین لەرزەیەک ڕەوتی ژیانی دەگۆڕێت و لە تاریکاییەوە دەیبات بەرەو ڕووناکی و ڕایدەکێشێت و دووری دەخاتەوە لە زۆنگاوی یەهودییەت، تاوەکو هۆگری ئیسلام بێت، هەر بە منداڵی حەزی لە کتێب بوو، ڕقی لە سینەما و سەما و مۆسیقای پۆپ بوو، هەرگیز مەوعیدی لەگەڵ کوڕاندا نەبوو و ڕێگای ئاهەنگە تێکەڵەکان و ژووانە ئەویندارییەکانی نەدەزانی.



Scanned with CamScanner

مەریـەم دەڵێـت: (هـەر لـە تەمەنـی دە ساڵیەوە حـەزم لە خوێندنـەوەی هەمـوو ئـەو کتێبانە بوو کە باسـی عەرەبیان دەکـرد و دەرکـم بـەوە کـرد کـە عەرەبـەکان ئیسـلامیان بـە مەزنی نەگێـڕاوە، بەڵکـو ئیسـلام ئەوانی لـە خێڵەکی و هـۆزی ناو بیابانی وشـک و بەرین گۆڕیوە بۆ سـەرکردەیی جیهانی).

دوای دەرچوونـی و سـەرکەوتنی لە دواناوەنـدی لە هاوینی (1952ز) چـووە بەشـی دیراسـاتی ئەدەبـی لـە زانکـۆی نیویـۆرک، بەڵام بۆ سـاڵی ئایندە نەخۆشـکەوت و ناچاربوو بـۆ ماوەی دوو سـاڵ نەخوێنێت، لەو ماوەیەدا دەسـتی کرد بـە دیراسـەکردنی ئیسـلام و دوای ئـەوەی گەڕایـەوە بـۆ خوێنـدن چەندیـن پرسـیاری زۆری لە مێشـکدا هەڵگرتبوو، لەگەڵ سـۆز و خۆشەویسـتی بۆ موسـوڵمانان، گەیشـت بە کچێکـی جولەکە کە سـوور بوو لەسـەر ئەوەی موسـوڵمان بێـت، ئەویـش وەکو ئـەم موسـوڵمانانی خۆشدەویسـت، لە نیویۆرکـدا ئاشـنای کـرد بـە زۆرێـک لـە هـاوڕێ عەرەبە موسـوڵمانەکان و هەردووکیان ئامادەی ئـەو وانانە دەبوون کە حاخامی جولەکە پێشکەشـی دەکرد، کە بابەتەکەی لەسەر (جولەکە لە ئیسـلامدا) بـوو، حاخامەکە هەوڵی دەدا کە لەژێر دروشـمی بـەراوردی ئایینەکان بـە قوتابییەکان بسـەلمێنێت کـە هەرچـی شـتی چاکە لە ئیسـلامدا ڕاسـتەوخۆ لـە (عهد القدیـم - التلمـود)ەوە وەرگیـراوە، کە تەفسـیری جولەکەیە بۆ تـەورات و ئەو کتێبـە بڕیاردراوەی حاخامەکـە دایانابوو، هەنـدێ ئایەتـی قورئانـی پیـرۆزی تێدابوو، تـا بنەمای هەر



Scanned with CamScanner

یەکێ لـە ئایەتەکان بگێڕێتــەوە بۆ ســەرچاوەکانی جولەکە..

## ناتەواوی و ناڕاستی

لەگەڵ ئەوەشــدا صەهیۆنییــەت بیروبۆچوونەکانی بەوپەڕی سەربەســتییەوە بڵاودەکـردەوە لــە ڕێـگای ڕێکلامــەکان لە فیلمەکانــەوە کە بانگەشــەی دەکـرد بۆ دەوڵەتـی صەهیۆنی و پێشــوازی لێدەکـرد، بــەڵام کارەکــە بــە نیســبەت ئەمەوە جیـاواز بــوو، چونکە ئــەو بیروبۆچوونانە لە مێشــکی ئەمدا زیاتـر برەوی بــە ئیســلام دەدا بەســەر جولەکــەدا، چونکە صەهیۆنییــەت هەمیشــە پارێـزگاری لەســەر سروشــتی خێڵەکـی تەسـکی خـۆی دەکاتــەوە و لــە کتێبەکانیانـدا کـە مێـژووی یەهودییەتـی تێـدا نووســراوەتەوە خــوای ئەوان تایفەییــە و تایبەتــە بەوانەوە!!

لــە جیاوازییە سەرســامەکان ئەوەیە کە ســەرۆک وەزیرانی پێشــووی ئیســرائیل (بــن جوریــون) بــاوەڕی بــە خوایەکی زانــراو نییــە کــە ســیفاتی خــودی هەبێـت و وای لێبـکات لــە ســەروو سروشــتەوە بێـت و ناچێتــە مەعبەدەکانــی جولەکــەوە و بە شــەریعەتی جولەکە کار نــاکات و ڕەچاوی دابونەریتەکان ناکات، لەگەڵ ئەوەشــدا کەسێکی لە پێشە لای باوەڕپێکــراوان لــە جولەکــە تەقلیدییەکان، ئەوانــەی کە ئەو بــە یەکێ لــە گــەورە جولەکەکانی ئــەم ســەردەمە دادەنێن، هەروەهــا زۆربەی ســەرکردە جولەکەکان بڕوایــان وایە کە

خوای گـەورە وەکیلی عەقاراتە و زەوی بەخشـیوە بەوان و تایبەتمەنـدی کـردووە بەوان و کەسـی تر ئـەو مافەی نییە.

هەمـوو ئـەو ناتەواوییانـە وای لەو کچە کرد کـە بەخێرایی دەرک بە ناڕاسـتییەکانی جولەکە بـکات، هەروەها ڕەقی زانا جولەکەکانـی بـۆ دەرکـەوت بەرامبەر بە موسـوڵمانەکان و بەرامبـەر بە پێغەمبەر ﷺ.. لەبەر ئـەوە بە تێپەڕبوونی کات زیاتـر دووردەکەوتـەوە و ڕقی زیاتر دەبوو هـەر کاتێک لە بیروچوونیـان ڕۆبچووایە و قـووڵ بووایەتەوە.

مەریـەم دەسـتیکرد بـە خوێندنـەوەی تەفسـیری قورئانی پیـرۆز بـە زمانـی ئینگلیـزی لـە دانانـی مامۆسـتا (محمـد بیکتـول)، بۆیـە لە دڵیدا چەسـپا کە ئەمە کتێبێکی ئاسـمانییە و لـە لایـەن زاتێکـی زانـا و داناوەیـە کـە لـە هیچ شـتێکدا زیادەڕۆیـی نەکـردووە و ڕۆژانـە سـەردانی کتێبخانـەی گشـتی نیویۆرکـی دەکـرد.. زانسـتی وەردەگـرت لـە چوار بەرگـی وەرگێڕدراوی (مشـكاه المصابيح) کـە تێیدا وەڵامی تـەواو و باوەڕپێکـراوی هەموو کاروبـارە گرنگەکانی ژیانی تێـدا دەسـتدەکەوت.. بۆیـە زیاتر هەسـتی بـە لاوازی بیری زۆرینـەی کۆمەڵگاکـەی دەکرد، کـە ژیانـی ڕۆژی دوایی و لێپرسـینەوە و پاداشـت و سـزایان بـە میراتێکـی بێسـوود دادەنـا.. بـڕوای زیـادی کرد لە مەترسـی تەسـلیم بوون بە شـەهوەتەکانی دەروون و ڕۆچـوون لەنـاو ئـەو لـەزەت و خۆشـییانەدا کـە تەنهـا مرۆڤ بـەرەو بێنەوایـی و عاقیبەت شـەڕی دەبات.

## الله اكبر.. مەریەم لەدایکبوو:

لـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژەکانـی سـاڵی (1961ز) مارگرێـت بڕیـاری خۆیـدا.. ڕوویکردە بنکەی ئیسـلامی لـە (برۆکلین) لـە نیویۆرک و ئیسـلامەتی خۆی ڕاگەیاند، لەسـەر دەسـتی بانگخـواز (داود فەیصـل) و ناوی خۆی گـۆڕی بۆ (مەریەم جمیلە) و بۆ سـاڵی ئاینده ڕۆیشـت بۆ پاکسـتان، کە لەلایەن (شـێخ ئەبو ئەعـلای مـەودودی) بانگهێشـتکرابوو، پاشـان شـویکرد بە بانگخوازێکی ئیسـلامی (محمد یوسـف خان) و چـوار منداڵی لێـی بوو.

مەریـەم دوای ئـەوەی بە ئاوی سـازگار دەروونـی ئارام و سـەقامگیر بوو وتی: "هەرچەندە پاکستان وەک هەر وڵاتێکی ئیسـلامی تـر بەخێرایـی و بەردەوامـی بـە پیسـاییەکانی ئەوروپـا پیس دەبێـت، بەڵام مرۆڤ دەتوانێـت ژیانێکی ڕێک بەرێتەسـەر کـە بگونجێـت لەگـەڵ تەعالیمی ئیسـلامدا، من ددان بـەوەدا دەنێـم کە من هەنـدێ جار شکسـتدێنم لەوەدا کـە ژیانـی ڕۆژانـەم وا لێبکەم بەتـەواوی لەگـەڵ تەعالیمی ئیسـلامیدا بگونجێـت، بـەڵام تەنهـا بەهـۆی ئەنجامدانیـەوە ددان بـەو هەڵەیـەدا دەنێم و هەوڵدەدەم بەپێی توانا ڕاسـتی بکەمەوە".

جەمیلـە لەگـەڵ ڕووداوەکانـی جیهانـی ئیسـلامیی و ڕەوتە فیکرییەکانـدا ئاوێتەبووبـوو، لـە نامەیەکـدا کـە ئاڕاسـتەی زۆربـەی موسـوڵمانانی کرد وتـی: "دوای ڕێنمایی قورئان و

سـوننەت بکەون، نەک تەنهـا وەکو کۆمەڵێ دروشـم، بەڵکو وەکـو سەرپەرشـتیارێکی کردەیـی بـۆ ڕەفتارەکانـی ژیانی تایبەتی و گشـتی ڕۆژانەمـان و ناکۆیەکانیش وەلانێن.. کاتی بەهـاداری خۆتـان مەفەوتێنـن بە شـتە بێ ئەرزشـەکانەوە و پشـت بـە خـوای گـەورە ببەسـتن، خـوای گـەورە و بە دەسـەڵات سـەرکەوتووتان دەکات لە ژیانی دونیادا و ژیانی ڕۆژی دواییشـتان دەبەنەوە).

مەریـەم نیشـتمانی ئەصلـی خۆی لـە یاد نەکـرد، بەڵکو لە مارسـی (1983ز) نامەیەکـی نووسـی بـۆ دایـک و باوکی و تیایـدا وتـی: "پێویسـتە ئەوە بزانـن کە ئـەو کۆمەڵگایەی ئێمـە تیایـدا ژیاوین و گەورە بووین تووشـی پیسـبوونێکی خێرابـووە، ئێسـتا لە کەنـاری تیاچووندایە، ئێسـتا ئەمەریکا دووبارەبوونـەوەی ڕۆمانـی کۆنـە لـە قۆناغەکانـی کۆتای هەرەسـهێناندایە، هەروەهـا ئەورووپـاش و هەر شـوێنێکی دیکـەش کـە ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوا زاڵبووبێـت بەسـەریدا شکسـتیان هێنـاوە و بەڕاسـتی عەلمانییـەت و ماددییـەت شکسـتیان هێنـاوە و نەیانتوانیوە ببنە بنەما بۆ سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتی سـەرکەوتوو".

لها اون لاين

## کۆتایی غەش (قۆپیە)

ئەمە بەسەرهاتی قوتابیەکی کچە کە لە تاقیکردنەوەدا غەشی کردبوو، بۆ پەند وەرگرتن باسی دەکات و دەڵێت:

"لە زانکۆدا دەمخوێند و تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو، ئاشنابووم بە کچێکی هاوڕێم کە لە ڕووی ماددییەوە گوزەرانی باش بوو و ئەو کەسەی کە من شووم پێکردبوو، ئەویش خوێنکاری زانکۆ بوو، هیچ سەرچاوەیەکی داهاتمان نەبوو تەنها ئەو بڕە پارەیە نەبێت کە مانگانە دەیاندا پێمان.. منیش سەرسام بووم بە ئاستی کۆمەڵایەتی هاوڕێکەم، کە دەیان هەزار ڕیاڵ کۆدەکاتەوە و لە کۆتایی هەفتەدا



Scanned with CamScanner

گەشــت دەکات بــۆ یەکێ لە وڵاتە عەرەبییە دراوســێکان یان وڵاتێکــی ئەورووپــی تا پشــوویەک بــدات، لەبەر ئــەوە کاتی تــەواوی نییە بۆ ســەعیکردن، سەرســام بوو بە پۆشــاکی و هەرگیــز ڕۆژێــک بیرم لە ڕەوشــت و ئایینەکــەی نەکردەوە، ڕۆشــتینە هۆڵی تاقیکردنــەوەی یەکێ لە وانە زانســتییەکان، تــکای لێکــردم کــە لــە تاقیکردنــەوەدا یارمەتــی بــدەم و وای نیشــاندام کــە غەشــکردن یارمەتیدانــە و لــە تەعالیمی ئایینی ئیســلامە، منیــش بەهۆی نەزانینمــەوە (چونکە دەیوت غەشــکردن لــە تاقیکردنــەوەدا حــەرام نییــە، بەڵکو شــتێکی باشــە چونکــە یارمەتیدانــە)، هەروەهــا منیــش لەســەر ئەو لەلایــەن خوای گــەورەوە کارەم پاداشــت دەدرێمــەوە، بۆیە منیــش هــەر شــتێکم بنوســیایە بەویشــم دەوت.. هەرچەندە مــن لە مانگــی کۆتایی ســکەکەمدابووم، ئەویــش لە لاپەڕەی تاقیکردنەوەکەدا دەینووســییەوە، چونکە من لــە نەزانینمەوە وام دەکرد، خوای گەورە ویســتی وابــوو کە وانەیەک فێرببم کــە منداڵەکانــی خۆمــی پێ فێربکــەم و ئاگاداریــان بکەمەوە لێــی، لەوەی کــە تێیکەوتم... بۆ ڕۆژی دوایی دەســتمان کرد بە تاقیکردنەوەی ماددەی دووەم... پرســیارێکیان وەڵامەکەیم نووســیبوو، بــەڵام دەمویســت دڵنیابــم کــە ڕاســتە یــان نا، بۆیــە لــە ڕێگای ئاماژەوە پرســیارم لەوکەســە کــرد کە لەو بڕوایەدا بووم هاوڕێی دڵســۆزمە، ئایا وەڵامەکە ڕاســتە یان نــا؟ کەچی ئەو وەک ڕەشــەبایەکی ســەخت وەڵامی دامەوە: بــڕۆ و لــە ڕێگەی مامۆســتاوە خــۆت دڵنیا بکە، یــان دوای ئــەوەی کە دەچیتــە دەرەوە خــۆت دڵنیابکە.



Scanned with CamScanner

منیش بەو هۆیەوە زۆر بێتاقەت بووم، بە دەنگێکی بەرز گریام، تا ئەو ڕادەیەی چاودێرەکەمان وا گومانی دەبرد کە بەهۆی ئازاری سکەکەمەوە دەگریم، ئەویش زۆر ترسا و پرسیاری لێکردم کە ژمارەی مۆبایلی مێردەکەمی بدەمێ تا بانگی بکات و بمبات بۆ نەخۆشخانە، منیش وتم پێی: نەخێر ئەمە ئازاری منداڵبوون نییە بەڵکو هەستکردن بە بێتاقەتییە!! لێی پرسیم: بۆچی بێتاقەتیت؟ منیش وەڵامم نەدایەوە.. چونکە شەرمم دەکرد کە تاوانەکەم ئاشکرا بکەم کە کردوومە.. دوای ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونە تۆبەم کرد، کە ئیتر غەش نەکەم و هاوکاری کەس نەکەم وەک غەشکردن.. لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا کە منداڵەکانم ئەنجامیان دەدا ئەم بەسەرهاتەی خۆمم بۆ دەگێڕانەوە.

## ئەزموونم لەگەڵ کچەکەمدا

تووشــی هەڵوێســتێکی قــورس بــووم و ســوپاس بــۆ خوا بەهــۆی بیرکردنــەوەی هۆشــیارانەوە بــە ئاســانی ئــەو هەڵوێســتەم تێپەڕاند، کچەکــەم لە قۆناغی ســەرەتاییدا بوو، لــە پۆلــی چوارەمــدا لــە ڕۆژانــی تاقیکردنــەوەدا تووشــی ئەنفلۆنــزا بووبوو و تووشــی تــا و خیزەی ســنگ بوو بوو، دەرمانەکانیــش یارمەتــی دەدا کە بخەوێــت و تەرکیزی کەم دەکــردەوە.. لە ڕۆژەکانــی تاقیکردنەوەدا زۆر تــووڕە بوو.. چونکــە بەردەوام بێهێز بوو و لەســەر جێــگا کەوتبوو، کاتێ ســەعیم پــێ دەکــرد زۆر ئــاگای لــە خــۆی نەبــوو، مــن لە

خـوا دەپارامـەوە کـە کۆمەکیم بکات تا سـەعی پـێ بکەم و بەبـێ نارەحەتـی و ماندووبوون بەردەوام بـم.. ئەوی تریش بەدەسـت خـوای گەورەیە.

پێـش تەواوبوونـی تاقیکردنەوەکان بە سـێ ڕۆژ، کەسـێکی نزیکـم لـە قوتابخانـە پێـی وتم کـە کچەکـەم لـە وانەکانی پێشـوودا کەوتـووە و پێـی وتـم: کـە مامۆسـتاکانی ئـەو هەواڵەیـان پێداوە.

هەسـتم کـرد بەهـۆی سـەختی هەواڵەکـەوە ناتوانـم قاچم لـە جێـی خـۆم بجوڵێنـم، ئـەو هەڵسـوکەوتەی دوای ئەوە گرتمەبەر سـوپاس بۆ خوا یارمەتی زۆری دام کە هەسـت و بۆچوونم لە ئازار و خەفەتەوە بۆ سـووربوون و حەماسەت بگـۆڕم.. چونکە بـە خۆمم وت: بۆچی مـن ئەوەندە و تا ئەو ڕادەیـە بێتاقەتـم، ئایا دوعـا ئاڕاسـتەی کارەکان ناگۆڕێت و ئازاری سەرشـانم کـەم ناکاتەوە.

بۆچی سوپاسی پەروەردگارم نەکەم، کە من گوێم لە هەواڵی مردنـی نەبـوو، یان گوێبیسـتی شـتێک کـە خوانەخواسـتە کـەم ئەندامییەکی هەمیشـەیی بێـت... بۆیە سـوپاس بۆ خوا سـاڵێکی فەوتـاوە نـەک هەمـوو سـاڵەکانی، بـە هـەر حاڵ شـەوانە هەڵدەسـتام و دوعـام دەکـرد و لە خـوای بەتوانا دەپارامـەوە کە گۆڕان بەسـەر واقیعەکـەدا بێنێت بەوەی کە باشـە و چاکە، سوپاسـی خوام دەکرد کە بەتوانایە بەسـەر هەمـوو شـتێکدا و ئەمە لـە مینەتی گـەورە هێورترە.

موفاجەئـات دوای تەواوبوونـی تاقیکردنـەوەکان ڕوویـدا..

من لەوپەڕی حەماسەتدا بووم، سووربووم لەسەر ئەوەی خوای گەورە بارودۆخەکان دەگۆڕێت، سەرسام بووم بە قسەی هاوڕێکەم کە کچەکەم نەکەوتووە تەنانەت لە وانەیەکیشدا، ئەویش سەرسام بوو بەو ئاستەی کە کچەکەم بەدەستی هێنابوو، خوای گەورە دەکەم بە شایەتی ئەو وتانەم.

## مێردی تووڕە

لەیلا بەهۆی تووڕەیی (عادل)ی مێردیەوە هەراسان بووبوو، ئیتر نەیدەتوانی لەبەردەم تووڕەییەکەیدا ئارام بگرێت، چونکە ئەگەر هەڵەیەکی بکردایە تووڕە دەبوو بەسەریدا، با هەڵەکەش بەبێ مەبەست بووایە، تووڕە دەبوو و هەڵدەشاخا پیایدا.

ئەگەر بۆ ساتێکیش لە ئامادەکردنی داواکاریەکانیدا دوا بکەوتایە و ئەگەر ژنەکەی بیویستایە تەمێیەکی منداڵەکانی بکات دەیقڕاند بەسەریدا.

بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەیلاوە چاری نەبوو ئەوە نەبێت



Scanned with CamScanner

کـە بڕواتــەوە بۆ ماڵی باوکی تا زۆر بێنێـت بۆ مێردەکەی تا پەیمانــی بداتــێ کە ئیتر تــووڕە نابێت لێی... عادل ســەردانی ماڵــی خەزووری کــرد و خێزانی بینی و داوای پەشــیمانی و داوای لێبووردنــی کرد کــە بەهۆی تووڕەبییــەوە چ ڕەفتارێکی نواندووە.. ژنەکەشــی وتــی: من لێبووردنەکــەت قبول دەکەم، بــەڵام ناگەڕێمــەوە بۆ ماڵــەوە تــا پەیمانم نەدەیتــێ کە ئیتر تــووڕە نابیــت... ئەویــش وتــی: منیــش پەیمانــت دەدەمــێ.. ژنەکــەی وتی: ئــەی ئەگەر تــووڕە بوویت؟

وتــی: پەیمان بێـت ئەگــەر هەرجارێک تووڕە بــووم (100) دینــارت دەدەمێ.

وتی: باشە ڕازیم.

لەیــلا گەڕایــەوە بۆ ماڵی مێردەکــەی و دڵخۆش بوو بەوەی کە ســەرکەوتنی بەدەستهێناوە، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە براوەیــە، ئەگــەر عادل تووڕە بێـت پارەی دەداتــێ و ئەگەر تــووڕەش نەبێت دڵئارام دەبێت و بەخۆشــی دەژی.

ڕۆژگار تێپــەڕی و هێمــن و ئارامیــی باڵــی کێشــا بەســەر ژیانیانــدا.. عــادل تــووڕە نەدەبوو ئیتر بەبێ هــۆ نەیدەقیژاند بەســەر ژنەکەیدا.. کاتێکیش شــتێک تووڕەی بکردایە و ڕازی نەبووایــە پێــی پەیمانەکەی بیــری مێردەکەی دەخســتەوە و ئەویــش 100 دینــاری دەدایــە و ددانی بەخۆیــدا دەگرت.

مێردەکەشی هەڵەکانی خۆی ڕاست دەکردەوە و ئامۆژگاری ژن و منداڵەکەی دەکرد و ئاراســتەی دەکردن بۆ ئەنجامدانی فــەرزەکان و ئەرکە ئایینییــەکان و هەموو ئەمانەی بە هێمنی

و بــە بێدەنگی ئەنجام دەدا.

جارێکیــان مێردەکــەی تــووڕە دەبێــت و ژنەکەشــی بــە خۆشــییەوە پێشــوازی لە تووڕە بوونــە کتوپڕەکەی دەکات، کە لە ســەرەتادا مێردەکەی سەرســام دەبێت، پاشــان دەرک بــەوە دەکات کــە تووڕەبوونەکەی ناچــاری دەکات کە 100 دینــار بدات بــە ژنەکەی.

لەیــلا بــە پێکەنینەوە دەســت درێــژ دەکات بــۆ مێردەکەی و دەڵێت: دەی دەســت بکە بە گیرفانتــدا و 100 دینارم بەرێ،) عادلیــش خەندە دەیگرێت و جزدانەکــەی دەردێنێت و پارەکە دەدات بــە ژنەکــەی و دەڵێــت: بگرە ئەوە ســەد دینار حەقی خۆتە.

لەیــلاش بــە پێکەنینەوە دەســت دەکات بە ژماردنــی پارەکە و دەڵێــت: لــە زووەووە چاوەڕوانــی ئــەو تووڕەبوونــەم... عادلیــش وتــی: بیگومان تۆ دڵخۆش بوویت بــە تووڕەبوونم، چونکــە پــارەت دەســتکەوت، بــڕوام پــێ بکــە تــۆ زیاترت دەســتدەکەوت بە ئارمگرتنت لەســەر تووڕەبوونەکانم، پێش ئــەوەی پەیمانــت پێبــدەم کە پــارەت بدەمێ.

عــادل بــەردەوام بــوو لەســەر قســەکانی و وتــی: تــۆ بەو ئارامگرتنــەت ژنێکــی چــاک بوویت بۆ مێردەکــەت و چاکیی تــۆ بــۆ مــن یەکســانە بــە هەمــوو ئــەو شــتانەی پیــاو لە پاداشــتدا دەســتی دەکەوێــت.. وەک پێغەمبــەر ﷺ مژدە بە هەمــوو ژنێکــی موســوڵمان دەدات: (حُسْــنُ تَبَعُّلِــكَ لِزَوْجِكَ يَعْــدُلُ كُلَّ هَــذا) چاکیەتــی تــۆ بــۆ مێردەکــەت یەکســانە بە

هەمــوو ئەوانــە.. مــن ڕێــز لــە ســۆز و ئارامــی تــۆ دەگرم لەســـەر تووڕەبوونەکانــم و لەناخمدا ڕێــزی زۆری لێدەگرم و زۆر لــە تــۆ ڕازیــم و پێغەمبەر ﷺ مــژدە بــەو ئافرەتانە دەدات کــە مێردەکانیــان لێیــان ڕازین و مژدەی بەهەشــتیان پێــدەدات و دەفەرموێــت:

(أَيُّما إمْرَأةٍ مَاتَتْ وَ زَوْجُها رَاضٍ عَنْهَا دَخَلَتْ الجَنَّةَ).

واتــە (هــەر ئافرەتــێ بمرێــت و مێردەکــەی لێــی ڕازی بێــت دەرواتــە بەهەشــتەوە).

مجلة الاسرة ع:105 - ذوالحجة 1422

## مردنی خاوەن عەباکە

یەکێ لـە خوشـکە نزیکەکانـم بـۆی گێڕامـەوە کـە لـە دۆستێکیەوە بیسـتبووی، ئەوانەی کە هەڵدەستن بە شۆردنی مـردووەکان بە خۆبەخشـی، ئەم بەسـەرهاتە خەمناکەی بۆ گێڕامـەوە: وتی جارێکیان ئافرەتێکـی مردوویان هێنا، کاتێک ویسـتمان بیشـۆین، بینیمـان کـە مەچەکـی دەسـتی چەپی لکاوە بە شـانی چەپیـەوە، ئێمەش ویسـتمان دووریخەینەوە لـە شـانی، تاوەکـو بتوانیـن بیشـۆین، بـەڵام نەمانتوانـی.. جارێکـی تـر هەوڵمانـدا، بەڵام هـەر نەمانتوانـی، دوای چەند جارێـک توانیمـان دەسـتی دابگریـن.. بـەڵام (سـبحان الله)

دوای ئەوەی لە شۆردنی بووینەوە دەستی ڕۆیشتەوە بۆ شوێنی پێشووی سەرشانی، ئێمەش سەرسام بووین و بەهۆی ئەو دیمەنەوە ترساین و تۆقین، بەپەلە هەستاین بە تەواوکردنی ڕێوڕەسمی شۆردنەکەی و کفنکردنی، پاشان دوای ئەوە کاتی ئەوە هات کە دایبهێڵینە ناو گۆڕەکەوە، کەسوکارەکەی تەماشایانکرد کە شێوەی مەیتەکە سەیر و نامۆیە، بۆیە پرسیاریان لە ئێمە کرد، ئێمەشە ڕووداوەکەمان بۆ گێڕانەوە، بۆیە ناچاربوون گۆڕەکە فراوان بکەن، تاوەکو جێگای مردووەکە بێتەوە، دوای دفنکردنی پرسیاری هۆکاری ئەوەمان لە کەسوکاری کرد؟ پێیان وتین: هیچ شتێکمان لێ نەبینیووە خراپ بێت، تەنها ئەوە نەبێت عەبای داوە بە شانیدا، بەڵێ عەبای داوە بەسەر شانیدا.

المساحه العربيه



Scanned with CamScanner

# ئەمینە

بەخێرایـی هەنـگاوی دەنـا، بەڵکـو خەریـک بـوو بازیدەدا و سـەردانی هەمـوو بەشـەکانی کرد، هەمـوو بەرهەمەکانی بەسـەرکردەوە، تێبینییە وردەکانی سـەبارەت بە بەشـەکان نووسـی کە بینیبـووی، دڵئارام نەبوو هەتا لە ورد ودرشـتی کارەکانـی کۆڵیـەوە، پاشـان خاتـوو ئەمینـە ڕۆیشـت بـۆ ژووری ئیـدارە، کاغەز و قەڵەمێکی هەڵگرت و دەسـتیکرد بە نووسـینی تێبینییەکان بۆ هەڵواسـین بەشـێوازێکی گەورە و ڕوون لـە سـە کاغەزی جـوان جوان.

نووسـینەکان جوانبـوون، فایلـەکان ورد و ڕێـک بـوون،



Scanned with CamScanner

بەلام شـریتە بیسـتراوەکە شـریتێکی هونەری دروست بوو، لـە کاتـی ئامادەکردنـدا تەنهـا شـتێک مایەوە کـە بەوپەڕی ئارامییـەوە چاوەڕوانـی بـوو.. ئەویـش کاسـێتی ڤیدیۆیـی بـوو، کە لـە کاتی ئاهەنگـی ئامادەکـراوی ئەمـڕۆدا نمایش بکرێـت.. لەسـەر کورسـیەکەی هەسـتایەوە و خەندەیەکـی درێژی خسـتە سـەر لێوانی.. لە ژوورەکەی چووە دەرەوە و بەوپـەڕی فەخر و شـانازییەوە لە تابلـۆکان ڕاما و لە ناخیدا هەنـدێ جار یـادگاری کـۆن دەهاتەوە یادی کە هێرشـی بۆ دەهێنا.

ئـەم ئێسـتا چەنـد سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنابێت لـەوەدا سـەرکەوتوو نەبـوو کـە لـە ڕابـردووی ئـازاراوی خـۆی ڕادەکات، (سـامی) ئەو برینە سـاڕێژنەبووەیە کە بەدرێژایی ژیانـی ئازارێکـی ناخۆش بـوو، کە مێردەکەی دەیویسـت بە تەنهـا بۆ خـۆی بێت، نەیدەهێشـت لە ماڵ بچێتـە دەرەوە تا باوەش بەسـەرکەوتنەکانی ژیاندا بکات و پەیامێک پێشـکەش بە کۆمەڵـگا و نەتەوەکـەی بکات...

گوێکانـی کەڕبوون لە ئاسـت ئامۆژگارییەکانـی مێردەکەی سـەبارەت بـە ڕۆڵی دایک لـە پەروەردەکردنـی منداڵەکانیدا، هەمیشـە ڕۆڵی ئافرەتـی کاریگەری دروسـتی ناوکۆمەڵگای دەدا بەگوێیـدا.. ئـەو نەیدەتوانـی دواهەمیـن وتووێژەکانـی نێـوان خـۆی و مێردەکەی لەیـاد بکات!!

حـەز دەکەم بەباشـی لـە من بگەیـت، مـن دژی کارکردنی ئافـرەت نیم، مەگـەر پێچەوانە بێـت لەگەڵ بەرپرسـیاریەتی

یەکەمیدا، بەرپرسیاریەتی گسکدان و مەتبەخ و جلشۆردن و ئوتووکردن... هتد.

نەخێر ڕۆڵی ئەو پیرۆزە، هەرچەندە ئەم کارانە بەشێکن لە بەرپرسیاریەتییەکەی، ژنەکەش بە گاڵتەوە وتی: دەستمانکرد بە فەلسەفەلێدان، فەرموو ئازیزم فێرم بکە بزانم ڕۆڵی من چییە؟... ئەویش زۆر بە لێبڕاوانە وەڵامی دایەوە:

- من دەپرسم چۆن مرۆڤێک دەتوانرێت پەروەردە بکرێت کە کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت و بیروباوەڕێکی چەسپاوی هەبێت، لەکاتێکدا کە یەک دایک ناناسێت، بەڵکو کۆمەڵی دایک دەناسێت؟

ئەویش بە هەڵچوونەوە وەڵامی دایەوە:

+ مەبەستت چییە؟

- بۆ نموونە تەماشای (سامر)ی کوڕمان بکە... دوێنێ بانگی دایکی دەکرد بە (زیزی) و پێشتر فرێ دەدرایە دامێنی دایکە (ئیوە) و ئەمڕۆش لە پاڵ دایکە (ئان)دا دەخەوێت، سبەینێش نازانم!! ئەی دایکە (ئەمینە) لەکوێیە!!

ئەویش بە ساردییەک و سەرسەختییەکەوە دەیوت: تۆ باش دەزانیت کە دایکە (ئەمینە) سەرۆکی کۆمەڵەیەکی خێرخوازی ئافرەتانە، ئەوەش پێویستی بە کاتی زۆر هەیە، ئەمیش لە وەڵامدا دەیوت: ئەی چی بەدەستدێنێت و مرۆڤایەتی چی بەدەستدێنێت ئەگەر هەموو منداڵانی ئەو کۆمەڵانە وەک (سامر) دەربچن؟



Scanned with CamScanner

ئەویش پێی پچڕی: سامر.. منداڵێکی وریا و بەتوانا و بەهێزە، ماشەڵلا لە هیچی کەم نییە.

مێردەکەی برۆکانی بەرزکردەوە و بە بێتاقەتییەوە وتی:

- ئەمە ڕاستەقینەی مەینەتییەکەیە، کە چاوی خۆتی لێدەنوقێنیت، ئەویش بە هەڵچوونەوە وتی:

+ سەبارەت بە چ مەینەتییەک قسە دەکەیت؟ بێگومان تۆ زۆر ئەندێشەداریت.

- ئایا هەستت بە وشەکانی سامر نەکردووە ناتوانێت گوزارشت لە شتەکان بکات، زمانی خۆی نازانێت، ژنەکەشی بە گاڵتەپێکردنەوە پێی پچڕی:

- من نامەوێت بێتە (سیبەوەیە)ی سەردەمی خۆی، ئەویش بە گاڵتە ئامێزێکی ئاشکرا و غەمێکی شاراوەوە وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر (سیبەویە)یش دەرنەچێت با (جاهیلی) بێت، ئەو زمانەکەی خۆی نازانێت، زمانی قورئان!! ئەی ڕۆشنبیر ئیتر چۆن فێری زانست دەبێت؟

ژنەکەش بەساردییەکەوە وەڵامی دایەوە:

+ گوێ مەدەرێ کاتێ گەورە دەبێت تێدەگات.

مێردەکەشی بۆی تەواو کرد:

- هەروەها ڕاڕابوونی لە بڕیارداندا و کەسایەتییە لەرزۆک و ناجیگیرەکەشی باش دەبێت.

ژنەکە پێی بڕی: ئایا حوکمی کۆتاییت دەرکرد بۆ منداڵێک



Scanned with CamScanner

کە تازە پێی ناوەتە پێنج ساڵیەوە، کاک (سامی)کوا لۆجیکە زانستییەکەت؟

- بەڵکو ئەوە کرۆکی لۆجیکە، پەروەرشیاران هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێنج ساڵی یەکەم مەترسیدارترین قۆناغی پەروەردەیە و لەو ماوەیەدا بنەماکانی کەسایەتی سەربەخۆ دروست دەبێت.

ئەوانە قسەی بێبنەمان، ئەوە ترۆپکی فەلسەفەیە، پێدەچێت هێشتا بۆچوونەکانمان نەگەشتبن بە یەک.

سامیش وتی: منیش دەخوازم کە هەرگیز بە یەک نەگەن.

سامی بە دڵشکاوی و غەمبارییەوە لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، بەڵکو خۆیدا بەسەر قەنەفەکەدا و یاری بە تاڵە قژەکانی سامر دەکرد، هەریەکەیان کەوتنە گەشتی خەونە تایبەتییەکانی خۆیانەوە، بۆشایی نێوانیان ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبوو، بۆشاییەکان دەبوونە تاریکستان.. هەریەکە بەشێوەیەکی جیاواز دەیانڕوانییە ژیان، با پێچەوانەی یەکتریش بووایە.

ژنەکە ئەو شەوەی بە بێتاقەتی بەسەربرد، هەستیکرد کە ناتوانێت چاودێری بۆ قسەکانی سامر بکات، بۆیە داوای لە خزمەتکارەکە کرد کە منداڵەکە بۆ لای خۆی بەرێت.

قەدەر لە چاوەڕوانی سامردا بوو، چایە گەرمەکە ڕژا بە ڕوخساریدا، شوێنەوارێکی جێهێشت کە ساڵانیش نەیدەسڕییەوە.

سامی زۆر تووڕە بوو.. ئەو فرسەتەی قۆستەوە تاوەکو



Scanned with CamScanner

بڕیـاری جیابوونـەوە بـدات.. دوای ئـەوەی لـە سـەردانی پزیشـک هاتەوە، بـە توورەییەوە وتی: ئێمـە ڕازی بووین بە شـێواوییە پەروەردەییـەکان!! ئایا ڕازیش ببین بە شـێواوییە جەستەییەکان؟

+ ئەمیـش بـە هێمنییەکی دەسـتکردەوە وتی: ئـەوە قەدەری خوایە..

- ئەویش بە توورەییەوە وتی: ئایا هەموو کەمتەرخەمییەکان کـە لـە تـۆوە دەردەچـن دەیدەیتە پـاڵ قـەدەر.. ئەمەش بێ عەقڵـی و خڵەفانێکی ترە..

+ ئەویـش وتـی: نەخێـر تـۆ سـنووری خۆتت بەزانـد، من بەمـە ڕازی نابم.

- منیش نایەڵم ژیانم بەم شێوە خراپە بەردەوام بێت.

+ کەواتـە با..... قسـەکەی تـەواو نەکـرد... مێردەکەی دوای ئـەوەی هەناسـەیەکی قوڵی هەڵکێشـا وتی:

- بەڵێ با جیاببینەوە!!!

کاتێ گوێی لەو وشـەیەوە بوو وایزانی کـە زللەیەکی گەورە لەسـەر دڵی دەردرێت. هەسـتی بە ململانێیەکی سەخت کرد. ئەو سـاڵانێکە بـە دوای ئازادی خۆیدا دەگەڕێت، لەوسـاتەدا کـە دەسـتی کـەوت وای هەسـت کـرد بەنـاو ئاسـمانێکی فراوانـدا سـەرگەردان بووە.. هەنگاوەکانـی تەتەڵەیان دەکرد و فرمێسکەکانی وشـکبوونەوە.. وشەکانی سەرزاری مردن.. بەڵکو هەموو شـتەکانی دەوروبەری مـردن و دەیبینی بێگیان بوون.. خۆزگەی دەخواسـت کە سامی پاشگەزبێـتەوە.. هات



Scanned with CamScanner

بـە خەیاڵیـدا کـە دەسـتەکانی ماچ بـکات، بەڵام ئایـا دەبێت فەرشـی زەلیلی خـۆی ڕابخـات؟ خۆبەزلزانییەکـەی ڕێگای ئـەوەی پێنـەدا.. لـە ژوورەکـەی سـامی چـووە دەرەوە تا شـتەکانی کۆبکاتەوە و دەسـت بـکات بە ژیانـی داهاتووی.

ئەوەتـا ئێسـتا بەختیارە بە ژیانی خۆی و سـەرکەوتنەکانی و بەشـداریکردنە کۆمەڵایەتییـە کاریگەرەکـەی، سـامی دەیویسـت لەبیـر بکرێـت، کەچی ئێسـتا بە پەنجـە ئاماژەی بـۆ دەکرێـت، بەڵام ئەو شـتەی کە بێتاقەتی دەکات سـۆز و خۆشەویسـتییەتی بـۆ (سـامر) کوڕە خۆشەویسـتەکەی.

کۆنترۆڵی هەسـت و سـۆزی خۆیی کرد و چـووە دەرەوە، تا ئەو کاسـێتە ڤیدیۆییە ببینێت کە تایبەتـە بە موعتادبووانی مادده هۆشـبەرەکانەوە.. سەرەتا کاسێتەکە باسی گرنگترینی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانـی دەکرد، کە دەبێتـە هۆی تێکچوونی لاوانـی کـوڕ و کـچ.. لـە توێژینەوەکـەدا ڕوون بوویەوە کە سـەرگەردانی منداڵان بەهـۆی یەکالابوونـەوەی خێزانییەوە لە گرنگترینـی هۆکارەکانە.

وتەبێژەکـە وتـی: ئـەوەی جێـی داخـە ئەوەیـە کـە مادده هۆشـبەرەکان خەریکـە لەنـاو مێردمنداڵانـدا بڵاودەبێتـەوە، لـە پـڕ وێنەیەک لـە قوربانییـەکان دەرکەوت و ڕوخسـاری (ئەمینـە) گرژبـوو، دنیـا لەبەر چـاوی دەسـوڕایەوە و وای هەستکرد کە پۆشـاکی زەلیلی و سووکایەتی لەبەرکردووە... ئـەو بـە پەنجـە ئامـاژەی بـۆ دەکرێت، نـەک تەنهـا ئەمڕۆ، بەڵکـو بەدرێژایـی ژیانـی، نەیتوانی تەماشـای ڕوخسـاری

ئامادەبووان بکات، چونکە وا هەستی دەکرد کە هەر چاوێک منداڵە موعتادەکەی دەبینێت دەیناسێتەوە... وەک چۆن خۆی ناسیەوە، بە لەرزەوە هەستایەوە.. هەستیکرد کە سەری بەرزی زۆر لە زەوی بەرز نابێتەوە، کە خەریکە سەری دەنووسێت بە زەویەوە... ئەم هەموو شتێکی لە فیکر و هەوڵ و عەقڵی پێشکەش بە نیشتمانەکەی و مرۆڤایەتی کردووە، بەڵکو گرنگتریشی لەوە پێشکەش کردووە، لە هەموو مەدالیایەکی شەرەف لە بۆنەکاندا بەدەستی هێناوە. دنیا لەبەر چاوی دەسوڕایەوە.. سەرنجی لە مەدالیای شەرەفی کۆتایی نەدا کە لە لایەن بەرپرسانەوە بەدەستی هێنابوو.. یەکێ لە ئافرەتەکان کە نزیک بوو لێیەوە تا مەدالیاکەی پێشکەش بکات و بە نیمچە سەرسامییەوە وتی:

- من شایستەی ئەوە نیم.. سەرپەرشتیارەکەی پێی بڕی و وتی:

+ (ئەمینە خاتوون) ئەمە خاکیبوونە لە تۆوە، بەڵام تۆ سەرکەوتنی سەرسورهێنەرت بەدەستهێنا.

ئەویش بە دەنگێکی زەلیل و هێواشەوە وتی: بەڵێ... ئازیزم.. لە ڕاستیدا من دایکی (سامر)م، ئەو موعتادبووە بچووکە..کە نمایش دەکرێت!!..

أم إحسان حلو / موقع الاسلام اليوم



Scanned with CamScanner

# پۆزشم بۆ هێنایەوە

ئـای چەنـدە لەخۆبایـی بـوو، ئـەوە بۆچوونـی مـن بـوو بەرامبـەر بە ئافرەتێکی دراوسـێمان لە خانـووە نوێکەماندا، لـە گەڕەکـە ڕاقییەکـەدا، مـن پێشـبینیم دەکرد کـە لەگەڵمدا هەوڵـی یەکترناسـین و پێشـوازیکردنم وەک دراوسـێیەکی نـوێ بدات، بەڵام وای نەکرد، کاتێ لـە بەرزکەرەوە (مصعد) کەدا یان لەبـەردەم دەرگای ماڵـەوەدا ببینیمایە خەندەیەکی دەسـتکردی ئاراسـتە دەکردم، پاشـان بەخێرایی دەڕۆیشت بەڵکو هەندێ جار پشـتگوێی دەخسـتم، وەک ئەوەی هەرگیز نەیبینیبـم، قەینـاکا خـۆی بە چـی دەزانێت، منیـش بەهەمان شـێوە و خراپتریـش مامەڵەی لەگەڵـدا دەکەم.

لـە پـڕ بینیـم لـە دەرگای ماڵمانـی دا و بـە چـاوی پڕ لە فرمێسکەوە داوای لێکردم کە مۆبایلەکەم بۆ پەیوەندیکردنێکی زۆر گرنـگ بەکاربهێنێـت، لـە قسـەکردنەکەوە و ئەوەی کە بۆی باسـکردم هەموو شـتێ تێگەیشتم.

هەواڵـی پێـدام کـە مێردەکـەی نەخۆشـە.. تووشـبوونی بـە نەخۆشـییەکەی کتوپڕبـوو بـۆ ئـەم، ئـەم بـە تەنهـا بەرپرسـیاریەتی ماڵ و منداڵـەکان و چاودێری مێردەکەی و حاڵەتە نارەحەتەکەی هەڵگرتـووە، ئەم ڕووداوە کۆدەتایەکی سـەختی لە ژیانیـدا دروسـتکردووە.

هەسـتم بـە شـەرم کـرد کاتـێ بە ناسـکی و شـکانەوەوە داوای لێبوردنـی لێکـردم کـە ناتوانێـت سـەردانم بـکات و



Scanned with CamScanner

بەخێرهاتنم بکات، منیش پێم وت: بەڵکو من دابنێ بە خوشکێکی خۆت و هیچ جیاوازییەکمان نییە...ئەگەر ئەو هەڵوێستە ڕووی نەدایە و باسی بارودۆخی وردی خۆیی نەکردایە هەر لەسەر گومانە هەڵەکەی خۆم دەمامەوە... بۆیە دەستم بە لۆمەکردنی خۆم کرد، بۆچی من سەرەتا خۆم نەناساند پێی؟ ئەی بۆچی پۆزشم بۆ نەهێنایەوە؟ بۆچی گومانی خراپم پێش هەموو شتێک کەوت؟ لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لە نابەجێیکردن بەرامبەر بە فەرمانەکانی ئیسلام و فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ کوا وەسیەتی پێغەمبەر بەرامبەر بە دراوسێ کە لە چەندین فەرموودەدا هاتووە؟

(ما زال جبريل يوصيني بالجار حتى ظننت أنه يورثه).

واتە: (جوبەرئیل ئەوەندە وەسیەتی بۆ کردووم بەرامبەر دراوسێ کە چاك بم، تا ئەو ڕادەیەی کە وا گومانم دەبرد کە میراتی یەکتری دەبەن).

هەروەها دەفەرموێت:

(من كان يؤمن بالله و اليوم الاخر فليكرم ضيفه).

واتە: (ئەوەی کە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوای هەیە با ڕێزی میوانەکەی بگرێت).

بەڕاستی ژیانی مەدەنییەت و ژیانی نوێ نێوانمانی دوور خستووەتەوە و وای لە هەریەکەمان کردووە کە دەڵێیت لە دوورگەیەکی دابڕاودا دەژین و لە ناوەڕاستی ژیانێکی جەنجاڵداین، هەریەکەمان سەرقاڵی خۆیەتی، گرنگیپێدانی بەرامبەر بە دەوروبەری لە سنوورێکی زۆر تەسکدایە، بە تەماشاکردنێکی بە پەلە و سارد و ناتەواو ڕوانینە کەسانی تر، لەکاتێکدا ئەگەر هەریەکەمان هەوڵبدەین بۆ پەیوەندی مرۆیی لەگەڵ دەوروبەریدا، ئەوا ژیان جوانتر و خۆشتر دەبوو، ئەو کاتەش خۆشییەکانمان دوو بەرامبەر دەبوو و کەمتر هەستمان بە ماتەمینی دەکرد، و ناخۆشییەکان هێوردەبوونەوە.. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِهِم وَ تَرَاحُمِهِمْ وَ تَعَاطُفِهِمْ كَمَثَلُ الجَسَدِ الواحِدِ إِذَا اشْتكى عُضُوا تَدَاعى سَائِرُ الجَسَدِ بالحُمى وَ السَهْر).

واتە: (نموونەی باوەڕداران لە پەیوەندی و ڕەحم و سۆزیان بەرامبەر بە یەکتری وەك نموونەی یەك جەستە وان، ئەگەر ئەندامێکی ئەو جەستەیە ئازاری هەبێت هەموو جەستە تا دەیگرێت و شەونخونی بۆ دەکێشن).

ئەگەر هاوکاری یەکتر بین لەسەر چاکە و تەقوا و دەست لەناو دەست بکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناڕەحەتییەکان و بەشداربووین لە خۆشییەکاندا و ناخۆشیەیکانمان بەشکرد، ئەوا ژیان خۆشتر و جوانتر دەکات و ئێمەش وەکو

دیوارێکی پتەومـــان لێدێت، وەک پێغەمبـــەر ﷺ دەفەرموێت:

(المُؤْمِنُ لَلْمُؤْمِنِ كَالبُنْيانِ يَشُدُّ بَعْضُهُمْ بَعْضاً).

واتــە: (ئیمانــدار بــۆ ئیمانــدار وەك دیــوار و خانوو وان یەكتــری پێكەوە توندوتــۆڵ دەكەن).

ریهام ابراهیم / موقع اسلام الیوم



Scanned with CamScanner

## پەیمانمدا بە خۆم

من کچێکی کەنداویی بووم، تەمەنم 22 ساڵ بوو ئافرەتێکی بێئاگا بووم، بە کاروباری دنیا و جوانکارییەکانییەوە ڕۆچووبووم، گوێم نەدەدا بەوەی کە دەیکەم و لە تەمەنم تەواو بووە، کەوام هەست دەکرد بەخێرایی تێپەڕیوە تا قەدەری خوا وا بوو کە پەیامی ڕێبەری ڕێنماییکاران گەشتە پێگە ئەلکترۆنییەکەم، خوایەگیان چۆن ئەو ئامۆژگارییانە هەستی ورووژاندم و لە بێئاگایی خەبەری کردمەوە، تەنانەت ویژدانم لۆمەی دەکردم، هەرکاتێک یادی کردەوەکانی ڕابردووم دەکردەوە کە بە پێچەوانەی ڕەزامەندی خوایە..

لە خۆمم پرسی: ئایا ئەو شتانە هیچ بەختەوەرییەکیان بۆ من بەدیهێنا؟ نە بەخوا لەناو ئەو خۆشییە درۆینانەدا هیچ حەوانەوە یان سوودم لە دنیا نەبینی.. ئەوە ڕۆژی دوایی هەر هیچ، ئەگەر بپرسن ژیانم پێش ئەوەی خوای گەورە ڕێنمایم بکات چۆن بوو؟ بەیانیان هەڵدەستام و بەپەلە دەچووم بۆ زانکۆ تا وانەکانم لەکیس نەچێت، تاوەکو هەمیشە لەسەرکەوتووان بم، هەندێ جاریش نوێژی بەیانیم دەکرد، بەڵام زۆربەی ڕۆژەکان بەداخەوە نوێژم نەدەکرد، بۆ ئەوەی وانەکانم لەکیس نەچێت... پاشان دوای ئەوە چی؟ بە شەکەتی دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە و پاشان دەخەوتم و دەچوومە جیهانی ئینتەرنێتەوە، کاتی خۆمم لە شتانێکدا پێ دەفەوتاند کە خوای گەورە پێی ڕازی نییە، لە قسەکردن لەگەڵ کوڕان و کچان سەبارەت بە کاروباری دنیا و دواهەمین گۆرانی و ئەو جۆرە شتانە، بەوشێوەیە قسەکان درێژەیان دەکێشا تا بانگی عەسر دەدرا، منیش بێئاگابووم لە زیکری خوا و نوێژکردن... هەندێ جاریش دەچووم بۆ بازاڕ، ئەوە باسی کات فەوتاندن هەر مەکە... کاتێ دەچوومە دەرەوە جوانترین جلم دەپۆشی و بۆنم لە خۆم دەدا و بە زێڕ خۆمم دەڕازاندەوە، پاشان دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە و دەخەوتم، بەو شێوەیە زۆربەی نوێژەکانم دەفەوتان، خوایەگیان لەو کەمترخەمییانەی ڕابردووم خۆشببیت.

ئەوە بەهۆی نیازی خراپەوە نەبووە لە لایەن منەوە، بەڵام بەهۆی بێئاگایی تەواومەوە بوو کە زۆربەی کچان

گرفتـاری بوون، هەموو ئەوانە بەهۆی کەمیی ئامۆژگارییەوە بـوو، لێـرەدا قسـەکانم ئاراسـتەی خوشـکە پابەندەکانە، کە کوا ڕۆڵـی خوازراوتان بۆ ڕزگارکردنی ئەو خوشـکانەی کە دەرفەتیـان بۆ نەڕەخسـاوە کە کەسـێک دەسـتیان بگرێت و بـەرەو ڕێگای ڕێنمایـی بیانبات..

ئـەو ڕۆژەم لـە یـادە کە لە ڕێـگای ڕێبـەری ڕێنماکارانەوە پەیامێکـم بـۆ هات بە نـاوی (لەگـەڵ باوەڕەکەتـدا دەدوێم)، هەروەهـا پەیامـی (نامەیـەک بۆگوزەرکەری)... کـە پەیامێک بـوو ئاڕاسـتەی ئافرەتـی موسـوڵمان کرابوو، کـە ئیمان و شـەرم دوو شـتی پێکـەوە گرێـدراون، هەروەهـا چەندیـن ڕێنمایـی بەپێـزی تێدابـوو سـەبارەت بـە باڵاپۆشـی و مەرجەکانی و هۆشـیدارییدا سـەبارەت بە عەبـای جوانکاری کـە ناگاتـە پلـەی باڵاپۆشـی شـەرعی، کـە پێویسـتی بـە عەبایەکـی تـر هەیـە تا دایپۆشـێت.

بەڕاسـتی منیـش ڕۆچـووم لـە خوێندنەوەیـدا، لەڕاسـتیدا هەسـتم بـە تەنگەتـاوی دڵم کـرد، کـە نەمزانـی بۆچی وام لێهـات!! بـە هەرحاڵ بـەردەوام بووم لـە خوێندنـەوەی، بە خۆمـم وت: ئایا ئەم وانانە و ئەم سـەرکەوتنانەی خوێندن لە ڕۆژی دوایـدا سـوودم پێدەگەیێنن؟ چـۆن دەبێت واز لە نوێژ بهێنـم تاوەکـو موحازەرەکانم لەکیس نەچێـت؟ چۆن دەبێت تەمەنـم لە شـتی بێ ئەرزش و بێسـوودا بەسـەر بەرم؟ چ سـوودێک دەکـەم؟ ئەی ئاییندەم لە دنیـا و ئاخیرەتدا چۆن دەبێـت؟؟... سـزا... !! بۆیە لە ناخی خۆمـدا بڕیارمدا واز لەو

شتانە بێنم کە لە ڕابردوودا دەمکرد، بۆیە بەڕاستی وازم لەو کارانە هێنا و دوورکەوتمەوە لێیی.. وردە وردە دەستم کرد بە پارێزگاری نوێژەکان لە کاتی خۆیدا و نەمدەهێشت لە هیچ نوێژێک دوا بکەوم، تەنانەت ئەگەر وانەکانیشم لەکیس بچووایە، یان هەر شتێ کە نوێژم لەکیس بەرێت.. پاشان بەڵێنمدا بە خۆم کە بە ڕێگای ڕاستدا بڕۆم و واز لە خۆشییەکانی دنیا بێنم و ئاگاداری تەمەنم و ئەو ساڵانەی بێسوود فەوتاوندوومە ببم.

ئێستا سوپاس بۆ خوا هەموو نوێژەکانم دەکەم و بەردەوام قورئانیش دەخوێنم و دووردەکەومەوە لە هەموو ئەو شتانەی زیانم پێدەگەیێنن و وازم لە گوێگرتن لە گۆرانی و ڕۆشتن بۆ بازاڕ هێناوە و وازم لە عەبای جوانکاری هێناوە و حیجابی پۆشتەیم پۆشیوە کە چۆن خوای گەورە دەیەوێت، نەک چۆن خاوەن مۆدیلەکان دەیانەوێت...

کۆتایی هەردوو کتێبەکە



Scanned with CamScanner

# پرۆفایلی وەرگێڕ
## (حسێن محمود هەڵەبجەیی)

کـوڕی مـەلا محمـودی کوێخـا مسـتەفای حاجـی محمدە.. سـاڵی (1970ز) لـە هەڵەبجـە لەدایکبـووە.. نزیکـەی (10) سـاڵە سـەرقاڵی کاری وەرگێڕان و نووسینە.. زیاد لە (150) بابەتـی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکردۆتەوە.. لە هەموو یادێکـی کیمیابارانی هەڵەبجەدا هەوڵـی داوە بابەتی هەبێت و لەو بوارەشـدا کۆمەڵـێ بابەت و کتێبێکـی بڵاوکردۆتەوە، بە ناونیشـانی (چەکی کیمیایـی).. زیاد لـە (15) کتێبی لە بوارە جیاجیاکانـدا بڵاوکردۆتەوە....

- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە .
- ئەندامی (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی)ە.
- ئەندامی (کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە)یە..



Scanned with CamScanner

چاپی شەشەم

نووسنی: ئەحمەد سالم بادویلان

وەرگێڕانی: حسێن محمود هەڵەبجەیی



لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان

Scanned with CamScanner